**فوئاد سدیق**

# ئۆکرانیاو رووسیا

## ١٠٠٠ ساڵ شەڕکردن و ونبوونی شوناس

**٢٠٢٣**

- پێشکەشە بە دوو کوڕە جوانەکەم(ڤینوارو ڕێنوار)و کچە ژیرەکەم( ڤەهێل)، هاوسەری خۆشەویستم (خەبات عەلی) کە هەمیشە یارمەتیدەرم بوونە بۆ ناو جیهانی تایبەتی خۆم کە خوێندنەوەو نووسینە.

- **هیچ ئالایەکی گەورە نییە بتوانێت شەرمەزاری کوشتنی خەڵکی بێتاوان داپۆشێت**

**هاوارد زین**

- **شەڕ هەرچەندە پێویست بێت، هەر چەندە ڕەوا بێت، هەرگیز وا بیرمەکەنەوە کە تاوان نییە. شەڕ تاوانە.**

**ئێرنێست هێمنگوای**

- **من نازانم جەنگی سێیەمی جیهانی بە چ چەکێک دەکرێ، بەڵام دەزانم شەڕی چوارەمی جیهانی بە دار و بەرد دەکرێت**

**ئەنشتاین**

- **لەکاتی ئاشتی و ئارامیدا کوڕەکان باوکیان دەنێژن، بەڵام لەکاتی شەڕدا باوکان کوڕەکانیان دەنێژن . هێرۆدۆتس**
- **سەبرو کات دوو بەهێزترین جەنگاوەرن . تۆڵستۆی**
- **کاتێک گوێت لە وردەکارییەکانی سەرکەوتن دەبێت ئەستەمە لە دۆڕان جیای بکەیتەوە . ژان پۆڵ سارتەر**
- **کاتێک دەوڵەمەندەکان شەڕ دەکەن، تەنیا هەژارەکان دەمرن....**

**سارتەر**

**ناوەرۆک**


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٩ |
| ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژوو | ١٤ |
| رووسیا | ٢٥ |
| ئۆکرانیا | ٤٢ |
| ئەوروپای رۆژئاواو ئەوروپای رۆژهەڵات | ٨٥ |
| رووسیاو ئۆکرانیا سەرەتای ناکۆکییەکان | ٩٦ |
| دۆنباس | ٩٩ |
| دۆنباس لە سەدەکانی ناوەڕاست | ١١٠ |
| کۆزاکەکان لە دۆنباس | ١٢٤ |
| دۆنباس لە یەکەم جەنگی جیهانیدا | ١٢٧ |
| دۆنباس لەدوای یەکێتی سۆڤێت | ١٣٦ |
| حیزبی سیاسی لە ئۆکرانیا دوای یەکێتی سۆڤێت | ١٣٨ |
| ئۆکرانیاو یەکێتی ئەوروپا | ١٤٣ |
| رۆژئاواو رووسیاو ئۆکراین | ١٤٤ |

سەرۆکەکانی سۆڤێت و پێوەندییان بە ئۆکرانیاوە ١٥٧
ئۆکرانیا لەسەردەمی سۆڤێتدا ١٦١
برسێتییەکەی ئۆکرانیای ساڵانی١٩٣٢-١٩٣٣ ١٧١
رووسیاو یەکێتی ئەوروپا ٢٠٢
ئۆکرانیاو شەڕی ١٠٠٠ساڵەی بۆ شوناس ٢٢٠
سەرچاوەی خاکی رووس ٢٤٣
زمانی سلاڤی ٢٤٨
زەوییەکانی رووس چییان بەسەرهات؟ ٢٥٧
کۆتاییهاتنی کیڤان رووس ٢٥٨
سەرچاوەی رووس و ئۆکراین ٢٩٠
نەتەوەی کۆزاک ٢٩١
وشەی رووس، ئایا ئەوان گەلی سوورن؟ ٣٠٢
وەشانی سلاڤی و سارمات ٣٠٦
خەڵکی سوور ٣٠٧

**مێژووی شەڕەکانی ئۆکرانیا زیاتر لە یاری شەترەنج دەچێت. شاژنەکان شوێنەکان داگیردەکەن، شۆڕشگێڕەکان دەکەونە بەرگریکردن، گێل و نەفام دەکرێنە قوربانی و قەشەکان وەک کۆترە ڕەشکە بەسەر کێڵگەکانی مردوواندا دەسووڕێنەوە. پاشاکانیش لە قەڵاکاندا پیلان دەگێڕن و گەمژەکانیش جێبەجێی دەکەن.**

## پێشەکی:

یەکێک لەو گرفتانەی لە نووسینی ئەم کتێبەمدا خۆی زەق کردبۆوە، ئەوەبوو زۆربەی ئەو کتێب و توێژینەوانەی بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوون، مێژووی ئۆکرانیاو روسیایان ڕێک وەکوو خۆی باس نەکردبوو، هەندێکیان لە گێڕانەوەی مێژووی رووسیاو ئۆکرانیادا زۆر دەمارگیرانەو، هەندێکیش بۆنی دوژمندارێتی و هەندێکیش میانڕەو بوون. بە داخەوە، زۆربەی سەرچاوەکان لە پەنجەرەیەک لە کلاورۆژنەیەک لە پێناوی ئازادی و رزگاری و سەربەخۆیی دژ بە گەلی رووسیا باسیان لە خەباتی گەلی ئۆکرانیا کردووە، رەنگە لە هەندێک دۆخدا ئەوە راست بووبێت، بەڵام بریتی نییە لە مێژووی نێوان رووسیاو ئۆکرانیا. بۆیە مرۆڤ کاتێک دەیەوێت لە بابەتێکی وەها گرنگ بکۆڵێتەوە، پێویستی بەو سەرچاوانەش دەبێت کە بە زمانی فەرەنسی و پۆلۆنی و

رووسی نووسراون، بۆئەوەی لێکۆڵەر بتوانێ هەر چوار رووی یارییەکە ببینێت. ئەگەر بە تەنیا سەیری ئەو کتێبانە بکەین کە بە زمانی ئینگلیزی نووسراون، وەک ئەوە وایە تۆ لە یاریگایەک سەیری یاری مۆندیالی تۆپ تۆپێن دەکەیت ، بەڵام تەنیا نیوەی یاریگاکەت لێ دیارە ، نیوەکەی تر نابینی. ئەمەش هەموو لێکدانەوەکانت دەگۆڕێت و نازانی کام تیپی یارییەکە باشترن و گۆلچی کام تیپ لەوی دیکە باشترە، ئەی ئەوانەی لە هێڵی بەرگری یان لە هێڵی هێرشبرندان چۆنن، بێگومان ئەوانیش نابینی. لە راستیدا بەتەنیا پشتبەستن بەو کتێب و لێکۆڵینەوانەی کە بە ئینگلیزی لەسەر مێژووی ناکۆک و هاوبەشی ئۆکرانیاو رووسیا نووسراون، رێک وەک ئەو یاریکردنە وایە کە لە سەرەوە باسمکرد.

بەداخەوە گەلی کوردیش تا ئێستا لەبارەی ئۆکرانیاو گرفتەکانی لەگەڵ رووسیا، تەنیا لە رێگای ئەو هەواڵانەوە برە زانیارییەک لەسەر ناکۆکی و شەڕی نێوان رووسیاو ئۆکرانیا دەزانین،کە لە تیڤییە ناشیرنەکان و وێبسایتە سەقەتەکانەوە بۆمان دەگوازرێنەوە، کە پڕن لە هەڵەو ناتەواوی. بێ ئەوەی کتێبخانەی کوردی یەک سەرچاوەی زانستی تێدا هەبێت، بۆئەوەی بتوانین کەمێک زۆر نا تەنیا کەمێک بیر لەو رووداوە مێژووییە کاریگەرو دژوارانە

بکەینەوە، کە ئاخۆ ئەم ٦-٧ ملیۆن کەسە چۆن لە ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٣٣ لە برسێتیدا مردن، لەکاتێکدا هێشتا نە دووەم شەڕی جیهانی دەستیپێکردبوو، نە یەکێتی سۆڤێت کەوتبووە ناو جەرگەی شەڕ لەگەڵ هیچ وڵاتێکی گەورەو بچووک. ئەمەیە پرسیارە قورسەکە.  ئایا ئیدارەدانی وڵات دەبێت بگاتە ئەو ئاستەی سەدان گوندی نیشتمانەکەت، لە برسێتیدا بمرێ و، هەوڵی شاردنەوەیشی بۆ بدەیت؟!.چما ڕێبازی مارکسیزم ئەوەبوو، کە هەموو مرۆڤەکان بەو پەڕی ئاسودەییەوە بژین و دەوڵەمەندو هەژار نەهێڵێت، یان بۆئەوە بوو بە ملیۆنان کەس لە گوندنشینەکان لە برسانا بمرن و ، دەوڵەتیش حاشا لە مردنی ئەم چەند ملیۆن کەسە بکات؟!.

بەداخەوە، هەموو ئەو کوردە بەڕێزانەی لە رووسیاو لە ئۆکرانیا بڕوانامەی باڵایان هێناوەتەوە کوردستان، هیچ نووسینێکیان لەسەر ئەو بابەتە نەبووە، کە نزیکەی ١٣٠٠ ساڵە ناکۆکی و شەڕو پێکهاتنەوە لەنێوان ئەو دوو وڵاتەو وڵاتانی دیکەی هاوسنووریان هەبووە .

ئەم شەڕەی دوایی نێوان ئۆکرانیاو رووسیا، جێگای نیگەرانی و سەرسامبوونی ئەوروپای لێ کەوتەوە، چونکە بە درێژایی هەزار ساڵ زیاترە ئەم دوو جوگرافیایەی

خەڵکی لەسەر دەژی، پێکەوە بوونەو، زۆر جار یەک زمان و یەک ئایین و  یەک نەتەوەش بوونە.

بۆیە پێوەندییەکانی نێوان ئۆکرانیاو رووسیا هەمیشە بۆ مێژوونووسانی رووسی و ئۆکراینی جێگای گفتوگۆی

گەرم بووە.لە کیڤان رووس [1]ەوە تا مازێپا[2]، هەروەها لە (پۆلتاڤا)ی پووشکینەوە تا پاسەوانی سپی بولگاکۆڤ.

---

[1]- کیڤان رووس، بە دامەزرێنەری دەوڵەتی نەتەوەیی (ناوەندی) رووسدادەنرێت کە لە ساڵی (٨٨٢)ز لە ئەنجامی یەکگرتنی ژمارەیەک هۆزی ڕۆژهەڵاتی سلاڤی لە ژێر حوکمڕانی شازادەکانی شانشینی باکووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا دروستبوو، لە ئەنجامی یەکگرتنی هۆزەکانی سلاڤی رۆژهەڵاتی و فینلەندی لەژێر فەرمانڕەوای میرەکان. کیڤان ڕوس خاکەکەی فراوانکرد، لە لقەکانی ڤیستولا لە ڕۆژئاوا تا ئینتەرفلۆڤی ڤۆلگا -ئۆکا لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە دەریای سپی لە باکوورەوە تا دەریای ڕەش لە باشوورەوە . لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمدا، چووە ناو حاڵەتێکی پارچەپارچەبوونی فیۆداڵی و لە ڕاستیدا دابەش بوو بۆ دەیان میرنشینی ، کە لەلایەن لقە جیاوازەکانی شانشینی هۆزەکانەوە حوکمڕانییان دەکرد .تا داگیرکاری مەغۆلەکان(١٢٣٧-١٢٤٠) . ڕووسیا وەک ناوچەیەکی ئێتنۆ-فەرهەنگی، تەنانەت دوای هەڵوەشاندنەوەی سیاسیش بەردەوام بوو لە بوونی خۆی ، کە دواتر ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی یەکخستنی خاکەکانی ڕووسیادا هەبوو، سیاسەتێکی سەرکەوتووی بۆ کۆکردنەوەی خاکەکانی ڕووسیا پەیڕەو کرد . لە ئەنجامی حوکمڕانیکردنەکەیدا، زلهێزێکی گەورەی نوێی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە شوێنی میرنشینە فیۆداڵییە پەرش و بڵاوەکان دەرکەوت.

[2]- مازێپا ئیڤان ستێپانۆڤیچ (١٦٤٤ - ١٧٠٩) لایەنگرێکی جیابوونەوەی ئۆکرانیا لە ڕووسیا بوو. بۆ ئەم مەبەستەش دانوستانێکی نهێنی لەگەڵ پاشای پۆڵەندا ستانیسلاف لێشچینسکی ئەنجامدا، پاشان لەگەڵ شای سوید چارڵزی دوازدەهەم ، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٧٠٨ لە کاتی ڕووداوەکانی شەڕی باکووری نێوان ڕووسیا و سویددا، چووە لای شای سوید چارڵزی دوازدەهەم . دوای شکستی چارڵسی

ئەمەش سەرچاوەکەی لەوەوە هەڵگرتووە، مێژوو کولتووری رووسیا بەشێوەیەکی دانەبڕاو لەگەڵ شوێن و کەسایەتی و مۆتیڤ و کاریگەرییەکانی ئۆکرانیا تێکەڵ بووە.

## ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژوو

ئەوەی جێگای گوتنە ئەوەیە ،زاراوەی( ئۆکرانی) تا کۆتایی سەدەی نۆزدە لە هەردوو زمانی رووسی یان ئۆکرانیدا نەهاتۆتە ناو بەکارهێنانی گشتی. تەنانەت بە دەگمەن باس لە جیاوازی نەریتە مێژووییەکان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کولتوور، زمان، زۆرجار تەنانەت ئایینیش لە خاکەکانی(رووسیای بچووک) دا دیار بووە. گێڕانەوەی رابردووی رووسیا مەیلی سروشتی فرە نەتەوەیی و فرە

---

دوازدەهەم لە نزیک پۆلتاڤا (١٧٠٩)، هەڵهات بۆ ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لە شاری بێندەر کۆچی دوایی کرد.

لە هەمان کاتدا هەندێک ڕێکخراوی ئۆرتۆدۆکسی ئۆکرانیا یوشچنکۆیان بیرخستەوە کە هێتمان مازێپا لە ساڵی ١٧٠٨ لەلایەن کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسەوە نەفرەتی لێکرا بەهۆی پێشێلکردنی سوێندی بەیعەت کە لە ئینجیلدا بە تزاری ڕووسیا دراوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی ڕێگەی بە سەربازانی سوید داوە کە کڵێسا ئۆرتۆدۆکسەکان پیس بکەن و ،بچنە ناو سنوورەکانی باشووری ڕووسیا .

کولتووری ئیمپراتۆریاکەی هەبووە، وەک پەراوێزخستن و نارۆژئاوایی پشتگوێ بخەن یان کەمی بکەنەوە. لە هەمووی گرنگتر ڕێپێوانی سەرکەوتوانەی دەوڵەتی رووسیا بوو کە لە فراوانبووندا بوو.

ئۆکرانیاو رووسیا لە بەریەککەوتنی مێژوویی خۆیاندا بەرهەمی کۆنفرانسێکە کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ لە شاری هامیلتۆن لە ویلایەتی ئۆنتاریۆ بەڕێوە چوو. پێوەندی سیاسیی نێوان ئۆکراینییەکان و رووسەکان لە ساڵانی حەفتاکانەوە، هونەری بارۆک لە رووسیا و ئۆکرانیا ، گۆڕانکاری دیمۆگرافی لەنێوان رووسەکان و ئۆکراینییەکان لە یەکێتی سۆڤێت، وتارەکانی بەسەر چوار رووبەری سەرەکی دابەشکردبوو، کە بریتیبوون لە: مێژوو، سیاسەت، کولتوورو ئایین، ئابووری و دیمۆگرافی.

تێڕوانینەکان بۆ سلاڤەکانی تری رۆژهەڵات پێش ساڵی ١٦٥٤ کارنامەیەک بوو بۆ مێژوونووسان، کە تێیدا کینان دژی ئەو تێڕوانینەی کە زۆر جار قبوڵکراوەو دەڵێت، سێ لقەکەی سلاڤی رۆژهەڵات(رووسەکانی گەورە، بێلارووس، ئۆکراینی) لە بنەڕەتدا بە درێژایی مێژوویەکی یەکجار زۆر لە یەکدی نزیکبوون، ئێستا خەریکە بۆشاییەک دەکەوێتە نێوان ئەم کولتوورانەوە، کە پێشتر هەرگیز بەمشێوەیە نەبووە.

ئەو یەکێتی سۆڤێتەی کە پازدە دەوڵەتی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەسەری پێکهاتبوون و، گەورەترین ئیمپراتۆریا بوو، کەچی  لەدوای ڕووخانی یەکێتییەکە، ڕووسیا تەواو زەلیل کرابوو، هەندێک لەو وڵاتانەی لەناو یەکێتییەکەش بوون، خەریکی تورەکردنی ڕووسیا بوون و کلکیان لەگەڵ ئەو وڵاتانە گرێدابوو کە دوژمنی سەرسەختی ڕووسیا بوون، لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکاو بەریتانیا.

ئەمریکاو ئەورووپاو ناتۆ دەیانزانی ئەو وڵاتانەی لەناو یەکێتی سۆڤێت هاتوونەتە دەرەوە، هێشتا دەیان خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا ماوە، بۆیە دەبوو ئەوەندە زوو هەڵپەی ڕاکێشانی ئەو وڵاتانەیان نەکردبایە، ئیستۆنیا، لیتوانیا تا دەگاتە جۆرجیاو ئۆکرانیا، وایان کرد پوتین هەموو بەرنامەکەی بۆ ئەوە بێت چۆن هەژموونی خۆی لەدەست نەدا، ڕووسیاش تێگەیشت ئەگەر دۆخەکە بەوشێوەیە ئەم لێکترازانانە بەردەوام بێت، ئەوا سبەی ڕووسیاش دەکەوێتە بەر هەڕەشەی جدی ناتۆو ڕۆژئاواوەو ئیتر ڕووسیا  وەک دەوڵەتێکی بچووک ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت ، ئەمەش بۆ ڕووسیا هەرگیز هەزم ناکرێت.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئۆکرانیا دوای شۆڕشی ساڵی ١٦٤٨ بەشێوەیەکی ئاڵۆز لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی

رووسیا تێکەڵبووە، بەڵام لێکۆڵەرانیش کەمتر لەوبارەیەوە دواون. مانیڤێستی ئیمپراتۆر ئەسکەندەری دووەم، لە ١٩ ی شوباتی ساڵی ١٨٦١ بنەمای یاسایی بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ دابینکردووە. هەر لەو بەروارەوە ئیمپراتۆریای رووسیا قۆناخێکی مێژوویی مۆدێرن، کە بریتی بووە لە قۆناخی سەرمایەداری، سەریهەڵدا. بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێ ئابوورییەکی سەرمایەداری پێش چاکسازی کشتوکاڵی دەستی بە گەشەکردن کردووە، کە چاکسازییەکەی مەرجدار کردووەو رەنگدانەوەی خۆی تێدا بووە. ئابووری کشتوکاڵی ئەو کاتە لقی بنەڕەتی بووەو تا ئەمڕۆش لە ئابووری نیشتمانیی ئۆکرانیادا ماوەتەوەو کۆڵەگەیەکی گەورەی ئابووری ئۆکرانیای پێکهێناوە.

لەکاتی ئاماژەکردنمان بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە ساڵی ١٨٦١ دا، مرۆڤ پێش هەموو شتێک دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە نەک هەر جێبەجێکردنی چاکسازی لە ئۆکرانیا لە زۆر رووەوە لە رووسیا جیاواز بووە، بەڵکو خودی کۆیلایەتی لە ئۆکرانیا تەواو جیاواز بوو. چونکە لە ئۆکرانیا کۆیلایەتی لە ئەنجامی بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا گەشەی نەکرد، وەک ئەوەی لە رووسیا روویدا، بەڵکو تا رادەیەکی زۆر بەسەر ئۆکرانیادا سەپێنرا، بە پێچەوانەی ئەو سیستەمەی کە لە ئۆکرانیادا باو بوو، ئەمەش لە

ئەنجامی ئەوەدا روویدا، ئۆکرانیا راستە بەدوای شوناسی خۆیدا لێڵ بوو، بەڵام نەشیتوانیبوو لەژێر هەژموونی رووسیاو وڵاتانی دەوروبەری خۆی، خۆی رزگار بکات. هەر بۆیە حکومەتی پۆڵۆنیا کە سەرچاوەی ئیمتیازە کۆمەڵایەتییەکان بوو، ئەو بەشەی ئاغاو پیاوانی ئایینی ئۆکرانیا کە لە خەباتی رزگاری نیشتمانیدا پەیوەست بوون بە بەرەی نەتەوەیی هاوبەشەوە، نەک هەر لەلایەن یاخیبووانەوە بەرەوپێش نەچوو، بەڵکو تەنانەت دوای کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی خەباتیش ئیمتیازەکانی خۆی پاراست، سەرەڕای ئەوەی کە مافەکانی یاسای کۆیلایەتی بەکاردەهێنا. بەمشێوەیە دامەزراوەی کۆیلایەتی وەک خۆی ئینکاری نەکرا، بەڵکو تا ناوەرۆک لەو نموونانەدا بنبڕ کرا کە لە توێژی نەتەوەیەکی داگیرکەرەوە هاتە ئاراوە . ئەم هەڵوێستە بە رواڵەت دژ بە یەکە بەرانبەر دامەزراوەی کۆیلایەتی کاتێک دەبێتە جۆرە تێگەیشتنێک کە هەڵوێستی نا یەکسان بەرانبەر بەم دامەزراوەیە لە ئۆکرانیا و پۆڵۆنیا لەبەرچاو دەگرین، لە ئۆکرانیا ئازادی کەسیی لە تاک نەسەندرایەوە، بەڵکو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان سەپێنران. کەسێک ئازاد بوو کە شێوازی جێبەجێکردنیان هەڵبژێرێت، یان خزمەتی چەکداری بۆ بەرگریکردن لە کۆمەڵگا یان

تەرخانکردنی بەشێک لە کارەکەی بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگا بێت.

سەرکەوتنی ئۆکرانیا بەسەر پۆلۆنیاو گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی دەوڵەتی ئۆکرانیا، کۆڵبەرانی لە کۆیلایەتی رزگارکردو ئازادییە تاکە کەسییەکانی خۆیان هەڵگرتەوە. ئەمەش هەموو کۆڵبەرانی گرتەوە، ئەوانەی کە ژێردەستەی ئاغا دەرکراوەکانی پۆڵۆنیا بوون و، هەروەها ئەوانەیش کە وابەستەی خانەقاکان و ئاغاکانی ئۆکرانیا بوون کە بەشدارییان لە شەڕی رزگاریدا کرد بوو. بە داخەوە پرەنسیپە یاساییەکانی نەزمی کۆمەڵایەتی نوێ بە هیچ پلەیەکی دڵنیایی دیاری ناکرێت.

لاوارێڤسکی نموونەیەکی زیندووی هێناوەتەوە کە خەڵک دوای رزگاربوون لە دەسەڵاتی پۆڵۆنیا لە مافەکانی خۆیان بە چی گەیشتوون. کوزاکەکانی گوندی پۆکۆشیچ لە ساڵی ١٧٧٣ دا رایانگەیاند کاتێک بە یارمەتی خودا ئۆکرانییەکان لەژێر دەستی هێتمان بۆهدان زینۆڤی خمێلنیتسکی بە خوێنی خۆیان ئۆکرانیایان لەژێر دەستی پۆڵۆنیاداو لە دەسەڵاتی پاشاکانی پۆڵۆنیادا رزگار کرد. لەوکاتدا لە هەردوو کەنارەکانی دنیپرۆ هەموو زەوییەکە بە تەواوی و بە هاوبەشی هی ئۆکرانییەکان بوو. بەڵام ئیتر شارو گوندو خانوو ماڵ و هەموو ئەمانە بوونەوە موڵک

و ماڵی ئۆکرانییەکان. ئینجا ئۆکرانییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر سنووری موڵک و ماڵی خۆیان دیاریکرد. هەندێکیشیان دیواریان کرد، هەندێکی دیکە نیشانەیەکیان دادەنا، ئیتر هەر چییەکیان حەز لێبوایە وایاندەکرد. ئیتر زۆربەی جووتیاران کەوتنە خۆ، بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان بۆ کۆزاک بگۆڕن. واتا ناوی خۆیان وەک کۆزاک تۆماردەکرد، یان وردە وردەو لەسەرخۆ دەستیان بە کاری کشتوکاڵی دەکرد.

کارەساتی نێوان ئۆکرانیاو رووسیا لە ساڵی ١٧٠٩ دا دروستبوو، کاتێک مۆسکۆ نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بەشێوەیەکی فراوان لە ئۆکرانیادا بەدیبهێنێت، چونکە دەبوو مۆسکۆ لەرێگای ناوەندگیری دەسەڵاتدارانی ئۆکرانیاوە مامەڵە بکات، کە بە یەکلاکەرەوە دژی ئەوە بوون مۆسکۆ دەستی قورس بخاتە سەر ئۆکرانیا. تا سەردەمی هێتمان ئیڤان سکۆرۆپادسکی[٣] رووسەکان مافی وەرگرتنی موڵک و ماڵی ئۆکرانیایان نەبووە. بەڵام دوایی بەرپرسە گەورەکانی رووسیا تا بەرپرسە بچووکەکانیان

---

٣- ئیڤان ئیلیچ سکۆرۆپادسکی ١٦٤٦ تەممووزی ١٧٢٢ ، هێتمانی سوپای یەکگرتووی زاپۆرۆژێ لە هەردوو کەناری دنیپەر لە ساڵی ١٧٠٨ -١٧٢٢. سەرکردایەتی مەفرەزەکانی کۆزاکەکانی کرد کە دڵسۆز بوون بۆ پیتەری یەکەم لە کاتی شەڕی پۆڵتاڤادا.

پەلەیان کرد بۆ ئەوەی زەوییەکانی ئۆکرانیا بکەن بە هی خۆیان و پێی دەوڵەمەند بن. ئیتر لەوکاتەوە ئۆکرانیا چیدی بە دەوڵەتێکی جیاواز لە رووسیا دانەنرا. تەنانەت وای لێهات، لە سەردەمی هێتمانسی سکۆرۆپادسکیدا، هەندێک لە کۆزاکەکانی ئۆکرانیا بوون بە خزمەتکارە گەورەکانی رووسیا. دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا هەندێکیان لە وەرگرتنەوەی ئازادی خۆیان سەرکەوتوو بوون. زۆریشیان لەوانەی کە پێشتر وەک کۆزاک ناویان تۆمار کردبوو، ئەوانیش خەریکی کۆزاک بوون، ژمارەیەکیان لە ئیمتیازاتی کۆزاکی پێبەش کران و گەڕانەوە بۆ دۆخی مێرووڵەی کۆڵبەری باو. کۆزاکەکان لەلایەن خاوەنی زەوییە نوێکانیشەوە تووشی چەوساندنەوە بوون. ئەو رووسانەی کە زەویی ئۆکرانیایان لە حکومەتی ئیمپراتۆری وەرگرتبوو پشتیان بە دەسەڵاتدارانی مۆسکۆڤییەکان بەستبوو، یاساو داب و نەریتەکانی ئۆکرانیایان پێشێل دەکرد. بە وەرگرتنی ئەو زەوییانەی کە لەلایەن جووتیارانی ئاسایی و کۆزاکەکانەوە نیشتەجێکرابوون، زۆر جار مافی خاوەندارێتییان بەسەر زەوییە کۆزاکەکانی بێبەشنەکراودا دەگرت. مۆسکۆ زۆربەی سکاڵاکانی بێ وەڵام دەهێشتەوەو حکومەتی هێتمان لە راستکردنەوەی

ئەو جۆرە هەلانە بێدەسەلات بوو. بۆ نموونە کۆزاکەکان[٤] نووسیویانە: پێشتر بە ئاسانی دەمانتوانی چەک بۆ دەولەت هەلبگرین، چونکە زەوی و کالای دیکەی پێویستمان هەبوو، ئێستاش لەلایەن خاوەن زەوییەکانەوە کەوتووینەتە بەر هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک.

ئاغاکانی پێش شۆڕش وەک چینێکی کۆمەلایەتی جیاواز لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا(١٧) بوونیان نەما. هەندێک ئاغای پێشوو لێرەو لەوێ تاک تاک وەک خاوەن زەوی مانەوە، بەلام بەبێ هیچ ئیمتیازاتێکی چینایەتی تایبەت. بەپێی یاساکانی رووسیا، تەنیا ئاغاکان مافی ئەوەیان

---

[٤] - کۆزاک لە سەدەی چواردەوە ئەم ناوە دروستبووە. یەکەمین جار واتای پارێزەری دەگەیاند. پێدەچێت لە وشەی تورکی بە واتای "کۆچەری ئازاد، سەربەخۆ، سەرگەردان، سەرگەردان " هاتبێت. دەتوانین بلێین کۆزاك ئەو گرووپ و کۆمەلەن، کە لە فەرمانڕەواکان ناڕازیبوون. ئیتر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە رۆیشتوون. پێکهاتەی کۆزاکەکان کاتێک کە مولک و مالی خۆیان بوون کۆمەلێک بێلاروسی و پۆلەندی و چیک و سلۆڤاک و یۆنانی و ئۆسێتی و تورک ) لەوانەش کازاخ و تاتار و مۆردوڤی- ئێرزی و باشکیرو کالمیک و بوریا و گەلانی دیکەی لەخۆ گرتبوو . گروپە جیاوازەکانی کۆزاکەکان گۆشەگیری خۆیان، تایبەتمەندییەکانی زمان و کولتوور، خۆئاگایی نەتەوەیی خۆیان پاراست .

هەبوو بەسەر کۆیلەکاندا فەرمانڕەوایی بکەن. بۆیە ئەو خاوەن زەوییە ئۆکرانیاییانەی کە خاوەنی بابەتەکان بوون، کە دەیانویست پێگەی چینایەتی خۆیان دڵنیا بکەنەوە، دەبوو هەندێک هەنگاوی دیاریکراو بنێن. ئیتر حکومەتی رووسیا حکومەتی ئۆتۆنۆمی هێتمانی ئۆکرانیای هەڵوەشاندەوەو لە ساڵی ١٧٨٢ فەرمانی فەرمانڕەواییکردنی بۆ ئۆکرانیا درێژکردەوە. لەگەڵ جێبەجێکردنی یاساکانی رووسیاو لە لایەن کاترینی دووەمی ئیمپراتۆرەوە لە ١٧٨٣/٥/٣ دا تەنانەت ئەو جووتیارانەی کە تا ئەو کاتە مژدەی خاوەن زەویەکان نەبوون، بە کۆیلە ناوزەد کران. ئەوان بوون بە کۆڵبەری خزمەتکار لەسەر زەوییە دەوڵەتییەکان. تەنیا ئەو کۆزاکانەی کە وەک سەربازی پیشەیی مانەوە، ئازادی کەسیی و مافی خاوەندارێتی زەوییان پاراست. ئازادی کە پێشتر لە رێگای خەباتی سەختەوە وەدەستیانهێنابوو، لێیانسەندرایەوەو کۆیلایەتی بەسەر ئەو جووتیارانەدا سەپێنرا کە سیستەمی خاوەندارێتی زەوییان تێکچووبوو. زەوییەکان تا رادەیەکی زۆر کران بە موڵکی ئاغا گەورەکانی رووسیا.

لە کەناری راستی ئۆکرانیای نێوان ساڵانی ١٨٤٥ تا ساڵی ١٨٤٩ بیست و شەش(٢٦) راپەڕین سەریهەڵدا. ئەمە جگە

لەوەی هەڵهاتن جۆرێکی دیکەی کاردانەوە بوو لە دژی ستەمی خاوەن خانووەکان، کە زۆرجار ڕێژەیەکی جەماوەری زۆری لەخۆ گرتبوو. زۆربەی ئەو کۆڵبەرە هەڵهاتووانە چوونەتە باشووری ئۆکرانیا، بەتایبەت بۆ ناوچەی دۆن و کوبان چوون، کە نەوە کۆزاکەکان خانەخوێی زاپۆرۆژیانیان لەلایەن حکومەتی رووسیا لە ساڵی ١٧٧٥ دا وێران کردبوو، پەنایان بۆ هێنابوون. ڕێژەی ئەم هەڵهاتووانە ئەوەندە زۆر بوون کە حکومەتی تزاری توانای گەڕاندنەوەی ئەم هەموو خەڵکەی بۆ ئاغاکانیان نەبوو. بۆیە لە ساڵی ١٨٣٢ مۆڵەتیان پێدرا بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە لەسەر کەنارەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش نیشتەجێکران.

ئۆکرانیا بە هاتنە ژێر سەروەری رووسیا، گەیشتە قۆناخێکی بەرزی گەشەکردنی بازرگانی ، لەنێو ئەو بازرگانییە گەشەسەندووەدا، دانەوێڵە بەهۆی بارودۆخی سروشتی و ئامرازەکانی گوازتنەوە شوێنێکی گرنگ و سەرەکی لەنێو ئەم بازرگانیکردنانەدا گرتبوو. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە ئۆکرانیا پێگەیەکی پێشەنگی لە بازاڕەکانی دانەوێڵەی ئەوروپادا وەرگرت، ئەمە شەست(٦٠) ئەوەندەی بازرگانی دانەوێڵە دەرەکییەکانی رووسیای تێپەڕاند.

رووسیا سیاسەتی گومرگی خۆی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە خەباتی دژی پیشەسازی و بازرگانی ئۆکرانیادا بەکارهێنا. بۆرژوازی رووسی سەدەی حەڤدەو هەژدە هەستی بە ئاسودەیی نەدەکرد، کاتێک کارگەکانی ئۆکرانیا گەشەیان دەکردو کاڵاکانیان دەنارده خاکەکانی رۆژئاواو رووسیا، بەرهەمەکانی ئۆکرانیا گەیشتنە ئەو ئاستەی کە بتوانن بە ئاسانی رکابەری بەرهەمەکانی رووسیا بکات، بەتایبەت لە بواری دانەوێڵەدا.

**رووسیا**

رووسیا کە بە فەرمی بە فیدراسیۆنی رووسیا ناودەبردرێت، وڵاتێکە لە دوو کیشوەری تەنیشت یەکتردا خاکی هاوبەشی هەیە، بەشی رۆژهەڵاتی ئەوروپاو ناوچەی باکووری ئاسیای داگیرکردووە. رووبەری زەوییەکەی حەڤدە ملیۆن و سەد هەزار(١٧،١٠٠،٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە . رووسیا زۆرترین دانیشتوانی کیشوەری ئەوروپایەو نزیکەی ١٤٧ ملیۆن کەسی تێدا دەژی. پێگەی هەشتەم وڵاتی لە زۆرترین دانیشتوانی جیهانی گرتووە، بەڵام بەهۆی رووبەرە فراوانەکەی چڕی دانیشتوانی کەمی هەیە. هەندێک لە شارەکانی رووسیا لانی

کەم یەک ملیۆن کەسیان تێدایە. نزیکەی ٤٧% ی دانشتوانی رووسیا له شارەکاندا دەژین. بە گوێرەی ئامارەکان، لە دوای کۆتایی سەردەمی سۆڤێتەوە ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکە کەمیکردووەو ژمارەی دانیشتوانی بە نزیکەی پێنج ملیۆن و پێنجسەد هەزار(٥،٥٠٠،٠٠٠) کەسی لێ کەمبۆتەوە. لە ئێستاشدا رێژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی لە سفر نزیکبۆتەوە. روسیا سنووری لەگەڵ زیاتر لە پازدە(١٥) وڵات هەیە. کە زۆرترین سنووری وشکانی لە سەرتاسەری دنیادا هەیە. هەروەها پێوەندی بە زیاتر لە پازدە(١٥) دەریاو سێ ئۆقیانووسەوە هەیە. زمانەکەی زمانی رووسییە، کە لە زمانی سلاڤییەوە وەرگیراوە.

ناوچەی دووری رۆژئاوای رووسیا لە کالینینگراد نزیکە کە پێشتر بە کۆنیگسبێرگ ناسرابوو. رۆژهەڵاتە دوورەکەی ناوچەی دوورگەی دیۆمیدە کە مەودای یەکسانە لەنێوان ئالاسکای ئەمریکاو چوکۆتکا ی رووسیا. باشوورەکەشی ناوچەی قەفقاز، بە درێژایی سنووری ئازەربایجانە. باکوورەکەیشی شوێنەکەی لەسەر زەوی فرانز جۆزێفە لەناوچەی زەریای جەمسەری باکوور. ئەم خاڵە نزیکەی ٥٧٠ میل لە جەمسەری باکوورەکەیەوە دوورە.

بەهۆی ئەو زەوییە فراوانەی هەیەتی، بۆتە هۆی ئەوەی چەندین ناوچەی کاتی جۆراوجۆر بۆ خۆی دابنێت. بەمەش یازدە ١١ ناوچەی کاتی لە سەرانسەری فیدراسیۆنەکەیدا جێهێشتووە. نەتەوەیەکی هەمەچەشن و رەنگاورەنگیشی هەیە، کە لەگەڵ سروشت و ژینگەی ناوچە جیاوازەکاندا دەگونجێن.

رووسیا ناوچەیەکی پڕە لە سەرچاوەی سروشتیی جۆراوجۆر کە هەر لە نەوتەوە تا گازی سروشتی خەڵوز، دارستان و ...هتد بەرفراوانترین یەدەگی وزەو سەرچاوە کانزاییەکانی هەیەو لە ئەنجامدا قورسترین بەرهەمهێنەری نەوت و گازی سروشتییە، بەشێوەیەک ٥٢% ی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سرووشتی لە رووسیاسە.

سروشتی ئایینی نەتەوەی رووسیا لەگەڵ ئایینی مەسیحیدا جیاوازی هەیە. چونکە بەرفراوانترین بیروباوەڕی ئایینی کە وەریانگرتبێت بریتی بووە لە ئۆرتۆدۆکسی . کڵێسای ئۆرتۆدۆکسیش یەکێکە لە کڵێسا باوەکانی رۆژهەڵات. بەڵام کەمینەیەکی بەرچاویش لەسەر ئایینی دیکەن.

رووسەکان بەشێوەیەکی فراوان و قووڵ بەشدارییان لە گەشەی ئەدەب و هونەردا کردووە، تۆڵستۆی و

دیستۆیڤسکی و ئەلیکساندەر پووشکین و ئەنتۆن چیخۆف و گۆگۆل و ......هتد. نموونەی بەرزی ئەدەبیاتی رووسیان. لەسەدەی بیستەمدا سێ کەسی ناوداری رووسی خەڵاتی نۆبلیان پێبەخشرا.

مێژووی رووسیا زیاتر لە یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا واتا بۆ سەردەمی بەردینی کۆن دەگەڕێتەوە. یەکەمین دانیشتوان لە ناوچەکانی رۆژئاوای ئاسیاوە روویان لە سیسکاوقازیا لە نیمچە دوورگەی تامان کردووە. چەندین شوێنەوارناس لە رێگای کەرەستەی جۆراوجۆرەوە ئەم راستییەیان سەلماندووە.

هەندێک لەم یەکەم دانیشتوانە کە پێشینەی رووسەکانی ئێستا بوون، خێڵە سلاڤییەکان بوون، کە پێدەچێت شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتاییان ناوچە دارستانییەکانی تالاوەکانی پریپێت بووبێت. ئەوان سیستەمی کشتوکاڵی و سووتاندنیان پراکتیزە دەکرد کە بووە هۆی فراوانبوونی بەرفراوانیان. سلاڤە سەرەتاییەکانی رۆژهەلات لە رۆژئاوای ئاسیا بە دوو کۆمەڵە دەژیان. بەشێکیان لە کییڤ و سوزدال و مورۆم دەژیان بەشەکەی دیکە لە پۆلۆتسک و نۆڤگۆرۆد و رۆستۆڤ دەژیان. لەسەدەی حەفتەوە سلاڤەکانی رۆژهەلات بوونە دانیشتوانی سەرەکی لە

ڕۆژئاوای رووسیاو ئیتر وردە وردە خێڵە ڕەسەنەکانی فینلەندایان وەک مۆرۆمییەکان و مێریاکان وەرگرت.

لە ساڵی ٨٨٢ ز ، شازادە ئۆلێگ لە شاری نۆڤگۆرۆدەوە دەستی بەسەر کییڤدا گرت و ، ناوچەی باکوورو باشووری سلاڤەکانی رۆژهەلاتی وەک یەک جەستە تێکەڵ کرد. دوای سەدو شەش (١٠٦) ساڵ ناوچەکە لە ڕێگای شانشینی بێزەنتینییەکانەوە ئایینی مەسیحی وەرگرت.

ئەم سیستەم و کولتوورە سلاڤی و بێزەنتینییانە بۆ زیاتر لە هەزار(١٠٠٠) ساڵ بۆ رووسیا بوونە پراکتیزەی رەسەن. بەڵام رووسەکانی کیڤان لە سەدەی یازدەدا بەهۆی بەرزی ڕێژەی مردن لە ناوچەکەیدا لە یەکگرتوویی جیابوونەوە. لە ساڵی ١٢٦٣ دانییڵ ئەلێکساندەرۆڤیچ نەخشەی مۆسکۆی دروستکرد. کارێکی دیکەی ئەلێکساندەرۆڤیچ تاتارەکانی لە ناوچەکانی رووسیا دەرکرد. بەهۆی پاراستنی سروشتی لە دارستان و تالاوو رووبارەکانەوە بەدەستدێت، بە خاکی پایتەخت دادەنرا. ئەو هۆکارەی بووە هۆی سەرهەڵدانی مۆسکۆ لە رووسیا ، هاوپەیمانی لەگەڵ سەرۆک و فەرمانڕەواکانی مەغۆل بوو. ئەوان نازناوی شازادەی گەورەیان بە سەرکردەکانی مۆسکۆ بەخشی و وەک بریکارێک بۆ وەرگرتنەوەی ڕێزلێنانی تاتار لە ناوچەکانی رووسیا یادیان کردەوە.

دواتر کەرامەتی مۆسکۆ   وەک بارەگای کڵێسای ئۆرتۆدۆکسی رووسیا دەرکەوت و، بەرزبووەوە.

کاتێک ساڵی ١٤٠٠ کۆتاییهات، مۆسکۆ ببوو بە ناوچەیەکی رۆشنبیری و سیاسی. حوکمڕانییەکە زیاتر پتەوتر بوو.  ئەم بەهێزییە هۆکارێکی سەرەکی بوو کە رووسیا توانی خاکی خۆی بە شەڕکردن و هاوسەرگیری و بەدەستهێنانی پارە فراوانتر بکات. ئەم فراوانبوونە مافی ئەوەی پێبەخشی کە هەموو قەزای رووسیا بکاتەوە بە یەک. کاتێک لە سەدەی شازدە نزیک ببۆوە، سەرکەوتنی یەکگرتوویی خۆی بە تەواوی وەدەستهێنابوو.  ساڵی ١٤٨٠ ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵات و باکووری رۆژئاوای رووسیای تێکەڵ  بەیەکدي کردو ئەو ناوچانەی کە نەخشەی  مۆسکۆی تێدا دروستکردبوو ، لە ناوەڕاستی سەدەی شازدە ببوون بە تزارۆمی رووسیا. لە سەرەتای ساڵانی نۆهەدەکاندا  تزار پیتەری گەورە[٥] خاکەکانی خۆی

[٥] - تزار پیتەری یەکەم بە ڕووسی Пётр I Алексеевич : ، ڕۆمانی : *Pyotr I Alekseyevich*, IPA: [ˈpʲɵtr ɐlʲɪˈksʲejɪvʲɪtɕ]; ١٦٧٢-١٧٢٥بە شێوەیەکی باو بە پیتەری گەورە ناسراوە.  لە ساڵی ١٦٨٢ەوە تزاری هەموو ڕووسیا بووە ، لە ساڵی ١٧٢١ تا مردنی لە ساڵی ١٧٢٥ یەکەم ئیمپراتۆری هەموو ڕووسیا بووە.

له ڕێگەی کۆمەڵێک شەڕی سەرکەوتووەوە، بەندەرەکانی لە ئازۆف و دەریای باڵتیک گرت، زەمینەی هێزی دەریایی ئیمپراتۆری ڕووسیای دانا ، کۆتایی بە باڵادەستی بێ کێبڕکێی سوید لە باڵتیک هێنا و دەستی بە فراوانبوونی ڕووسیا کرد بۆ ئیمپراتۆریەتێک . ئەو سەرکردایەتی شۆڕشێکی کولتووری کرد کە هەندێک لە سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نەریتخوازەکان و سەدەی ناوەڕاستی بە سیستەمێکی مۆدێرن و زانستی و ڕۆژئاوایی و لەسەر بنەمای ڕۆشنگەری ڕادیکاڵ گۆڕی . چاکسازییەکانی پیتەر کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر ڕووسیا هەبوو و زۆرێک لە دامەزراوەکانی حکومەتی ڕووسیا سەرچاوەی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی ئەو. دەستپێشخەرییەکی بەرفراوانی چاکسازی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کارگێڕی، پەروەردەیی و سەربازی کرد کە کۆتایی بە باڵادەستی نەریتگەرایی و ئایین لە ڕووسیادا هێنا و دەستپێکرد بە ڕۆژئاواییکردنی . هەوڵەکانی بریتی بوون لە بە عەلمانیکردنی پەروەردە، ڕێکخستنی کارگێڕی بۆ حکومڕانی کاریگەر، بەرزکردنەوەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، دامەزراندنی ئابووری پیشەسازی، مۆدێرنکردنی سوپا و دامەزراندنی هێزی دەریایی بەهێز. پیتەر بەشدار بوو لە پیشەسازی لە ئیمپراتۆریی ڕووسیا ; ساڵنامەی جولیان ناسێندرا و یەکەم ڕۆژنامەی ڕووسی، سانکت-پیتەربورگسکی ڤێدۆمۆستی . یەکەم زانکۆی ڕووسیا، زانکۆی ویلایەتی سانت پترسبۆرگ، ساڵێک پێش مردنی دامەزراوە،لە ساڵی ١٧٢٤.لە ساڵی ١٧٠٣ شاری سانتپترسبۆرگ دامەزراند ، کە تا ساڵی ١٩١٨ وەک پایتەختی ڕووسیا ماوەتەوە.
دوای سەرکەوتنی لە جەنگی گەورەی باکووردا ، لە ساڵی ١٧٢١ نازناوی ئیمپراتۆری وەرگرت.

ناونا( ئیمپراتۆریای رووسیا). ئەمەش بۆ ئەوە بوو میللەت بە دەستکەوتە کۆن و کولتوورییەکانی تەمەنی رووسیاوە ئاشنا بکات.  لە کۆتاییشدا ئیمپراتۆریای رووسیا لە سنووری  رۆژهەڵاتی فیدراسیۆنی پۆڵۆنیا – لیتوانیا تا زەریای هێمن فراوان بوو. دەرکەوت کە ئیمپراتۆریەت کاریگەرییەکی بێ هاوتای هەبوو، ئاژاوەی جووتیارانی بێدەنگ کردو ئەوروپای کۆنترۆڵ کرد، دوای ئەوەی ناپلیۆنی شکست پێهێنا.

سەرەتای سەدەی نۆزدە سەرەتای دانپێدانان و وەرگرتنی بەربڵاوی ئەدەبیاتی رووسی بوو. لەم قۆناخەدا یاساکانی زمانی ئەدەبی رووسی بەتەواوی دروستبوون.  ئەم وەرگرتنە ئەکادیمییە بەربڵاوە بەهۆی چالاکییەکانی ناو ئەدەبی و کولتووری کۆمەڵایەتی خەڵکی ناوچەکە سەریهەڵداو جێگیر بوو.

رووسیا لە سەردەمانێکدا کە ئەوروپا گەشەی بەخۆیەوە بینیبوو، رووبەڕووی شەڕو پێکدادان دەبووەوە، هەندێکجاریش هاوپەیمانی لەگەڵیان پێکدەهێنا. بەپێی داب و نەریتی ئەوروپی، ئەسکەندەری یەکەم، چوارجار رووسیای لەنێوان نەتەوەیەکی بێلایەنی ئاشتیخوازدا برد تا لایەنگری دوژمنانی ناپلیۆن و دواتر هاوپەیمانی لەگەڵ ناپلیۆن و دواجار دوژمنایەتی بوو پێبکات. ئەم

وەرچەرخان و دەوران دەورانە، لە ساڵی ١٨٠٤ دەستپێکردو هەشت(٨) ساڵ بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٨٠٥ ئەسکەندەری یەکەم لە دژی ناپلیۆن پێوەندی لەگەڵ بەریتانیا دروستکرد. بەڵام بەهۆی ئەو شکستە گەورەیە پێوەندی لەگەڵ ناپلیۆن دروستکردو پێوەندی بە سیستەمی کیشوەری خۆیەوە کرد، لە کۆتاییشدا هاوپەیمانێتییەکەیان تێکچوو، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری رووسیادا دروستکرد. دوای شەڕی رووسیا لە دژی ناپلیۆن لە ساڵی ١٨١٢ ،رووسیا (هاوپەیمانی پیرۆز)ی لەگەڵ ئەوروپادا دروستکرد. ئەم هاوپەیمانییە رووسی – ئەوروپی- یە پێویستی بە سوپایەکی گەورە هەبوو تا بتوانێت بە پتەوی بمێنێتەوە. پارێزگاکانی وەک نەمساو فەرەنساو پرۆس و بەریتانیا کارمەندی سەربازیی پێویستیان نەبوو، رووسیاش بەهۆی ژمارەیەکی زۆری سەربازییەوە هیوایان بوو ئەم هاوپەیمانێتییە بەردەوام بێت. رووسیا پێیوابوو هاوکارییەکانی لەگەڵ ناوچەکانی ئەوروپا ئازادیی پێدەبەخشێت بۆ کارکردن لەسەر تێکدانی ئیمپراتۆریای عوسمانییەکان. ئەوەبوو رووسیا ساڵی ١٨٥٠ هێرشی کردە سەر هەندێک ناوچەی ناو شانشینی عوسمانی کە بووە هۆی شەڕی کریمیا. بەڵام بەریتانیاو فەرەنسا پاڵیاندایە پاڵ عوسمانییەکان و لەگەڵ

عوسمانییەکان پێکەوە دژی رووسیا وەستانەوەو شەڕیان کرد.

یەکەمین کۆنگرەی سەرتاسەری یەکێتی سۆڤێت لە ٣٠ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ بوو کە لە مۆسکۆ بەستراو ،بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی کۆماری سۆشیالیستی سۆڤێت پەسند کرا، کە دەوڵەتێکی فیدڕالییە.

یەکێتی سۆڤێت لە رێگای پەیماننامەیەک لە نێوان پازدە وڵاتی ئەندامدا دروستبوو کە بریتی بوون لە لاتڤیا، ئۆزبەکستان، ئەرمینیا، ئۆکرانیا، ئازەربایجان، تورکمانستان، ئیستۆنیا، تاجیکستان، بێلارووس، رووسیا، جۆرجیا، مۆڵدۆڤیا، کازاخستان، لیتوانیا، قرقیزستان. هەموو وڵاتەکانی دیکە جگە لە (ئۆکرانیاو رووسیاو بێلارووس) نەتەوەی ترانسکۆقاز بوون. یەکێتی سۆڤێت یەکەم دەوڵەت بوو کە کۆمۆنیزمی مارکسیزم وەک سیستەمی ئابووری بەڕێوە ببات. رووبەرەکەیشی دوو لەسەر دوازدەی هەموو رووبەری زەوی بوو، کە یەکێک لە فراوانترین و بەهێزترین خاکی سەر جیهان بوو. تا ساڵی ١٩٣٨ تیرۆری ستالین بە کردەی پاکتاوکردنی گەورە گەیشتە لوتکە . نزیکەی ٦٢٠ هەزار کەس لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤێتدا کوژران و ملیۆنان کەس رەوانەی دەرەوەی ناوچەکە کران و هەندێکیشیان خرانە

نێو کەمپەکان بۆ ئەوەی بەزۆر کار بکەن.  ئەو یەکێتییەی بەهۆی ترسان لە سوپای هێرشبەری نازیزم کە لەنێوان بەریتانیاو ئەمریکاو سۆڤێت دروستببوو، ئەو یەکێتییە دوای سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤێت بەسەر نازیزمدا هەڵوەشایەوە، بەتایبەت کاتێک یەکێتی سۆڤێت زۆر فراوان بوو، لە ساڵی ١٩٤٨ یشدا حکومەتەکانی لە گەلانی کۆمۆنیستی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دامەزراند، ئەم هەنگاوەی رووسیا وایکرد ئەمریکاو ئینگلیز  لەو فراوانبوونەی کۆمۆنیزم نیگەران بن. بۆیە ئەمریکاو کەنەداو هاوکارەکانیان لە ئەوروپا، ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی(ناتۆ)یان دروستکرد.ئەمە گورزێکی گەورە بوو کە لەبەرانبەر سۆڤێتدا دروستیانکرد. ئەم دوو کەمپە(وارشۆی سەر بە رووسیا، ناتۆی سەر بە ئەمریکا) تا ساڵی ١٩٩١ لە بەرانبەر یەکدی وەستابوون.  پێش ساڵی ١٩٩٠ یەکێتی سۆڤێت لە دەمارەکانیدا پارچە پارچە ببوو، ئەم پارچە پارچە بوونە، ئەم رووخانە لە ناوەوەیدا، ڕێگای بۆ راپەڕین و شۆڕشی ئەو وڵاتانە کردەوە کە بانگەشەی ئازادی بکەن و خۆیان لە یەکێتی سۆڤێت جیا بکەنەوە. ساڵی ١٩٨٩ شۆڕشێکی سیاسی لە پۆڵۆنیا  سەریهەڵدا. ئیتر شۆڕشی دیکەی لە هەرێمەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی

ئەوروپادا بەدوای خۆیدا هێنا، تا وای لێهات دیواری بەرلینیشیان رووخاند.

لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١دا ڕیفراندۆمی جەماوەری ئەنجامدرا، کە زۆرینەی خەڵک دەنگیان بە پاراستنی یەکێتی سۆڤیەت دا ، جگە لە شەش کۆمارەکە، ئەوانیش لیتوانیا ، لاتڤیا ، ئیستۆنیا ، جۆرجیا، مۆڵدۆڤا و ئەرمینیا ، کە سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندبوو. لە ١٧ی حوزەیران، سەرۆک گۆرباچۆڤ و سەرکردەکانی نۆ کۆمارەکە، واتە فیدراسیۆنی ڕووسیا، ئۆکرانیا ، بێلاڕووس، کازاخستان،تاجیکستان ، ئۆزبەکستان ،قرغیزستان ، ئازەر بایجان و تورکمانستان ، هەماهەنگییان بۆ ڕەشنووسی پەیماننامەی پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی داعش کرد .وەک فیدراسیۆنێکی لامەرکەزی . بڕیار بوو ئەو وڵاتانە لە ٢٠ی ئابدا بچنە ناو پەیماننامەیەکەوە . ئەم پەیماننامەیە نارەزایی لەنێوان ئەو کەسانەدا وروژاند کە لە بەرگری و ئاسایشی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت بەرپرسن ، لەوانە دیمیتری یازۆڤ وەزیری بەرگری، بۆریس بۆگۆ وەزیری ناوخۆ، ڤلادیمێر کریۆچکۆڤ سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی دەوڵەت(KGB) .

یەکێتی سۆڤێت وەک دەوڵەتێکی بەهێز حکومڕانی دەکرد، ناتۆ بۆ یەکسانکردنی دەسەڵات لە بەرانبەر یەکێتی

سۆڤێت دروستبوو. ناتۆ بەردەوام پێشڕەوی بەرەو ناوچەکانی سۆڤێت دەکرد، ئەمەش وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئۆتۆنۆمی و سەلامەتی وڵاتەکەی سۆڤێت سەیر دەکرا. دوای لەباریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت ، دەوڵەتانی پێشووی ناو یەکێتی سۆڤێت تەنانەت ئەوانەی کە لە هاوپەیمانی وارشۆدا بوون، وردە وردە پشتیان لە هاوپەیمانەکەی پێشوویان کردو، چوون لەگەڵ یەکێتی ئەوروپاو لەگەڵ ناتۆ ڕێککەوتن و یەکیانگرت و نیگەرانی زۆر ترسناکیان بۆ حکومەتی رووسیا دروستکرد.

لە ١٩ی ئابدا میدیای سۆڤیەت باری نائاسایی لەو وڵاتە ڕاگەیاند .هەروەها بێتوانایی سەرۆک گۆرباچۆڤی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی بەهۆی خراپی تەندروستی و گواستنەوەی دەسەلاتی بۆ لیژنەی دەوڵەت بۆ باری نائاسایی ڕاگەیاند . لە هەمان کاتدا سەربازەکان هێنرانە ناو مۆسکۆ . ڕاشیگەیاند، ئەگەر نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی بدۆزرێنەوە، دەستگیر دەکرێن . دژایەتی کۆمیتەی دەوڵەت بۆ باری نائاسایی، بریتی بوو لە سەرکردایەتی فیدراسیۆنی ڕووسیا وەک یەکێک لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت . لەو کاتەدا کە بۆریس یەڵتسین[٦] سەرۆکایەتی دەکرد سەرۆکی کۆمار، ئیڤان

٦- یەڵتسین ، ناوی تەواوی بۆریس نیکۆلایڤیچ یێلسین، لەدایکبووی ١ی شوباتی ١٩٣١، لە سڤێردلۆڤسک ئێستای کاتێرینبۆرگ، لە ٢٣ی نیسانی ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردووە. سیاسەتمەداری ڕووسی کە بووەتە سەرۆکی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٩٠. لە ساڵی ١٩٩١دا بووە بە یەکەم سەرکردەی هەڵبژێردراوی جەماوەری لە مێژووی وڵاتەکەدا، ڕێنمایی ڕووسیای کرد لە دە ساڵێکی تۆفاناوی لە پاشەکشەی سیاسی و ئابووریدا تا دەستلەکارکێشانەوەی لە سەروبەندی ساڵی ٢٠٠٠دا.، بەڵام سەردەمی یەڵتسین ئاڵۆزکاوترین قۆناخی سیاسی بوول ە مێژووی رووسیادا.

یەڵتسین لە پەیمانگای پۆلیتەکنیکی ئۆرال خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٥٥ تا ١٩٦٨ لە پڕۆژەی بیناسازی جۆراوجۆر لە ناوچەی سڤێردلۆڤسک کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە پارتی کۆمۆنیستەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٦٨ بە تەواوی دەستی بە کاری حیزبی کردووە و لە ساڵی ١٩٧٦ بووەتە سکرتێری یەکەمی پارتی ناوچەی سڤێردلۆڤسک. دواتر میخائیل گۆرباچۆڤ ی ناسی کە ئەوکات هاوتاکەی بوو لە شاری ستاڤرۆپۆل. دوای ئەوەی گۆرباچۆڤ هاتە سەر دەسەڵات، لە ساڵی ١٩٨٥ یێلتسینی هەڵبژارد بۆ پاککردنەوەی گەندەڵی لە ڕێکخراوی حزبی مۆسکۆ و لە ساڵی ١٩٨٦ بەرزیکردەوە بۆ مەکتەبی پۆلیت (وەک ئەندامێکی دەنگدەر)، وەک سەرۆکی شارەوانی مۆسکۆ (واتە سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی مۆسکۆ)، یێڵتسین سەلماندی کە چاکسازیخوازێکی بەتوانا و ئیرادەدارە، بەڵام گۆرباچۆڤی دوورخستەوە کاتێک دەستی کرد بە ڕەخنەگرتن لە خێرایی خاوی چاکسازی لە کۆبوونەوەکانی حزبدا، تەحەدای کۆنەپەرستانی حزبی کرد و تەنانەت ڕەخنەی لە خودی گۆرباچۆڤ گرت. یەڵتسین لە ساڵی ١٩٨٧ بە شەرمەزاری لە سەرکردایەتی پارتی مۆسکۆ و لە ساڵی ١٩٨٨ لە مەکتەبی پۆلیت ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە.

لە مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٩٠ یێڵتسین وازی لە حزبی شیوعی هێنا. سەرکەوتنی لە یەکەم هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و جەماوەری بۆ سەرۆکایەتی کۆماری ڕووسیا (حوزەیرانی ١٩٩١) وەک ئەرکێک بۆ چاکسازی ئابووری سەیر دەکرا. لە کاتی کودەتا کورتەکەی گۆرباچۆڤ لەلایەن کۆمۆنیستە توندڕەوەکانەوە لە مانگی ئابی ١٩٩١، یێڵتسین سەرپێچی لە سەرکردەکانی کودەتاکە کرد و لە مۆسکۆ بەرخۆدانی

سیلایڤ، سەرۆکی حکومەتی ڕووسیا و ڕوسلان هازبولاتۆڤ، سەرۆکی سۆڤیەتی باڵا. یەڵتسین بانگەوازێکی ئاراستەی هاوڵاتیانی فیدراسیۆنی ڕووسیا کرد و کارەکانی کۆمیتەی فریاکەوتنی دەوڵەتی بە کودەتای حکومەت ناوبرد و بڕیارێکیشی لەسەر نایاساییبوونی لیژنەکە واژۆ کرد .هەروەها داوای لە گەل کرد کە لە پاڵ دیموکراسی گەنجی ڕووسیادا بوەستن. کۆمەڵەیەکی زۆر

---

کۆکردەوە و لە هەمان کاتدا داوای گەڕانەوەی گۆرباچۆڤی کرد. کاتێک چەند ڕۆژێک دوای دەستپێکردنی کودەتاکە لەناوچوو، یێڵتسین وەک بەهێزترین کەسایەتی سیاسی وڵاتەکە دەرکەوت. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ ئەو و سەرۆکەکانی ئۆکرانیا و بێلاڕووس (بێلاروسیا) کۆمۆنوێڵتی نوێی دەوڵەتە سەربەخۆکانیان دامەزراند کە جێگەی دامەزرێنەری U.S.S.R دەگرێتەوە .

یێڵتسین وەک سەرۆکی ڕووسیایەکی سەربەخۆ، ئەرکی ترسناکی دەستپێکرد کە ئابووری فەرماندەیی خراپبووی وڵاتەکەی بۆ ئابوورییەکی فەرماندەیی وڵاتەکەی کە لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد و کارگەی تایبەت دامەزراوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ کۆتایی بە یارمەتییەکانی حکومەت و کۆنترۆڵکردنی نرخی خۆراک و کاڵا بەکارهێنراوەکانی دیکە هێنا، لە هەمان کاتدا ڕێگەی بە گەشەی بێ بەربەستی بازاڕە ئازادەکان لە شارەکاندا دا. لە هەمان کاتدا پەرلەمانی ڕووسیا کە کۆنگرەی نوێنەرانی گەل بوو،

لەلایەن یەڵتسینەوە، درایە بەر چەکی قورس و ، ئەمەش لەکەیەکی ناشیرن بوو بەنێوچەوانی یەڵتسنەوە، ئەمە درێژ بۆوە بۆ ئەو هەموو قەیرانانەی دواتر کە یەڵتسنی ناچار کرد دەست لەکار بکێشێتەوە، چونکە شەڕی چیچان لە گەشەسەندندا بوو، قەیرانەکان تا دەهات قووڵتر دەبوونەوە....هتد.

له لایەنگرانی سەرۆکی ڕووسیا لە نزیک کۆشکی سپی ( بینای ئەنجومەنی سۆڤیەتی فیدراسیۆنی ڕووسیا) کۆبوونەوە، کە خەریکی دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان بوون و تەنانەت شەوانەش ئەم گردبوونەوانە بەردەوام بوون و جێیان نەدەهێشت و ، دەستیان بە دانانی بەربەست لە مۆسکۆ کرد و یەکەکانی بەشی(تامانسکایا) چوونە لای بەرگریکارانی ئەنجومەنی باڵا . سەبارەت بەو تانکانەی کە لەلایەن لیژنەی دەوڵەتەوە بۆ باری نائاسایی ڕێنمایی دەکرێن بۆ بینای پەرلەمان، بە قەرەباڵغی خەڵک دەورە دراوە .لە ئەنجامی پێکدادانەکاندا ٣ کەس کوژران .وە یەکەی تایبەتی(ئەلفا)ڕەتیکردەوە هێرش بکاتە سەر کۆشکی سپی .لەو هەلومەرجەدا وەزیری بەرگری فەرمانی کشانەوەی هێزەکانی لە مۆسکۆ دەرکرد .لە ٢٢ی ئابدا میخائیل گورباچۆڤ، سەرۆکی سۆڤیەت لە کریمیا گەڕایەوە و ئەندامانی لیژنەی فریاکەوتنی دەوڵەت دەستگیرکران و لە مۆسکۆ ماتەمینی بۆ شەهیدان ڕاگەیەندرا . هەروەها یەڵتسین ڕایگەیاند کە بڕیاریداوە ئاڵای سپی-سوور-شین بکاتە ئاڵای دەوڵەتی ڕووسیا.

-بۆریس یێڵتسین سەرۆکی ڕوسیا لە بەردەم لایەنگرانی ئاڵای ڕووسیای هەڵکرد کە لە نزیک باڵەخانەی پەرلەمانی ڕووسیا کۆبوونەتەوە. لە ٢٣ی ئابدا یەڵتسین فەرمانێکی

دیکەی واژۆکرد کە چالاکییەکانی حزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەتی ڕاگرتووە، لە ڕاستیدا نارەزایەتی لە دژی دوورخستنەوەی سەرۆکی یەکێتی سۆڤێت لە دەسەڵات گۆڕدرا بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی فیدراسیۆنی ڕووسیا بە سەرۆکایەتی بۆریس یێڵتسین، کە لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا وەک سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕووسیا هەڵبژێردرابوو . سەبارەت بە سەروەری فیدراسیۆنی ڕووسیا، لە ١٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٠ لە میانی کۆنگرەی یەکەمی کۆنگرەی نوێنەرانی گەل لە کۆماری سۆسیالیستی فیدراڵی ڕووسیا ڕاگەیەندرا.

ئەندامانی لیژنەی دەوڵەت بۆ باری نائاسایی دەستگیرکران .وەزیری ناوخۆ بۆریس بۆگۆ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، دواتر مارشاڵی یەکێتی سۆڤێت سێرگی ئەخرۆمییێڤ کە وەک ڕاوێژکاری سەرۆکی یەکێتی سۆڤێت کاری کردووە و بۆ ئەویش وەک زۆرێک لە هاووڵاتیانی سۆڤێت، هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت بوو بە کارەساتێکی شەخسی .بەڵام لە ٢٣ی شوباتی ١٩٩٤دا دومای ڕووسیا بڕیاری لێخۆشبوون و ئازادکردنی ئەندامانی لیژنەی دەوڵەت بۆ باری نائاسایی دەرکرد . ئەندامانی لیژنەکە دانیان بە تاوانەکەیاندا نەنا، بەو پێیەی ئەوان وایان دەزانی کە کار بۆ پاراستنی یەکگرتوویی

دەوڵەت دەکەن، هەوڵیاندەدا ڕێگری لە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت بکەن .پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت زۆر زووتر دەستیپێکرد، دەیانزانی کە یەکەمین کۆمارە فیدراڵیەکان لە ساڵی ١٩٨٨دا سەروەری خۆیان ڕاگەیاندووە، بەڵام دوای ١٩ی ئابی ١٩٩١ بە تایبەتی، وڵاتەکە بۆ قەوارە نوێیەکان کە بەکۆمەڵ بوون شایەتحاڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بوو . لە ٨ /١٩٩١/١٢ ڕێککەوتنی نێوان سەرۆکەکانی ڕوسیا و بێلاڕووس و ئۆکرانیا بە فەرمی لەسەر کۆتاییهێنان یەکێتی سۆڤیەت ئەنجامدرا.لە ١٩٩١/١٢/٢٥ گۆرپاچۆڤ لە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤێت خانەنشین کراو تا ٣١ ی هەمان مانگ و ساڵ سۆڤێت بە تەواوی هەڵوەشایەوەو کۆتاییهات.

**ئۆکرانیا**

وشەی ئۆکرانیا لە وشەیەکی کۆنی سلاڤی ڕۆژهەڵاتی کۆن(ئۆکرانیا) وەرگیراوە، بە واتای(خاکی سنووری). ئۆکرانیا لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتەکاندا لەسەر سنووری ئیمپراتۆریتی رووسیاو پۆلۆنیا و ئەڵمانیاو هایسپۆرگ بوو. لەسەردەمی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا ئۆکرانیا لە دەرەوەی دەروازەکانی یەکێتی ئەوروپادایەو پۆلۆنیاو هەنگاریاو

سلۆڤاکیاو رۆمانیا لەلای رۆژئاوای ولاتەکەیدایە.بەڵام رۆژئاوای ئۆکرانیا لە ریگای پەیوەندییە ئیتنیکی، کولتووری، ئابووری و سیاسییە سنووربەزێنەکانەوە، پێوەندییەکی نزیک بە وڵاتانی ئەندامی نوێی یەکێتی ئەوروپا دەمینێتەوە ، لە کاتێکدا زۆرینەی رووسی زمان لە رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا بەرەو رۆژهەڵات بەرەو رووسیا دەڕوانن.

بەپێی زۆرێک لە سەرچاوە مێژووییەکان خەڵکی سلاڤی یەکەم کەسن کە لەسەر خاکی ئۆکرانیا نیشتەجێبوونە، بەڵام شازادەیەکی پاشای ڤی بوو بەناوی کی و دوو خوشکەکەی کە لە سەدەی حەفتەمی زاییندا شاری کیێڤیان دروستکرد. ئەوان ئەو شارەیان بۆ ئەوە دروستکرد تا بیکەن بە ناوەندێکی بازرگانی و ئاوەدانی . رووسەکان( سلاڤەکان بە بەکارهێنانی بەلەمی درێژ بە وشەی – رووس – بە واتای -رۆیشتن – ئاماژەیان بە ڤایکینگەکان[٧] دەکرد)، کالاکانیان بە رووباری دنیپرۆدا بۆ

---

٧ - ڤایکینگەکان ئەو ناوە مۆدێرنەیە کە بە خەڵکی دەریاوانی بەرەچەڵەک خەڵکی سکاندیناڤیان، کە لە کۆتایی سەدەی هەشتەم تا کۆتایی سەدەی ١١ هەڵیانکوتایە سەر و چەتەی دەریایی و بازرگانی و نیشتەجێبوون لە سەرانسەری بەشێک لە ئەوروپا. هەروەها تا دەریای

دەریای رەش دەگوازتەوە. ئیتر بووە ڕێڕەوێکی بازرگانی گرنگ لە باکووری ئەوروپاوە بۆ باشوورو بۆ ئیمپراتۆریای بێزەنتین. ئەو پاشاو شانشینەی کە لە دەوری ناوەندی قەرەباڵغی کییڤ پەرەیسەند، بە کیڤان رووس ناسرا. ئەمڕۆ کییڤ پایتەختی ئۆکرانیایە.

بەهۆی ئەو سامانە سرووشتیانەی کە ئۆکرانیایان بۆ خەڵکی سلاڤی زۆر سەرنجکێش کردبوو کە لەوێ نیشتەجێبوون و کاری کشتوکاڵیان دەکرد، بەردەوام بوو لە راکێشانی خەڵکی دەرەوە کە بڕیاریان دابوو ئەو زەوییە بۆ خۆیان وەربگرن. لەسەدەی چواردەوە لیتوانیا و پۆلۆنیا هەردووکیان هەوڵیاندا بەسەر بەشێکی خاکی ئۆکرانیادا زاڵ بن. تا کۆتایی سەدەی شازدە ئەو دوو وڵاتە یەکیانگرتبوو، بەهۆی ئەو یەکگرتنەیان توانیبوویان کۆنترۆلی پشکەکانی ئۆکرانیای لیتوانیا لە بەشی رۆژئاوای وڵاتەکە بەدەستبهێنن. ئیتر وردە وردە گۆڕانکاری لە کولتووری دانیشتوانی رەسەنی ئۆکرانیا دروستبوو. زمانی ئۆکراینی بۆ زمانی پۆلۆنی گۆڕانکاری تێکەوت، هەروەها ئایینی ئۆرتۆدۆکسی بەرەو ئایینی کاسۆلیکی گۆڕدرا. ئەم گۆڕانکارییانەی بە زۆر بەسەر دانیشتوانی

---

ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و ڤۆلگا بولگاریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای باکوور گەشتیان کردووە.

ئۆکراینی دەسەپێنرا، وای لە خەڵکی ئۆکرانیا کرد بەرگەی ئەم هەموو گوشارە نەگرن ، ئیتر لە سەدەی پازدەوە هەندێک لە کۆیلەکان لە رۆژئاوای ئۆکرانیا کە لە ژێر کۆنترۆلی پۆلۆنیادا بوون، هەڵاتن و، بەرەو بەشی باشووری رۆژهەڵاتی چەمی زەوی رۆیشتن، کە ناوچەیەکە خەڵکی زۆر کەمی تێدابوو. لەوێ گرووپی شەڕکەرو جەنگاوەری لێهاتوویان پێکهێنا. بە تەکنیکە توندەکانی شەڕکردنیان ئیتر ببوونە جەنگاوەری ئازاو سەرکەوتوو، ئەوان خۆیان بە کازاک یان کۆزاک ناودەبرد(کازاک، کۆزاک : بەواتای پیاوی ئازاد، یان سەرگەردان . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پەراوێزی سەرەوە). ئیتر لەگەڵ زیادبوونی گرووپی شەڕکەر لە سەرانسەری چەمی ئۆکرانیادا بوو، کۆزاکەکان لەماوەی (٣٥٠) ساڵی داهاتوویان رۆڵێکی زۆر گرنگیان لە ئۆکرانیا بینی.

کۆزاکەکان تەنیا خزمەتکارە هەڵهاتووەکان نەبوون کە پێوەندییان بە کۆزاکەکانەوە دەکرد. بەڵکو خەڵکی دیکەی جۆراوجۆریش بوون کە نەدەگونجان و ئازار دەدران. رید نووسیویەتی: لە زۆر رووەوە کۆزاکەکان بە لێهاتوویيە سەرسوڕهێنەرەکانیان لە شەڕکردن لەسەر پشتی ئەسپ، کارێکی وایان دەکرد دەتوانین بڵێین کۆزاکەکان بەقەد

کاوبۆیەکانی ئەفسانەی ئەمریکی  بۆ ئەفسانەی ئۆکرانیا گرنگ بوون.

کۆزاکەکان سەرکردەکانی خۆیان هەڵدەبژارد کە بە هێتمان ناسراون و پلان و ستراتیژی سەربازی خۆیان لە دەوری ئاگری کەمپەکانیان تاوتوێ دەکرد. ئەوان بەڵێنی هاوپەیمانی هەمیشەیی و تا هەتایەیان لەگەڵ هیچ وڵات و لایەنێکی سیاسی دیاریکراو نەدەکرد، بەڵکو دەنگیان لەسەر ئەوە دا کە ئایا پرسێک شایانی خەباتکردنە، تا خەباتی بۆ بکەین یان نا.  لەماوەی سەدەی حەڤدەدا کۆزاکەکان زۆر جار هێرشیان  بۆ سەر سوپای پۆلۆنیا لە سەر خاکی ئۆکرانیا دەبرد، بەڵام پۆلۆنییەکانیش شەڕیان لەگەڵ دەکردن.

هەرچەندە کۆزاکەکان زۆرجار لە هێرشبردنەکانیان سەرکەوتوو بوون ، بەڵام جار جارەش زیانیان پێدەکەوت. بۆ نموونە حکومەتی پۆلۆنی لە هێرشە بەردەوامەکانی کۆزاکەکان تورە بوو، کە بۆ سەر خاوەنی زەوییەکان لە ئۆکرانیاو ناوبەناو لێدانی تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی لە دژی ئەوان ئەنجامدا. جارێک ئاغایەکی پۆلۆنی روونیکردەوە، کۆزاکەکان نینۆکی پەنجەی سیاسی جەستەی ئێمەن. ئەوان مەیلی ئەوەیان هەیە زۆر گەشە بکەن ، بۆیە پێویستیان بە برینی زۆر هەیە. کۆزاکەکان بۆ

هێرشبردن و شەڕکردن سواری ئەسپەکانیان دەبوون و نەدەترسان، بەتایبەت دوای ئەوەی کۆزاکەکانی ئۆکرانیا بەیعەتیان بە رووسیا دا، لەبەرانبەردا بۆ هەڵمەتەکانیان داوای پشتگیریکردنی سەربازی رووسیایان دەکرد.

بۆهدان خمێلنیتسکی لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا ببوو بە بەناوبانگترین سەرکردەی کۆزاکەکان، بۆهدان خمێلنیتسکی سەرکردایەتی جەنگاوەرانی بۆ نەخشاندنی خاکی خۆیان دەکرد لەناو ئۆکرانیا کە لە ژێر کۆنترۆلی پۆلۆنیادا بوو.

بۆهدان خمێلنیتسکی[٨] داوای یارمەتی لە سەربازانی تزاری رووسیا کرد، بەتایبەت ئەلێکساندەری یەکەم ، تا

---

[٨]- خمێلنیتسکی بۆهدان (زینۆڤی) میخایلۆڤیچ -دەوڵەتمەدار و سەرکردەی سەربازی، هێتمانی ئۆکرانیا ساڵی ١٥٩٥لە شاری چیگیرین (ئۆکرانیا) لەدایک بووە . لە قوتابخانەی برایەتی کییێڤ خوێندوویەتی، پاشان لە کۆلێژی یەزیدی لە شاری لڤۆڤ خوێندوویەتی و ئۆرتۆدۆکسی پاراستووە.جگە لە زمانی زگماکی، بە زمانەکانی پۆڵەندی، لاتینی، تورکی و فەرەنسی قسەی دەکرد.

بەشداری شەڕی پۆڵەندا و تورکیای ١٦٢٠-١٦٢١ کردووە، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە قوستەنتینیە دیلی تورکەکان بووە، لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ ئۆکرانیا پێوەندی بە سوپای تۆمارکراوی کۆزاکەوە کرد .بەشداری لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ساڵانی ١٦٣٧-١٦٣٨ کردووە، لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٦٤٠ دەستی کرد بە ئامادەکاری ڕاپەڕین دژی هەژموونی پۆڵەندا لە ئۆکرانیا .لە ساڵی ١٦٤٧

یارمەتیان بدات بۆ ئەوەی لە دژی پۆلۆنییەکان بوەستێتەوە، ئەلێکساندەر رەزامەندی نیشاندا، بەو مەرجەی سەرکردەکانی کۆزاک هەموویان بەیعەتی خۆیان بە رووسیا بدەن. بۆهدان خمێلنیتسکی سەرۆکی کۆزاکەکان بەو مەرجەی رووسیا رازی بوو، ئیتر لە مانگی یەکی ساڵی ١٦٥٤ سوێندی خوارد، ئەم سوێندخواردنە بە رێککەوتنی پێرییاسلاڤ ناسرا. پێرییاسلاڤ ناوی ئەو شارەیە کە رێورەسمی سوێندخواردنەکەی تێدا بەڕێوە چوو.

ئیتر رووسیا سوپای خۆی بۆ ناو ئۆکرانیا خستە کار و ماوەیەک لەگەڵ سوپای پۆلۆنیا جۆرە رێککەوتنێکیان کرد، بەڵام خاکی ئۆکرانیای لە رۆژهەڵاتی روباری دنیپرۆ

---

خمێلنیتسکی دەستگیرکرا، بەڵام زۆری نەخایاند ئازادکرا، هەڵهات بۆ سیچەکانی زاپۆرۆژیان .لە مانگی یەکی ساڵی ١٦٤٨ بە سەرکردایەتی خمێلنیتسکی شەڕی ڕزگاریخوازی گەلی ئۆکرانیا لە ساڵانی ١٦٤٨-١٦٥٤ دەستی پێکرد .لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٦٤٩دا، خمێلنیتسکی بە هێتمان ناسێندرا و بە ڕێزەوە چووە ناو کییڤ .لە کاتی شەڕدا، خمێلنیتسکی لە یەک کاتدا وەک فەرماندە و دیپلۆماتکار و ڕێکخەری دەوڵەتبوونی ئۆکرانیا ڕۆڵی گێڕاوە. لە ساڵی ١٦٥٤ بە هەوڵی بۆهدان خمێلنیکی ئۆکرانیا لەگەڵ ڕووسیا یەکیگرتەوە.بۆگدان خمێلنیتسکی تا مردنی لە ٦ی ئابی ١٦٥٧ سەرۆکی ئەنجومەنی هێتمان بوو. ئۆکرانیا بوو بە بەشێک لە شانشینی ڕووسیای ئەوکات .

دەستبەسەردا گرت و پۆلۆنییەکانیش دەستیان بە رۆژئاوای رووبارەکەدا گرت. بەڵام ئەمە هەر ئەوەندەی خایاند کە سوپای پۆلۆنیا بەرو لاوازبوون رۆیی، ئیتر کاترینی دووەم کە فەرمانڕەوای رووسیا بوو، بە هەلی زانی، جەنگاوەرانی رووسیای بۆ رۆژئاوای رووباری دنیپرۆ نارد کە سوپای پۆلۆنی لێی جێگیر ببوون، لە ئەنجامدا رووسیا سەرکەوت، بەڵام نەمسا بانگەشەی ئەوەی دەکرد چەند ناوچەیەکی بچووکی رۆژئاوای ئۆکرانیای گرتووە. بەڵام پشکی شێری خاکی ئۆکرانیا لەلایەن ئیمپرراتۆریای بەهێزی رووسیاوە کۆنترۆڵکرابوو. ئا لەوێوە بوو کاترین ناوی لە ئۆکرانیا نا (رووسیای بچووک) خەڵکەکەشی بە رووسی بچووک ناوبرد. ئەمەش بۆ پەیوەندییەکی توندی نێوان ئۆکرانیاو رووسیا بوو کە هەردووکیان وەک دوو برا وان، بەڵام برا بچووک و برا گەورە. ئەم بۆچوونەی کاترین ، بە سەرچاوە وەرگرتنی سەردەمی کیڤان رووس بوو. واتە گەڕانەوە بوو بۆ مێژوو، کە لە سەردەمی کیڤان رووس ئۆکرانیا دڵی رووسیا بوو. جارێکی دیکە ئایینی ئۆرتۆدۆکسی گەڕێندرایەوە ناو خەڵکی ئۆکرانیاو ، شوێن ی کاتۆلیکی لەناو ئۆکراینییەکان نەما. زمانی رووسیش بەسەر هەر زمانێکی دیکە کە ئۆکرانییەکان بەکاریاندەهێنا بەتەواوی زاڵ بوو.

لەبارەی کریمیاوە، نیمچە دوورگەی کریمیا، باشووری بەشی ئۆکرانیایە، لە کەنارەکانی باکووری دەریای ڕەشە، جگە لە دووری فیزیکی، کۆمەڵێک ڕێگای دیکە هەیە کە لە باقی ئۆکرانیاوە دوورە. بە پێچەوانەی گەلی سلاڤی کە بەسەر ڕووسیاو ئۆکرانیادا زاڵ بوون، دانیشتوانی کریمیا پاشماوەی نەوەی جەنگاوەرانی تورک زمانن، کە بە تاتار ناسراون. ئەوان لەگەڵ تاتارە مەنگۆلییەکان گەیشتن. جەنگاوەرەکان لە سەدەی سێزدە لە دوای تێکچوونی کیڤان رووس کریمیایان داگیرکردو لە نیمچە دوورگەی کریمیا نیشتەجێبوون. تاتارەکان لەلایەن گرووپێکی سیاسی ئیسلامییەوە حوکمڕانییان دەکرد کە وەڵامی سوڵتانی ئیمپراتۆریای عوسمانییان لە تورکیا دایەوە. بەڵام لە سەدەی هەژدە، ڕووسیا بە هاوکاری کۆزاکەکان، دەستیان بەکۆنترۆڵکردنی خاکی زیاتر لە کریمیا کرد. تا ساڵی ١٧٨٣ کاترینی دووەم ڕایگەیاند کە کریمیا بە فەرمی بۆسەر ئیمپراتۆریای ڕووسیا زیادکراوە. ئیتر ڕووسیا هەر زوو لە کریمیا دەستی بە دانانی بنکەی سەربازی کرد. ئەمەش ڕووسیای بردە قۆناخێکی نوێترەوە، چونکە توانی بەو هۆیەوە بەسەر دەریای ڕەشدا زاڵ ببێت و دەستی پێڕابگات و کۆنترۆڵیشی بکات. لە ڕاستیشدا هەژموونی تورک و تاتارەکان بوون وایان کرد دەرگایەک بۆ ڕووسیا

بکرێتەوە،بۆ ئەوەی ئەوان دەربکات و خۆیان بێنە شوێنیان، ئەمە خواست و ویستی گەلی ئۆکرانیاش بوو، بە تایبەت کۆزاکەکان.

لە راستیدا کۆنترین دەقی مێژوویی کە لەبەردەستمان بێت، نووسینەکانی هێرۆدۆت ە، کە بە باوکی مێژووی یۆنان و گەلان ناسراوە. جیهانی هێرۆدۆت سەنتەری شار – دەوڵەتەکانی یۆنانی کۆن بوو. لە باشوورەوە تا میسر، لە باکووریشەوە تا کریمیا و چەمی پۆنتیک درێژببۆوە. ئەگەر میسر بۆ لێکۆڵینەوەو ئیمتیاز خاکێکی کولتووریی و فەلسەفەی کۆن بوو ، خاکی ئۆکرانیای ئەمڕۆ سنوورێکی بنەڕەتی و جەوهەری بوو کە شارستانێتی یۆنانی رووبەڕووی ئەلتەر ئیگۆ(من جێگرەوەم) ی بەربەری خۆی بووەوە. یەکەم میحوەری کایەی سیاسی و کولتووریی بوو کە بە جیهانی رۆژئاوا دەناسرێت و ئەو شوێنەیە کە رۆژئاوا دەستی بە ئینکاری خۆی و ئەویدی کرد. هێرۆدۆتۆس کە بەزمانی یۆنانی بە هێرۆدۆتۆس ناسراوە، لە شاری هالیکارناسوسەوە هاتووە، کە شارێکی یۆنانییەو لە ئێستادا ناوی تورکیایە. لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین کاتێک ژیاوە نووسیویەتی و مێژووەکانی دەخوێندەوە، شوێنی لەدایکبوونی بەشێک لە شوێنی ئیمپراتۆریای فارس بووە.

هێرۆدۆت بەشێکی زۆری ژیانی لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بەسەر بردووە. لە باشووری ئیتالیاش ژیاوەو جیهانی دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بڕیوەو لەنێو شوێنەکانی دیکەدا گەشتی بۆ میسرو بابل کردووە. بە دیموکراسییەکەی ئەسینا سەرسام بووە. بە زمانی یۆنانی ئایۆنی نووسیویەتی، بەڵام بەرژەوەندییەکانی بەشێوەیەکی گشتی جیهانی بوون نەک ناوچەگەرایی. کتێبە مێژووییەکانی کە بەسەر نۆ(٩) کتێبدا دابەشکراوە، باس لە سەرچاوەی شەڕەکانی یۆنانی – فارس کردووەو کە لەساڵی ٤٩٩ پێش زایین دەستپێکردووەو تا ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی پێش زایین هەر بەردەوام بووە. هێرۆدۆت بۆ ماوەی سی(٣٠) ساڵ دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکان لە ساڵی ٤٤٩ پێش زایین مێژووی نووسیوەتەوە. یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی نووسینەکەی هێرۆدۆت ئەوەیە ، بۆی دەرکەوتووە کە زەوییەکانی بە درێژایی دنیپەر لە بەرهەمدارترین زەوییەکانی جیهانن. ئێستاش ئۆکرانیا سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی دانەوێڵەیە بۆ وڵاتانی دەوروبەری و هەموو جیهانیش.

لە کەناری راستی دنیپەر ، ئەوکات پێیان دەگوترا نێوری، لەلای چەپەوە، دوورتر لە ڕۆژهەڵات و باکوور، بە

سادەیی پێیان دەگوترا مرۆڤخۆرەکان. هێرۆدۆت زۆری لەبارەیانەوە نەدەزانی، بەڵام شوێنی نێوری لە تالاوەکانی پریپیاتدا دەزانی لەسەر سنووری ئەمڕۆی ئۆکرانیاو بێلارووس کە هاوکاتە لەگەڵ یەکێک لە ئەگەری زێدی سلاڤە کۆنەکان، کە کۆمەڵێک لە کۆنترین زاراوە ئۆکرانییەکان لەوێدا دۆزراونەتەوە.

لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی زایینی، کاتێک رۆمەکان هاتنە کۆڵۆنییەکانی پۆنتیک، جاریکی دیکە خاکی ئۆکرانیا خۆیان لە لێواری ئەو شتەدا بینییەوە کە دەبێتە شارستانێتی رۆژئاوا. سنووری باکووری هێلینیک ببوو بە سنووری رۆژهەلاتی ئەوروپا. ئەمە پێش ئەوەی نزیکەی دوو هەزار ساڵ بمێنێتەوە، تا سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریای رووسیا لە سەدەی هەژدە، کە نەخشەی ئەوروپای کێشایەوەو سنووری رۆژهەلاتی ئۆرالەکانی گوازتەوە. دابەشکردنی چەمی پۆنتیک بۆ بەشە ئەورووپی و ئاسیاییەکان لە سەردەمی رۆمەکاندا مانای زۆری نەبوو. ئەم فراوانبوونەی یۆنانی، توانی ئۆکرانیا بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، بەڵام نەیتوانی کولتووری گەلان تێکەڵ بەیەکدی بکات. کاری بازرگانی و شەڕ تێکەڵ بەیەکدی بوون، بەڵام هەر ناوچەیەک بە خاوەنی نەریت و کولتووری خۆی مایەوە. ئۆکرانیا پێگەیەکی جوگرافی

بەهێزی هەبوو، بە جۆرێک هەندێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو لەشکرکێشییە بەرفراوانەی بووە هۆی رووخانی ئیمپراتۆریای رۆمانی کە لەناو خاکی ئۆکرانیاوە سەرچاوەی گرتبوو. بەتایبەت گۆت و هونەکان لەکاتی هێرشبردنی لەشکرەکانیان بەناو خاکی ئۆکرانیا دەهاتن و دەچوون .

لە راستیدا مێژووی دوو هەزارو پێنجسەد(٢٥٠٠)ساڵ پێش ئێستا، تا دەگاتە لانی کەم هەزار(١٠٠٠) ساڵێک پێش ئێستا کە سەردەمی کیڤان رووس ە، جوگرافیای ئۆکرانیا بەهۆی دەوڵەمەندی و بەپیتی خاکەکەی، هەرگیز گەلی ئۆکرانیا نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی خاکی خۆی. تەنانەت هەرگیز نەتەوەیەکی دیاریکراویش نەبووە وەک نەتەوەی ئۆکرانی ناسرابێت و پێناسە کرابێت. بەڵکو ئەو خەڵکەی لەسەر خاکی ئۆکرانیادا ژیاوە، هەمیشە کەوتوونەتە بەر شالاوی نەتەوەیەکی دیکە، بەڵام لەهەموویان زیاتر رووسیا ئۆکرانیای بە هی خۆی زانیوە، تەنانەت لە زمان و ئایینیشدا هاوبەش بوونە. زانایانی سەدەی نۆزدە زۆر بە چڕی و بە وردی باسی (کیڤان رووس)یان کردووە. ناوهێنانی ئەم سەرکردە گەورەیە ئاماژەیەکە بۆ ئەو سیاسەتە بەناوەندەی کە لە کییڤ لەنێوان سەدەی دەیەم تا ناوەڕاستی سەدەی سێزدە هەبووە. ئەم ناوەندە بەهێزە

لەژێر هێرشی مەغۆلەکاندا هەڵوەشایەوە. مەغۆلەکان لە هەموو هێزەکانی پێش خۆیان ترسناکتربوون، لە باشترین دۆخدا توانیبوویان بەسەر بەشی رۆژئاوای چەمی ئاسیادا زاڵ بن، بە زۆری لە حەوزی ڤۆڵگا لە رۆژهەڵاتەوە تا دەریاچەی دانوب لە رۆژئاوا. مەغۆلەکان لانی کەم لە سەرەتادا هەموویان کۆنترۆڵکرد. لە رووباری عەمورو چەمی مەنگۆلیا لە رۆژهەڵاتەوە لە رۆژئاواشەوە تا دانوب و دەشتی هەنگاریا. هاتنی مەغۆل کۆتایی بە وەهمی یەکێتی سیاسی کایەی کیڤان رووس هێناو کۆتاییشی بە یەکێتی کڵێسای زۆر راستەقینەی خاکەکانی رووس هێنا. بە درێژایی مێژوو مەغۆلەکان گەورەترین گورزیان لە رووسەکان داوە. مەغۆلەکان دوو ناوەندی سەرەکی حوکمڕانی شازادەییان لە رووس ناساند: میرنشینەکانی ڤلادیمێر سوزدال لە رووسیای ئەمڕۆداو ، گالیسیا ڤۆڵهینیا لە ناوەڕاست و رۆژئاوای ئۆکرانیا. قوستەنتینییەش بەدوایدا هات و شارە گەورەکانی رووسی بەسەر دوو بەشدا دابەشکرد. مەغۆلەکان تا کۆتایی سەدەی پازدە لە چەوسانەوەی خاک و گەلی رووس بەردەوامبوون ، لەکاتێکدا چەوساندنەوەی ئۆکرانییەکان بە دەستی مەغۆلەکان ئەوەندە توند نەبوون و لە سەدەی چواردەمی زایینیش لە ئۆکرانیا نەمان. بەڵام دوای هاتنی جەنگیزخان

و دوای مردنی ئەو سەرکردەیە، ئۆکرانیاش کەوتەوە بەر هێرشی دڕندانەی مەغۆلەکان، بەڵام ئۆکرانیا هەمیشە بەرەنگاری داگیرکاری مەغۆلەکان بوونەتەوەو شەڕی دەستەویەخەیان لەگەڵ هێرشی داگیرکاری مەغۆلەکان کردووە.

ئەی کێ بووە میراتگری شەرعی کیڤان رووس و کێ کلیلی پەندئامێزی کیێڤی بەدەستەوەیە؟ پرسیارەکان لە ماوەی (٢٥٠) ساڵی رابردوودا بوونە جێگای مشتومڕی نێوان توێژەران و نووسەرانی رووس و ئۆکراین. لە سەرەتادا مشتومڕەکان لەسەر پاشاو میرەکانی رووس چڕ کرانەوە، کە ئاخۆ ئەو پاشاو سەرکردانە لە بنچینەدا ئەسکەندەناڤی بوونە یان سلاڤی؟ ! لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دیالۆگەکان بەو ئاراستەیە تەواو بوون و کۆتاییان هات کە رووس و ئۆکراین لە پێشبڕکێدان کە میراتی کیڤان رووس بکەن بە هی خۆیان!. شەڕی سەدەی بیستەم لەسەر پاشماوەی یارۆسلاڤی دانا، کە لە بەشی پێشوودا بە درێژی باس لە حوکمڕانییەکەی کراوە، کە تیشک دەخاتە سەر چڕی ئەو کێبڕکێیە.

میراتگری راستەقینەی کیڤان رووس ئەوانەن کە بە متمانەبەخۆبوونەوە باسی خۆیان دەکەن. ئۆکرانیا هەمیشە رووسی بووە. لەدوای داگیرکردنی رووسی – سویدی و

دانیشتوانی ناوچەکە لە ساڵانی ٥٠٠ تا ٧٠٠ ز، بەڵام ئۆکرانییەکان هەرگیز ناوی خۆیان وەک نەتەوە وەک وڵات نەهێناوە، بەڵکو خۆیان بە رووس زانیوە. لەوەش روونتر ئۆکرانییەکان یەکەمین کەسەکان بوون کە بە زمانی رووسی قسەیان کردووە. بەڵام کێشەی ئۆکرانیا ئەوەبووە لە لایەک بە زمانی رووسی قسەیان کردووەو خۆیان بە رووس زانیوە، لەولایشەوە ئەو زمانەیان بە زمانی ئۆکرانیەکان ناوبردووە. ئەمەش ناکۆکییە راستەقینەکەیە لە شوناسی ئۆکرانیادا. ئیڤانی ترسناک یان ئیڤانی گەورە خۆی بە قەیسەری هەموو رووسەکان دەزانی، لە ساڵی ١٥٤٧ ز تەنیا شازادەی گەورەی رووس بوو، کە ئۆکرانییەکانیش بەهەمانشێوە رووس بوون. ئیڤان لە تەمەنی شازدە(١٦) ساڵیداو لە ساڵی ١٥٤٧ز تاجی تزار(قەیسەر – ئیمپراتۆر)ی روسیایان لەسەر نا. ئیڤان لە هەوڵی ئەوەدابوو رووسیا لە دەوڵەتێکی سەدەی ناوەڕاستەوە بۆ ئیمپراتۆریایەک بگۆڕێت کە هەر لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بمێنێتەوە. تا ساڵی ١٥٨٤ لە سەر تەختی ئیمپراتۆرێتی مایەوە. بەپێی هەندێک سەرچاوە، ئیڤانی تزار خەڵکی لەدایکبووی ئۆکرانیا بووە کە دەستی بەسەر ئەم هەموو ناوچانەدا گرتبوو، بەڵام خۆی بە رووس زانیوە.

کێشەی ئۆکراین و رووس وەک ئەوە وایە بپرسی مریشک لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە، جگە لە کیڤان رووس، دوای ئەویش یارۆسلاڤ جێگەی کیڤانی گرتەوە کە لە ٢٨ ی شوباتی ساڵی ١٠٥٤ کۆچی دوایی کردو لە کاتدراڵی سانت سۆفیا کە خۆی دروستی کردبوو بە خاک سپێردرا. پاشماوەی زەمینی ئەو لەناو تابوتێکی مەڕمەڕی سپی دانرابوو کە بە نەخشاندنی خاچی مەسیحی و رووەکی دەریای ناوەڕاست رازاوەتەوە، لەنێویاندا دارخورما، کە بەهیچ شێوەیەک رەسەنایەتی کیڤان رووس نەبوون. بەڵام پاشماوەی یارۆسلاڤی دانا لە ساڵی ١٩٤٤ لە کییڤ نەما.

لە سەدەی پازدەو شازدە، چەمی ئۆکرانیا گۆڕانکارییەکی گەورەی سیاسی و ئابووری و کولتووری بەسەردا هات. لە سەردەمی کیڤان رووس بۆ یەکەمجار هێڵی نیشتەجێبوونی سنووری پاشەکشەی بەرەو تاڵاوەکانی پریپیات و چیای کارپاتیان وەستاو دەستی بە پێشڕەویکردن بەرەو رۆژهەڵات و باشوور کرد. لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە دوو گرووپی سەرەکی لە زاراوە ئۆکرانیاییەکان، پۆلیسی و کارپاتۆ – ڤۆلهینیان ، بە رێکەوت لە باکوورو رۆژئاواوە دەستیان بە یەکگرتن کردووەو، بە رێکەوت بەرەو

ڕۆژهەڵات و باشوور دەگۆڕدرێن بۆ دروستکردنی کۆمەڵەی سێیەمی زاراوەی چەمی کە ئێستا خاکی ئۆکرانیا لە ژیتۆمیر و کییڤەوە دەگرێتەوە. لە باکووری ڕۆژئاوا تا زاپۆریژیا و لۆهانسک و دۆنێتسک لە ڕۆژهەڵات و تا باشووری ڕۆژهەڵات تا کراسنۆدارو ستاڤرۆپۆل لە ڕووسیای ئەمڕۆدا درێژدەبێتەوە. تێکەڵبوونی زاراوەکانە کە جوولەی دانیشتوان بەگشتی کاردانەوەی هەبووە. دوای ئەم مێژووە، عوسمانییەکان گەیشتنە بەلکان و هەژموونی خۆیان بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا گرت. کچێکی ئۆکراینی کە لە مێژوودا بە ڕۆکسۆلانە ناسراوە، دەکرێتە هاوسەری بەهێزترین سوڵتانەکانی عوسمانی کە سوڵتان سولێمانی گەورە بوو. ناوەکەی بە سوڵتان سلێمانی قانونی بڵاوبووەوە. لە ساڵی ١٥٢٠ تا ١٥٦٦ واتا بۆ ماوەی ٣٦ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە. کوڕەکەی لەژێر ناوی سەلیمی دووەم بووە بە سوڵتان. ڕۆکسۆلانا لەژێر ناوی حورەم سوڵتاندا سپۆنسەری ڕێکخراوە خێرخوازەکانی موسڵمانانی کردو پارەی دروستکردنی هەندێک لە باشترین نموونەکانی تەلارسازی عوسمانی دابینکرد. لەنێو ئەمانەدا حەمامێکی گشتی حاسەکی حوڕەم سوڵتان حەمامی هەیە کە دوور نییە لە ئایا سۆفیا لە ئیستانبول، کە لەلایەن ناسراوترین تەلارسازی عوسمانییەکان، میمار

سینان دروستکراوە. لەماوەی دووسەد ساڵی رابردوودا، رۆکسۆلانا وەک پاڵەوانی رۆمان و ژمارەیەک درامای تەلەڤزیۆنی لە ئۆکرانیاو تورکیادا بەشداری کردووە. ئیتر بۆ ماوەیەکی درێژ ئۆکرانیا سەروەری خۆی لەدەستدا، تا مەغۆل و تاتارەکان بوون، دواییش هەژموونی عوسمانییەکان کاریگەری راستەوخۆیان بۆسەر ئۆکرانیا دروستکردبوو. تا ساڵی ١٥٩١ یەکەم راپەڕینی کۆزاک ئۆکرانیای گرتەوە. کۆزاکەکان کە تا ئەو کاتە موڵک وماڵی عوسمانییەکانیان هەراسان دەکرد،( خاناتی کریمە، میرنشینی مۆڵداڤیا(وابەستەی عوسمانی) و کەنارەکانی دەریای رەش) وزەکانیان بەرەو ناوەوە گۆڕی.

کۆزاکەکانی ئۆکرانیا لە ساڵانی ١٥٥٠ دا بە خزمەتکردنی تزاری مۆسکۆڤیا، ئیڤانی ترسناک، دەستیان بە کاری نێودەوڵەتی خۆیان کردبوو، لە ماوەی دەیەی یەکەمی سەدەی حەڤدە، سەردانێکی نەخوازراویان بۆ مۆسکۆ کرد. ئەوکات مۆسکۆڤی بەهۆی قەیرانێکی ئابووری و سیاسییەوە کە بە سەردەمی کێشەکان ناسراوە، تووشی گێژاو بوو. سەرەتا لە وەرچەرخانی سەدەی حەڤدەوە بە کۆمەڵێک برسێتی وێرانکەر دەستیپێکرد کە بەشێکی بەهۆی ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین سەردەمی سەهۆڵی بچووک بوو، قۆناخێک کە پلەی گەرمی

نزم بوو کە زیاتر لە پێنجسەد (٥٠٠) ساڵی خایاند. لە نزیکەی ساڵانی ١٣٥٠ تا ١٨٥٠ کە لە دەوروبەری سەرەتای سساڵی ١٣٩٦ دا گەیشتە لوتکە قەیرانی حەڤدەهەم لە کاتێکی زۆر نەگونجاودا مۆسکۆڤیای گرتەوە.

لەماوەی درێژخایەنی نێوان حوکمڕانیدا ، کۆزاکەکان پشتگیرییان لەو دوو خۆ نمایشکارە کرد کە بەدوای تەختی مۆسکۆڤیدا دەگەڕان، ئەویش دیمیتری ساختەی یەکەم و دیمیتری ساختەی دووەم بوون.

تا دە(١٠) هەزار کۆزاک پەیوەندییان بە سوپای تاجی فیلد هێتمان ستانیسلاڤ ژۆلکیڤسکی پۆلۆنی کرد، کاتێک لە ساڵی ١٦١٠ دا ڕێپێوانی بۆ سەر مۆسکۆ کردو کۆتایی بە بەشداریکردنی کۆزاکەکان نەهێنن لە ئاسمانی مۆسکۆڤییەکان. لە ساڵی ١٦١٨ دا سوپایەکی کۆزاکی ئۆکرانی کە بیست هەزار(٢٠٠٠٠) کەسی تێدا بوو، بەشدارییان لە ڕێپێوانەکەیان بۆ سەر مۆسکۆ کردو بەشدارییان لە گەمارۆدانی پایتەختدا کرد. کۆزاکەکان یارمەتی کۆتاییپێهێنانیان بە شەڕەکە دا، بە مەرجێک دۆخەکە بۆ شانشینی پۆلۆنیا لەبار بوو. یەکێک لەوانە

گوازتنەوەی خاکی چێرنیهیڤ بوو بۆ پۆلۆنیا کە دوکایەتی[٩] گەورەی لیتوانیا لە سەرەتای سەدەی شازدەوە لەدەستی

---

٩ - دوکایەتی ،کە پێیدەوترێت دوکدۆم ، وڵاتێکی سەدەی ناوەڕاستە ، خاکێک، فیفە ، یان دۆمەینێکە کە لەلایەن دوک یان دوچێسەوە حوکمڕانی دەکرێت، فەرمانڕەوایەک کە لە ڕووی پلەبەندییەوە دووەم **پاشا**یان شاژنە لە نەریتی ئەوروپای ڕۆژئاوادا.

سەردەمانێک جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان "دوکی سەروەر" و دوکەکاندا هەبوو کە ئاغای ئاسایی بوون لە سەرانسەری ئەوروپادا .هەندێک لە دوکییە مێژووییەکان لەو ناوچانەدا سەروەر بوون کە تەنیا لە سەردەمی مۆدێرن دەبوونە بەشێک لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان، وەک ئەوەی لە ئەڵمانیا (جارێک ئیمپراتۆریەتێکی فیدراڵی بوو) و ئیتالیا (پێشتر شانشینی یەکگرتوو) ڕوویدا .لە بەرامبەردا هەندێکی تر قەزای ژێردەستەی ئەو شانشینییانە بوون کە لە سەردەمی سەدەی ناوەڕاستدا یان بە شێوەیەکی بەشەکی یان بە تەواوی یەکگرتوو بوون، وەک فەرەنسا، ئیسپانیا، سیسیلیا، ناپۆلی و دەوڵەتانی پاپا.

لەفەرەنسا چەندین دوکی لەسەردەمی سەدەی ناوەڕاستدا هەبوون، لەوانە نۆرماندی ، بۆرگۆندی ، بریتانی و ئاکیتانی. دوکییەکانی سەدەی ناوەڕاستی ئەڵمانی بە واتای وشەیی "دوکی خێڵەکی"، نازناوی فەرمی فەرمانڕەواکەی هێرزۆگ یان "دوک") پەیوەست بوون بە شانشینی فرانکەکان و هاوتا بوون لەگەڵ ناوچەکانی نیشتەجێبوونی هۆزە سەرەکییەکانی ژێرمانی . ئەوان ناوکی دەوڵەتە فیودالییە گەورەکانیان پێکهێنا کە سەردەمی سەرەتایی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزی نەتەوەی ئەڵمانیایان پێکهێنابوو (٩٦١-١٨٠٦).

چووبوو. لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە، چێرنیهیڤ دەبێتەوە بەشێکی گرنگی جیهانی کۆزاکەکان. بەڵام وەک پیشەی هەمیشەیی کۆزاکەکان، هەردووکیان یارمەتی پاشاکانی پۆلۆنیایان داو ڕێگرییان لە پێشخستنی کارنامەی سیاسەتی دەرەوەیان کرد.

ئەو شەڕەی لەگەڵ مۆسکۆڤیا، کۆمۆنوێڵتی پۆلۆنیا-لیتوانیا کرا، هەرگیز ئەو پشتگیرییەی لە ئیمپراتۆریای عوسمانییەکانەوە بەدەست نەدەهێنا کە هیوای بۆ دەخواست، بەشێکیش بەهۆی بەردەوامبوونی گەشتە دەریاییەکانی کۆزاکەکان و هێرشەکانیان بۆ سەر کەنارەکانی عوسمانییەکان بوو. پۆلۆنییەکان لە چەندین قۆڵی وشکانی و دەریایی، شەڕی توندیان لەگەڵ عوسمانییەکان دەکرد، ئەوەی جێگای گوتنە هەموو ئەو هێرشە یەک لەدوای یەکانەی عوسمانییەکان بۆ سەر پۆلۆنیا، گورزی کەمەر شکێنیان بەر عوسمانییەکان دەدا، زۆربەیشی بەهۆی بەرەنگاری ئازایانەی کۆزاکەکان بوون. بەرەکانی شەڕ هێندە فراوان ببوون تەنانەت روسیاشی گرتبۆوە. بەڵام لەدواجاردا وارشۆ سەرکەوتنێکی بۆ شانشینی پۆلۆنیا نیشاندا. پۆلۆنییەکان سوپای زەبەلاحی عوسمانییەکانیان لە سنوورەکانی خۆیان راگرتبوو، نەیاندەهێشت پێشڕەوی بۆناو خاکی ئەوان بکەن،

پەیماننامەیەکی ئاشتییان واژۆ کردبوو کە هیچ زیانێکی خاکی تێدا نەبێت. هەموو لایەک تێگەیشتن کە ئەم ئەنجامە بەبێ کۆزاکەکان مەحاڵ بوو. کۆزاکەکان بۆ یەکەمجارو بە ماوەیەکی زۆر کورت بوونە خۆشەویستی هەموو کۆمۆنوێلس. ئەو کتێبانەی بەم دواییەو لەدوای شەڕەکان چاپکرابوون، دەستکەوتەکەیان بۆ سەرکردە پترۆکۆناشێڤیچ سەهایداچنی دەگەڕاندەوە، کە سەرۆکی هێزەکانی تەواوی کۆزاکەکان بوو.ئەمڕۆش مۆنۆمێنتەکەی لە ناوچەی پۆدیل لە کییڤ لە سەری ئەو شەقامە وەستاوە کە بەناوی ئەوەوە ناونراوە ، وەک یەکێک لە گەورەترین جەنگاوەرەکانی پۆلۆنیا. ( سەیر کەن، ئەوکاتیش شەڕیان بۆ خۆیان و بۆ رزگارکردنی خاکی ئۆکرانیا نەکردووە، بەڵکو ئەوکات پۆلۆنیایان بە نیشتمانی خۆیان زانیوە، لەکاتێکدا پۆلۆنیا ئیمپراتۆریایەک بوو، دەستی بەسەر زۆرێک لە خاکەکانی ناوچەکەدا گرتبوو).

زۆرێک لە جۆرەکانی کۆنەپەرستانی ئۆکرانیای هاوچەرخ وێنەی ئەو وڵاتەیە وەک وڵاتێکی دزراوی نێوان رۆژهەڵاتی ئۆرتۆدۆکس و رۆژئاوای کاتۆلیکدا دابەشکراوە. هەر لەم روانگەوە، سامۆیل هینتینگتن، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا( Clash of Civilization ) نەخشەیەکی لەخۆ گرتووە کە هێڵی نێوان شارستانێتی مەسیحی

ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نیشاندەدات کە ڕاست بە ناو ئۆکرانیادا دەڕوات. ناوچەکانی ڕۆژئاوای وڵاتەکە جیدەهیڵێت ، لەوانە گالیسیاو ڤۆلهینیا، لە دیوی کاتۆلیکی دابەشبوونەکەو باقی ئۆکرانیا لە دیوی ئۆۆرتۆدۆکسە. زۆر کەم ئایینی کاتۆلیکی لەو بەشەی کە گوایە کاتۆلیکییە لە وڵاتەکە دەدۆزێتەوە. ڤۆلهینیا خاکێکی زۆرینەی ئۆرتۆدۆکسەو لە گالیسیاش کاتۆلیکەکان فرەیی پێکدەهێنن، بەڵام زۆرینەی باوەڕدارانی مەسیحی پێکناهێنن. تەنانەت بەو شێوەیەش ، مرۆڤ بە سەختی جیاکردنەوەی کڵێساو لیتۆرگییەکانیان لە پەرستگاکانی ئۆرتۆدۆکسەکانە، چونکە زۆربەی کاتۆلیکەکانی ئۆکرانیا هاوبەشی لە بەشداریکردنی ڕێورەسمی ئۆرتۆدۆکسەکان دەکەن.

بووژانەوەی کیێڤ وەک ناوەندێکی ئایینی و کولتووری لە سەرەتای سەدەی حەڤدەوە دەستیپێکرد. ئەوروپاش لە سەدەی حەڤدە هەڵسانەوەیەکی فیکری و فەلسەفی لێ دروستبوو، کە دیکارت لە مێژووی ئەوروپاو تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی بە باوکی ئەقڵانییەت دادەنرێت و پێشەوای فەلسەفەی نوێیە. لە کۆتایی سەدەی شازدەو سەرەتای سەدەی حەڤدەدا ناوچەی باشووری کیێڤ ببوو بە شوێنێکی ئازادی کۆزاکەکان. ئەمەش ڕاستییەک بوو کە

یارمەتی سەرهەڵدانی کییڤی دا وەک شوێنی چالاکییە ئایینی و پەروەردەیی و کولتوورییەکان کە دژایەتی دەسەڵاتی کاتۆلیکی پۆلۆنیای دەکرد.

کتێبەکانی پێش مردنی پلێنێتسکی لە ساڵی ١٦٢٤. تا ئەو کاتە، کییڤ جێگەی ئۆستری و ڤیلنیۆسی گرتەوە وەک بارەگای چالاکییەکانی بڵاوکردنەوەی ئۆرتۆدۆکس. لە کۆتایی سەدەی شازدەوە، ناوچەی باشووری کییڤ لە هەموو شتێکدا جگە لە ناو، ببوو بە شوێنێکی ئازادی کۆزاک، ئەمەش ڕاستییەک بوو کە یارمەتی سەرهەڵدانی کییڤی دا وەک شوێنی چالاکییە ئایینی و پەروەردەیی و کولتوورییەکان کە دژایەتی دەسەڵاتی کاسۆلیکی پۆڵەندی دەکرد.لە ساڵی ١٦١٥ ئەرکیماندریتی خانەقاکە ، یەیسی پلێنێتسکی، ئەو چاپخانەیەی کە جارێک لەلایەن قەشە ئۆرتۆدۆکسییەکەی لڤیڤەوە بەڕێوە دەبرا، گوازتییەوە بۆ کییڤ، لە لڤیڤ و گالیسیا نەک هەر چاپەمەنی بەڵکو نووسەرو راستکەرەوەو نووسەری چاپیش هاتنە ئاراوە، کە لە ژێر ڕێنمایی و پاراستنی پلێنێتسکیدا ناوەندێکی رۆشنبیری نوێیان دروستکرد. هەر لەو ساڵەدا برایەتییەکی ئۆرتۆدۆکس لە کییڤ دامەزراو قوتابخانەیەکی تایبەت بە خۆی کردەوە، هەر وەک چۆن برایەتی لڤیڤ کردبووی. دواتر قوتابخانەکە گەشەی کردو بوو بە کۆلیژێکی

ڕۆژئاوایی. لەکاتێکدا چاپخانەکە یازدە کۆلیژی تێدا بڵاو ببۆوە. کتێبەکانی پێش مردنی پلێنێتسکی لە ساڵی ١٦٢٤ گرتبۆوەو وەک بارەگای چالاکییەکانی بڵاوکردنەوەی ئۆرتۆدۆکس کاریان دەکرد.

کتێبی ئەلکترۆنی لە ساڵانی ١٦٤٠ لە کیێڤ بڵاوکرانەوە. خوێنەری ئەو جۆرە کتێبانە سنوورەکانی ئۆکراینی تێپەڕاند. کتێبەکان لەبارەی بیروباوەڕو بنەماکانی ئایینی ئۆرتۆدۆکسی بوون. ئەمە وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنگەریی لەبارەی ئایینی ئۆرتۆدۆکسییەوە بوو ، کە مۆهێلا وەک سپۆنسەری ئەو پرۆژەیە کاری دەکرد. ئامانجی سەرەکییان چاکسازی لە ئۆرتۆدۆکسی کیڤان رووس بوو. کە پێوەندی بە زیادکردنی دەسەڵاتی قەشەکان لە کڵێساکان و بەهێزکردنی دیسپلینی کڵێساکان و باشترکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شاهانە بوو. لەماوەی سەدەی شازدەدا، هەموو کڵێساکان بەهۆی دابەشبوونی کاتۆلیک و پرۆتستانت، سەرقاڵی پیشەی ئیمان و پەروەردەکردنی ڕۆحانییەکان و بەهێزکردنی دیسپلین و ستانداردکردنی پراکتیزەکردنی پیرۆزییەکان - قەداسەکان – بوو، ئەمەش بە هاوکاری دەسەڵاتدارانی عەلمانی بوو.

جێگای وتنه ، کییڤ شارێک بووه له دوای داگیرکردنی مەغۆلەکان له ساڵی ١٢٤٠ به دەگمەن له نەخشەی جیهانی ئۆرتۆدۆکسدا ئاماژەی پێکراوە. کییڤ ڕۆڵی سەرەکی له چاکسازی ئۆرتۆدۆکسدا بینیوه نەک مۆسکۆو قوستەنتینییە. هۆکاری ئەمەش زۆرە، بەڵام ناچینە سەر هۆکارەکان، چونکه مەبەستی ئەم کتێبە ئەوە نییە.

ئۆکرانیا نەتەوەیەکە دووەم گەورەترین وڵاتی سەرخاکی ئەوروپایە له دوای رووسیا ، پایتەختەکەی کییڤ ە کە دەکەوێتە سەر رووباری دنیپەر له بەشی باکووری ناوەڕاستی وڵاتەکە. ئۆکرانیا سنووری هاوبەشی لەگەڵ رووسیا له رۆژهەڵات و دەریای رەش و دەریای ئازۆڤ له باشوورو هەنگاریاو سلۆڤاکیاو پۆلۆنیا له رۆژئاواو بێلارووس له باشووری رۆژئاوایدایە.

زمانی سەرەکی ئاخاوتنیان زمانی ئۆکرانییە، کە بە هاوشێوەیی ئەلف و بێی سیریلیک نووسراوە. زمانی ئۆکرانی بە رەچەڵەک سلاڤییە کە لەنێوان رووسەکان و بێلارووسییەکان قسەی پێدەکەن. ئەو زمانەی ئۆکرانییەکان قسەی پێدەکەن پێوەندییەکی زۆری بەو زمانەوە هەیە کە رووسەکان قسەی پێدەکەن و زۆر لێیان نزیکە. لە لایەکی دیکەیشەوە تا رادەیەک شوێنپێی زمانی پۆلۆنیایی گرتووە. جگە لە زمانی ئۆکراینی، خەڵکەکە بە

زمانەکانی ، بێلارووسی، مۆڵدۆڤی، تورکی کریمە، رووسی و پۆڵۆنیایی قسە دەکەن. بەڵام زمانی رووسی زۆرترین زمانی کەمینەکانە کە لە پێشینەی کارەکانە. ئایینی سەرەکیشیان بریتییە لە ئۆرتۆدۆکسی رۆژهەڵات، کە هاوواتای رووسیایە.

ئۆکرانیا بە بەهاو میراتی کولتووری ئاوەدانییە، چەندین نووسەری گەورەیان هەبووە، کە بەشدارییەکی دەوڵەمەندیان لە مێژوو جوانی هونەردا کردووە. ئۆکرانیا خاوەنی یادگاری و مۆزەخانەی تەلارسازی جیاوازە کە هونەری دیزاینەران لە رێگای تەمەنە جیاوازەکانەوە نیشاندەدەن. ئۆکرانیا تەنانەت لە بواری مۆسیقاشدا، خۆشەویستییەکی گەرمی لە پراکتیزەکردنی فۆلکلۆرو هونەردا هەیە. هێشتا بۆنە هونەرییەکانیان لە شانۆو هۆڵی کۆنسێرتەکاندا کولتووری دێرینی میللەتەکەیان نیشاندەدەن. بەهۆی پێگەی جوگرافیاکەشیانەوە، کاریگەرییەکی کولتووری تێکەڵاوی رووسیاو رۆژئاوای ئەوروپایان هەیە. بۆنموونە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری هاوڵاتیان بە زمانی رووسی قسە دەکەن، تەنانەت لە بەرنامەکانی رادیۆو تیڤییەکاندا قسەی پێدەکەن، کەچی ئارەزوویەکی زۆریان لە بواری مۆسیقاو فیلمە رۆژئاواییەکانیشدا هەیە.

له ٢١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٠ نزیکەی نیوملیۆن کەس لە ناوچەی ئۆکرانیا زنجیرەیەکی مرۆییان بۆ ئازادی ئۆکراینییەکان لە یەکێتی سۆڤێت دانا. ئەم زنجیرەیە لە کییڤ و لڤیڤ بە یادی یەکگرتنی کۆماری نەتەوەیی ئۆکرانیای رۆژئاواو کۆماری گەلی ئۆکرانیا بوو. دانیشتوانی ئۆکرانیا شەقام و رێگا گەورەکانیان بە دەستێکی قفڵکراو لە یەکتریدا پڕ کردبوو. دوای شەش مانگ ڤێرخۆڤنا رافا (پەرلەمان) جاڕنامەی ئازادی ناوچەکانی ئۆکرانیای پەسند کرد. تا لە ١٩٩١/٨/٢٤ ئۆکرانیا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند. ئەمەش کاتێک روویدا، کە پەرلەمانی کۆمۆنیستی ئۆکرانیا رایگەیاند کە ئیتر ئەو وڵاتە لەژێر فەرمان و کۆنترۆلی یەکێتی سۆسیالیستی سۆڤێتدا گەشە ناکات. بەڵکو بە رێساکانی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤێتی ئۆکرانیا کاردەکات و بەشێوەیەکی دیفاکتۆ جیابوونەوەی خۆی لە یەکێتی سۆڤێت راگەیاند.

کاتێک ئۆکرانیا لە ساڵی ١٩٩١ لە سۆڤێت جیا بووەوەو سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، زمانی ئۆکراینی بە تاکە زمانی فەرمی دانرا. بەڵام زۆر کەس (بەتایبەتی ناوچەی دۆنباس) بە هیچ شێوەیەک بە زمانی ئۆکراینی قسەیان نەدەکردو بەڵگەنامە فەرمییەکانیشیان هەر بە زمانی رووسی بوو.

ئەمەش کێشەی گەورەی بۆ دادگا ، بۆ قوتابخانە، نەخۆشخانە، حوکمڕانی ناوخۆیی(ئیدارەی محەلی)و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت دروستدەکرد. کاتێک ڤیکتۆر یانوکۆڤیچ [10](کە خەڵکی دۆنباسە) لە ساڵی ٢٠١٠

---

[10] - ڤیکتۆر فیدۆرۆڤیچ یانوکۆڤیچ )بە ئۆکراینی Віктор : Федорович Янукович , ) بە ڕووسی Виктор Фёдорович : Янук вич , لەدایکبووی ٩ی تەمموزی ١٩٥٠ سیاسەتمەدارێکی پێشووە کە وەک چوارەمین سەرۆکی ئۆکرانیا کاری کردووە لە ساڵی ٢٠١٠ەوە تا لە ساڵی ٢٠١٤ لە شۆڕشی کەرامەت لە پۆستەکەی دوورخرایەوە ، دوای چەند مانگێک لە ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سەرۆکایەتییەکەی .لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٧ سەرۆکوەزیرانی ئۆکرانیا بووە ;هەروەها لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ تا ژانویەی ٢٠٠٥ لەم پۆستەدا کاری کردووە، لەگەڵ پچڕانێکی کورت لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ .

یانۆکۆڤیچ لە ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٢ پارێزگاری ئۆبلاستی دۆنێتسک بووە لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا ، لە ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ تا ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ و لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ تا ٥ی ژانویەی ٢٠٠٥، سەرۆکوەزیرانی ئۆکرانیا بووە، لە سەردەمی سەرۆک لیۆنید کوچما . یانۆکۆڤیچ بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٤ خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندید کرد :سەرکەوت بۆ هەڵبژاردنی دووەم و سەرەتا بە براوە لە بەرامبەر ڤیکتۆر یوشچێنکۆ سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئەمریکا ناسێندرا . بەڵام هەڵبژاردنەکە پڕ بوو لە تۆمەتی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان و ترساندنی دەنگدەران . ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایەتی بەرفراوان و گۆڕەپانی سەربەخۆیی کییڤدا گیرکرابوو لە شۆڕشی پرتەقاڵیدا . دادگای باڵای

به سەرۆک هەڵبژێردرا، هەوڵیدا بە واژۆکردنی یاسایەک کە پێگەی فەرمی بدات بە هەر زمانێک کە لە ١٠% ی دانیشتوانەکە یان زیاتر لە هەر یەکە کارگێڕییەکدا بێت قسەی پێبکات، ئەمەش بۆ ئەوە بوو سەختییەکان کەم بکاتەوە. بەڵام لە کییڤ و ناوچەکانی دیکەی کە ناسیۆنالیستی بوون، پێیانوابوو بەهێزکردنی زمانی ئۆکراینی شوناسی ئۆکراینی جێگیردەکات، بۆیە هەوڵیاندەدا خۆیان فێری زمانی ئۆکراینی بکەن. لە ٢٠١٤/٢/٢٣ کاتێک خۆپیشاندەران سەرۆک یانۆکۆڤیچ یان لە حوکم هێنایە خوارەوە، هەر ئەو رۆژە پەرلەمانی ئۆکرانیا هەنگاوی بۆ ئەوە نا کە ئیتر زمانی ئۆکراینی تاکە زمانی فەرمی دەوڵەت دەبێت. ئەمەش نارەزایی گەورەو خۆپیشاندانی گەورەی لێکەوتەوەو ئاڵۆزی هەموو ئۆکرانیای گرتەوە. بۆیە نەتوانرا ئەو پرۆژە یاسایە بکرێت بە یاسا. تا ئەوکاتیش سوپای ئۆکرانیا ئۆپەراسیۆنەکانی بە زمانی رووسی ئەنجام دەدا، هەندێک لە سەرکردە باڵاکانی کۆمارە جیابووەکانی لایەنگرانی رووسیا ،

ئۆکرانیا هەڵبژاردنی خولی دووەمی پووچەڵکردەوە و بڕیاریدا هەڵبژاردنی دووەمی ئۆکرانیا ئەنجام بدرێت .یانۆکۆڤیچ لەم هەڵبژاردنە دووەمەدا بە یوشچنکۆ دۆڕا .

ئۆکراینە نەتەوەییەکانن. زۆرێک لە هاوولاتیانیش میراتی ئەخلاقی ئۆکراینی و رووسیان تێکەڵ بەیەکدی کردووەو هاوسەرگیری تێکەڵاو باو بووە.

لەلایەکی ترەوە ئۆکرانیا دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت، رازی بوو دەستبەرداری چەکی ئەتۆمی بێت. لە کاتێکدا ئۆکرانیا سێیەم گەورەترین جبەخانەی ئەتۆمی لە جیهاندا هەبوو. مووشەکی بالیستیکی نێوان کیشوەری و بۆمب هاوێژە ستراتیژییەکانی بە پلەی یەکەم ئاراستەی ئەمریکا دەکرا. بەپێی یاداشتنامەی بۆداپێست سەبارەت بە دڵنیاییە ئەمنییەکان کە لە ساڵی ١٩٩٤ واژۆکراوە، ئۆکرانیا بەڵێنیدا پابەند بێت بە پەیماننامەی قەدەخەکردنی چەکی ئەتۆمی و دەستبەرداری ئەم چەکە ئەتۆمییانە بێت، لە بەرانبەر دڵنیایی ئەوەی کە یەکپارچەیی خاکی وڵات و سەربەخۆیی سیاسی پێشێل نەکرێت. ئیتر سوپای ئۆکرانیا بچووک کرایەوەو ، پلان بۆ چاکسازی لە بواری سەربازی داڕێژرا بۆئەوەی ئۆکرانیا بتوانێت لە داهاتوودا بچێتە ناو ناتۆوە.

لە رۆژی یەکەمی مانگی کانوونی دووەمدا، دەنگدەرانی ئۆکرانیا پشتگیرییان لە ریفراندۆم کرد، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی ئۆکرانیا بە فەرمی بکرێت، نزیکەی ٢٩% ی دەنگدەرانی ئۆکرانیا پشتگیرییان لە سەربەخۆیی کرد.

کەنەداو پۆلۆنیا لە رۆژی دووەمی مانگی کانوونی دووەمدا پێش هەموو وڵاتانی دیکە دانیان بە ئازادی ئۆکرانیادا نا. ئیتر یەکێتی سۆڤێت لە ٢٦ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ پچڕانێکی بەرچاوی هەبوو، بەتایبەتی کاتێک سەرکردەکانی وڵاتانی دامەزرێنەری یەکێتی سۆڤێت، بیلارووس( ئەلێکساندەر لۆکاشینکۆ)، رووسیا(بۆریس یێڵتسین)، ئۆکرانیا (لیۆند کراڤچوک) لە بێلۆڤێژ پوشچا بۆ کۆتاییپێهێنانی یەکێتی سۆڤێت کۆبوونەوە. ئەم هەڵوەشاندنەوەیە بەپێی دەستووری سۆڤێت ئەنجامدرا. لە سەرەتای حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٦ ئۆکرانیا خۆی لە چەکی ئەتۆمی داماڵی و، دوای بیست و حەوت رۆژ لە داماڵینی چەکی ئەتۆمی ، ئۆکرانیا دەستووری خۆی نووسییەوەو پەسندیکرد.

ئۆکرانیا زۆر پشتی بە کشتوکاڵکردن بەستووە. پیشەسازی کشتوکاڵی بەشدارییەکی زۆری لە ئابووری ئۆکرانیادا هەیە.بەرهەمی سەرەکی بریتییە لە شەکر، شیر، دانەوێڵە، گۆشت. هەروەها لە رووی سامانە کانزاییەکان بەتایبەت مەگنیسیۆم و ئاسن ئاوەدانە. سەرچاوەی وزەی وەک گازو خەڵووزیشی هەیە.

شەڕی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەسەر ئۆکرانیا لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ دەستیپێکردەوە یان با بڵێین

سەریهەڵدایەوە. دوای ئەوەی ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ سەرۆکی ئەوکاتە نەیتوانی ڕێککەوتنی پێوەندی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا واژۆ بکات. لەبری ئەوە پازدە ملیار دۆلاری بۆ ڕزگارکردنی گازو گرێبەستێکی هەرزانتری گازی لە رووسیا هەڵبژارد. بۆ ڤلادیمێر پوتین ، ڕێککەوتنێکی لەمشێوەیەی یەکێتی ئەوروپاو ئۆکرانیا مەترسییەکی راستەوخۆی بۆسەر ئابووری رووسیا هەبوو، چونکە تێکەڵبوونی لەگەڵ ڕێککەوتنێکی بازرگانی ئازادی هەبوو لەنێوان رووسیاو ئۆکرانیا ئەگەری رۆیشتنی ئازادانەی کاڵاکانی یەکێتی ئەوروپا لە ڕێگای ئۆکرانیاو بۆ ناو رووسیا دەخاتە روو. خۆپیشاندانەکانی لایەنگری یەکێتی ئەوروپا لە گۆڕەپانی سەربەخۆیی کییڤ بۆ ناڕەزایەتی جەماوەری گۆڕا ، دوای ئەوەی پۆلیسی ئاژاوەگێڕان لە ٣٠ ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران. ئەمەش توندوتیژی زیاتری بەدوای خۆیدا هێناو بووە هۆی کوژرانی دەیان کەس و لادانی ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ. دواییش لە مانگی ئاداری ٢٠١٤ هێزەکانی رووسیا لە کریمیا بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی رووسیا بەشێوەیەکی سەرنجراکێش زیادکران، بەتایبەتی بەلەمی دەریای رەشی رووسیا کە بنکەکەی لە سیڤاستۆپۆل و زۆرینەی رووسی زمانەکانی کریمیا بوون.

ئەم داگیرکردنەی کریمیا لەلایەن هێزەکانی رووسیاوە، ئەمریکا بە شکانی شکۆی خۆی دەزانی، بۆیە گرژییەکانی نێوان رووسیاو ئەمریکا زۆر پەرەیسەندو هەمان مێژووی شەڕی ساردی وەبیر خەڵک و وڵاتان هێنایەوە. هەموو هەوڵە دیپلۆماسییەکانیش نەیانتوانی لکاندنی کریمیا بە رووسیاوە رابگرن. بەردەوامبوونی ململانێکان ئەوەی نیشاندەدا کە رووسیا پارێزگایەکی نوێی بۆ خۆی لە ئۆکرانیا زیاد کردووە. لەکاتێکدا ئۆکرانیا زیاتر بەو ئاراستەیە دەشکایەوە کە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەورووپای رۆژئاواو ، ئەو وڵاتانەی ئەورووپا پتەو بکات کە پێشتر یەکێتی سۆڤێتیان پێکهێنابوو. بۆنموونە: لە ساڵی ١٩٩٦ رێکەوتنێک لەنێوان ئۆکرانیاو پۆلۆنیا هاتە ئاراوە کە هاوڵاتی ئۆکرانی – پۆلۆنی بتوانن بەبێ ڤیزە بچنە ناو پۆلۆنیا یان ئۆکرانیا، تەنانەت دەشتوانن بۆماوەی دەیان ساڵ تێیدا بمێننەوە. ئەم رێککەوتنە تا ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو، بەڵام دواتر بەهۆی ئاڵۆزی دۆخی ناوچەکە، رێککەوتنەکەش وەک خۆی نەمایەوەو گۆڕانکاری زۆری تێکەوت.

ئۆکرانییەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ دووەم گەورەترین گرووپی هاووڵاتیان بوون کە لە دەروازەکانی ڤۆلۆنیای یەکێتی ئەورووپادا گەڕانەوە نێو سنووری سیستەمی شنگن،

ئەمە زۆر پێش سەرهەڵدانی قەیرانی ئۆکرانیای ساڵی ٢٠١٣ بوو. بەگشتی ئۆکرانیا بووە شوێن هەڕەشەی جدی بۆ رووسیا، کە رووسیا بۆی هەزم نەدەکرا، چونکە هەڕەشەکان بەهۆی ئۆکرانیاوە دەگەیشتنە ناو ماڵی رووسیا. هەڵەو گوناهی یەکەمیش لەو بارەیەوە یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکا بوون، کە هەمیشە بەرنامەو پلانیان بۆ ئۆکرانیا دادەڕشت تا لە رووسیا دووربکەوێتەوەو، بێتە ناو یەکێتی ئەوروپاو لەگەڵ ئەمریکاش زۆر نزیک ببێتەوە. ئیتر ئەمریکاو ئەوروپا وایان کرد ئۆکرانیا ببێتە جێگای هەڕەشەلێکردن بۆ رووسیا، بەتایبەت لە قەیرانەکانی ساڵانی ٢٠١٣ -٢٠١٤ ، لەولایشەوە رووسیا دەستبەرداری ئۆکرانیا بەتایبەت ناوچەی دۆنباس و دوورگەی کریمیاو هەندێک شارو شارۆچکەی دیکە کە دانیشتوانی ئەم ناوچانەش خۆیان بە رووسی زمان دەزانی، رووسیا نەیدەتوانی بۆ یەکێتی ئەوروپاو بۆ ئەمریکای نەیاری سەرسەختەکەی جێیانبهێڵێت. ئۆکرانیاش هەموو هاوسەنگییەکی تێکداو، بەتەواوی خۆی خزاندە ناو یەکێتی ئەوروپاو هاوکاری ئەمریکای پێدەگەیشت، تا دواجار هەوڵیدا بچێتە نێو پەیمانی ناتۆوە کە ئەمە بۆ رووسیا یەکجار مەترسیدار بوو.

ئۆكرانيا لە يەكەم رۆژانی سەربەخۆییەوە، مێواندارى ئەورۆپاو ئەمريكاى كرد، لەكاتێكدا زياتر لە ٦٥% ی گەلی ئۆكرانيا رووسی زمان بوون، لەكاتێكدا ٣٥% ەكەی تريش زۆر بە جوانی زمانی رووسيان دەزانی و بەكاريشياندەهێنا. بەڵام هەستی نەتەوەيی ناو كيێڤ دۆخی ئۆكرانيای بە ئاراستەی رۆژئاوادا دەبرد، كە ئەنجامەكەی زيانی گەورەی بۆ ئۆكرانيا دروستكرد. چونكە لە ئۆكرانيا پرسی زمان لە خولی هەڵبژاردنەكانيشدا دەكرايە پرسێكی زۆر گرنگ و جدی. خەڵكی ئۆكرانياش زۆربەی زۆرەكەی دەنگيان بۆ پێوەنديكردنيان لەگەڵ رووسياو بێلارووس دەدا، تەنيا نوخبەی ناسيۆناليستی ئۆكرانيا بوو كە هەموو هەوڵی بۆ پووچەڵكردنەوەی ئەو رای گشتييەی ناو ئۆكرانيا بوو.

بەڵام لەنێوان ئەم بۆچوونە پێكناكۆكانەدا، باشترين رێگا ئەوەبوو، ئۆكرانيا پێوەندی نزيكی لەگەڵ هەردوو يەكێتی ئەوروپاو يەكێتی ئۆراسيادا هەبێت. ئەمەش جۆرێك لە پردێكی نێوان ئەو دووانەی دابيندەكرد. بەڵام ئۆكرانيا لەژێر گوشاری نوخبەی ناسيۆناليستييەكەی و لەژێر هاندان و هاريكاريكردنی ئەمريكاو يەكێتی ئەورۆپادا، خۆی بە تەواوی لە رووسيا دوور خستەوە، لەكاتێكدا دوای سالانی ١٩٩١ يش بە دواوە، پێوەندی ئابووری ئۆكرانياو

رووسیا زۆر بەهێز بوو. پێوەندییە ئابوورییەکانی ئۆکرانیا لەگەڵ رووسیا ئەوەندە قووڵ و بەرفراوان بوون، نەدەتوانرا پشتگوێ بخرێن. لە سەرەتای سەربەخۆیی ئۆکرانیادا ، نزیکەی ¾ ی ئابووری ئۆکرانیا بەتەواوی لەگەڵ کۆمەڵگای ئابووری یەکێتی سۆڤێتی پێشوو تێکەڵ ببوو. کۆمارە خوشکەکان لە ٨٤% ی هەناردەی ئۆکرانیایان وەرگرت و لە ٧٢% ی هاوردەکردنی ئۆکرانیایان دابیندەکرد. بەشێکی زۆری ئەم بازرگانییە لەگەڵ فیدراسیۆنی رووسیا ئەنجامدەدرا. ئۆکرانیا نەک هەر بە تەواوی پشتی بە دابینکردنی نەوت و غازی رووسیا بەستبوو، بەڵکو وەک شوێنێکی هەناردەکردن لە ٩٠% ی هەموو ئەو کاڵا بەرزانەی بەهای زیاد کرا کە لە ئۆکرانیا بەرهەمدەهێنرێن، بە رووسیا دەفرۆشرێن. لە سەروبەندی ساڵانی ٢٠٠٠ واتا کۆتاییهاتنی سەدەو دەستپێکی سەدەی نوێ ، زیاتر لە ٣/١ کۆی بازرگانی ئۆکرانیا هێشتا هەر بە بازاڕی رووسیا بەسترابوونەوە.

لەوکاتانەی کە سەرۆک یانۆکۆڤیچ دانوستانی بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا دەستپێکرد، فیدراسیۆنی رووسیا لە%٣٠ هەناردەی کاڵای ئۆکرانیای گرتە دەست، لە بەرانبەردا لەو ساڵەدا بۆ هەموو ئەوروپا ٢٧٠% بوو .لەساڵی ٢٠١١ زیاتر لە ٥٣% ی کاڵای

هاوردەکراوەکانی ئۆکرانیا لە رووسیا سەرچاوەیان گرتبوو، لە کاتێکدا پشکی هەموو ئەوروپا لە ناو یەکێتی ئەوروپادا ٢% کەمتر بووە. لە کاتێکدا ساڵی ٢٠٠٠ رووسیا ٥٧% ی گازی ئۆکرانیای دابینکردووە. ئەمە جگە لەوەی ئۆکرانیا پازدە ریاکتۆر(مفاعل)ی ئەتۆمی هەیە ، کە پشت بە کۆکردنەوەی سووتەمەنی ئەتۆمی دەبەستێت کە لە رووسیاوە هاوردە دەکرێن و بۆیان دابین دەکرێت.

پشتبەستنی ئۆکرانیا بە هاوردەکردنی وزە ، هەرچەندە لە ٨% و نیو لە کۆی بەکارهێنانی ساڵی ٢٠٠٤ دابەزیوە، بەڵام بەردەوامیشە لە ئاستێکی بەرزی ٣٩% و نیوی پشکی ساڵی ٢٠١٥ لە هاوردەکردنی گازی رووسیا بە کۆی گشتی ٣٧ % ماوەتەوە.

جگە لەمانە، رووسیا گەورەترین کڕیاری هەناردەی مەکینەی ئۆکرانیایە. تا ئەم دواییانە نزیکەی ٣/٢ هەناردەکردنی ئامێرە قورسەکانی ئۆکرانیاو نیوەی هەموو هەناردەکردنی ئامێرەکانی هەڵدەمژێت. هاوکات رووسیا پشتی بە هاوکاریکردنی لەگەڵ کۆمپانیاکانی کۆمەڵگای سەربازی – پیشەسازی ئۆکرانیا بەستبوو، کە هێزەکانی مووشەکی ستراتیژی رووسیایان دابیندەکرد و خزمەتگوزارییان پێیدەدا، بزوێنەری هێلیکۆپتەری شەڕکەری بۆ هێزی ئاسمانی دابیندەکردو بزوێنەری

تۆربابینەکانی گازی بۆ هێزی دەریایی بەرهەمدەهێنا. جێبەجێکردنی جێگرەوەی هاوردەکردنی تەواو بۆ ئەمانە لانی کەم ٣ ساڵ دەخایەنێت.

جگە لەناوخۆی ئۆکرانیا، کە گرووپی ناسیۆنالیستەکەی هەمیشە دژی رووسیا کاردەکەن، هاوکات تەنیا لە ئەمریکا ژمارەی رەوەندەکانی ئۆکرانیا یەک ملیۆن کەسن کە لە ئەمریکا دەژین، هەروەها لە کەنەداش بەهەمانشێوە لەو ژمارەیە زیاتر ئۆکرانی هەن، ئەمریکاو کەنەدا، بەردەوام لە رێگای رۆژنامەو گۆڤارو ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندن، کار لەسەر ئەوە دەکەن، شەقامی ئۆکرانی، سیاسەتی ئۆکرانی ، ناسیۆنالیستەکانی ئۆکرانی دژ بە سیاسەتی رووسیا بورووژێنن و ، لە رۆژئاوایان نزیکبکەنەوە. جگە لە راگەیاندنەکان، لە هەموو کۆنگرەکانیان و ، لە رێگای ئەو رێکخراوانەی بە هاریکاری ئەمریکاو رۆژئاوا دروستکراون، ئاراستەی ئۆکرانیایان دژ بە رووسیا کردووەو، تا ئەم دۆخەی لێ دروستبوو، کە ئۆکرانیا بووە پارچەیەک لە خۆڵەمێش. کێشەکە ئەوەبوو دوای سەربەخۆیی ئۆکرانیا، رەوەندەکانی ئەمریکاو کەنەدا و رۆژئاوا، کە زیاتر لە ٣ ملیۆن کەس بوون، بەردەوام دەگەڕانەوە ئۆکرانیاو کۆرو کۆنگرەو سیمیناری تایبەت بە دۆخی ئۆکرانیایان دەبەست و شەقامی ئۆکرانیایان

دەجوولاند. تەنانەت نوێنەرایەتی ئۆکرانیایان  لە سندووقی دراوی نێودەوڵەتیشدا دەکرد، هەروەها وەرگرتنی پۆستی راوێژکاری وەزارەتی بەرگری و سەرۆکایەتیکردنی دامەزراوە سەرەکییەکانی پەروەردە لە بوارەکانی مەدەنی و بازرگانی و هەروەها کارمەندی باڵیۆزخانەکانی رۆژئاوایان دادەناو سەرۆکایەتی ژووری بازرگانی ئەمریکا لە ئۆکرانیایان دەکردو ، سەرۆکایەتی ناوەندی زانیاری و بەڵگەنامەی ناتۆیان لە کییڤ دەکرد. دۆلاری رەوەندی ئۆکراینی ، دۆخی ئۆکرانیای لە میانڕەوییەوە بۆ توندڕەویی گوازتەوە. هەروەها رەوەند بەشداری کارایان لە ئامادەکردنی دەستووری ئۆکرانیا کردو، سەرکردایەتی چاکسازیی دادوەری و یاساییان کردو لەگەڵ یاسادانەرانی ئۆکرانیا، بەرپرسانی حکومی، فەرماندەی سەربازی، رۆژنامەنووسان و شارەزایانی سیاسەتی ئۆکرانیا چەندین پرۆژەیان بەڕێوە برد. تەنانەت باڵیۆزی ئۆکرانیا لە ئەمریکا بە خۆشحاڵییەوە راپۆرتی خۆی دا، کە زۆرێک لە ئۆکرانییەکان لە FBI  و هەروەها لە CIA و دەزگا هاوشێوەکانیان کاردەکەن و، هاوکاری پراکتیکی بۆ ئۆکرانیا پێشکەش دەکەن. هەروەها لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ئۆکرانیا  ، ئەمریکاو کەنەدا دەیان ملیۆن دۆلاریان خەرجدەکرد، تەنیا بۆئەوەی پێگەی رووسیا لە ئۆکرانیا

لاواز ببێت و ، ئەوانەی لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ پەرلەمان و بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئۆکرانیا دەردەچن، لایەنگری رۆژئاواو ئەمریکا بن. تەنیا ساڵی ٢٠٠٠ حکومەتی کەنەدا دوو ملیۆن و حەفتسەد هەزار ٢،٧٠٠،٠٠٠$ ی بەخشییە پەیمانگای تۆژینەوەی ئۆکراینی کەنەدی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە یاسای نێوان حکومەتی کەنەدا ئۆکرانیا، هەروەها شەست و پێنج ملیۆن (٦٥.٠٠٠،٠٠٠ )$ پارەی بودجەی ئەمریکا بۆ ئەو رێکخراوو کەسانەی دژی هەڵبژاردنی کاندیدێکی لایەنگری رووسیا بوون کە خۆی بۆ سەرۆکی ئۆکرانیا کاندیدکردبوو. ئەمانەو دەیان نموونەی دیکە هەبوون، کە دەستێوەردانی ئەمریکاو رۆژئاوا، دۆخی ئۆکرانیایان بەتەواوی وێران کردبوو.

ئەمە جگە لەوەی دەیان قوتابخانە کە بەزمانی رووسی دەخوێندران داخران و رادیۆو کەناڵە تیڤییەکانی بە زمانی رووسی ئەوانیش داخران. هەروەها هەموو ئەو پرۆژانەی کە سەرۆکی رووسیا ڤلادیمێر پوتین ، هەوڵیدەدا لەگەڵ ئۆکرانیاو کازاخستان و بێلارووس و وڵاتانی دیکە جێبەجێی بکات، لەلایەن ئۆکرانیاوە بەرهەڵستی لێ دەکراو، پرۆژەو بەرنامەکەی سەرکەوتوو نەدەبوو، لە جیاتی ئەوەی رووسیاو ئۆکرانیا وەک دوو دەوڵەتی دراوسێ پێوەندی باشی دیپلۆماسی و بازرگانی و هاوکارییان

لەگەڵ یەکدیدا هەبێت، بە پێچەوانەوە، ئۆکرانیا بە چاوی نەیارو ناحەز سەیری رووسیای دەکردو هیچ بەرەو پێشچوونێک دروست نەدەبوو، چونکە سەرچاوەی بڕیاردانەکان رۆژئاوا بوون نەک هاووڵاتی ئۆکرانی.

بە درێژایی مێژوو خاکی ئۆکرانیا لە سەردەمی جیاواز جیاوازدا لەلایەن چەندین دەوڵەتی بێگانەوە داگیرکراوە، مەغۆلەکان، لیتوانیا، پۆلۆنیا، لەهەندێک ناوچەیدا نەمسا، هەنگاریا، رۆمانیا، تاتاری کریمیاو تورک زۆری دیکەش بەسەر ئۆکرانیادا زاڵ بوونە. رووسیا تاکە نەتەوەو تاکە دەوڵەت بووە، ئۆکرانیای بە دڵی بچووکی دەوڵەتەکەی خۆی زانیوە. ئۆکرانییەکانیش وەک چۆن سەیری تاتارو لیتوانیاو رۆمانیاو داگیرکەرەکانی دیکەیان کردووە، بەهەمان چاو سەیری رووسیایان نەکردووە، چونکە هەردوولایان سلاڤی و رووسی زمانن.

ئۆکرانیا نەیتوانی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە رابگرێت، بازاڕی ئۆراسیا ببوو بە سێیەم بازاڕی گەورە لە جیهاندا کە لە دوای بازاڕی یەکێتی ئەوروپا – چینی بوو. ساڵی ٢٠١٢ ئاڵوگۆڕی بازرگانی رووسیا لەگەڵ بێلارووس گەیشتبووە بەرزترین ئاستی بازرگانی کە چل و چوار(٤٤) ملیار دۆلار بوو لە ساڵی ٢٠١٣ ش لە کازاخستان بۆ _٢٣)ملیارو نیو دۆلار بەرز ببۆوە.

بەگشتی ئەو قەیرانەی لە ئۆکرانیا دروستکرا، نەخشەکەی لە رۆژئاواوە بۆ کێشرابوو. راستە نوخبەی ناسیۆنالیستی ئۆکرانیا بوون کە دوورکەوتنەوەی ئیتنۆ سیاسی خۆیان لەگەڵ رووسیا هەڵبژارد، ئەمەش لە ترسی ئەو ئیمتیازات و ئەو دەسەڵاتەی کە لە ئەنجامی لەباریەکهەڵوەشانەوەی سۆڤێتدا پێیان کەوتبوو. ئەو سیاسەتەی کە پێیان دەوت سیاسەتی نیشتمانیکردنبوونی دیفاکتۆی دوو گرووپی دەوڵەتدار لە ئۆکرانیا رەتکردەوە .

## ئەوروپای رۆژئاواو ئەوروپای رۆژهەڵات

دەستێوەردانی ئەوروپای رۆژئاوا لەسەر ئەوروپای رۆژهەڵات بۆ دووهەزارو پێنجسەد (٢٥٠٠)ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. ئەوکاتەی شەڕی گەرمی نێوان یۆنانییەکان و فارسەکان هەبوو.

پێش رووخانی ئیمپراتۆریای رۆم و دوای بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی ، ناکۆکی نێوان ئاسیاو ئەوروپا وەک شەڕی نێوان تاغوت و مەسیحییەت سەیر دەکرا. سەبارەت بە دیدگا کارەساتبارەکانی پەیمانی نوێ و رووخانی ئیمپراتۆریای رۆم، زانایانی مەسیحی کۆتایی جیهانیان وەک سەرکەوتنی ئاسیا بەسەر ئەوروپادا

شیکردەوە. لە سەرەتای سەدەی ناوەڕاستدا ئایینی مەسیحی بە فراوانتر لە کایەکانی ئەوروپا سەیر دەکرا. تا سالآنی ١٦٠٠ تورکەکان زۆربەی ناوچەی مەسیحییەکانی غەیرە ئەوروپییان بەچۆکدا دانابوو. تورکەکان هێرشیان کردە سەر دڵی ئەوروپاو شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دروستبوو. ئەم ململانێیانە وەک شەڕی نێوان ئەوروپای مەسیحی و ئاسیا سەیر دەکران.

لە سەدەی حەڤدەو هەژدە سیستەمێکی نوێی مۆدێرنی ئەوروپی لەنێوان زانایانی ئەوروپیدا سەیهەڵدا. سەرەتا خەڵکی فەرەنساو هەندێک ناوچەی بەریتانیا بوون. تێگەیشتن لە باشتر بوون زیاتر وەرگیراو شارستانێتی ئەوروپا لە رووی ستراتیژییەوە لە هەموو بوارێکدا باشتر بوو، بەتایبەتی لە بواری رەوشت و تەکنۆلۆژیاو سیاسەت و پێوەندی و ئابووریدا. پێشکەوتنەکان بەرەو ئازادی و وردبینی و جەوهەری بوون. کولتووری ئەوروپی بە پێچەوانەی کولتووری رۆژهەلآتی که وڵاتەکانی کۆلۆنیالیزم و فراوانبوونی جوگرافی تایبەتمەند بوون، وەک سروشتی ئایدیاڵ هەستیان پێدەکرا، یەکێک لەو رووداوە هەرە گرنگانەی کە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا روویدا، نا ئارامی ئایدیالیستی نێوان نوخبەو سیاسەتمەدارانی رووسیا بوو. لە رێکخستنەوەی

چڕوپڕی سەرکردایەتی رووسیا بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ پراکتیکەکانی رۆژئاوا سەرچاوەی گرت. ئەم ئایدیۆلۆژیایە بریتی بوو لە وەرگرتنی سیستەمی نوێی مۆدێرنیزاسیۆنی رۆژئاوایی بۆ یارمەتیدانی سیاسەت و ئابووری رووسیا. گۆرباچۆڤ دەستپێشخەری ئەم گوازتنەوەیە بوو. هەنگاوی ناوە بۆ تێکەڵکردنی سیستەمی سۆسیالیستی و رۆژئاوایی لە شێوازەکانی کارکردنیدا. شۆڕشی یەڵتسین لەسەر لیبرالیزم و کۆمۆنیزم وەستا. بەڵام بیرۆکەی لیبرالیزم و لایەنگرانی رۆژئاوایی لەلایەن کۆمۆنیستەکان و هێزە سەربازییەکان و تیمەکانی خزمەتگوزاری تایبەت و بەڕێوەبەرە سوورەکانەوە بەرپەرچدرایەوە.

لە سالانی ١٧٠٠ تا ١٩٠٠ هێشتا رووسیا لە نێوان شێوازی گەشەی رۆژئاواو رۆژهەلاتدا بوو. لە هەڵبژاردنی یەک رێگا لەنێوان ئەو دوو کۆمەڵگە کاریگەرەدا تا رادەیەکی بەرچاو بێدەسەلات بوو . لە شوێنێکدا ناوچەی رۆژهەلات کەوتە خوارەوەو رووسیا دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا کە کۆمەڵگای رۆژئاوا بە شێوەیەکی کارا هەڵبژێرێت و رۆژئاواییکردن لە سیستەمی کۆمەلایەتی و ئابووری خۆیدا بگرێتە بەر.

لە ساڵی ١٩٤٦ پەردەیەکی ئاسنین لە ئەوروپادا روویدا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەموو پارێزگایەک بکەوێتە ژێر

دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤێت. شەڕەکانی نێوان یەکێتی سۆڤێت و باڵادەستەکانی تری رۆژئاوا حەتمی بوو. لە ساڵی ١٩٤٧ ئەمریکا بۆ سەرکوتکردنی سەروەری سۆڤێت دەستی بە سیاسەتی خۆگرتن کرد. ئەم کارە بنەمای سیاسەتی دەرەوە بوو لە سەردەمی هاری ترومان سەرۆکی ئەمریکا. عەقیدەی ترومان لە وتارێکی کۆنگرێسدا روونکرایەوەو ئاشکرایکرد کە جەوهەرەکەی یارمەتیدانی هەر نەتەوەیەک بووە کە یەکێتی سۆڤێت تیرۆری بکات. هەروەها ئەمریکا لە دەرەوە بوو بۆ پشتگیریکردنی ئەو حکومەتانەی کە لەگەڵ کۆمۆنیزمدا شەڕیان دەکرد. ئەم روانگەیە لەلایەن ئەمریکاوە لەسەردەمی ترومان‌دا کاریگەر بوو، لە رژێمەکانی دواتریشدا بەردەوام بوو. سیاسەتی خۆگرتن لەکۆتاییدا دەرکەوت کە تیۆری دۆمینۆیە. ئەم تیۆرە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر وڵاتێک ببێت بە دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی، ئەوا وڵاتانی دراوسێ مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە کۆمۆنیست بن. سیاسەتی کۆنترۆلکردن بووە هۆی ناکۆکی لەشەڕی سارد لە نێوان ئەمریکاو دەوڵەتانی وەک ڤێتنام و کۆریا.

واشنتۆن و یەکێتی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤێت هەوڵیاندەدا دوژمنەکانیان لاواز بکەن، بەمشێوەیە هەردوو لایەن پەنایان بردە بەر سیخوڕیکردن بەسەر یەکتریدا .

ئامانجی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان بێ بەهاکردنی سیاسەت و سیخوڕیکردن بوو بەسەر ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکان و دۆزینەوەی ڕێگایەک بوو  بۆ ئەوەی ئەوی دیکە نەتوانێت دەسەڵاتی نێودەوڵەتی زیاتر بەدەستبهێنێت. ئەو ئەرکە نێوان سیخورانە بووە هۆی ئاشکرابوونی دۆسییەی ماڵئاوایی.

لە ساڵی ١٩٤٩  دوکترینی ترومان زیاتر بووە هۆی دروستبوونی ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی، بە کورتی ناتۆ. هاوپەیمانێتییەکە لە رووی سەربازییەوە بوو، ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەداو وڵاتانی دیکەی ئەورووپای ڕۆژئاوای لەخۆ گرتبوو. ئەندامانی ناتۆ بە دەرکردنی پلانی مارشال لە سەرانسەری ئەورووپای ڕۆژئاوادا  دەسەڵاتیان پێدراو دانیان بەوەدا نا کە لە کاتی هێرشی دەرەکیدا بەرگری لە هەر وڵاتێکی ئەندام بکەن. لە ساڵی ١٩٤٩ بەدواداچوون بۆ دروستکردنی گەمارۆی بەرلین لەلایەن جۆزێف ستالین  لە یەکێتی سۆڤێت ، ئەمریکا، فەرەنسا، ئوسترالیا، بەریتانیا، کەنەدا و گەلانی دیکە دەستیان بە گوازتنەوەی ئاسمانی گەورەی بەرلین کرد.

ئەمریکا ملیارەها دۆلاری بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا خستە کارەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەو لە ڕێگای پلانی مارشال ەوە پشتگیری گەشەی جیهانی کرد. لە شەستەکانی سەدەی

رابردووشدا، یەکێتی سۆڤێت چەکی بۆ کۆمۆنیستەکانی باکووری ڤێتنام نارد. ئەم چەک ناردنە سەرنجی ئەمریکای راکێشا. فرۆکە ئەمریکییەکان لەگەڵ فرۆکە جەنگییەکانی میگ کە لە رووسیا بەرهەمدەهێنران، شەڕیان کرد. هۆکارێکی دیار بۆ دەستێوەردانی ئەمریکا شەڕی دژی کۆمۆنیزم بوو. هەرچەندە ئەمریکا و رووسیا هەرگیز بەشداری شەڕی راستەوخۆی تەواویان نەکردووە، بەڵام هەمیشە کاتێکی نزیکیان بۆ شەڕکردن لەگەڵ یەکتری هەبووە.

لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە ئەمریکا زیاتر لە پێنج ملیارو نیو دۆلاری بۆ پشتگیریکردنی ئەمنی و نا ئەمنی ئۆکرانیا خەرجکردووە. ساڵی ٢٠٢١ ئەمریکا زیاتر لە سێسەد(٣٠٠) ملیۆن دۆلاری بۆ یارمەتیدانی پێشکەوتنی ئابووری و دیموکراسی ئۆکرانیاو سەرووی (٦٥٠) ملیۆن دۆلاری بۆ پشتگیریکردنی ئەمنی ئۆکرانیا بڵاوکردەوە. وەزارەتی دەرەوەو بەرگری ئەمریکا زیاتر لە سێ ملیار دۆلاری بۆ ئامێرو ئامادەکارییە سەربازییەکان بە ئۆکرانیا بەخشی. ئۆکرانیا بەردەوام لەژێر هەڕەشەو گرژیی دوژمنانی ناوخۆو دەرەکیدا بووبوو. بۆیە ئەم یارمەتییە سێ ملیار دۆلارییە بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی ئەمنی زیادە رەوانەکراوە.

ئەمریکا بە زەحمەت بەناو خاکی ئۆکرانیادا بەشداری شەڕی راستەوخۆی کردووە، بەڵام بەردەوام پشتگیریی چەکی پێشکەش بە ئۆکرانیاوە کردووە. ئەمریکا پاڵپشتی بۆ چەک و کەرەستەی زیادە بە بەهای ٦١٠ ملیۆن دۆلار پێشکەش بە ئۆکرانیا کرد. ئەم یارمەتیدانە لە ژێر دەسەڵاتی کشاندنەوەی سەرۆک ئەنجام درا. ئەمریکا رێوشوێنی پشتیوانی ئەمنی دیکەیشی گرتە بەر بۆ بەرزکردنەوەی کۆنترۆلی خاکی وڵاتەکەو ئامادەیی شەڕو میکانیزمی بەرگری. ئەوان کەشتی ئاسمانی تاکتیکی بێ کارمەند، یارمەتی بینین و شیکاری مانگی دەستکرد، بینینی شەوانەو ئامێری بینینی گەرمی، ئۆتومبێلی تایەی فرە مەبەستی جوولەی بەرز، چەکی قەناس بەدەست، ئامێری پزیشکی سەربازی، ئامێری چۆلکردنی جەنگ و پێوەندییەکانی دژە هاکیان پێشکەشدەکرد. ساڵی ٢٠١٥ ئەمریکا رەزامەندی لەسەر بڵاوکردنەوەی بێ وەستانی مادەکانی بەرگری بۆ ئۆکرانیا دەربڕی. ئەم بابەتانە بەهای زیاتر لە ٢٨٧ ملیۆن دۆلار بووەو ، لە رێگای سیستەمی فرۆشتنی بازرگانی راستەوخۆوە نێردراوە. پۆلە باڵاکانی فرۆشتنی بازرگانی راستەوخۆ کە لەو ماوەیەدا بۆ ئۆۆکرانیا نێردرابوون بریتی بوون لە: چەکی ئاگرین و بابەتی پێوەندیدار کە ٥٤ ملیۆن دۆلاری تێچووە. تەقەمەنی

و فەرمان کە کۆی گشتی ١٢٩ ملیۆن دۆلاری تێچووە . ئامێری ڕێنمایی و کۆنترۆلکردنی ئاگرو وێنەگرتن و لەیزەر کە تێچووی بە ٥٥ ملیۆن دۆلار زیاتر بوو. ئەم هاوکاری و پشتگیریکردنەی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیا، ساڵانە بڕی سەدان ملیۆن دۆلار بۆ هاوکاریکردنەکە بووە، بۆئەوەی بتوانێ لە بەرانبەر رووسیا بوەستێتەوە. هەر وایشی کرد ، شوباتی ساڵی ٢٠٢٢ شەڕی نێوان رووسیاو ئۆکرانیا داگیرسا، ئەمریکا بەردەوام ئاگری شەڕەکەی خۆشتر دەکات و دەیان ملیارر دۆلاری بۆ خەرجی شەڕ پێشکەش بە ئۆکرانیا کردووە. ئەمە جگە لەو هەموو هاوکارییانەی کە ئەروپا بەشێوەیەکی گشتی هاوکاری جۆراوجۆریان پێشکەش بە ئۆکرانیا کردووە. ئێستا دۆخی شەڕەکە بەشێوەیەک گۆڕدراوە، بۆتە شەڕی ئەمریکاو ئەورووپا لە بەرانبەر رووسیا ، بەڵام لەسەر خاکی ئۆکرانیا. ئەمریکا ئەوە یەکەمجاری نییە، تەنیا لە سەدەی بیستەمدا ئەمریکا لە هەردوو شەڕی جیهانیدا، هاوکاری وڵاتانی لە بەرانبەر وڵاتانی دیکەی ناحەز بە خۆی کردووە. هێزەکانی ئەمریکا شان بە شانی هاوکارەکانیان لە بزووتنەوە نێودەوڵەتییەکان دژی ئەڵمانیای ئیمپراتۆر، ئەڵمانیا نازی و ژاپۆنی ئیمپراتۆرو هاوبەشەکانیان شەڕی دەکرد. هەرچەندە دوای دووەم جەنگی جیهانی بە سیاسەتی

جیهانی خۆگرتن کۆتاییهات کە ئامانجی وەستاندنی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی کۆمۆنیزم بوو. شەڕی سارد کە بەدوایدا هات، هەندێک بیرو بۆچوونی لێکەوتەوە، ئەوانیش بنەمای ترومان، عەقیدەی ئایزنهاوەر، دەسەڵاتی کێنەدی، عەقیدەی کارتەرو فەلسەفەی ریگان. ئەم بیروباوەڕانە وایکرد ئەمریکا سیخوڕی و گۆڕینی رژێم و ململانێی بەوەکالەت و چالاکییە شاراوەکانی دیکە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دژی یەکێتی سۆڤێت لە باوەش بگرێت. کاتێک سەرۆکی هەڵبژێردراوی گواتیمالا جاکۆبۆ ئاربێنز هەوڵی دابەشکردنەوەی زەوییەکی کەمی دا، لە کودەتاکەی سی ئای ئەی گواتیمالا لە ساڵی ١٩٥٤ رووخێنرا. لە ساڵی ١٩٩٣ ئەمریکا دەستێوەردانی لە سۆمالدا کردو وەک بەشێک لە UNOSOM1 و UNOSOM 11 ئۆپەراسیۆنێکی فریاگوزاری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە ژیانی چەند هەزار کەسی رزگارکرد. لەکاتی جەنگی مۆگادیشۆ لە ساڵی ١٩٩٣ دوو هێلۆکۆپتەری ئەمریکی بە هێرشی نارنجۆکی موشەک بۆ سەر رۆتۆری کلکیان خزاندە خوارەوە.ئەمەش بووە هۆی شەڕێکی کورت بەڵام تاڵ لە سەر شەقامەکان. هەژدە ئەمریکی و زیاتر لە سێسەد٣٠٠ سۆماڵی کوژران. ساڵی ١٩٩٥ لە سەردەمی بیل کلینتۆنیشدا ئەمریکا بۆ گەڕاندنەوەی سەرۆکی

هەڵبژێردراوی هایتی، دەستێوەردانی کرد. هەر لە هەمان ساڵدا دەستێوەردانەکانی ئەمریکا بۆ سەر بۆسنە یەکجار زۆر بوون و تەنانەت هێرشیان دەکردە سەر ئامانجەکانی سربی بۆسنیا. هێزی ئەمریکای لە بۆسنەدا جێگیر کرد. هەروەها دەیان دەستێوەردانی دیکە ئەمریکا بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ ئەمریکا نا تەبا بوون، بەتایبەت عێراق، ئەفغانستان ، یۆگسلاڤیای ساڵی ١٩٩٩. هەروەها لە ساڵی ٢٠١١ باراک ئۆپاما دەسەڵاتی دایە سی ئای ئەی CIA تا بە نهێنی بۆ رووخاندنی سەرۆکی لیبیا بە چەک پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆن بکات ، رێک واشیان کرد، قەزافی کوژرا. ساڵی ٢٠٢٠ چالاکییەکانی ئەمریکا لە لیبیا بووە هۆی هێرشی بنغازی . ئەمە جگە لە وڵاتانی وەک ئێران ، عێراق، سوریا، وڵاتانی کەنداو، تا دەگاتە تایوان و هۆنگکۆنگ و ئینجا ئەمریکای لاتینی بەتایبەت لە ڤێنزوێلا و ...هتد نموونەی زیندوون .

دەستێوەردانی ئەمریکا بۆ ناو یەکێتی سۆڤێت یەکجار زۆرن . هەر لە سەردەمی گورباچۆڤدا دەیان دەستێوەردانیان بۆ ناو یەکێتی سۆڤێت کردو، ئەو وڵاتانەی کە یەکێتی سۆڤێتیان پێکهێنابوو، لەلایەن ئەمریکاوە هەموو جۆرە رێنمایی و پشتگیرییەک دەکران، لەولایشەوە بەتایبەت لە ٩ی شوباتی ساڵی ١٩٩٠ سەرۆکی راوێژکاری

کاروباری دەرەوەی ئەمریکا جیمس پێکەر، دڵنیاییان دایە گۆرباچۆڤ کە ئەوان کۆکن لەسەر ئەوەی کە رێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی لە دەرەوەی ناوچەکانی ئەڵمانیای رۆژهەڵات  نابێت. بەڵێنەکە لە برۆکسل لە چوارچێوەی وتارێکدا لەلایەن سکرتێری گشتی ناتۆ لە ١٩٩٠/٥/٧ دووپاتکرایەوە. بەڵام دەرکەوت ئەو بەڵێنانە تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندنی یەکێتی سۆڤێت و رووسیا بووە، بۆیە ئەمریکا هیچیانی لێ جێبەجێ نەکرد. ناوەڕاستی نەوەدەکان، ئەو کاتەی رووسیا کەوتبووە ناو کێشەی ناوخۆیی و زۆر لاواز ببوو، وڵاتانی یەکێتییەکەی سۆڤێت هەمووی جیا ببوونەوەو تەنیا رووسیا مابۆوە، وردە وردە ناتۆ بەرنامەی بۆ فراوانکردنی خۆی دانا. چیک و هەنگاریاو پۆلۆنیا زوو دەستیان بە گفتوگۆ بۆ ئەندامێتی ناتۆ  کرد. لەولایشەوە ناتۆو ئەمریکاش هەموو داواکارییە ئەمنییەکانی رووسیایان پشتگوێ خست. ڤلادیمیر پوتین چەندین جار وڵاتانی رۆژئاوای تۆمەتبار کردووە کە پەیمانی ناتۆ لە بەرانبەر رووسیا فراوان دەکرێت، بەڵام رۆژئاوا گوێیان بە قسەکانی سەرۆکی رووسیاش نەداوە. تا وای لێهات لە ساڵی ١٩٩٠ کە پەیمانی ناتۆ تەنیا لە حەڤدە وڵات پێکهاتبوو، کەچی لە ساڵی ٢٠٢٢ گەیشتە سی(٣٠) وڵاتی ئەندام لە ناتۆ.  لەکاتێکدا ئەو ئەندامانەی دوای ساڵی

١٩٩٠ چوونە ناو ناتۆ، پێشتر لەناو هاوپەیمانی وارشۆدا بوون، کە رووسیا سەرکردایەتی دەکردو، لە بەرانبەر ناتۆدا چەقیبوون.

**رووسیاو ئۆکرانیا سەرەتای ناکۆکییەکانیان**

لە بەهاری ساڵی ١٦٤٨ راپەڕینێکی گەورە ئۆکرانیای گرتەوە، کە هەر خودی راپەڕینەکە بە راپەڕینی گەورە ناسراوە. لە کۆتایی سەدەی شازدەوە حەوتەمین یاخیبوونی گەورەی کۆزاکەکان و گەورەترینیان بوو . توانی نەخشەی سیاسی لە تەواوی ناوچەکە بگۆڕێت و دەوڵەتێکی نوێی کۆزاکەکانی لێ هاتە بەرهەم، کە زۆر کەس وەک بنەماو سەرەتای ئۆکرانیای مۆدێرن سەیری دەکەن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە سەردەمێکی دوورو درێژی تێوەگلانی رووسیا لە ئۆکرانیا دەستیپێکردو بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک خاڵی دەستپێک لەمێژووی پێوەندییەکانی نێوان رووسیاو ئۆکرانیا، وەک دوو نەتەوەی جیاواز سەیرکراون.

راپەڕینی گەورە بە تەواوی و بە هەمان شێوەی یەکەم راپەڕینی کۆزاک دەستیپێکرد.، کە کریشتف کۆسینسکی لە ساڵی ١٥٩١ دا سەرکردایەتی کرد. لەگەڵ ناکۆکی لەسەر

بەخشینی زەوی لە نێوان گەورە ساڵێک و بۆهدان خمێلنیتسکی ، ئاغایەکی بچووک کە بە رێکەوت ئۆسەرێکی کۆزاکیش بوو. لەو کاتەدا تەمەنی پەنجاوسێ ساڵ بوو، سەرکردەیەکی دوور لە چاوەڕوانی یاخیبوونێکی کۆزاک بوو، لە چەندین شەڕدا خزمەتی بە پاشا کردبوو، لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٦٣٨ببوو بە راوێژکاری سوپای کۆزاکی. دوای ئەوەی خزمەتکاری ئۆسیالێکی دیارو بەناوبانگی کۆزاکەکان موڵکەکەی گرتە دەست لە سوبۆتیڤ لەلایەن ئەوەوە، بۆهدان خمێلنیتسکی رووی لە دادگاکان کرد، بەڵام بێ سوود بوو. لەوەش زیاتر نەیارە بەهێزەکانی خستیانە زیندانەوە. رزگاری بوو راستەوخۆ چووە سیچەکانی زاپۆرۆژیان، لەوێ کۆزاکی یاخیبوو وەک یەکێک لە کەسانی خۆیان پێشوازیان لێکردو هێتمانی خۆیان هەڵبژارد. مانگی ئاداری ساڵی ١٦٤٨ بوو ، ئاشتی زێڕین کۆتایی هات، راپەڕینی گەورە دەستیپێکردبوو.

هاوپەیمانی نوێی بۆهدان خمێلنیتسکی لەگەڵ تاتارەکان کە لەسەر ئەسپ شەڕیان دەکرد، کێشەی سوارەکانی چارەسەر کرد. لەو کاتەوە کۆزاکەکان نەک هەر دەیانتوانی شارۆچکە سنوورییە بە خراپە چلەکان بگرن یان لە ئۆردوگای چلەکاندا بەرگری لە خۆیان بکەن، بەڵکو لە مەیدانەکەدا رووبەڕووی سوپای پۆلۆنیا بوونەوە. زۆری

نەخیاند بۆ ئەوەی ئەو هاوپەیمانێتییە بەهای خۆی بسەلمێنێت. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٦٤٨ هێزەکانی کۆزاک و تاتار دوو سوپای پۆلۆنیایان تێکشکاند. یەکێکیان لە نزیک رووباری ژۆڤتی ڤۆدی(ئاوی زەرد) لە نزیک نزیکبوونەوەی باکوور بۆ سیخی زاپۆرژیان، ئەوی دیکەیان لە نزیک شارۆچکەی کۆرسۆن لە ناوچەی دنیپەری ناوەڕاست. کلیلێکی سەرکەوتنی کۆزاکەکان، جگە لە بەشداریکردنی سوارەی نۆغای (نزیک لە ٤٠٠٠ سوار) لە هەردوو شەڕەکەدا، بڕیاری نزیکەی شەش هەزار(٦٠٠٠) کۆزاکی تۆمارکراو بوو بۆ گۆڕینی لایەن و وازهێنان لە ئاغا پۆلۆنیاییەکانیان و پەیوەستبوون بە راپەڕینی خمێلنیتسکییەوە. سوپای وەستاوی پۆلۆنیا بە تەواوی سڕ کرا. فەرماندە سەرەکییەکەی، هێتمانی گەورەی تاج، هەروەها سەدان ئۆسەر، لە دیلێتی تاتاردا کۆتاییان هات. لەکاتێکدا سەرکەوتنی لەناکاوی کۆزاکەکان کۆمۆنوێلسی تووشی شۆک کردبوو.

لەگەڵ کۆبوونەوەی کۆزاکییە تۆمارکراوەکانی کۆن لە نزیک بیلا تسێرکڤا، کە شارۆچکەیەکە کەوتۆتە باشووری کییڤ ، راپەڕینی جەماوەری بە جدی لە باقی ئۆکرانیا دەستیپێکرد. جووتیاران و خەڵکی شارەکە بە ئیلهام وەرگرتن لە هەواڵی سەرکەوتنەکانی کۆزاکەکان،

شتەکانیان گرتە دەستی خۆیان و هێرشیان کردە سەر مولْک و ماڵی خاوەن زەوییە زۆرەکان و سوپای تایبەتی پاشەکشەکراویشیان هەراسان کردو لەگەڵ دەیان لە ئاغاکان نیشتەجێیان کردو قەشە کاسۆلیکەکانیان راو کرد. بەڵام ئەوانەی زۆرترین داوای یاساییان لەسەر راپەڕینی جووتیارانی هاوینی ساڵی ١٦٤٨ تۆمار کرد، جوولەکەکانی ئۆکراینا بوون.

**دۆنباس**

باسکردن و شارەزاییبوون لە ناوچەی دۆنباس، تا رادەیەکی باش دەتوانین بڵێین بۆ ئاشنا بوون و ئەو کاریگەرییانەی لە ململانێی نێوان رووسیاو ئۆکرانیادا هەیە، بەقەد ئەو ململانێیە ئاشنابوون و شارەزاییمان لە ناوچەی دۆنباس گرنگە. چونکە رۆڵێکی یەکجار کاریگەری بۆسەر ئۆکرانیاو رووسیا هەیە.

دۆنباس مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، بەجۆرێک کەس نازانێ لە سەرەتادا خەڵکەکە بە چ زمانێک ئاخاوتوون، تەنیا ئەوە نەبێ ئەوانیش بە رێگای راووشکارەوە خەریکی بژێوی ژیانیان بوون. بەڵام دۆنباس ئەگەر ئەمڕۆ کارگەی گەورەی مادەی کانزاییەکانە ، مێژووی ئەم کارگانە بۆ

زیاتر لە ٣٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. چونکە ئەوکات کانگای مسی تێدا هەبووەو دەریانهێناوە. ئەمڕۆ شوێنەوارناسان ئاماژە بۆ سی(٣٠) پیشەسازی کانگاو توانەوەی کۆنی لەوجۆرە باسدەکەن کە لە سەردەمی برۆنزیدا لە ناوچەکە هەبوون. زۆربەی کانەکانیش لە ناوچەی باخموت جێگیرکراون کە ناحیەی ئارتمۆڤسکی ناوچەی دۆنێتسک و ناحیەی پۆپاسنیانسکی ناوچەی لوهانسکی داگیرکردووە.

یەکەمجاریش کانە کۆنەکان لەلایەن ئەندازیاری کانگا ئەی ئەی نۆسۆڤەوە لە ساڵی ١٨٦٥ لە نزیک گوندی کالینۆڤکا دۆزرایەوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش شوێنەوارناسەکان بە حەوزی باخموتدا گەڕان و چەندین شوێنی کارەکانی کان و کۆمەڵگای توانەوەی مسیان لە قالب و ئامێری کۆکردنەوەو بەرهەمی کاست دۆزییەوە.

بە کورتی مێژووی ناوچەی دۆنباس پێش ٣٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەستپێکردووە، کاتێک هۆزی کۆچەری سیمێری هەن، کە لە سەرچاوە نووسراوەکانی ئاسیاو یۆناندا ئاماژەی زۆر نا روون لەبارەیانەوە هەیە. لە سەرچاوە ئاشوورییەکانەوە دەزانرێت کە لە سەدەی حەفت و هەشتی پێش زاین، سیمێرییەکان لە چەمی

ئازۆڤەوە هێرشیان بۆ سەر ترانس قەوقازییەکان کردووەو ، لەوێ شەڕیان لەگەڵ وڵاتی ئوراتو کرد کە دەکەوێتە یەکگرتنی ئەرمەنستانی مۆدێرن و تورکیاو ئێران. ئەو کات ئەم وڵاتانە نەخشەکانیان وەک ئەمڕۆ نەبوو، تورکیاش هەر بوونی نەبوو.

هێرۆدۆت باسی ئەو ناوچەیەو خەڵکەکەیشی کردووە، کە جێگای متمانەپێکردنە. نووسیویەتی هۆزە کۆچەرییەکانی سکیتییەکان کە لە بنەڕەتدا لە ئاسیا دەژیان، لە لایەن مەساجەکانەوە دەرکرابوون، پاشان سکیتیەکان روویان لە رۆژئاوا کردو هاتنە خاکی سیمێریەکان بۆ ئەوەی بیخەنە ژێر دەستی خۆیان. سیمێرییەکان کە زانیارییان لەسەر داگیرکردنی دوژمن زانیبوو، لە ئەنجومەنێکدا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بریار بدەن چی بکەن. بەڵام بۆچوونەکانیان دابەش بوو، ئاغاکان دەیانویست شەڕ بکەن، خەڵکی ئاسایی دەیانویست خۆیان کاندید بکەن. لە ئەنجامدا ململانێیەک سەریهەڵداو دواتر خوێنڕشتنی لێکەوتەوەو شەڕی ناوخۆ دروست بوو. رزگاربووانی ئەو وڵاتە زێدی خۆیان بەجێهێشت و گەڕان بەدوای زەوییەکی نوێ کە بەدرێژایی کەناری دەریاکەیە. ئیتر سکیتیەکان ناوچەی دەریای رەشیان داگیرکرد. هەندێکیش لە هۆزەکانی سکیتی بەدوای سیمێرییەکاندا رۆیشتن و

قەفقازیان بەزاندو ئاسیایان داگیر کردو لەوێش هێرشیان کردە سەر مادەکان و شکستیان پێیانهێنا. هێرۆدۆت زۆر بە درێژی باسی ئەو رووداوانە دەکات، بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوە نییە. بە داخەوە لە راستیدا مێژووی سەرەتایی سکیتیەکان لە تاریکیدا ماوەتەوەو زۆر روناک نییە. ئاخر تا ئێستا هیچ کۆدەنگییەک لەنێوان مێژوونووساندا نییە کە کەی و لە کوێ دەرکەوتوون. بەڵام لە سەدەی هەشتی پێش زایین پێشتر لە ناوچەی دەریای رەش لە چەمی نێوان دانوب و دۆن و هەروەها لە بەشی باکووری کریمیا ژیاون. لە رۆژهەڵاتەوە ساورۆماتیکیەکان و بودینەکان کە پێوەندییان پێوە هەبوو دەژیان و لە ئاسیای ناوەڕاستیش ساک و مەساجەکان دەژیان کە بە لقی رۆژهەڵاتی سکیتیەکان دادەنرێت. جگە لەوەش لە سەدەی حەوتەمدا بەشێک لە سکیتیەکان زەویەکانیان بۆ خۆیان لە ئاسیای بچووک داگیرکرد، لەوێشەوە پەلاماری رۆژهەلات و باشووریان دا ئیتر تا فەڵەستین رۆیشتن. زۆربەی سکیتیەکان کۆچەری بوون و مانگە ساردەکانیان لە باشووری موڵک و ماڵی خۆیان بەسەر دەبرد. لێرە لە کەنارەکانی دەریای رەش و ئازۆڤ، رووپۆشی بەفر بچووکە یان بە تەواوی نەماوە، بە جۆرێک کە ئاژەڵەکان دەتوانن بە درێژایی زستان لەوەڕگە بدۆزنەوە. لە بەهاردا

خێڵەکانی سکیتی کۆچیان بۆ باکوور کرد. لەماوەی ئەو مێژووە دوورو درێژەدا، کە ئیمپراتۆریای فارس لەژێر دەسەڵاتی هەخامەنەکاندا توانیبووی لە میسرەوە بۆ یۆنان و لەوێوەش تا هیندستان داگیر بکات، ناوچەی دۆنباس و دانیشتوانەکەی دەیان جار تووشی راکردن و بەجێهێشتن و داگیرکردن بوونەتەوە، ئەمەیە مێژووی نەتەوەکان، کە ئەگەر بە وردی بچیتە ناوییەوە کورد گوتەنی: نە سەری دیارە نە بن.

لە وەرچەرخانی سەدەی پێنجەم و چوارەمی پێش زاین، ئەوەی لە سکیتیا روویدا گۆڕانکاری جدی لە کۆمەڵگادا بەدوای خۆیدا هێنا. ئەگەر پێشتر هەر هۆزێک لەسەر خۆی بووبێت، ئەوا لەو مێژووەوە پرۆسەی چەسپاندن و جێگیرکردنی هەموو خێڵەکان بۆ یەک گەل و هەروەها بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەرستۆکراسی دەستیپێکرد. ئەمەش لە ئەنجامدا بووە هۆی دروستکردنی دەوڵەتێکی تەواو کە سنوورەکانی لە دانووبەوە تا دەریای ئازۆڤ بوو، کە پاشا ئاتێی سەرۆکایەتی دەکرد. تەنانەت کۆلۆنییەکانی دەریای رەشی یۆنانیش دانیان بە دەسەڵاتی باڵای ئەودا نا. ئا لێرەوە بوو کە سەردەمی زێڕینی سکیتیا دەستیپێکرد.

پایتەختی سکیتیەکان لە دەرەوەی دۆنباس، لە کەناری چەپی دنیپەر لە نزیک شاری کامێنکای مۆدێرن لە ناوچەی

زاپۆرۆژێ بوو. لە نزیکەوە شوێنی ناشتنی ئاغاو پاشاکانی سکۆلۆت هەبوون، کە بەسەر گۆڕەکانیاندا تەپۆلکەیەک کە بەرزییەکەی بیست مەتر بوو زیاتر لە سەد هەنگاو لە دەوریدا کەڵەکە بووبوو. بەشێک لەو تەپۆلکە ناشتنانە تا سەردەمی مۆدێرن بەبێ تالانکردن ماونەتەوە، بەو هۆیەوە لەکاتی هەڵکۆڵینەکاندا زۆرێک لە شتومەکی ئاڵتونسازەکانی سکیتی کەوتنە دەستی زاناکان. شەڕو بازرگانی ئاغاکانی سکیتی و لە سەرووی هەمووشیانەوە پاشاکانی دەوڵەمەندتر کرد، کە گۆڕەکانیان لە رووی سامانی ناشتنەوە، رەنگە بە باشی رکابەری ناشتنی فیرعەونەکان بکەن. سکیتیەکان بە باوەڕبوونیان بە ژیانی دوای مردن، هەموو ئەو شتانەیان لەگەڵ خۆیان بۆ نێو گۆڕ دەبردو لەگەڵ مردووەکە دەنێژرا، کە لە ژیاندا بەهایەکیان پێیبەخشیبوو. لە چەکی رێورەسمی و زێرنگەرییەوە تا ئەسپ و خزمەتکارو ژنە خۆشەویستەکانیان، کە لەسەر گۆڕ کوژران. پاشاکان نەک هەر خۆیان لە سەرەوە تا پێیەکانیان بە زێڕ دەڕازێنرانەوە، بەڵکو داوای ئامێری کانزای خۆریشیان بۆ ئەسپەکانیان دەکرد.

رێوەرەسمی پرسەی شاهانە بەمشێوەیە ئەنجام دەدرا: تەرمی بە مۆم دەشۆردرا، ناوەوەی دەبڕدراو پڕیان دەکرد لە گیاو بخووری بۆندار، دوای ئەوە دەدوورایەوە، پاشان

تەرمەکە دەخرایە ناو عارەبانەیەکەوەو دەبردرایە لای هەموو هۆزەکان بۆ ئەوەی هەموویان ماڵئاوایی لە پاشا بکەن. هاوکات وەک نیشانەی خەم و پەژارە، سکیتیەکان بەشێک لە گوێیان دەبڕی و قژی خۆیان دەبری و برینیان دەخستە رووخساریانەوەو دەستی چەپیشیان بە تیر کون دەکرد، دوای ئەوەی پاشا (بە مردوویی) سەردانی هەموو رەعیەتەکانی خۆی دەکرد، ئینجا دەیانبردە شوێنی ناشتن و دەیانناشت. لەوەش کارەساتتر ، ساڵێک دوای پرسەی سەر گۆڕی شاهانە قوربانی خوێناوی دروستدەبوو. پەنجا گەنج لەنێو خزمەتکارە شاهانییەکان و پەنجا لە جوانترین ئەسپەکان هەڵدەبژێردران، دوای ئەمە هەم مرۆڤ و هەم ئاژەڵ دەکوژران و ریخۆڵەکانیان دەردەهێنرا، دوای ئەوە تەرمی خزمەتکارەکان لەسەر تەرمی ئەسپەکان دادەنران و بەیەکەوە دەبەسترانەوەو بە دارەکان بە شێوەیەکی راست دادەنران و ئەو فیگەرو شێوەیە وەک پاسەوان لە دەوری تەپۆلکەکە دادەنران. ئەمانەو دەیان رووداوی دیکە کە رووداوەکان یەکجار زۆرن، لەو سەردەمدا کە زیاتر لە (٢٥٠٠ – ٢٦٠٠) ساڵ پێش ئێستاکە روویانداوە.تەنیا نموونەیەک : مرۆڤە کۆنەکان زۆر شەڕیان کردووەو بە ئارەزووی خۆیان ئەو شەڕانەیان کردووە. سروشتییە سکیتیەکان لە داگیرکاری گشتی دوور نەکەوتوونەتەوە،

بەڵام کاتە سەختەکانیان بە شەڕانگێزی و دڕندەیی جیا دەکرانەوە. سکیتییەکان دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار پیاوێکیان کوشتووە، خوێنی دوژمنەکەیان خواردووە، دوای شەڕەکە بۆئەوەی پشکێک لە غەنیمەتەکە بەدەستبهێنن، سەربازەکان دەبوو سەری بڕاوەکانی دوژمنان بۆ پاشا بهێنن. ئەوەی سەری بڕاوی بۆ پاشا بهێنابا دەستکەوتێکی دەستدەکەوت، زۆر جار نێچیرێکیان پێدەدرا، ئەوەی سەری بڕاوی دوژمنیان بۆ پاشا نەهێنابا بە دەستی بەتاڵ بۆ ماڵ دەگەڕایەوە.بەسەرهات و ڕووداوەکان گەلێک زۆرن و هەمووشیان مرۆڤ دەتاسێنن، کە لەو سەردەمدا چ دڕندەیەک بووە.

سکیتیەکان کە لە بواری شەڕدا زۆر لە ئیسپارتاییەکان دڕندەتر بوون، نزیکەی پێنجسەد(٥٠٠) ساڵ زیاتر لە ناوچەی دۆنباسی ئێستا ژیاون. بەڵام خۆشبەختانە شوێنەواری ئەوان بەسەر ناوچەکەدا زۆر کەم دیارە. هەرچی بۆچوونی شوێنەوارناسان و مێژووناسانی ناوچەی دۆنێتسک و لوهانسک ە، ئەوەیە، هێشتا هەموو ئەو شتانە نەدۆزراونەتەوە کە سکیتیەکان لە خاکی ئەواندا شاردوویانەتەوە. بەناوبانگترین شوێنەوارەکانی سەردەمی سکیتیەکان لە ناوچەی دۆنێتسک دوو تەپۆلکەی ناشتنە(گۆڕی دوو چەقۆدار) لە نزیک ماریوپۆل و (گۆڕی

پێرێدێریڤا) لە نزیک شاختێرسک. گۆڕی دوو چەقۆدار تەپۆلکەیەکی پێنج مەتری دروستکراوی مرۆڤەو تیرەکەی شەست مەتر درێژە. جارێک تاجی سەری بە پەیکەرێکی بەرد دانراو کەناری زەوی لە سەرەوە بە تەختەی بەردی گەورە بەهێز دەکرا. لەوێ جەنگاوەرێکی ئاغا بە خاک سپێردرا، پێنج خزمەتکاریش لەگەڵیدا بوون بۆ جیهانەکەی تر. لەگەڵ چەندین کەلوپەلی دیکەی گرانبەها کە شوێنەوارناسان دوایی دۆزیویانەتەوە کە لەگەڵ ئاغای جەنگاوەر نێژرابوون. چەندین زاناو مێژوونووس لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆریان لەسەر ئەم رووداوو ئەم ناشتنانە کردووە، بەڵام ئێمە لێرە ناچینە سەر لێکۆڵینەوەکانیان.

تا سەدەی چوارەمی پێش زاین کە سکیتیەکان لە لوتکەی دەسەڵاتدا بوون پاشا ئاتییاس رابەرایەتی دەکردن. بەڵام ئەم دەسەڵاتە وردە وردە نەما کاتێک لە شەڕی فیلیپی دووەمی پاشای مەکدۆنیادا خودی ئاتییاس و سوپاکەی لە کەناری دانوب لەگەرمەی شەڕدا گیانی لەدەستداو، پاشان لە رۆژهەڵاتەوە بەهۆی دۆنەکانەوە دوژمنێکی نوێ رووی لە سکیتیەکان کرد. سارماتییەکان لە سەدەی سێیەمی پێش زاین ، دۆنباس و کەناری چەپی دنیپەری کۆنترۆلکردەوەو، سکیتیە لاوازەکان ناچار بوون زۆربەی خاکەکانیان

بەجێبهێڵن و، بۆ ناوچەی کریمیا کشانەوە. بەپێی گێڕانەوەکان کە زیاتر لە ئەفسانە دەچێت، سارماتیەکان لە یەکگرتنی سکیتیەکان و ئەمازۆنەکانەوە هاتوون، بۆیە زۆرجار پێیان دەگوترا حکومڕانی مێیینەو ، لە راستیشدا ژن لە نێو سارماتییەکاندا کۆمەڵێک مافیایان هەبوو کە لەو سەردەمدا دەتوانین بڵێین لەناو هیچ گەلێکی دیکەدا تا رادەیەک هەر بیر لەو مافانەی ژن نەدەکرایەوە. ژنان بۆ کاروباری حکومەت و تەنانەت لە شەڕەکانیشدا لەگەڵ پیاوان یەکسان بوون . هێرۆدۆتۆس نووسیویەتی کە ژنانی سارماتی لەگەڵ مێردەکانیان و بەبێ مێردەکانیان سواری راو دەبوون. دەچوونە شەڕو هەمان جل و بەرگی پیاوانیان لەبەردەکرد. هیچ کچێک نەدەبوو هاوسەرگیری بکات ، تا دوژمنێکی نەکوشتبێت. زانیارییەکانی هێرۆدۆت سەبارەت بە بوونی ژنە جەنگاوەرەکان لەنێو سارماتییەکاندا لەلایەن شوێنەوارناسانەوە پشتڕاست کراونەتەوە. بۆیە ساڵی ١٩٦٧ لە نزیک گوندی نۆڤۆلۆگانسکۆیە، سارماتییەک لە سەدەی یەکەمی زاینی نێژراوەو گۆڕەکەی دۆزراوەتەوە، لە یەکێکیاندا ژنە جەنگاوەرێک بوو، کە ئێسکە پەیکەرەکەی شوێنەواری برینێکی زۆری بە جەستەیەوە بوو.

لێرە ناچارین کەمێک دەستمان سووک بکەین و، لەو مێژووە دوورو درێژە واز بهێنین کە چەندین خێڵ هاتوون و رۆیشتوون و ناوچەکانی قەفقازیایان گرتۆتەوەو گەڕاونەتەوە لای دەریای رەش لای ئۆکرانیاو تورکیاو، دواتر شەڕی گەورەی نێوان عەرەب و خەزارەکان کە ئاگرباران بوو، تا دەگاتە کۆچی گەورەی جوولەکەکان لە قودس ، دوای ئەوکاتە ئیتر بەهۆی شەڕە توندو گەورەکان قودس وێران کرا لەلایەن رۆمەکانەوە لە سەدەی یەکەمی زاینییەوە ناوچەکەیان بەجێهێشت. بەڵام ئەوەی جێگای باسکردنە ئەوەیە، دوای شکستی بولگاریای گەورە لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمدا، خاکی دۆنباس بەشێک بوو لە کۆگای خەزار. دەسەڵاتێکی بەهێزو سوپای بەهێز رێگای بە کۆچەرییەکان دا کە بۆ دەیان ساڵ قۆناخێکی سەقامگیری رێژەیی دابمەزرێنن. بەو هۆیەوە ناوچەکە بارودۆخێکی ژیانی تا رادەیەک ئاسودەیی پەرەپێدا. بەپێی شوێنەوارناسان کە لە ساڵی ٢٠١٢ روونیانکردۆتەوە، ناوچەی دۆنێتسک لە سەردەمێکدا شارێکی گەورە بووەو رووبەرەکەی زیاتر لە ١٢٠ هێکتار بووەو قەڵاکانی دوو کیلۆمەترو نیو بووە. شارەکە لە سەدەی هەشتی زاییندا سەریهەڵداوەو لە دەوروبەری سەدەی دەیەمدا دانیشتوانەکەی بە هۆکارێکی نادیارماڵەکانیان جێهێشتووە

. ڕەنگە زیاتر هۆکاری سەربازی و هێرشکردن بۆسەر یەکدی بووبێت لەو شارە.

**دۆنباس لە سەدەکانی ناوەڕاستدا**

کاتێک دێینە سەر سەدەکانی ناوەڕاست، راستەوخۆ پۆلۆڤتسییەکان و پێچنەگەکان زەق دەبنەوە، چونکە موڵکەکانیان نیوە زیاتری ئۆکرانیای ئێستاکەیان پێکهێناوە. نیوەی باشووری چەمی، کە نزیکەی ٤٠% ی رووبەری وڵاتەکەیە بە چەمی زەوی داگیرکراوە، کە سنووری باکوور بە درێژایی چیسیناو – کیرۆڤۆگراد – پۆلتاڤا – خارکێڤ یان گرتۆتەوە. لە رۆژهەڵاتەوە تا خودی چین درێژ دەبنەوە، لە کۆنەوە لەلایەن کۆچەری جۆراوجۆرەوە نیشتەجێ بوون. سلاڤەکان لە باکورەوە دەجوولان و رووبەڕووی جیهانی کۆچەری ببوونەوە. گەنجی رووس چالاکانە لەسەر چەمی زەویدا پێشڕەوی کردو شارەکانی لەوێ دروستکردو کۆچەرییەکانی ئەوێی دەرکرد. سلاڤەکان لە بەرگریدا چوونە باکووری رۆژهەڵات. تا لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا گەڕانەوە. بەڵام ئۆکرانیای نوێ هەمیشە ناوچەی بەریەککەوتن و کارلێکی نێوان جیهانی تورکی کۆچەری و سلاڤەکان بووە. پێچنەگەکان کە لەسەدەی نۆیەمەوە کۆچیان کردبوو بۆ ناوچەی دەریای رەش ، زەویەکانیان لە دانوبەوە تا دۆن کۆنترۆل کردبوو.

هەزار ساڵ پێش ئێستا شەڕی سەخت و بەردەوام لەنێوان ڕووسەکان و پێچنەگەکان دروستبووە، دوای لێکدان و کوشتن و برینێکی زۆر ڕووسەکان توانیویانە پێچنەگەکان دەر بکەن و شاری پێرییێاسلاڤ کە ئێستا پێرییێاسلاڤ – خمێلنیتسکی ناوەو لە شوێنی شەڕە سەختەکاندا دروستکراوە. بەڵام شەڕ هەر کۆتایی نەهات ، پێچنەگەکان چەندین جاری دیکەی یەک لە دوای یەک هێزی ڕووسیایان تاقیدەکردەوەو هێرشیان بۆسەری دەبرد. بەڵام دوای هەموو شکستەکانی پێچنەگەکان بە ناچاری کۆچیان کردو لە دانوب لە بولگاریا زەوییان پێدراو نیشتەجێبوون. لەبەرانبەردا دەبوو بەرگری سەرسەختانە لە ئیمپراتۆر بکەن و پێچنەگەکانیش قبوڵیان کرد. دوای شەڕی دوو ساڵەیان لەگەڵ یۆنان و چەندین شەڕی دیکەیان زەوییەکانی دانوب و بالکان کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی پێچنەگەکان . شایانی گوتنە دەیان تیرەو خێڵ هاتوون و شەڕیان لەگەڵ ڕووسەکان کردووەو بەزێنراون و ناوچەکەیان پێ بەجێهێڵدراوە، بەڵام ڕووسەکان هەمیشە لەسەر زەوییەکەی خۆیان ماونەتەوەو دەربەدەر نەبوونەو ئەو خاکەی لێی نیشتەجێ بوون جێیان نەهێشتووە. تەنانەت زۆرێک لە خێڵ و نەوەکان وەک بەکرێگیراو هاوپەیمانی شازادەکانی ڕووسیا بوون، بەتایبەتی

نەوەکانی پۆلۆڤتسی کە ئەمڕۆ بەشێکن لە زۆرێک لە گەلانی ئەوروپای رۆژهەلات، ئاسیای ناوەڕاست و سیبیریا، وەک: تاتار، باشکر، هەنگاری، نۆگای، قەرەچای، کازاخ، کرغزی، تورکمان، ئۆزبەک.

یەکەم ئاشنابوونی رووسەکان لەگەڵ پۆلۆڤتسی ئاشتیانە بوو. دۆژمنی سەرەکی پۆلۆڤتسییەکان کۆچەرییەکانی دیکە بوون، تورکەکان(گوزەکان)و تا ئەو کاتەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر رووبەڕووبوونەوەی رووس و پۆلۆڤتسییەکان سەیهەڵداو ئەنجام پۆلۆڤتسییەکان بەرەو لای جۆرجیا راونران و دەرکران. تەنیا یەک کۆمەڵە خەڵک (جەماعەت) لەسەر ئەو خاکەی رووس لێی نیشتەجێبوون مابوونەوە  کە لە مێژووی رووسیادا پێیان دەوترێت بورچێڤیچی. رەنگە ئەم وشەیە لە تورکییەوە سەرچاوەی گرتبێت کە واتای زریانەکان – گورگ  دەگەیەنێت.

پۆلۆڤتسییەکان   لە سەدەی دوازدە، خۆیان کۆ کردبۆوەو خۆیان بۆ شەڕکردن و هێرشکردنە سەر رووسەکان ئامادە کرد، ئەوە بوو چەندین هێرشیان بۆسەر رووسەکان برد، بەڵام رووسەکان تەنیا بەرگرییان دەکرد. ساڵی ١١٧٤ ز ، یەکەم هێرشیان دژی رووسەکان رێکخست و لە کۆتاییەکانی حەفتاکان بەهێزترین

فەرمانڕەوای چەمی زەوی بوو.ئەنجامی ئەم هەموو هێرشکردنە دەوروبەری کییڤ، چێرنیگۆڤ، پێرییاسلاڤل بوونە قوربانی بەردەوامی هەڵکوتانە سەر لەلایەن پۆلۆڤتسییەکان. بەڵام پۆلۆڤتسییەکان هەستیان بە ئاسوودەیی دەکرد، چونکە دوا شازادەو فەرماندە گەورەکانی رووسیا، کە توانای کۆکردنەوەی هێزیان هەبوو، یوری دۆلگورکی و ئەندرێ بۆگۆلیوبسکی پێش هێرشەکانی پۆلۆڤتسییەکان مردبوون. بەڵام هەموو هێرشەکان نەیانتوانی رووس دەربەدەر بکەن و لەسەر خاکەکەی دووری بخەنەوە، کە بەشێکی فراوانی ئەو خاکەی ئەوکات رووسیا لێی نیشتەجێ بوو، ئۆکرانیای ئێستا بوو بە شاری کییڤەوە کە پایتەختی ئۆکرانیایە. بەڵام ئەنجام زۆربەی هەرە زۆری ژنە جوانەکانی پۆلۆڤتسییەکان هەبوون لەلایەن رووسەکانەوە خوازبێنی دەکران، وای لێهات پۆلۆڤتسییەکان بەهۆی ئەم هەموو ژنخوازییەوە ببوونە نزیکترینی رووسەکان، بەتایبەت کە بەهۆی خزمایەتی ، ئیتر دۆستایەتی و بازرگانی و هەموو ئەمانە لەنێوانیاندا دروستبوون. بەڵام زۆری نەبرد هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر رووسەکان وەک گەردەلوول هات و دۆخەکەی هەموو گۆری. بەڵام ئەوەی هەموو زانایان و مێژووناسان لەسەری کۆک و تەبان ئەوەیە، رووسەکان

به لانی کەم هەزار ساڵ زیاترە لە خاکی رووسیاو ئۆکرانیای ئێستا نیشتەجێن و  نەک دەیان بگرە سەدان هێرش و پەلاماری دوژمنیشیان تێکشکاندووە لەپێناوی ئەوەی لەو شوێنەی خۆیان بمێننەوە. مەغۆلەکان تاکە هێز بوون کە توانیبوویان تەنگ بە رووسەکان هەڵبچن و چەندین جاریش شکستی گەورەیان پێ بهێنن. رووبەڕووبوونەوەکانی رووس بەتایبەت لە شاری کییڤ زۆر سەرسەختانە بوو. تەنانەت شەڕی وا هەبووە کە رووسەکان لە رووبەڕووبوونەوەیاندا زیاتر لە دە هەزار (١٠٠٠٠) کەسیان کوژراوەو، زیاتر لە هەشت نۆ(٨-٩) شازادەیان لەناو بردراون. تەنانەت سووپاکە شتێکی ئەوتۆی لێ نەماوەتەوە، هەمووی کوژراون. مەغۆلەکان هەم لە سەردەمی جەنگیزخاندا دەیان ساڵ شەڕیان لەگەڵ رووسەکان کرد، هەم دوای جەنگیزخانیش وازیان لە رووسەکان نەدەهێناو بەردەوام هێرشیان دەکردنە سەر. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شەڕو ململانێ و برسێتی و ئەو هەموو دەردو پەتایەی لە ئەنجامی شەڕو کوشتارگەی زۆردا بڵاوببوونەوەو خەڵکی رووسیاشی بە تەواوی شپرزە کردبوو، بەڵام رووس لە شێوەی دەوڵەتێکی بەهێز دەبینراو شازادەکانی رووس هەرگیز ملکەچی بێگانەکان نەدەبوون. ئیتر مەغۆلەکان ساڵی ١٢٣٨ دەسەڵاتی خۆیان

بەسەر چەمی پۆلۆڤتسیاو باکووری قەفقاز بەسەر برد، توانیشیان کریمیا داگیر بکەن و ئالانیان گرتە دەست خۆیان و شاری سوداکیشیان گرت. لە پاییزی ١٢٣٩ مەغۆلەکان دوای کۆکردنەوەی هێزەکانیان هێرشێکی زۆر توندیان کردە سەر خاکەکانی باشووری رووسیا، دوای ساڵێک سووپایەکی هەزاران جەنگاوەر بەرەو پایتەختی دێرینی رووسیا -کییڤ- رۆیشتن، کە قوبە زێڕینەکەی بوو. ئەم شارە کەوتە بەر زریانێکی تووش و کەوت. زۆربەی خەڵکی کییڤ لەسەر شەقامە سووتاوەکانی ئەو شارەی زێدی خۆیان بوو گیانیان لەدەستدەداو ئەوەی لە مردنیش رزگاری ببوو کرا بە کۆیلەیەکی داماو. ئەو شارەی کە پڕ دانیشتوانترین شار بوو، دوای ئەو داگیرکردنە بوو بە وێرانەترین شار. خوێنی رووسەکان زەوی ناو شارەکەی سوور کردبوو. ئەمە رێگای بۆ مەغۆلەکان خۆشکرد، نەوەستن و هێرش بۆ سەر وڵاتانی دیکە ببەن، ئیتر پۆلۆنیاو چیک و هەنگاریا کەوتنە بەر ئەو هێرشەو بێ بەرەنگاربوونەوەیەکی سەخت شکستیان هێناو داگیر کران. مەغۆلەکان هەنگاریاو سلۆڤاکیاو کرواتیاو دالماتیایان تالان کردو زیاتر پێشڕەوییان دەکرد. بەمشێوەیە دەوڵەتێک یان ئیمپراتۆریایەکی زەبەلاح سەریهەڵدا خاکی مۆڵداڤیای مۆدێرن و ئۆکرانیاو بەشێک

له فیدراسیۆنی رووسیاو کازاخستان و ئۆزبەکستان و تورکمانستانیشی گرتەوە.  بۆ چارەگی یەکەمی سەدەیەک ، هۆرد بە فەرمی بە وەسیلەی ئیمپراتۆریای مەغۆل دادەنرا. بەمشێوەیە لە سەدەی سێزدەدا زەوییەکانی دۆنباس بوونە بەشێک لە حوکمڕانیکردنی مەنگۆلییەکان.

ئۆکرانیا بە هەرێمی دۆنباسەوە، هەر لە سەردەمی کیڤان رووس تا پیتەری یەکەم، هەمیشە رووسەکان بە خاکی خۆیان (رووسیای بچووک) هەندێکجاریش بە (دڵی رووسیا)یان ناوبردووە. تا گەیشتوونەتە مێژووی مۆدێرنی دۆنباس.

لەسەردەمی ئیمپراتۆر کاترینی گەورە ، هێرشی رووسیا بۆ سەر باشوور بەردەوام بوو، لە ئەنجامی دوو شەڕدا کە لە ساڵانی ١٧٧٤ – ١٧٦٨ و لە ساڵانی ١٧٩١ – ١٧٨٧ سووپای زەبەلاحی تورکیا لەلایەن ژەنەڕاڵ رومیانتسیڤ و سوڤۆرۆڤەوە تێکشکێنرا. بەلەمی تورکیا لەلایەن دەریاوان ئۆرلۆڤ و سپیریدۆنۆڤ و ئوشاکوڤەوە سووتێنرا. دوای ئەوە کریمیا و تەواوی ناوچەی دەریای رەشی باکوور بە رووسیاو ئیمپراتۆریاکەیەوە لکێنران و ، دەستی بە پەرەپێدانی موڵک وماڵی نوێ کرد. رووسەکان لە لایەکەوە سربییەکان و لە لایەکی دیکەوە یۆنانییەکانی لە ناوچەی دۆنباس نیشتەجێدەکرد. ئەمەش پەناگەیەک بوو

بۆ سەلامەتییان. یۆنانییەکان بە درێژایی کەنارەکانی باکووری دەریای ئازۆڤ لەنێوان رووبارەکانی ڤۆڵچیاو تەرپالی وکالیموس، لە ٢٦ ی تەمووزی ساڵی ١٧٨٠ز دانیشتوانی کریمیا شاری پاڤلۆڤسکیان لەسەر کالیمۆس داگیرکرد. هاوکات پاڤلۆڤسک ناوەکەی بۆ ماریوپۆل گۆڕدرا. یۆنانییەکان بە دامەزراندنی شوێنی نیشتەجێبوونی نویێ، ناوی ئەو نیشتەجێبوونانەیان پێدا کە لە نیمچە دوورگەکەدا تێیدا دەژیان. تاکە دەرهاویشتە –ئیستسنا- ی ئەم یاسایە شاری ماریۆپۆلە. هیچ نیشتەجێبوونێک بەم ناوە لە کریمیا نەبووە.

ئەو یۆنانییانەی کە لە کریمیا دەژیان بە دوو زمان قسەیان دەکرد: گرووپێک زمانی تاتاری کریمیایان بەکاردەهێنا، گرووپەکەی دیکە یەکێک لە زاراوەی زمانی یۆنانی مۆدێرن یان زمانی کریمیا – رۆمانی بەکاردەهێنا کە لەناو زمانی کریمیا – رۆمانیدا شەش گرووپی زمان هەبوون، لێکتێگەیشتنی یەکدی لەنێویاندا زۆر لاواز بوو. دانیشتوانی ماریوپۆل کە بە زمانی تاتاری کریمیا قسەیان دەکرد، لەلایەن خەڵکی بازاڕ (ناو شارەکە) پێیان دەگوترا بازاڕ. لەکاتی نیشتەجێبووندا زمانی یۆنانی و تاتار بە جیا نیشتەجێبوون. کەواتە خەڵکەکانی تاتارزمان لە دۆنباسدا دەرکەوتن.

لە سەردەمی کاترینی گەورە ، لە ساڵی ١٧٦٩ بوو کە تاگانرۆک ئاوەدانکرایەوەو فەوجەکەی تاگانرۆک کۆزاکی دروستکرایەوە کە کۆزاکەکانی زەوییان لە کەناری دەریاچەی میوس پێدرا.

ناوچەی دۆنباس لە رووی مێژوویەوە سەر بە رووسیاو ئۆکرانیایە. لە دوای لەباریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت، دۆنباس بۆتە بەشێک لە ئۆکراین، بەڵام هێشتا مشتومڕی تاڵ و توندی لە نێوان رووسیاو ئۆکراین لەسەرە. دۆنباس (رووبەری حەوزی رووباری کۆن، لە ئێستادا لە%٨٥ لە ناوچەی هەرێمەکان(ویلایات – ئۆبلاست)[١١]ەکانی ئۆکرانیای تازە لە دۆنێتک و

---

[١١] - لە ئۆکرانیا، زاراوەی *ئۆبلاست* دابەشبوونی ئیداری سەرەتایی دیاریدەکات .لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و تا ساڵانی **١٩٢٠** ئۆکرانیا لە نێوان چەندین پارێزگادا دابەش بوو . زاراوەی ئۆبلاست*لە ساڵی* ***١٩٣٢*** *لەلایەن* دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتەوە هاتە ئاراوە کاتێکSSR ی ئۆکرانیا بەسەر حەوت ئۆبلاستدا (یەکەی کارگێڕی سەرەتایی )دابەشکرا ، جێگەی سیستەمی دابەشکردنی لاوەکی پێشووی گرتەوە کە لەسەر بنەمای ئۆکروها بوو و **٤٠٦** ڕەیۆن (ناوچە )ی لەخۆ گرتبوو. یەکەم ئۆبلاستەکان بریتی بوون لە ئۆبلاست ڤینیتسیا ، ئۆبلاست کییێف ، ئۆبلاست ئۆدێسا ، ئۆبلاستی خارکیڤ و ئۆبلاستی دنیپرۆپێترۆڤسک .هەر زوو دوای ئەوە، لە هاوینی ساڵی **١٩٣٢**، ئۆبلاستی دۆنێتسک لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆبلاستەکانی خارکیڤ و

دنیپرۆپیترۆڤسک پێکهات؛ لە پاییزی ساڵی ۱۹۳۲ ئۆبلاستی چێرنیهیڤ لەسەر سنووری ئۆبلاستەکانی کییڤ و خارکیڤ پێکهات.

لە نێوان ساڵانی ۱۹۳۵ بۆ ۱۹۳۸، چەندین ئۆکروغی سنووری تایبەتی تازە دروستکراو و خۆبەڕێوەبەری (okruhas)هەبوون کە بەدرێژایی سنووری ڕۆژئاوای یەکێتی سۆڤیەت لە ئۆکرانیا و بیلاڕووس کەوتبوون .لەگەڵ تەسفیەکردنی ئۆکرۆگەکان لە ساڵانی ۱۹۳۷-۱۹۳۸، ئۆبلاستەکانی کییڤ، ڤینیتسیا، ئۆدێسا و خارکیڤ هەریەکەیان بۆ چوار ئۆبلاستی زیادە دابەشکران (ئۆبلاست ژیتۆمیر ، ئۆبلاست کامیانێتس-پۆدیلسکی ) دواتر خمێلنیتسکی (، ئۆبلاست میکۆلایف ، ئۆبلاست پۆلتاڤا .( تەنها پێش جەنگی جیهانی دووەم ، ئۆبلاستی دۆنێتسک دابەش بوو بەسەر ئۆبلاست ستالینۆ و ئۆبلاست ڤۆرۆشیلۆڤراد و ئۆبلاستی کیرۆڤۆهرادلە بەشێک لە ئۆبلاستەکانی کییڤ و میکۆلایف و ئۆدێسا دروست بووە.

لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا ئۆکرانیا هەشت ئۆبلاستی دیکەی ڕۆژئاوای ئۆکرانیا و بێسارابیای زیاد کرد . لەگەڵ داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە خاکەکە لە نێوان حکومەتی گشتی و شانشینی ڕۆمانیا و ڕیشکۆمیساریای ئۆکرانیا دابەشکرا و دابەشبوونێکی ئیداری تەواو جیاوازی ئەنجامدا . لەگەڵ دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی سۆڤێت لە دەوڵەتدا دوای جەنگ، دابەشبوونی کارگێڕی بەپێی ئۆبلاستەکان دەستپێکردەوە و ئۆبلاستێکی دیکەی زیادکرد -زەکارپاتیا . لە ساڵی ۱۹٥٤ ئۆبلاستی کریمیا لە ...کۆماری سۆسیالیستی فیدراڵی سۆڤیەتی ڕووسیا بۆ یەکێتی سۆسیالیستی ئۆکرانیا؛ بەشێک لە ئۆبلاستەکانی دەوروبەری خرایە ناو ئۆبلاستی چێرکاسی و ئۆبلاست ئیزمایل لەلایەن ئۆبلاست ئۆدێسا هەڵمژرا .لە ساڵی ۱۹٥۹، ئۆبلاستی درۆهۆبیچ لەگەڵ ئۆبلاستی لڤیف تێکەڵکرا .

لوهانسکدایه). دۆنباس له رووی ستراتیژەوە پێگەیەکی بەهێزو گرنگی بۆ هەردوو وڵات هەیە، چونکە یەکێک بووە لە ناوەندە پیشەسازییە پێشەنگەکان لە هەردوو ئیمپراتۆریای رووسیاو یەکێتی سۆڤێت. دۆنباس تەنیا لە ٩% خاکی ئۆکرانیا پێکدەهێنێت. بەڵام لە ١٧% ی دانیشتوانەکەی ئۆکرانییەو لە ٢١% بەرهەمی پیشەسازی پێکدەهێنن.

سەدەی دوازدە بەتایبەت ساڵی ١١٧٤ز وانەیەکی تەواوی خاکی ئۆکراین لە خارکیڤەوە لە باکووری رۆژهەڵاتەوە تا ئۆدێسا لە باشووری رۆژئاوا کە کێبڕکێیەکی گەرمی لەنێوان ئۆکرانیاو رووسیادا هەیە. زیاتر لە سێ لەسەر چواری ، واتا ٩ ملیۆن و سەد هەزار کەمینەی رووسی و

---

زۆربەی ئۆبلاستەکانی ئۆکرانیا بە ناوی ناوەندە کارگێڕییەکانی خۆیانەوە ناونراوە ، هەروەها گەورەترین و پێشکەوتووترین شارەکانی ناوچەکەن.ژمارەی دانیشتوانی ئۆبلاستەکان لە نێوان ٩٠٤,٠٠٠ کەس لە ئۆبلاستی چێرنیڤتسی تا ٤.٤ ملیۆن کەس لە ئۆبلاستی دۆنێتسکی ڕۆژهەڵات دەبوو .

- ئۆبلاستی دنیپرۆپێترۆڤسک، کە ناوەندەکەی لە دنیپرۆپێترۆڤسک (دابەشکراوە بەسەر ڕەیۆن)
- ئۆبلاستی خارکیڤ، ناوەندەکەی لە خارکیڤ (دابەشکراوە بەسەر ڕەیۆن)
- ئۆبلاستی کییێڤ، ناوەندی کییێڤ (دابەشکراوە بەسەر ڕەیۆن)

یازده ملیۆن و چارسەد هەزار ئۆکراینی لەم کەوانەیەدا دەژین، کە رۆژهەڵات و باشووری ئۆکرانیایە. ئەمەش گەورەترین رێژەی دانیشتوانە لە ئۆکرانیا. جگە لە دۆخی تایبەتی کریمیا. ژمارەیەکی زیاتر کە لە ٦٦% ی دانشتوانی دۆنباس لە ساڵی ١٩٨٩ رایانگەیاندووە کە زمانی رووسی زمانی زگماکی ئەوان بووە.

لە زاپۆریژیا یان خارکێڤ ناکۆکییەکی کەم لەسەر ئەوەی کە ئەم دوو هەرێمە سەردەمانێک بەشێکبوون لە ئۆکرانیای مێژوویی هەیە، بە مێژووی هاوچەرخی ئۆکراینیشەوە. لەلایەکی دیکەوە، لە کریمیا پێوەندییە مێژووییە بەهێزەکانی نیمچە دوورگەکە لەگەڵ رووسیادا ئەستەمە پووچەڵ بکرێتەوە. تەنیا لە دۆنباسدا مێژووی ناوچەکە زۆر بە تاڵ و سوێری کێبڕکێی لەسەرە.

لە کۆتاییەکانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە ، مێژووناسانی ئۆکرانیا لە رۆژئاوای ئۆکرانیاو کیێڤ باش دەزانن کە کۆنترۆڵی ئۆکرانیا بەسەر دۆنباسدا تا رادەیەک ناجێگیرە. هەوڵیانداوە بانگەشەی مێژوویی ئۆکرانیا بۆ ناوچەکە بەهێزبکەن. لەلایەکی دیکەیشەوە، سەرکردەکانی پارتە سیاسییە ناوچەیی و رووسۆفیلەکانی جۆراوجۆر لە دۆنباسدا زیاتر سوودیان لە لێکدانەوەی مێژوویی

پێچەوانە وەرگرتووە کە لە لایەن ئایدیۆلۆژیا ناوخۆییەکانەوە پێشکەشکراوە.

زۆربەی زۆری دانیشتوانی دۆنباس رازین بە دەستپێکردنی مێژووی خۆیان بە میرنشینی سەرەتای سەدەی ناوەڕاستی کیڤان رووس، بەپێی مێژوویەک لە دەی دەیەم و یازدەدا سنووری رۆژهەڵاتی رووس کە گەیشتە رۆژهەڵات تا بەردەوامی سەرەوەی ڤۆڵگا. ئەوەی جێگای سەرنجە دەوڵەتی کیڤان رووس لە لایەن ئۆکرانییەکانەوە بە دەوڵەتێکی پرۆتۆئۆکرانی دادەنرێت نەک دەوڵەتێکی پرۆتۆرووسیایی. ئەگەر ئەم پێوەرە دابنرێت، کە کیڤان رووس دەوڵەتەکەی ناوەندی ئۆکرانیا بووە، کەواتە دۆنباس هەر لە سەدەی دە و یازدەدا لەژێر کاریگەری ئۆکرانیادا بووە نەک رووسیا. بە رووخانی دەوڵەتی کیڤان رووس لە سەدەی سێزدەو ، هەڵوەشاندنەوەی بۆ میرنشینە رکابەرەکان کە ئێستا مۆسکۆڤیا – رووسیا- ی لەخۆ گرتووە، ئەو ناوچەیەی ئێستا دۆنباسە کە گوایە کەوتۆتە ژێر کۆنترۆلی لیتوانیا نەک مۆسکۆڤییەکان. بە کورتی دۆنباس جگە لە کیڤان رووس کە دەوڵەتی نموونەیی رووسیای دامەزراند، دۆنباس ماوەیەک کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی لیتوانییەکان و پۆلۆنییەکان و ئینجا تاتارو تورک و ..هتد بووە. تا دوای

مەغۆلەکان و دەرکردنیان لەلایەن نەتەوەی رووسەوە، ئیتر ئۆکرانیا کەوتۆتەوە ژێر دەسەڵاتی رووسەکان .

بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی رووسی ، ناوچەی دۆنباس بەتایبەت هەرێمی دۆنێتسک لە پێش ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، روونتر بڵێین لە ساڵانی ١٨٤١ بە دواوە کە ئەمڕۆ ماوەی زیاتر لە ١٨٢ ساڵە بووە بە موڵکی رووسیاو بە خاکی رووسیاوە لکێنراوەو گرێدراوە. ئەویش لە رێگای بەکرێگرتن و کڕینی زەوییەکان، کە بەشێک بوون لە هەرێمی دۆنێتسک و کەوتبوونە سەر سنووری ماکیڤکا، کە بە چێگلۆڤکا ناوی رۆیشتووە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا، حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی رووسیا، شۆڕشێکی کرێکارانی لەسەر خاکی رووسیا بەرپاکرد، کە ناوچەی دۆنباسیشی وەک بەشێک لە خاکی رووسیا، بەتەواوی گرتبۆوە. بەتایبەتی کە لە هاوین و پاییزدا گردبوونەوەو مانگرتن پەرەیسەندبوو. بەڵام یەکەمین شۆڕشی رووسیا لە مانگی کانوونی دووەمدا گەیشتە لوتکە. پاشان شەپۆلێکی راپەڕینی چەکداری دژ بە حکومەت بەسەر وڵاتەکەدا دەستیپێکرد، گەورەترینیان لە مۆسکۆ، نیژنی نۆڤگۆرۆد، خارکێڤ، رۆستۆڤ ئۆن دۆن، نۆڤۆرۆسیسک، کراسنۆیارسک،.....هتد. دۆنباس لەوە بێبەری نەبوو،

گۆرلۆڤکا ببوو بە ناوەندو چەقی راپەڕینەکە، کە لە ١ ی کانونی دووەمدا، بەڕێوەبەری کارگەی ئەندازیاری ناوخۆیی ، لۆست بەلجیکی، کەمکردنەوەی زۆرەملێی بەرهەمهێنان و رۆژی دەوامی مووچەخۆرانی کەمکردەوە، کە بووە هۆی کەمکردنەوەی مووچەیان، ئیتر لە ئەنجامدا ناڕەزایی جەماوەری لێکەوتەوەو، شۆڕشگێڕانیش بۆ دەستپێکردنی راپەڕین سوودیان لە دۆخە ئالۆزەکەو ئەو ناڕەزاییانە وەرگرت .

**کۆزاکەکان لە دۆنباس**

کۆزاکەکان رۆڵێکی گەورەیان لە گەشەکردن و پەرەپێدانی دۆنباسدا هەبووە. بەشی رۆژهەڵاتی ناوچەکە تا ساڵی ١٩١٧ خاکی سوپای دۆن بووە. بەڵام سوپای کۆزاکی لە سەدەی نۆزدەوە لەو شوێنانە هەبوون.

دوای لکاندنی ناوچەی کریمیاو باکووری دەریای رەش بە ئیمپراتۆریای رووسیا، زاپۆریژیا سیچ کە پێشتر وەک قەڵایەکی سنووری وابوو، ئەو گرنگییەی خۆی لەدەستدا. حکومەتی رووسیا لە ساڵی١٧٧٥ز بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سیچەکانی دا، جێبەجێشی کرد. سەرپەرشتیاری زاپۆریژیا ئاغاکانی وەرگرت و پێوەندی

بە نوخبەی کۆمەڵگای بچووکی رووسییەوە کرد، زۆربەی کۆزاکە ئاساییەکان دوای چەند ساڵێک پێوەندییان بە ریزەکانی (تیپی کۆزاکی دڵسۆز) ەوە کرد، کە لەسەر سنووورە نوێکانی باشووری رۆژئاوای ئیمپراتۆریەتەکە دروستکرا. بەڵام هەموو کۆزاکەکانی زاپۆرۆژێ دوای لەناوچوونی سیچەکان لە خزمەتکردنی رووسیا بەردەوام نەبوون، چەند هەزار کۆزاک و خزمەتکاری هەڵهاتوو کە پێوەندییان پێوە کرد، روویان لە موڵکی سوڵتانی تورک کرد، کە لە ساڵی ١٧٧٨ نزیکەی ٥٨ دانەیان دروستکردبوو . خاوەنی سوپای کۆزاک بوون کە سەرەتا لەسەر کەنارەکانی دنیستەرو پاشان لە خوارەوەی دانوب دامەزراوە. کۆزاکەکان ژمارەیان لە دەهەزار(١٠٠٠٠)کەس تێپەڕی کردبوو، بەڵام بەهۆی ئەو شەڕە سەختانەی لە ساڵی ١٨٢١ کە یۆنانییەکان دژی دەسەڵاتی سوڵتان راپەڕین و ژمارەیەکی زۆر دەتوانین بڵێین نزیکەی پێنج هەزار کۆزاک بە سەرۆکایەتی کۆشقۆی سێمیان مۆرۆز بۆ ئارامکردنەوەی یاخیبووان فڕێدران. ئیتر کۆزاکەکان بەشدارییان لە چەندین شەڕی سەخت کردو، زیانێکی گەورەشیان پێکەوت، ئەمەش وای لە کۆزاکەکان کرد، بێهێز ببن و ورەو ئیرادەیان دابەزێت، لە ئەنجامدا گرووپێکی خوێنگەرم و چالاک لەناویاندا سەریانهەڵدا، کە پێیانوابوو

لەبری ئەوەی بەبێ شکۆمەندی لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئیستانبوڵدا بمرن، باشترە بگەڕێنەوە رووسیا. ساڵی ١٨٢٨ شەڕی رووسیاو تورکیا بوو، کۆزاکەکان چووبوونە پاڵ سوپای رووسیاو دژی تورکیا دەجەنگان. بەهۆی ئازایەتییان لە شەڕی تورکیاو داکۆکیکردنیان لە رووسیا، ئیتر دە(١٠) کۆزاک خەڵاتی خاچی سانت جۆرجیان پێبەخشرا. بەڵام هەموو ئەو کۆزاکانەی لە پاڵ تورکیا بوون، کەوتنە دۆخێکی زۆر خراپەوە، سیچەکانیان سووتێنرا، بەشێک لە کۆزاکەکان لە سێدارەدران و ئەوانی دیکەش لە چەک داماڵران و دەربەدەر کران.

لە راستیدا چیرۆکی گەشەسەندنی دۆنباس رەنگە کۆتایی نەیەت، ئەگەر لانیکەم چەند دێڕێک بۆ دۆنباسی رۆژئاوا تەرخان نەکەین کە ئێستا بەشێکە لە ناوچەی دنیپرۆپترۆڤسک، ئەم ناوچەیە وەک تەواوی ناوچەی نۆڤۆرۆسیا لە سەردەمی ئیمپراتۆریدا بووەتە بەشێک لە رووسیا. رووسیاش بەرگری لە مانەوەیان دەکرد، چونکە خاکی دۆنباس پڕ پیت و بەرەکەت بوو، دەیان کارگەی بەرهەمهێنانیان لێ وەبەرهێنابوو، کە ببوونە مایەی خێرو بێری زۆر بۆ رووسیاو بۆ خەڵکی ناوچەکە.بۆیە ئەگەر دانیشتوانی سەدەی هەژدە کە لە دۆنباس نیشتەجێ کرابوون، ببوون بە جووتیارو کاری کشتوکاڵیان دەکرد،

ئەوا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە دەچوونە کارگە پیشەسازییەکان و دەبوونە کرێکار. ئەمەش داهاتی کرێکارو پیشەییەکان زۆر زیاتر بوو لەوانەی کە کاری کشتوکاڵییان دەکرد.

**دۆنباس لە یەکەم جەنگی جیهانیدا**

سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی، کاریگەری تەواوی لەسەر ئیمپراتۆریای رووسیا دروستکردبوو، لەنێویاندا ناوچەی دۆنباس.ئەگەرچی دۆنباس لە قووڵایی دواوەی رووسیادا بوو، بەڵام گۆڕانکاری لەناکاویشی تێیدا روویدا.

هەرچەندە دۆنباس بە پلەی یەکەم بە خەڵووزو کانزاکانی ناسرابوو، بەڵام جۆرەکانی دیکەی پیشەسازی لێرەش لەبیرنەکرابوون. بۆنموونە یەکەم کارگەی نایترۆجین لە ئیمپراتۆریەتەکەدا لێرە لە یوزۆڤکا، لە شوباتی ساڵی ١٩١٧ کرایەوە. بەگشتی دوای سەرهەڵدانی یەکەم جەنگی جیهانی ، گەشەسەندنی خێرای پیشەسازی کیمیایی لە دۆنباس دەستییپێکرد، کە بەرهەمەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ پێداویستییە سەربازییەکان بوون.

دوای دەستلەکارکێشانەوەی نیکۆلاسی دووەم لەسەر کورسی پاشایەتی لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩١٧ ، خاکی ئیمپراتۆریای رووسیا بە کردەوە هیچ سەرکردایەتییەکی ناوەندی تێدا نەما. حکومەتی کاتی بە روونی نەیتوانی لەگەڵ ئەرکەکانی خۆیدا بگونجێت و دەوڵەت لەکارەکانی دەرچوو. بەلام بەو پێیەی دەسەڵاتی ناوەند لاواز بوو، ئەوانەی کە ئامادە بوون سوود لەم شتە وەربگرن لەسەر زەوی، بەخێرایی دۆزرانەوە. کەواتە لە کییڤ، رادای ناوەندی سەریهەڵدا، کە حکومەتی کاتی پترۆگراد دانیپێدا ناو تەنانەت لەگەڵ دروستکردنی یان ئۆکرانیایەکی سەربەخۆ رازی بوو. تەنیا شتێک ئەوەبوو کە هەمووان نەیانتوانی لەسەر سنووری قەوارە سیاسییە نوێیەکە رێکبکەون. نوێنەرانی کییڤ لە پایتەختی ئیمپراتۆریای پێشوو لە مانگی حوزەیرانی ١٩١٦ –١٩١٧هەوڵیاندا دان بە و دەسەڵاتی دادوەرییەی خۆیان بنێن کە بەسەر خاکە فراوانەکانی باشووری رووسیادا دروستیانکردبوو، بەدەستبهێنن. لە ئەنجامی مشتومڕی نێوان هێزەکان و دیموکراتە رۆشنبیرەکان و هێزەکانی دیکە، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە سێ پارێزگاکانی (نۆڤۆرۆسیسک – ئێکاتێرینۆسلاڤ، خێرسۆن، تاوریدا – خارکێڤ و بەشێکی چێرنیهیڤ لەو خاکانە کێشرانەوە کە لەلایەن رادای

ناوەندییەوە کۆنترۆلکرابوون. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە سیاسەتمەدارانی کییڤ و پترۆگراد مشتومڕیان لەسەر ئەوەبوو کە دانیشتوانی ئەو پارێزگایانە کێشەیان لەسەرەو بڕیار درا بە ئەقڵ و ئارەزووی خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. بۆیە هەر لەمانگی ئاداری ساڵی ١٩١٧ یەکەمین کۆنفرانسی سۆڤێتەکانی دۆنباس لە شاری باخموت بەڕێوە چوو. دوای مانگێک کۆنگرەی یەکەمی ناوچەیی سۆڤێتەکانی حەوزی دۆنێتسک و کریڤۆی رۆگ لە خارکێڤ کۆبوونەوە، کە لیژنەی ناوچەیی دۆنکریڤباسی دامەزراندو رێسایەکی سەبارەت بە پێکهاتەی رێکخراوەیی ئەنجوومەنەکانی حەوزی دۆنێتسک و کریڤۆی رۆگ پەسند کرد. لە تەمووزی ساڵی ١٩١٧ کۆنفرانسی ناوچەیی لە خارکێڤ بەڕێوەچوو، کە لیژنەی ناوچەیی خۆی پێکیهێنابوو. بەلشەفیکەکان وەک سەرکردەی خۆیان ئەو کەسەیان هەڵبژارد کە دڵخوازی جەماوەر بوو، پیاوێک کە چارەنووسێکی ئەفسانەیی هەبوو، فیۆدۆر سێرگیڤ، بیرۆکەی گۆشەگیرکردنی دۆنکریڤباس بۆ ناوچەیەکی جیاواز پاڵنەرێکی نوێی وەرگرت و وردە وردە دەستی بە جوولەی پراکتیکی کرد. لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا رادای ناوەندی(نیمچە کیشوەری ناوەندی) دروستکردنی کۆماری گەلی ئۆکرانیای لەگەڵ سێیەمین گەردوونی خۆی

راگەیاند. بەگوێرەی رادا هەردوو پارێزگای کییڤ، پۆدۆلسک، ڤۆلین، پۆلتاڤا، چێرنیگۆڤ کە پێشتر بەڵێنیان پێدرابوو، هەروەها کاتێرینۆسلاڤ، خارکیڤ، خێرسۆن، تاورید – بەبێ کریمیا - لەخۆ گرتبوو. لە بەرانبەردا پلینۆمی دەستەی بەڕێوەبەری سۆڤێتەکانی دۆنکریڤباس نزیکەی بەکۆی دەنگ گەردوونی سێیەمی رادای ناوەندی ئیدانە کردو دژی دەستدرێژییەکانی رادا بۆسەر خاکی دۆنکریڤباس هاتە دەنگ. هەر لەو کاتانەدا، بەلشەفیکەکانی ئۆکرانیا هەوڵی ئەوەیاندا دەسەڵات لە کییڤ بگرنە دەست، بەڵام کاتێک کۆنگرەی یەکەمی سۆڤێتی ئۆکرانیا لەوێ بەسترابوو، دەرکەوت کە بەلشەفیکەکان لە کەمینەیەکی رەهادا بوون. بۆیە بەلشەفیکەکانی ئۆکرانیا چوونە شاری خارکیڤ کە کۆنگرەی سێیەمی سۆڤێتەکانی دۆنکریڤباس لەوێ بەڕێوەدەچوو. دوای هاتنی ئەوانەی کییڤ ، ناوی کۆنگرەکەش گۆڕدرا بۆ (یەکەمین کۆنگرەی سۆڤێتەکانی جێگرانی کرێکاران و کۆڵبەرانی ئۆکرانیا)و لە ٢٥ ی کانوونی دووەمدا بەپێی ئەو شێوازە نوێیە، دروستکردنی ئۆکرانیای سۆڤێت راگەیەنرا. ناوی دەوڵەتەکەش وەک ناوی رادای ناوەندی – گەلی ئۆکرانیا – مایەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، هەموو ئەو دانیشتوانانەی کە کەوتبوونە نێو ئۆکرانیا، هەر هەموویان بە زمانی

رووسی قسەیان دەکردو ئەو زمانەیان بە زمانی فەرمی خۆیان دەزانی. سەرەڕای ئەوەش بیرۆکەی ئەوەی کە حەوزی دۆنێتسک و کریڤۆی رۆگ وەک ناوچەیەک دەستنیشانکرا کە بەشێک نین لە ئۆکرانیا، ئەمە لە بڕیارنامەی کۆبوونەوەی گشتی سۆڤێتی خارکێڤ لە ٢٤ ی نۆڤەمبەردا پەسند کرابوو. پێنج رۆژ دواتر ، لە لیدوانێک لەناو دۆما، ئەندامێکی فراکسیۆنی بەلشەفیک، ئی لۆگانۆڤسکی، ئاماژەی بەوە کرد کە پارێزگای خارکێڤ و دۆنباس سەر بە ئۆکرانیا نییە. ئیتر لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ شۆڕشگێڕەکان دەستیان بەسەر کییڤ دا گرت و ئیتر وردە وردە شارەکانی دیکەش دەستیان بەسەردا گیرا.

دۆنباس ناوچەیەکی پیشەسازی زۆر گرنگ بوو، جگە لەوەش یەدەگی خەڵووزەکەی گرنگییەکی ستراتیژی هەبوو، بۆیە هەمیشە کێشەو شەڕی گەرمی بەدواوە هاتووە. دیارە ئەڵمانەکانیش لە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا یەکسەر پەلاماری ئەو ناوچانەیان داوەو ، لە هەردوو شەڕە جیهانییەکەشدا، ئۆکرانیا دواجار پەنای بردۆتە بەر سۆڤێت رزگاری بکات، ئەگەرچی لە هەردوو شەڕەکەدا، سەرەتا ئەڵمانیا بەبێ شەڕێکی سەخت گەیشتۆتە ئەو ناوچانەی کە سەر بە ئۆکرانیا بوون، تەنانەت پێشوازیشیان لە سوپای ئەڵمانی کردبوو. ساڵی

١٩١٨ چەندین شەڕی سەخت و لە چەندین قۆڵەوە لەنێوان سوپای ئەڵمانی و سوپای رووس دژ بە یەکدی لەسەر خاکی ئۆکرانیا(ناوچەی دۆنباس)و شارەکانی دیکەیش بەرپا بوو . ئەم شەڕەماڵوێرانییەکی بەرفراوانی دروستکرد، تەنیا لە رووی لەدەستدانی گیانی مرۆییەوە نەبوو، بەڵکو لە رووی ئابووریشەوە گورزی گەورەی بەرکەوت. لە پاییزی ساڵی ١٩١٨ لە کۆی ٦٥ کوورەی گەورە تەنیا دوو کوورەی گەورە لە ناوچەکە کاریان دەکرد. لە کۆی ١٠٢ کوورەی کراوەش تەنیا حەفت کوورەی گەورە کاریان دەکرد. بەلشەفیکەکان کە لە شەڕی ناوخۆدا سەرکەوتن ، وڵاتێکی تەواو خوێناویان بۆ مابۆوە، کە ئابوورییەکەی بۆ دەیان ساڵ بۆ دواوە گەڕێندرابۆوە. توانەوەی ئاسن لە ساڵی ١٩٢٠ تەنیا %٥ ی قەبارەی ساڵی ١٩١٦ بوو. ئەمە جگە لەوەی گرنگی ناوچەی دۆنێتسک تەنیا زەوییەکەی نەبوو ، بەڵکو ئەو ناوچەیە لە رووی دەریاییشەوە، بە شوێنی لەدایکبوونی هێزی دەریایی یەکێتی سۆڤێت دادەنرێت.

بەڵام دوای هەموو ئەمانەی باسمان کردن و ، دوای وردبوونەوەیەک بەناو مێژووی تەواوی ئەو ناوچەیە، راستییەک هەیە نابێت بیرمان بچێتەوە، ئەویش ئەوەیە تا سەرەتای شەڕی ناوەخۆ کە ساڵی ١٩١٨ دەگرێتەوە، تا

ئەو کاتەش هێشتا گەلێک یان روونتر بڵێین نەتەوەیەک نەبووە بەناوی گەل و نەتەوەی ئۆکرانیا. دانیشتوانی باشووری رۆژئاوای ئیمپراتۆریای رووسیا لە زۆربەی بەشەکانیدا بیریان لە نەتەوەی تایبەتی خۆیان نەکردۆتەوە، بەڵکو خۆیان بە رووسی لۆکاڵی ئۆرتۆدۆکس زانیوە. کەم بوون ئەوانەی خۆیان بە ئۆکراینی دادەنا. بەڵام لینین بە ناڕەزایی حیزبی بەلشەفیک و بە ناڕەزایی توندی رۆزا لۆکسەمبۆرگ، بۆ یەکەمجار کۆمارێکی بۆ ئۆکرانییەکان پێکهێنا، بەڵام ناوچەی دۆنباس هەر سەر بە خاکی رووسیا مایەوە. کۆماری ئۆکرانیاش لە ساڵی ١٩٢٢ بووە پێکهێنانی یەکێتی سۆڤێت کە ئەو یەکێتی سۆڤێتە زۆر کۆماری دیکەی لەخۆ گرتبوو . ئیتر کۆماری ئۆکرانیا بە تەواوەتی رووخسارو شێوەی رووسیای یەکێتی سۆڤێتی بەخۆوە گرت، تەنانەت لە رووی کولتوورو فەرهەنگ و داب و نەریتەکانیانەوە، رووس بوو بە نەتەوە زەبەلاحەکەی هەموو جیهان. ئۆکرانیاش شانازییان بە رووسی بوونی خۆیانەوە دەکرد. بەڵام ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەلشەفیکەکان چی بیروباوەڕو فەرهەنگی کۆن هەبوو پێچایانەوەو، سیستەمێکی نوێی فیکری- سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتی – فەرهەنگییان دامەزراند. لە ساڵی ١٩٢٣ خەڵکی دۆنباس بە رووسی قسەیان دەکرد، حەفت

گۆڤاریان دەردەکرد کە پێنج گۆڤار بە زمانی رووسی دەردەچوو، نۆ رۆژنامەیان دەردەکرد هەشت رۆژنامە بە زمانی رووسی دەردەچوو، ئەویتریش لە یەککاتدا بە دوو زمان دەرچووە! بەلآم لە ساڵی ١٩٣٤ لە ناوچەی دۆنێتسک لە کۆی ٣٦ رۆژنامەی ناوخۆیی، ٢٣ رۆژنامەیان بە زمانی ئۆکراینی دەردەچوو. هەشت رۆژنامەیان ٣/٢ ی زمانی ئۆکراینی بوو. سێ رۆژنامەیان بە زمانی یۆنانی – هێلینی بڵاودەکردەوە، تەنیا دو رۆژنامەیان بە رووسی دەردەکرد. بەلآم گرفتەکە ئەوە بوو، خەڵکی دۆنباس هەر جۆرە چاپەمەنییەک کە بە زمانی ئۆکراینی بوایە نەیاندەکڕی، تەنیا ئەو بڵاوکراوانەیان دەکڕی کە بە زمانی رووسی بوایە. بۆیە زۆربەی رۆژنامەکان بۆ ئەوەی بژین ناچار بوون بەرگێکی دیکە لەبەرخۆیان بکەن: مانشێتەکانیان بە زمانی ئۆکراینی چاپدەکردو ناوەرۆکی بابەتەکانیان بە زمانی رووسی چاپدەکرد. بەلآم دۆنباس تا ساڵی ١٩٩١ وەک ناوچەیەکی سەر بە رووسەکان مایەوە کە یەکێتی سۆڤێت بوو.

بە کورتی ناوچەی دۆنباس لە رووی مێژووییەوە سەر بە رووسیاو ئۆکرانیایە. لە دوای لەباریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت، دۆنباس بۆتە بەشێک لە ئۆکراین، بەلآم هێشتا مشتومڕی تاڵ و توندی لە نێوان رووسیاو ئۆکراین

لەسەرە. دۆنباس (رووبەری حەوزی رووباری کۆن، لە ئێستادا لە%٨٥ لە ناوچەی ئۆبلاستەکانی ئۆکرانیای تازە لە دۆنێتسک و لوهانسکدایە).دۆنباس لە رووی ستراتیژەوە پێگەیەکی بەهێزو گرنگی بۆ هەردوو وڵات هەیە، چونکە یەکێک بووە لە ناوەندە پیشەسازییە پێشەنگەکان لە هەردوو ئیمپراتۆریای رووسیاو یەکێتی سۆڤێت. دۆنباس تەنیا لە %٩ خاکی ئۆکرانیا پێکدەهێنێت. بەڵام لە %١٧ ی دانیشتوانەکەی ئۆکرانییەو لە %٢١ بەرهەمی پیشەسازی پێکدەهێنن.

کەوانەیەکی تەواوی خاکی ئۆکراین لە خارکێڤەوە لە باکووری رۆژهەڵاتەوە تا ئۆدێسا لە باشووری رۆژئاوا کە کێبرکێیەکی گەرمی لەنێوان ئۆکرانیاو رووسیادا هەیە، زیاتر لە سێ لەسەر چواری ، واتا ٩ ملیۆن و سەد هەزار کەمینەی رووسی و یازدە ملیۆن و چوارسەد هەزار ئۆکراینی لەم کەوانەیەدا دەژین، کە رۆژهەڵات و باشووری ئۆکرانیایە. ئەمەش گەورەترین رێژەی دانیشتوانە لە ئۆکرانیا. جگە لە دۆخی تایبەتی کریمیا. ژمارەیەکی زیاتر کە لە %٦٦ ی دانشتوانی دۆنباس لە ساڵی ١٩٨٩ رایانگەیاندووە کە زمانی رووسی زمانی زگماکی ئەوان بووە.

له زاپۆریژیا یان خارکێڤ ناکۆکییەکی کەم لەسەر ئەوەی کە ئەم دوو هەرێمە سەردەمانێک بەشێکبوون لە ئۆکرانیای مێژوویی، بە مێژووی هاوچەرخی ئۆکراینیشەوە. لەلایەکی دیکەوە، لە کریمیا پێوەندییە مێژووییە بەهێزەکانی نیمچە دوورگەکە لەگەڵ رووسیادا ئەستەمە پووچەڵ بکرێتەوە. تەنیا لە دۆنباسدا مێژووی ناوچەکە زۆر بە تاڵ و سوێری کێبڕکێی لەسەرە.

## دۆنباس لە دوای یەکێتی سۆڤێت

له رووی مێژووییەوە دۆنباس هەمیشە پێوەندی بە رووسیاوە هەبووەو، ئەم پێوەندییە لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤێتیش هەر بەردەوام بووە. لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا دەرکەوت کە لەرووی کولتووری و ئابوورییەوە ناوچەکانی دۆنێتسک و لوگانسک زۆر لە فیدراسیۆنی رووسیا نزیکترن وەک لە ئۆکرانیا . دوای ئەوەی کییڤ دەستیکرد بە پێڕەوکردنی سیاسەتێکی ناسیۆنالیستی تا دێت لە بواری مرۆیی، هەستی لایەنگری رووسیا بەشێوەیەکی سروشتی لە دۆنێتسک دەستی بە چڕبوونەوە کرد، کە بە هۆی خراپتربوونی دۆخی ئابووری ناوچەکە بەهۆی پچڕاندنی زۆرێک لە پێوەندییە ئابوورییە

دامەزراوەکان لەگەڵ کارگەکانی پێشوودا، سووتەمەنییان پێدرا، بە لەبەرچاوگرتنی لاوازی گشتی رووسیا لە ساڵانی نەوەدەکاندا، هەروەها خواستی نوخبەی ناوچە تازە پێگەیشتووەکان بۆ ئەوەی تا دەتوانن لەلایەن هەر ناوەندێکی دەسەڵاتی دەرەکییەوە کۆنترۆل نەکرێن، ئەم هەستانە تا دێت خواستێکیان بەدەستهێنا کە خۆیان لە کییڤ دوور بخەنەوەو بەو هۆیەوە خۆیان بپارێزن . بەڵام خواستی یەکخستنی فەزای دوای سۆڤێت لە یەک فەزای ئابووری و سیاسیدا گەورە بوو. راستە لە هەمان کاتدا ئیتر باسی گەڕانەوەی یەکێتی سۆڤێت نەدەکراو ئەو کۆمەڵە نوێیە وەک یەکێتییەکی نزیک لە دەوڵەتە سەربەخۆکان بیری لێدەکرایەوە. بۆیە لە ساڵی ١٩٩٤ لە هەرێمەکانی دۆنێتسک و لوگانسک راپرسی ریفراندۆمێک کە راپرسییەکی راوێژکاری بوو ، وەڵامی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم هەرێمانە لەگەڵ ئەوەدا بوون دەستووری ئۆکرانیا فیدراڵی بێت و زمانی رووسی و ئۆکرانی پێکەوەیی بێت و ئیتر هەموو ئەو پرسیارانەی کرابوون بە هاوبەشی ئۆکرانی – رووسی وەڵامدرابوونەوە.

## حیزبی سیاسی لە ئۆکرانیا دوای رووخانی یەکێتی سۆڤێت

حیزبی سیاسی لە ئۆکرانیا لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤێت، زۆر بە خێرایی گەشەی سەند، بەجۆرێک وایلێهاتبوو هەر گرووپەو حیزبێکیان بۆخۆیان پێکهێنابوو، کە بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان ژمارەی ئەو حیزبانەی لە ئۆکرانیا دوای رووخانی سۆڤێت دروستببوون گەیشتبووە سەد(١٠٠) حیزبی سیاسی. لەکاتێکدا تا یەکێتی سۆڤێت مابوو، ئۆکرانیا خاوەنی تەنیا یەک حیزبی سیاسی بوو، ئەویش ئەو حیزبە بوو کە فەرمانڕەوا بوو. گرفتەکە لێرەدایە، کاتێک هەر گرووپێک بۆ خۆی حیزبێکی سیاسی دروستدەکرد، کەچی حیزبی کۆمۆنیستی ئۆکرانیا لە ئۆکرانیا قەدەخە کراو، رێگای کارکردنیان پێ نەدا!!. بۆیە لە ساڵی ١٩٩٢ لایەنگران و پاشماوەی فیکری لینین دەستیان بە کارکردن کرد لەسەر گەڕانەوەیان بۆ ناو سیاسەت و سەر شەقام، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٣ کۆنگرەیەکیان لە دۆنێتسک بەست، کە پێنجسەد نوێنەری کۆنگرە تێیدا ئامادەبوون. لەو کۆنگرەیەدا بڕیار درا حیزبی شیوعی ئۆکرانیا بگەڕێندرێتەوەو، پێترۆ سیمۆنێنکۆ سکرتێری دووەمی پێشووی کۆمیتەی ناوچەیی دۆنێتسکی حیزبەکە، وەک سەرۆکی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا، ئیتر ئەم حیزبە تا

کۆتایی ساڵانی نەوەدەکان بەسەر ناوچەی دۆنباسدا زاڵ بوو، دەیان نوێنەری خۆی دەگەیاندە ناو پەرلەمانی ئۆکرانیا. بەڵام دوای نەوەدەکان وردە وردە جەماوەرییبوونەکەی لە دەست دا، هەرچەندە تا ساڵی ٢٠٠٤ پەرلەمانتاری لە پەرلەمان هەر هەبوو.

بەڵام حیزبی بووژانەوەی ناوچەیی ئۆکرانیا، کە لە ساڵی ١٩٩٧ دامەزرا، دوایی ناوی لێنرا حیزبی هەرێمەکان. لە بنەڕەتیشدا ببوو بە حیزبی دۆنباس. دروستکەرانی ئەم هێزە دەوڵەمەندترین و کاریگەرترین کەسانی دۆنباس بوون: ڤلادیمێر ریباک، یەفیم زڤیاگلیسکی، ڤالێنتین لاندیک، تواناکانی ئەمانە وایانکرد لە چەند ساڵێکدا بتوانن پێکهاتەیەکی بەرفراوانی حیزبیی دروستبکەن کە هەموو وڵات بگرێتەوە، هەرچەندە هەرێمی بنکەی ئەم هێزە هەمیشە دۆنباس بووە. جێگای سەرنجە جگە لە کەسانی جدی دۆنێتسک، پیترۆپۆرۆشینکۆ بازرگانێکی ڤینیتساو لیۆنید چێرنڤێتسکی بانکدار بەشدارییان لە دروستکردنی پارتی هەرێمەکاندا کرد، کە هەر زوو ریزەکانی بەجێهێشت بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆژە سیاسییەکانی دیکەدا بکەن کە ناوبانگیان بۆ هێناو ، تا وایلێهات پۆستی سەرۆکی ئۆکرانیاو سەرۆکی شارەوانی کییڤ ی وەرگرت.

بەڵام حیزبەکانی کۆمۆنیستی و پاشماوەی بیرۆکەی لینینی و سۆڤێتی، نەیانتوانی لەگەڵ ئەو کەش و هەوایە نوێیەی کە ئاوازی جیاوازو دژ بە یەکدی لێ دەخوێنرا، نەیانتوانی بتوانن زۆرینەی رەهای جەماوەری ئۆکرانی و هەرێمەکانی دی بەلای خۆیاندا رابکێشن، بۆیە زیاتر بەرەو لاوازی و بەرەو بچووکبوونەوە رۆیشتن.

ئێمە لێرەدا باسی ئەم هەموو حیزب و ئەم هەموو گرووپە هونەری و ئەدەبییە ناکەین کە هەر لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤێت هاتنە سەر شانۆی سیاسی ئۆکرانیاو، بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە، چالاکی جۆراوجۆریان دەنواند، بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەم ورووژاندن و ئەم جۆش و خرۆشە، بە زوویی نەکوژایەوە، هەمیشە خۆپیشاندان و هوتافکێشانی لەگەڵدا بووە، هەمیشە ماندوو نەدەبوون. رێکخراوێک بکوژابایەوە، چەندین رێکخراوی تر دەهاتنە گۆڕەپانەکە. ئەم گەرم و گوڕییە تا دەستبەسەرداگرتنی کریمیا لە لایەن رووسیا لە ساڵی ٢٠١٤ هەر بەردەوامبوو، دوای ئەو ساڵەش هەر درێژەیان هەبوو. بەتایبەت زۆربەی ئەو ساڵانەی لە ئۆکرانیا هەڵبژاردن دەستیپێدەکردو تا ئەنجامەکەش رادەگەیەنرا، تەوژمی خۆپیشاندان بەتەواوی پەرەیدەسەند. تا شۆڕشی پرتەقاڵی لێ هاتە بەرهەم و

دەیان هەزار کەسیان  لەناوچەکانی رۆژئاوای ئۆکرانیاوە هێنایە کییڤ. سیاسەتمەدارانی ئەوروپی و ئەمریکیش بە توندی هاتنە سەر خەت و دەستیان لەناو هەموو کارو چالاکییەکاندا هەبوو کە لە ئۆکرانیا بەڕێوە دەچوون. سەرەنجام شۆڕشی پرتەقاڵی بە روونی نیشانیدا کە ئۆکرانیا دابەشکاری کەوتۆتە ناوی و دژایەتییەکانی رۆژئاوای ئۆکراینی زمان و رۆژهەڵاتی رووسی زمان تا دێت بەهێزترو بەهێزتر دەبن. ئەو ململانێیە توندەی نێوان دۆنباس و رۆژئاوای ئۆکرانیا هێندە توند بوو، گەیشتبووە ئەوەی بەڵگەو دیکیۆمێنت بەسەر یەکدیدا بڵاوبکەنەوەو کەسانی دڵسۆزیشی پێ تاوانبار بکەن، بەتایبەت رۆژئاوای ئۆکرانیا، بەردەوامبوون لە ناشیرینکردنی ناوچەی رۆژهەڵاتی وڵاتەکەیان کە ناوچەی دۆنباسی بە خەستی گرتبۆوە. ئیتر ئەنجامی ئەم هەموو ناکۆکی و ئەم هەموو توندڕەوییەی رۆژئاوای ئۆکرانیا بوو (بۆ نموونە هەموو هەوڵی ئەوەبوو زمانی رووسی پەراوێز بخات و لەشوێنیدا زمانی ئۆکراینی ببێتە زمانی فەرمی وڵات و زمانی نووسین و  قسەپێکردن، بەڵام لە بەرانبەردا هێزێکی جەماوەریی هەبوو کە هەزمی ئەوەیان نەدەکرد دەست لە زمانی رووسی هەڵگرن کە سەدان ساڵە بەکاریدەهێنن و بە زمانی رەسەنی خۆیانی دەزانن)، ئەمانەو زۆر هۆکاری دیکە کە

هەموویان بۆ رووسیا جێگای نیگەرانی بوون، دەستبەسەرداگرتنی کریمیای لێکردەوەو، دواتریش وایانکرد پوتین هانبدەن هێرشی سەرزەوی بکاتە سەر ئۆکرانیا، کە ئێستا ئۆکرانیا بووەتە سوتماک و بە تەواوی وێران بووە. رۆژئاواش بەتایبەت ئەوروپاو ئەمریکاو کەنەداو ...هتد شەڕی خۆیان لە بەرانبەر رووسیا بە وەکالەت سپاردووەو، نایانەوێ ئەو شەڕە بکوژێتەوە.

یوشچنکۆ هەر کە بوو بە سەرۆک کۆمار، بەرانبەر بە رووسیا زۆر لە ڤلادیمێر زیلینسکی خراپتری کرد. دەستیکرد بە پێڕەوکردنی هەمەلایەنەی دژە رووسیا. یەکێک لە ئاراستەکان نووسینەوەی مێژوو بوو بە رۆحی نازی و ئاوارەبوونی زمانی رووسی لە هەموو بوارەکانی چالاکی لە ئۆکرانیا. لە دۆنباس کە زمانی رووسی بە رەهایی بوو، ئەم بڕیارە بۆ ئەوان زۆر بە ئازار بوو. بووە هۆی ئەوەی خەڵکەکە بیر لە بەرەنگاربوونەوە بکات، واشیان کرد. ئەنجومەنی شارو شارۆچکەکانی ناوچەکانیان کۆبوونەوەو بڕیاری خۆیان دا کە زمانی رووسی زمانی یەکەمی دانیشتوانەکەیانە. ئیتر ناسیۆنالیستە ئۆکراینییەکان و داواکاری گشتی سکاڵای یاساییان تۆمارکردو داوای هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارەیان دەکرد کە لە ناوچەی دۆنباس دەرچووە. ئەمەش خەڵکی

دۆنباسی زۆر ماندوو کرد، چونکە داواکاری گشتی و یاسا بەتەواوی دژی هەست و بیروباوەڕی خەڵکی دۆنباس بوون. بەسەرهات و رووداوو ناکۆکییەکان یەکجار زۆرن، بۆ ماوەیەکی زۆریش تەنانەت تا هەڵگیرساندنی شەڕی رووسیاو ئۆکرانیا هەر بەردەوام بوون.

## ئۆکرانیاو یەکێتی ئەوروپا

لەنێوان ماوەی بودجەی ساڵی ۲۰۰۰ بۆ ۲۰۰٦ یارمەتی دارایی یەکێتی ئەوروپا بۆ ئۆکرانیا خرابووە نێو پرۆگرامی هاوکاری تەکنیکی بۆ کۆمۆنوێلسی سەربەخۆ(TACIS )و جێگیرکرا. ناوچەی رۆژئاوای ئۆکرانیا زیاتر لایەنگری ئەوروپان، بەڵام ناوچەی رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا مەیلیان زیاتر بۆ رووسیایە. بەگشتی دانیشتوانی ئۆکرانیا لەگەڵ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپادا بوون، پلانی کۆمەڵەی یۆرۆ – ئۆکرانی لە ساڵی ۲۰۱۲ دەستپێکردو مەبەست لێی واژۆکردن بوو لە دوو بەشدا کە بریتی بوون لە بەشی سیاسی و ئابووری. بەڵام ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ کە لایەنگری رووسیا بوو، رێکخستنەکانی پەیماننامەی کۆمەڵەی راگرت. وەستانەکە بووە هۆی هەڵمەتێکی لایەنگرانی ئەوروپی دژ بە ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ کە ئەنجامەکەی

دەرکردنی ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ ی لێکەوتەوە. لەو ڕاپرسییانەی کراون، زۆرینەی خەڵک لەگەڵ چوونی ئۆکرانیان بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا. بەڵام ناوچەی دۆنباس بەتایبەت هەردوو پارێزگاکەی کە بریتین لە دۆنێتسک و لوهانسک مەیلی زیاتریان بۆ رووسیا بووە.

## ڕۆژئاواو رووسیاو ئۆکراین

دەستێوەردانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بۆسەر ئەوروپای ڕۆژهەڵات مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە کە بۆ پێنجسەد (٥٠٠) ساڵ پێش زاین واتا بۆ (٢٥٠٠) ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی یۆنانی کۆن کەوتبووە بەردەم هەڕەشەکانی ئیمپراتۆریای فارس. هەر لەوکاتەوە کە دووهەزارو پێنجسەد(٢٥٠٠)ساڵ پێش ئێستایە، ململانێی نێوان فارس و یۆنان ، کیشوەری ئەوروپای لەبەرانبەر ڕۆژهەڵات بەسەر دوو بەرەی شەڕدا دابەش کردبوو . پێش رووخانی ئیمپراتۆریای رۆم و دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، ناکۆکی نێوان ئاسیاو ئەوروپا بە قووڵی دەستیپێکرد.

رووسیا ماوەیەکی درێژە بەدەست ڕۆژهەڵاتبوون و ڕۆژئاوابوونەکەی گیری خواردووە، لەماوەی ساڵانی

١٧٠٠ تا ١٩٠٠ز ئەم بابەتە قووڵتر بووەوەو نووسەرو رووناکبیرەکانی بابەتی جیاوازو جۆراوجۆریان خستۆتە روو، بەڵام رووسیا نەیتوانی لە هەڵبژاردنی یەک ڕێگا لەنێوان ئەو دوو کۆمەڵگایە کاریگەرەدا بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات.

سالی ١٦٥١ دوای چەندین شەڕی توند، دواجار لە شەڕێکی نزیک شارۆچکەی بێرێستێکۆ لە ڤۆلهینیا ، تاتارەکانی کریمیا لە ناوەڕاستی شەڕەکەدا گۆڕەپانی شەڕەکەیان بەتاڵ کرد. ئەمەش بووە هۆی گەمارۆدان و لەناوبردنی ناوەکی سوپای کۆزاکەکان. خمێلنیتسکی کە لەگەڵ خان پێکەوە پاشەکشەیان کرد، تا ئازادکرنی بوو بە بارمتەی هاوپەیمانەکەی بۆ ڕێکخستنەوەی بەرگرییەکانی و ڕێگریکردن لە لەناوچوونی تەواوەتی دەوڵەتی کۆزاک. پشتبەستنی بە تاتارەکانی کریمیا بەکارەسات کۆتایی هاتبوو. لە پاییزی ساڵی ١٦٥١ دا خمێلنیتسکی دانوستاندنەکانی بۆ ڕێککەوتنێکی نوێی کۆمۆنوێلس کرد، کە تۆماری کۆزاکەکانی بۆ نیوە بردرا بۆ بیست هەزار(٢٠٠٠٠)پیاو، لەکاتێکدا خاکی کۆزاکەکان بچووککرابۆوە بۆ پالاتینی کیێڤ ، ئەوانەی براتسلاڤ و چێرنیهیڤ بڕیار بوو بگەڕێنەوە بۆ دەسەلاتی دادوەری ڕاستەوخۆی کۆزاک. بەو پێیەی ئەو مەرجە پڕ نەبوو،

شەڕێکی دیکە بە روونی لە ئۆنگدا بوو. دەوڵەتی کۆزاک پێویستی بە هاوپەیمانی نوێ بوو. خمێلنیتسکی سەرنجی لەسەر میرنشینی مۆڵداڤیا بوو، لە کاتێکدا لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دەوڵەتێکی ژێردەستەی عوسمانییەکان بوو، بەڵام بە شێوەیەکی نەریتی کردەوەیەکی هاوسەنگی لەنێوان ئیستانبوڵ و وارشۆدا ئەنجامدابوو. لە ساڵی ١٥٦٠ هێتمانی کۆزاک مۆڵداڤیای ناچار کرد هاوپەیمانییەکی فەرمی ببەستێت ئەویش بە ناردنی سوپای کۆزاک بۆ ئەوێ، تا بەسەر فەرمانڕەوای مۆڵداڤیا زاڵ بوو. ساڵی ١٦٥٢ خمێلنیتسکی جارێکی دیکە هەزاران یەکسانکەری کۆزاکی بۆ مۆڵداڤیا نارد. لە رێگادا لە شەڕدا لە باتیح سوپایەکی گەورەی پۆڵۆنیایان شکست پێهێناو دواتر لە بارەی ڤاسیلێ لوپو ئاهەنگی هاوسەرگیری تیمیش و رۆکسانادیان گێڕا. بەم رێگایە خمێلنیتسکی پێوەندی بە یانەی فەرمانڕەوا ناسراوەکانی نێودەوڵەتییەوە کرد. بەڵام سنوورێک هەبوو بۆ ئەوەی کە خمێلنیتسکی چەندە دەتوانێت بۆ هاوپەیمانی خۆی بەدەستیبهێنێت لەگەڵ عوسمانییەکان و ئەوانەی وابەستەن پێیانەوە. ئەمەش لە ساڵی ١٦٥٣ تەواو ئازاربەخش بوو. کاتێک کۆزاکەکان شەڕێکی دیکەیان دژی شاری جڤانیتس لە پۆدۆلیادا کرد، دیسانەکە رێگرییان لە سەرکەوتنی کۆزاکەکان کردو بەو

شێوەیە شەڕەکە کۆتاییهات کە شانشینی پۆلۆنیاو هێتمانانی کۆزاک گەڕانەوە بۆ گرێبەستێک کە لە زاپۆریڤ کردبوویان. تۆمارێکی کۆزاکەکان کە چل هەزار کەسی تێدابوو، سێ کۆزاک لەژێر کۆنترۆڵی کۆزاکەکاندا هەموویان دەیانزانی ئەوە وەستانێکی دیکەیە، نەک سازشێکی مانادار یان ئاشتییەکی بەردەوام بێت. کۆزاکەکان هەموو ئۆکرانیاو بێلارووسیایان دەویست، لە کاتێکدا پاشاو بەتایبەت ڕێجیمەکان بەرەنگاری دانپێدانان بە دەسەڵاتی کۆزاکەکان ببوونەوە.

خمێلنیتسکی و دەوڵەتی کۆزاک دەبوو بە دوای هاوپەیمانی جیاوازدا بگەڕێن. سازشکردنی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆمۆنوێلس خەریکبوو ببێتە مەحاڵ و ، کۆزاکەکان نەیاندەتوانی بە تەنیا لەگەڵ دوژمنێکی بەهێزدا بژین. کریمیاییەکان ڕێگەیان پێدەدان بەرانبەر بە پۆلۆنیاییەکان بوەستن، بەڵام نەیاندەتوانی شکستیان پێبهێنن، عوسمانییەکان ئامادە نەبوون سەربازەکانیان پابەند بکەن و هاوپەیمانی مۆڵدازیا بە کارەساتێکی کەسی بۆ خمێلنیتسکی کۆتاییهات. لە ئەیلوولی ساڵی ١٦٥٣ کوڕە گەورەکەی کە تەمەن بیست و یەک ساڵ بوو، کاتی بەرگریکردنی لە قەڵای سوچیڤا (کەوتۆتە ڕۆمانیای ئێستا) لە دژی هێزە یەکگرتووەکانی والاپیاو ترانسیلڤانیا کە

سەرکردەکانیان هاوپەیمانی خمێلنیتسکی و لوپو نارازی بوون، کوژرا. لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٦٥٣ خمێلنیتسکی کوڕەکەی لە ئیستاتەکەی خۆی(موڵک وماڵی خۆی) لە سوبۆتیڤ لە نزیک چیهیرین بە خاک سپارد.

راپەڕینەکەی خمێلنیتسکی کە لە ٨/ ١٦٥٤/١ لە شارۆچکەی پێریاسلاڤ دا روویدا، لەو رۆژەوە بۆهدان خمێلنیتسکی و کۆمەڵێک ئۆکسێری کۆزاکی کە بە پەلە کۆبوونەتەوە، سوێندی بەیعەتیان بە سەروەری نوێی ئۆکرانیا تزار ئەلێکسی رۆمانۆڤی مۆسکۆڤی خوارد. ئیتر لەو رۆژەوە مێژووی دوورو درێژو ئاڵۆزی پێوەندییەکانی رووسیاو ئۆکرانیا دەستی پێکردبوو، کۆتاییهات. لە ساڵی ١٩٥٤ یەکێتی سۆڤێت یادی (٣٠٠) ساڵەی یەکگرتنەوەی ئۆکرانیاو رووسیای کردەوەو ئاهەنگی بۆ گێڕا. واتاکەی ئەوە بوو کە هەموو ئۆکرانیا پێریاسلاڤی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی پێوەندی بە رووسیا بکەنەوەو سەروەری تزاریان قبوڵکردبوو. ئەوەی لە راستیدا لە پێریاسلاڤ لە ساڵی ١٦٥٤ روویدا، نە یەکگرتنەوەی ئۆکرانیا لە گەڵ مۆسکۆڤیا بوو(ناوی مۆسکۆڤیا لەلایەن پیتەری یەکەمەوە ناوەکەی بۆ رووسیا گۆڕدرا)، نە یەکگرتنەوەی دوو گەلی برایانەش بوو، وەک مێژوونووسانی یەکێتی سۆڤێت وایان

باسکردووە. کەس لە پێریاسلاڤ یان لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٦٥٤ دا بە زاراوەی نەتەوەیی بیری نەدەکردەوەو قسەی نەدەکرد. وتارەکەی بۆهدان خمێلنیتسکی لە ئەنجومەنی کۆزاک ئۆسەرەکان کە لە کەرستەی باڵیۆزخانەی مۆسکۆڤیدا تۆمارکراوە، هەندێک بیرۆکە دەدات ، کە چۆن هێتمانی ئۆکراینی کارەکانی خۆی پێشکەش کردووەو روونیکردەوە: (( ئێمە ئەنجومەنێکمان هەیە کە بۆ هەموو گەل کراوەیە ، بۆئەوەی ئێوە لەگەڵ ئێمەدا لە چوار کەس هەر کەسێکتان بوێت سەروەرێک بۆخۆتان هەڵبژێرن:

یەکەمیان تزار - سوڵتان – ی تورکە، کە زۆر جار لە رێگای ئەوەوە بانگەوازی بۆ ئێمە کردووە بۆ ئەوەی نێردراوان بێنە ژێر دەسەڵاتی ئەو. دووەمیان خانی کریمیا، سێیەمیان پاشای پۆلۆنیا، کە ئەگەر ئێمە بمانەوێت رەنگە هێشتا ئێمە بباتە ناو بەرژەوەندی خۆی. چوارەمیان سەروەری ئۆرتۆدۆکسی رووسی گەورە، تزار، شازادەی گەورە ئەلێکسی میخایلۆڤیچ، سەروەری رۆژهەڵاتی هەموو رووسەکانە کە ئێستا شەش ساڵە بە داوای بێ وەستان بۆ خۆمان داوای لێدەکەین. ئێستا ئەو کەسە هەلبژێرە کە ئارەزووی دەکەیت)). سەرەتاو کۆتاییەکە ئۆرتۆدۆکسی رۆژهەڵات وەک فەرمانڕەوای خۆیان هەڵبژارد. ئۆکرانیاو بێلارووس ماوەی نزیکەی چوارسەد ساڵە خۆیان لەناو

بەرداشی دەوڵەتانی دیکە قورتارکردو داهاتووی خۆیان لە رووسیادا دابەشکرد. ئەم رێککەوتن و هاوپەیمانێتییە ئەگەر چی بەپێی بارودۆخە ئاڵۆزەکان گۆڕانکاری تێدەکەوت، بەڵام گرفتەکەش ئەوە بوو خمێلنیتسکی ئەوەندەی دیکە نەژیا تا ئەم هاوپەیمانێتییە نوێیە نێودەوڵەتییە ببینێت، چونکە لە مانگی ئابی ساڵی ١٦٥٧ کۆچی دواییکردو ئەو دەوڵەتەی کە دروستیکردبوو، ئەو کۆزاکانەی کە سەرکردایەتیان دەکرد، لە گۆڕەپانێکدا بەجێهێشتن. هەرچەندە خمێلنیتسکی باوەڕی وابوو، کە هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ تزار پێشتر رێڕەوی خۆی بەڕێوە بردووە، بە فەرمی پابەند بوو بەو گرێبەستەی کە لە پێریاسلاڤ کردبووی. رووداوەکانی ئەوێ بوونە بەشێکی گرنگ لە میراتی گەورەو دژ بە یەکەکەی هێتمانی کۆن.

ئەوەی جێگای تێبینیکردنە ئەوەیە، کۆزاکەکان هەموو شتێکیان تاقیکردەوە، لە کریمیاو عوسمانییەکانەوە دەستیان پێکردو بە مۆسکۆڤیاو سوید و پۆلۆنیادا کۆتاییان هات، هیچ شتێک سەرکەوتوو نەبوو. یەکێتی نەک تەنها ئۆکرانیای کۆزاکی بەڵکو خاکەکانی ئۆکرانیا بە گشتی لەدەستچوو. تا کۆتایی سەدەی هەژدە زۆربەی ئۆکرانیا کە پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی پۆلۆنیادا بوو، لە نێوان پۆلۆنیاو

رووسیادا بە دابەشکراوی دەمینێتەوە. دابەشبوون کاریگەری قووڵی لەسەر شوناس و کولتووری ئۆکرانیادا بینیوە.

لە سەدەی هەژدەدا، گۆڕانکارییەکی گەورە لە جیۆپۆلەتیکی رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپادا هاتنە ئاراوە. تایبەتمەندی و هۆکاری سەرەکی هێزی سەربازی و کاریگەری جیۆپۆلەتیکی ئیمپراتۆریای رووسیا بوو، کە شەڕی پۆلتاڤا لە ساڵی ١٧٠٩ لەسەر ژیانی پیشەیی خۆی وەک زلهێزێکی ئەوروپی دەستیپێکردبوو. ئەلێکساندەر بێزبۆرۆدکۆ، نەوەی خێزانێکی دیارو بەناوبانگی کۆزاکی ئۆسەر لە هێتمانات و سەرۆکی گەورەی ئیمپراتۆریای رووسیا لە کۆتایی سەدەدا، جارێک بە قسەکەرێکی گەنجتری گوتووە: لە سەردەمی ئێمەدا، یەک تۆپ لە ئەوروپا بەبێ رەزامەندی ئێمە نەیدەتوانی دووبارە بێتەوە. سنوورەکانی ئیمپراتۆریای رووسیا بە خێرایی بەرەو رۆژئاواو باشوور پێشرەوییان دەکرد، ئەمەش بووە هۆی پاشەکشەی عوسمانییەکان لە ناوچەی باکووری دەریای رەش و دابەشبوونی کۆمۆنوێلسی لیتوانیای پۆلۆنیا، کە لەسەر نەخشەی ئەورووپادا نەما.

گۆڕانکارییە سەرنجڕاکێشەکان بە بەشداری چالاکانەی زۆرێک لە ئۆکرانییەکان روویدا. بێزبۆرۆدکۆ رۆڵێکی

سەرەکی لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی رووسیادا بینی کە لە ساڵانی ١٧٨٠ و سەرەتای ١٧٩٠ دا بوو. بێزبۆرۆدکۆ یەکێک بوو لەوانەی کە ئەو رۆڵە گرنگەی بینی. ئیتر گۆڕانکارییەکانی بێزبۆرۆدکۆ یارەمەتیدەر بوون بۆ ناساندنی هاونیشتمانییەکانی لەماڵەوە. ئۆکرانیا خۆی لە ناوەندی ئەم گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییە گەورەیەدا بینییەوە، لە یەک کاتدا قوربانی و سوودمەندەکەی. لەم خاڵەدا هێتمانات لە نەخشەی ئەوروپاو ئیمپراتۆریای رووسیادا نەما. دوو سنووری سەرەکی کولتووری ئۆکرانیا - یەکێکیان لە نێوان مەسیحییەتی رۆژهەلات و رۆژئاوا، ئەویدیکەیان لە نێوان مەسیحییەت و ئیسلامگەراکان – دەستیان بە گۆڕانکاری کرد. گۆڕانکاری لە سنوورەکانی کاتۆلیکی و یونیادیان لە دنیپەر راگرت و پاڵیان بۆ دواوە نا، لە باشوور داخستنی سنووری چەمەکان پاڵنەرێکی نوێی بە پێشڕەویکردنی زیاتری ئۆکرانیا بەرەو دەریای رەش و دەریای ئازۆڤ بەخشی.

شێوازی رەفتارکردنی سەرۆک و ئیمپراتۆریاکانی رووسیا بۆ ئۆکرانییەکان جیاوازی هەبوو . بۆ نموونە کاپنیست یەکێک بوو لە زۆرێک لە ئەندامانی نوخبەی ئۆکراینی کە بەشێکی ژیانی پیشەیی خۆیان لە سانت پترسبۆرگ بەسەر بردو بەشدارییان لە پەرەپێدانی نەک

تەنیا زمانی ئۆکراینی، بەڵکو بەشدارییان لە گەشەسەندن و پەرەپێدانی ئەدەبیات و کولتووری رووسیشدا کرد. لەسەردەمی پیتەردا پیاوانی ئایینی ئۆکرانیا روویان لە رووسیا کردو پێوەندییان بە کڵێسای ئیمپراتۆرییەوە کرد، بەڵام لە سەردەمی کاتریندا کۆچی کوڕانی ئۆسەرەکانی کۆزاک و خوێندکارانی پێشووی ئەکادیمیای کیڤان بۆ سانت پترسبۆرگ بە خۆیەوە بینی کە پیشەی عەلمانییان هەڵبژارد. تەنیا لە نێوان ساڵانی ١٧٥٤ بۆ ١٧٦٨ زیاتر لە سێسەد(٣٠٠) خوێندکاری پێشووی ئەکادیمیاکە خزمەتگوزاری ئیمپراتۆرییان هەڵبژارد یان روویان لە رووسیا کرد. پەروەردەکانیان بەباشی ئامادەیان کرد بۆ ئەوەی لە خوێندن لە دەرەوەی وڵات بەردەوام بن و دواتر بگەڕێنەوە بۆ خزمەتکردنی ئیمپراتۆریاکە. زۆربەی قەشەکانی رووسیا کۆچبەری ئۆکرانیا بوون. بە کورتی لە سەدەی هەژدەو دواتریش ئۆکرانییەکان بە شانازییەوە لە خزمەتی زمان و کولتووری رووسیادا بوون و، ئایینی ئۆرتۆدۆکسییان وەرگرتبوو، لە خزمەتی ئیمپراتۆردا بوون و، تێکەڵ بە سوپای رووسیا شەڕیان لەگەڵ هێرشەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەکردو تێکیاندەشکاند. کێشەی ئۆکرانیاش ئەوەیە خەڵکەکەی بە رێژەیەکی زۆر پۆڵۆنی کاتۆلیکی و رووسی ئۆرتۆدۆکسی و ئینجا چەندین

نەتەوەی دیکەی تێدا نیشتەجێن و بوونەتە ئۆکراینی. واتە لە ماوەی سەدان و بگرە هەزار ساڵی رابردوودا، نەتەوەیەکی جیاواز بەناوی نەتەوەی ئۆکراینی لە ئارادا نەبووە. ئەمە بە درێژایی مێژوو گەورەترین گرفتی ئۆکرانیا بووە ، هەر لەبەر ئەوەیشە لە رابردوودا ئۆکرانیا بێ شوناس بووە.

یەکێک لەو کەسانەی کە رۆڵێکی زۆر سەرەکی لەو دانوستاندنە هەبووە کە بووە هۆی گۆڕینی گەورەی سنوورەکانی ئۆکرانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا، ئەو کەسە بوو کە ناوی ئەلێکساندەر بێزبۆرۆدکۆ بوو، نازناوی(شازادەی کۆزاک)ی هەڵگرتبوو.لە سانتپترسبۆرگ وەک نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزی زێدی کۆزاکی خۆی مایەوە، کە بە وڵاتی باوکی خۆی ناوی دەبرد. یارمەتی بڵاوکردنەوەی مێژووی کۆزاکی داو خۆی مێژووی هێتماناتی نووسی لە مردنی هێتمان دانیلۆ ئەپۆستۆڵ لە ساڵی ١٧٣٤ تا سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی رووسیاو تورکیا لە ساڵی ١٧٦٨ . ئەو تۆمارکردنە پڕ بوو لە باسکردنی شەڕەکانی کۆزاکەکان و پێکدادانیان لەگەڵ عوسمانییەکان تەتاری کریمیاو پۆلۆنییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نازانین ئایا لە پێشنیارەکانیدا بۆ لکاندنی کریمیا لە دانوستاندنەکانی لە جاسی سەبارەت بە چارەنووسی

باکووری ناوچەی دەریای رەش، یان بەشێوەیەکی کۆتایی، لە گفتوگۆکانی لەگەڵ نەمساییەکان و پرۆسەکان سەبارەت بە دابەشکردنی کۆمۆنوێلس، بێزبۆرۆدکۆ هەرگیز هەستی بە کاریگەری پەروەردەو شوناسی (رووسی بچووک)ی خۆی نەکردووە.تا ئەو کاتەی کریمیا و کۆمۆنوێلسی لە نەخشەی ئەوروپادا سڕییەوە. وڵاتی باوکی خۆی لەسەر ئەو نەخشەیە نەمابوو. سەدەی هەژدە تەنیا سەردەمی رۆشنگەری و ئەقڵ نەبوو، بەڵکو زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە سەردەمی ئیمپراتۆرییەت بوو.

ناپلیۆن یەکێک لەو سەرکردە نوێیانەی ئەوروپا بوو، کە بە هزری نەتەوەیی خەباتی نیشتمانی دەستپێکرد. ساڵی ١٨١٢ دوای داگیرکردنی ناپلیۆن بۆ سەر ئیمپراتۆریای رووسیا، پۆلۆنییەکانیش لەژێر دەسەڵاتی رووسیادا جووڵەیان کردو ، بۆ پشتگیریکردنی داگیرکەری فەرەنسی سەریانهەڵدا. چونکە پۆلۆنییەکان سوپای داگیرکەری فەرەنسایان بە رزگارکەری خۆیان دەزانی. ئادەم میکیڤیچ کە پێشەنگی شاعیرانی پۆلۆنیای ئەوکات بوو، لە شیعری داستانئامێزی خۆیدا نووسیبووی، بریتی بوو لە ورووژاندنی ئاغاکانی پۆلۆنیا لە پێشکەوتنی سوپای فەرەنسا بۆ ناو بێلارووسی ئەمڕۆ . یەکێک لە کارەکتەرە پۆلۆنییەکانی شیعرەکە دەڵێت: شکۆمەندی لە ئێستاوە هی

ئێمەیەو بەمزوانە جارێکی دیکە کۆماری خۆمانمان دەبێتەوە. بەڵام دوایی دۆخەکە هەڵگەڕایەوەو سووپای رووسیا سوپاکەی ناپلیۆنیان تێکشکاندو ناپلیۆن و دابرۆڤسکی و سەربازانی فەرەنسی و پۆلۆنی لە شکستدا لە ئیمپراتۆریای رووسیا پاشەکشەیان پێکرا، کەمێک دواتر بە ساڵێک دوای ئەوە، سەربازانی رووسیا پاریسیان داگیر کرد. سوپای رووسیا لە ساڵی ١٨١٤ پاریسی داگیر کرد. دوای چل ساڵ لەسەر ئەو خاکەی کە بە هی خۆی دەزانی، شکستی هێنا. مردنی ئیمپراتۆر نیکۆلاسی یەکەم کە بەهۆی گوشارەکانی جەنگەوە لاواز ببوو، لە مانگی ئاداری ساڵی ١٨٥٥ دوای سیَ(٣٠) ساڵ لەسەر تەختی پاشایەتی کۆچی دوایی کرد. ئیمپراتۆری نویَ ئەسکەندەری دووەم، بەرنامەیەکی چاکسازی گەورەی دەستپێکرد بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ رۆژئاوادا بگات و کۆمەڵگاو ئابووری و سەربازی رووسیا نویَ و مۆدێرن بکات. ئەگەر رووسیا بیەوێت کریمیا لەدەست نەدات و بیهێڵێتەوە، پێویستی بە پێوەندی هێڵی شەمەندەفەر بوو بە نیمچە دوورگەکەو بنکە دەریاییەکەیەوە. حکومەت بڕیاریدا ئالاسکا بفرۆشێت.

ئەگەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا هەر سیاسەتێکی نەتەوەیی لە سانت پترسبۆرگ هەبووبێت، ئەوا لەسەر بیرۆکەی یەکێتی سلاڤی رووس(زیاتر ئۆکرانییەکانیش

دەگرێتەوە)و پۆلۆنییەکان وەستابوو. ئادەم گزار تورسکی کە پێشەوای شۆڕشی پۆلۆنیای دیسەمبەری ساڵی ١٨٣٠ بوو، رۆڵێکی بەرچاوی لەم بوارەدا هەبوو. ئیتر کێشەکان زیاتر ئاڵۆز دەبوون، زانکۆی ڤیلنیۆس کە ماوەیەک لە وەرگرتنی خوێندکاران رکابەری زانکۆی ئۆکسفۆرد بوو، کەچی لە ساڵی ١٨٣٢ داخرا. هەروەها دامەزراوەکانی دیکەی پەروەردە داخران. کار گەیشتە ئەوەی زمانی پۆلۆنیایی لە ساڵی ١٨٣٤ قەدەخە کرا. زمانی رووسی تاکە زمانی فێرکردن بوو.

## سەرۆکەکانی سۆڤێت و پێوەندییان بە ئۆکرانیاوە

نییکیتا خرۆشۆڤ تاکە سەرکردەی یەکێتی سۆڤێت نەبوو کە خێزانەکەی گوندێکی رووسیای بەجێهێشت بۆ ئەوەی لە بووژاندنەوەی پیشەسازی باشووری ئۆکرانیادا سوودمەند بێت. چەند ساڵێک پێش خرۆشۆڤەکان ، ئیلیا بریژنێڤ ، کە دەکاتە باوکی لیۆند بریژنێڤ کە جێنشینی خرۆشۆڤ بوو بۆ سەرکردایەتیکردنی یەکێتی سۆڤێت، رووی لە شارۆچکەی پیشەسازی ئۆکرانیای کامێتسکی (ئێستا ناوی کراوە بە دنیپرۆ دزەرژینسک) کرد. لیۆند لە ساڵی ١٩٠٦ لەو شارۆچکە پۆلاینە لەدایکبووە. خرۆشۆڤ

و بریژنێڤەکان بەشدارییان لە کۆچێکی گەورەی جووتیارانی رووسی بۆ باشووری ئۆکرانیا کرد کە بەشدارییان لە کەم نوێنەرایەتیکردنی ئۆکراینییە نەتەوەییەکانی شارەکاندا کرد. لە ساڵی ١٨٩٧ کە ساڵی یەکەم و تاکە سەرژمێری ئیمپراتۆری رووسیا بوو،نزیکەی حەڤدە(١٧) ملیۆن ئۆکراینی و سێ(٣) ملیۆن رووسی لە پارێزگاکانی ئۆکرانیای ئیمپراتۆرەکەدا نیشتەجێ بوون. بەلام رێژەی رووسی و ئۆکراینی لە شارەکاندا تا رادەیەک یەکسان بوون، لە شارە گەورەکان و ناوەندە پیشەسازییەکانیشدا رووسەکان یەک ملیۆن لە ئۆکرانی زیاتر بوون ، واتا رووسەکان زۆرینەیان پێکدەهێنا.

جگە لە خانەوادەی خرۆشۆڤ و بریژنێڤ، سەرکردەیەکی دیکەی یەکێتی سۆڤێت کە میخائیل گۆرباچۆڤ ە، ئەویش لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، باپیرەی گۆرباچۆڤ لەلای دایکییەوە، پانتێلیمۆن هۆپکالۆ، لە ناوچەی چێرنیهیڤەوە گوازتراوەتەوە بۆ چەمی ناوچەی ستاڤرۆپۆل، گۆرباچۆڤ لەوێ لە ساڵی ١٩٣٤ لەدایکبووە. لە دوو دەیەی پێش دەستپێکردنی یەکەمین جەنگی جیهانی ، زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو ئۆکراینی لە سنوورەکانی باشوورو رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریای رووسیا نیشتەجێبوون، کە زەوی و زاری تێدا بەردەست بوو.

دەبێت ئەوەش بڵێین لە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ کە بەلشەفیکەکان هەڵگیرسێنەری شۆڕشەکە بوون، بەتایبەت لە رووی مانگرتنی کرێکارانەوە. لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٠٥ شەپۆلی مانگرتنی کرێکاران گەیشتە لووتکە. هێرشێکی هێڵی ئاسن هەموو ئیمپراتۆریاکەی ئیفلیج کرد. لە ئۆکرانیا کرێکارانی یەکگرتووی سەرەکی هێڵی ئاسن–کییڤ، خارکیڤ و کاتێرینۆسلاڤ کارەکانیان راگرت. زۆری نەخایاند کرێکارانی پیشەسازی پێوەندییان پێوە کرد. تا ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەم، سەدوبیست (١٢٠) هەزار کرێکاری ئۆکراینی و نزیکەی دوو ملیۆن کرێکار لە سەرانسەری ئیمپراتۆریاکەدا مانیان گرت و ئەو رێگای خەباتەیان دژ بە سیاسەتی ئیمپراتۆر گرتە بەر.

لەگەڵ بەهێزبوونی بەلشەفیک لە رووسیا، ئۆکرانیاش حیزبی سیاسی لێ دروستبوو، سەرەتای ساڵی ١٩٠٠ بیرۆکەی ئەوەی نەتەوەیی بین یان سۆسیالیستی، گفتوگۆی زۆری لەبارەیەوە کرا، هەروەها مشتومڕی ئەوەش دەکرا، ئۆکرانیا هیچ سەرکردەیەکی غەیرە ئۆکراینی وەرنەگرێت و شکۆی ئۆکرانیا ناهێڵێت هیچ سەرکردەیەکی پۆلۆنی یان سویدی قبوڵ بکات، بەڵام دەشیانگوت زۆربەی سیاسەتمەدارانی ئۆکرانیا بەدوای سەربەخۆیی لە رووسیایەکی دیموکراسی فیدڕاڵی –

رزگارکراو – دا دەگەڕێن، نەک سەربەخۆیی راستەوخۆ. ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ باری دەروونی کۆمەڵگای ئۆکراینی لە بارەی رووسیاوە.

حیزبە نەتەوەییەکانی رووسیا لە هەڵبژاردنەکانی دۆمای چوارەمدا لە ٧٠% ی دەنگەکانی ئۆکرانیایان بەدەستهێنا. لەکاتێکدا رووسییە نەتەوەییەکان لە ١٣% ی دانیشتوانی ئۆکرانیا زیاتر نەبوون. شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ ناسیۆنالیزمی توندڕەوی رووسی بەشێوەیەکی کاریگەر جێگای هەر شتێکی گرتبۆوە کە جیاوازی ئۆکراینی لەنێو پەرەپێدانی شوناسی رووسی بچووکدا مابۆوە.

ئۆکرانییەکان تا ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی بیست ، شەپۆلی نارەزاییان بەرز نەببۆوە بۆ ئەوەی کە زمانی فەرمی خۆیان زمانی ئۆکرانییەو هەموو نووسراوو گفتوگۆکانیشیان هەر بەو زمانی ئۆکراینییەوە دەبێت. ئەگەرچی هێشتا زمانی زاڵ زمانی رووسی بوو کە قسەیان پێدەکردو هەر بە زمانی رووسیش دەیاننووسی.

**ئۆكرانیا لە سەردەمی سۆڤێتدا**

ژمارەی دانیشتوانی ئۆکرانیا تا ساڵی ١٩٩١ کە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت بوو، نزیکەی ٢٢% ی ژمارەی دانیشتوانی رووسیای پێکدەهێنا. تا ئەوکات بە ئۆکرانیایان دەگوت رووسیای ئۆکرانیا. خەڵکی ئۆکرانی جگە لە رووسیا بەسەر دەیان وڵاتی دیکە دابەش بوونە، بۆنموونە کازاخستان، مۆڵداڤیا، بیلارووس، پۆڵۆنیا،فەرەنسا، کەنەداو ئەمریکاو .....هتد. ئەم دابەشبوونە بە جۆرێکە تەنانەت هەر یەک لە ئەمریکاو کەنەداو پۆلۆنیا نزیکەی یەک ملیۆن ئۆکرانی لە هەر یەک لەم سێ وڵاتەدا هەیە. واتە سێ ملیۆن ئۆکرانی لەم سێ وڵاتەدا هەیە.

ئۆکرانیای دوای رووخانی یەکێتی سۆڤێت ، بەتەواوی دابڕاوە لەو ئۆکرانیایەی کە پێشتر یەکێتی سۆڤێتی پێکهێنابوو. بەڵام ئەوەی جێگای تێبینیکردنە ئەوەیە ، تا ئەمڕۆش ئۆکرانیا لە ژێر کولتووری نەتەوە جیاوازەکانە، یان بابڵێین چەندین کولتووری یەک لە دوای یەک تێکەڵ بەیەکدی بوون و کولتوورێکی تێکەڵ لە هەموو ئەو نەتەوانەی کە لەسەر خاکی ئۆکرانیا ماونەتەوە، کولتوورێکیان بۆ گەلی ئۆکرانیا پێکهێناوە کە ئێستا پێیان دەوترێ گەلی ئۆکرانیا. هۆکاری بنەڕەتیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هۆزە کۆچەرییەکان هەمیشە بەدوای ئەو

شوێنانەدا دەگەڕان کە بە پیت و بەرهەمدار بوون، خاکی ئۆکرانیاش لەوبارەیەوە خاکێکی زۆر بە پیتە، بۆیە هۆزە کۆچەرییەکان، دواییش غەیرە کۆچەرییەکانیش دەستیان بە گوازتنەوە بۆ ئۆکرانیا دەکرد.

کاتێک یەکەم شەڕی جیهانی لە ئەوروپاو لە ئەیلوولی ساڵی ١٩١٤ داگیرسا، ئۆکرانیا بەهۆی هێرشەکانی سوپای ئەڵمانیا بۆ سەر رووسیا کە سەرەتا هێرشەکانی بە ئۆکرانیا دەستپێکرد ، ئیتر ئۆکرانیا بووە گۆڕەپانێکی شەڕە سەختەکان. رووسیا بۆ بەرگریکردن و شکاندنی سوپای ئەڵمانی جگە لەو هێزانەی خۆی، سوپایەکی یەکجار زۆریشی لە خەڵکی ئۆکراین پێکهێناو چەکداری کرد، بۆ رووبەڕوو بوونەوەی سوپای ئەڵمانی ، تێکەڵ بە سوپای رووسیا کران. ئیتر ئۆکرانیا کەوتە ناو گۆمی خوێنەوە، کە دواتر رووسیاش خراپتری بەسەر هات. دوای هەڵاتنی تزار نیکۆلاسی دووەم ، حکومەتی کاتی پێکهێنرا، بەڵام ئەویش سەری نەگرت و شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە بەلشەفیکە کۆمۆنیستەکانی رووسیا بە سەرۆکایەتی ڤلادیمێر لینین بوو هەڵیانگیرساند، سەرکەوت. لینین لە یەکەم گوتاری سەرکەوتنی شۆڕشەکەی ، بەڵێنی بە خەڵکی رووسیاو ئۆکرانیا دا ، کە پێکەوە بەشدار دەبن لە خۆشگوزەرانی وڵات و پێکەوە لە حوکمڕانی وڵات بەشداریدەکەن.

هەوڵەکانی لینین بەو ئاراستەیە بوو، گرنگی بە ئۆکرانیاو خەڵکەکەی دەدا، تەنانەت دانی بە نەتەوەی سەربەخۆی ئۆکرانیاش نا ، بەڵام ئۆکرانیا بوو بە یەکێک لە جومگە سەرەکیەکانی پێکهێنانی یەکێتی سۆڤەت. ئەگەر سوپای رووسیاو رابەرە رۆحییەکەیان ڤلادیمێر لینین نەبوایە، ئۆکرانیا بەهۆی ئەم شەڕە ناوخۆییە زۆر توندەی تووشی ببوو، تەنیا وێران نەدەبوو، بەڵکو داگیریش دەکرا، بەڵام سووپای رووسی شەڕێکی سەختی بۆ مانەوەی ئۆکرانیا کرد. تا کۆتایی ساڵی ١٩٢١ ئینجا شەڕ کۆتایی پێهات. ئیتر نەتەوەیەک نەمایەوە بەناوی نەتەوەی سەربەخۆی ئۆکرانیا، پۆلۆنیا دەستی بەسەر گالیسیادا گرت(ناوچەیەکە لە رۆژئاوای ئۆکرانیا)، هەروەها کۆماری چیکۆسلۆڤاکیاو رۆمانیا چەند بەشێکی بچووکی ئۆکرانیایان داگیر کردبوو، بەڵام بەشە هەرە زۆرەکەی خاکی ئۆکراین کاتێک سوپای رووسیا بە سوپای سوور ناسرابوون و چوونە ناو کیێڤ، ئیتر ئۆکرانیا بەرەو یەکێتی سۆڤێت رۆیشت. ساڵی ١٩٢٢ ئۆکرانیا وەک یەکێک لە چوار یەکەم کۆماری سۆشیالیستی سۆڤێت ناسێندرا، لەگەڵ بێلارووس، ترانسکاو کاسیاو رووسیا.

هەر لەگەڵ دروستکردنی یەکێتی سۆڤێت، ئەمریکا ترسی زۆری لێ نیشت کە رووسیا زۆر بەهێز بووەو بۆتە

ئیمپراتۆریا، بەڵام لەژێر بەرگ و ڕەنگی دیکەی جیاواز لە هی پێشتر. بە تایبەتیش دوای کۆتاییهاتنی دووەمین شەڕی جیهانی کە سووپای سوور بەسەر نازیزمدا سەرکەوت و جوگرافیای سۆڤێت زۆر فراوان بوو، ئیتر ئەمریکا لە هەموو لایەکەوە هەوڵی ئەوەی دەدا گرفت و کێشە بۆ یەکێتی سۆڤێت دروستبکات. یەکێک لەم کێشانەی بۆ سۆڤێتی دروستدەکرد ئەوە بوو،ساڵی ١٩٦٧ کۆنگرەی جیهانی ئۆکرانییە ئازادەکانی لە ئەمریکا بۆ ڕێکخستبوون. ئەمەش یەکێتی سۆڤێتی توڕەکرد، بەتایبەت کاتێک پەیمانگای توێژینەوەی ئۆکرانی لە زانکۆی هارڤارد دامەزرا.

ساڵی ١٩٨٦ کە تازە دۆخی سۆڤێت دەشڵەژا ، گۆرباچۆڤ گوتاری سەیر سەیری دەدا، سۆڤێت بەرەو دۆخێکی لەرزۆک دەچوو، لەو کاتانەدا نووسەرەکانی ئۆکرانیا هاتن باسی هۆڵۆدۆمۆر(مردن بەهۆی برسێتی گەورە)یان دەکرد، کە مەبەستیان لە ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٣ بوو.

ئۆکرانیا بە ئارەزووی خۆیان کۆماری یەکێتی سۆڤێتیان پێکهێنا، بەڵام لەو باوەڕەشدا بوون کە ژیان و باری گوزەرانیان لە سایەی سۆڤێت باشتر دەبێت. لە ڕاستیشدا لینین هەوڵیدا، تەنانەت ڕایگەیاند هەر کۆمارێک لە هەرێمەکان تا ڕادەیەکی باش کۆنترۆڵی کاروباری خۆی بکات و خۆی بەڕێوە ببات، بێئەوەی سۆڤێت دەست

بخاتە نێو کاروباری بەڕێوەبردنیانەوە. بەڵام کێشەی گەورە ئەوەبوو، لینین لەساڵی ١٩٢٤ کۆچی دواییکرد، لە راستیشدا لینین لە ساڵی ١٩٢١ بە دواوە هێزو توانای جارانی لەدەستدابوو، باری تەندروستی تا دەهات بە خێرایی تێکدەچوو، لە ساڵی ١٩٢٢ زنجیرەیەک جەڵتەی مێشک بەرۆکی گرتبوو، بۆیە هەر لە ساڵی ١٩٢٢ ئەو پرسیارە دروست ببوو کە کێ جێگای لینین دەگرێتەوە؟ لینین لە وەسیەتنامەکەیدا بە تەواوی یارمەتیدەر نەبوو چونکە لە دوا قسەکانیدا نیگەران بوو لە دابەشکاری نێوان حیزبەکەی و رەنگدانەوەی خراپی بۆسەر لینین دروستکردبوو. تەنانەت لە پێش مردنی ، نیگەرانی زۆری بەرانبەر بە ستالین بۆ دروست ببوو، بەڵام ستالین تا ئەوکاتە خۆی بە باشی جێگیر کردبوو. ئەمە جگە لەوەی لینینیش کەسێکی دیکەی بە شیاوتر نەدەزانی ئەو دەسەڵاتە زەبەلاحەی پێ بسپێردرێ. تاکە کەسێک کە زۆر بەهێز بوو ، لیۆن ترۆتسکی بوو، بەڵام ترۆتسکی هەڵەی بێباکانەی دەکرد، ستالین توانی ئەو بەڵگەنامە کۆنانەی ساڵانی ١٩١٣ نوێ بکاتەوەو بڵاویبکاتەوە کاتێک ترۆتسکی رەخنەی جدی و تەنانەت ترسناکی لە لینین گرتبوو، ئیتر ستالین توانی زینۆڤیف و کامینیف لە بەرەی ترۆتسکی دووربخاتەوە، کە دوو سەرکردەی ناو مەکتەبی سیاسی

حزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی بوون و پێگەی گەورەیان لەناو حیزبەکەدا هەبوو. ئیتر ستالین لەگەڵ هاوبەشەکانی وەک، زینۆڤیف و کامینێف لە ڕێگای کۆمیتەی ناوەندییەوە گوشاری بۆسەر ترۆتسکی دروستکرد، لە سەرەتای ساڵی نوێدا لە پۆستی کۆمیساری گەل بۆ ئاسمانی سەربازی خۆی دوور خستەوە. ترۆتسکی وتی کە لە ئاماژەکردنەکان بێزار بووە، هەرچەندە بە وازهێنان لە گۆڕەپانەکەی بۆ دوژمنانی بەجێهێشتووە. بەڵام دوای ئەوەی ترۆتسکی شکستی هێنا، ئیتر ستالین هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ کامینێف و زینۆڤیف هەڵوەشاندەوە، بەتایبەت کاتێک ئەم دوو سەرکردە گەورەیە ویستیان ستالین لە تاکڕەوییەکەی و لە بڕیارە نادروستەکانی دووربخەنەوە، ئیتر ستالین هاوپەیمانێتییەکی نوێی لەگەڵ بوخارین دروستکرد، بۆئەوەی ڕووبەڕووی زینۆڤیف و کامینێف ببێتەوە، ڕێک وایشی کردو، دواییش بوخارینیشی لەناو برد. ئیتر هەموو هاوکێشەکان پێچەوانەی بیروباوەڕەکانی کۆمۆنیستی بوونەوەو کوشتن و بڕینێکی زۆر لەناو خودی سەرکردەکانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی لەلایەن ستالینەوە ڕوویدا.

لەو سەروبەندەدا ئۆکرانیا ڕووبەڕووی برسێتی زۆر بووەوە، بوخارین کە خاوەن ئەقڵێکی ئابووری گەورە بوو،

بەڵام ستالین ڕۆحی کێشاو لەناوی برد. کەمی خۆراک لە ساڵی ١٩٢٨ تا ساڵی ١٩٢٩ تا دەهات خراپتر دەبوو. ئەمەش لە ئەنجامی خراپی دروێنە کردنی هەندێک شوێن بوو، بەڵام دەوڵەتیش پارەی دانەوێڵەی زۆر کەم وەرگرتبوو، یەکێک لەو هۆکارانەی کە ستالین کۆتایی بە ژیانی بوخارین هێنا ئەوە بوو هەوڵیدا مافی زیاتر بە کۆڵبەرەکان  بۆ بەرهەمەکانیان بدرێت، ئەمەش لەلایەن ستالینەوە هێرشی دەکرایە سەر، بۆیە کەس نەدەوێرا، چونکە بە دەردی بوخارین دەچوو. بوخارین مەیلی بەرەو ئابووری بازاڕ هەبوو، ئەمەش ئۆکرانیا لەو برسێتییە دەچووە دۆخێکی باشتر، بەڵام ستالین ئەو ڕێگایەی بە توندی گرتبوو. تەنانەت بوخارین وتی ئەو هاریکارییەی کۆلاکەکان پێویستە، چونکە کۆلاکەکان گەشە بە سۆشیالیزم دەدەن. لە ساڵی ١٩٢٩ ستالین کاتێک قسەی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەی دەکرد، ئاماژەی بە گەرەنتیکردنی کەرتی سۆشیالیستی ئابووری کردو، گاڵتەی بە بیرکردنەوەکانی بوخارین دەکرد. ئیتر ئەقڵیەتی دیکتاتۆرییانەی ستالین ساڵی ١٩٢٩ حکومەتی ناچار کرد پەنا بۆ دەستگیرکردنی خەڵکی بە کۆمەڵ ببات و ساڵی دواتریش پشێوی زۆر روویاندا کە دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد. پۆلیس و لیواکانی

شارەکە لەگەڵ کۆڵبەران کە ئامادە نەبوون دروێنەی خۆیان تەسلیم بکەن، تێکهەڵچوون و پێکهەڵشاخان. مۆسکۆ پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە لەلایەن کۆلاکەکانەوە سەرکردایەتی ئەم هەموو ناڕەزاییە دەکرێت، بەتایبەتیش لە ئۆکرانیا کە هەستی ناسیۆنالیستی تێدا بەهێزە. ئیتر لەسەر داوای ستالین لە کۆتایی مانگی یەکەمی ساڵی نوێدا ، کۆمیسیۆنێک بە سەرۆکایەتی ڤیاچێسلاڤ مۆلۆتۆڤ بڕیارێکی دوور مەودا بەرهەمهێنرا، کۆلاکەکانی کرد بە سێ بەشەوە، لەگەڵ سزادانێکی پێویست. خەڵکێکی زۆریش نێردرایە بەر سێدارە. ئەو خێزانانەی کە مارکەی کۆلاکیان لەسەر بوو، هەموو شتێکیان لەدەست دا. ئەنجام برسێتی پەرەیسەندو لەگەڵیدا نەخۆشی و تەنانەت مرۆڤخۆریشی لێ کەوتەوە.

حکومەت لە ساڵی ١٩٣١ دەیزانی کە برسێتی روودەدات، بەڵام کاتێک پرسیاری لەبارەی بارودۆخەکەوە کرد، ستانیسلاڤ کۆسیۆر، سەرۆکی ئەو پارتە لە ئۆکرانیا، لە ١٩٣٢/٤/٦ نامەیەکی بۆ ستالین نووسی هەموو دەنگۆی برسێتی خەڵکەکەی رەتکردەوەو وتی ئەو یارمەتییەی ئێستا بە خەڵکەکە دەگات، هەموو جۆرە برسێتی و زەحمەتییەک کۆتایی پێدەهێنێت. لەم لایشەوە کۆڵبەرەکان بە کۆمەڵ کێڵگە بە کۆمەڵەکانیان چۆل دەکردو بۆ

وەرگرتنەوەی دانەوێڵەکانیان کە دەستی بەسەردا گیرابوو توندوتیژیشیان بەکارهێنا. لە پارێزگای ئیڤانۆڤ ی رووسیاش هەمان کاریان کردو کاتێک بەشە خۆراک لە شارەکاندا کەمکرایەوە، ئاژاوە دروستبوو. لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا، مۆسکۆ لە بەرانبەر بەرخۆدانێکی بەرفراوان کۆڵی دا، داواکارییە پلان بۆ داڕێژراوەکانی کەمکردەوەو لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٣ مۆڵەتی فرۆشتنی دانەوێڵەو گۆشتی زیادەی بە جووتیاران دا، ئیتر ئامانجی بەرخۆدانەکە تا رادەیەک وەدیهات.

کێشەی ئۆکرانیا ئەوە بوو ، حیزبی کۆمۆنیستی ئۆکرانیا، نەک هەر لە ئاستی ئەو برسێتییەی خەڵکەی نەبوو، بەڵکو خودی حیزبەکە هۆکاری جدی بوو بۆئەوەی ئەم هەموو خەڵکە رووبەڕووی برسێتی و نالەباری ژیان و دەردو پەتا ببێتەوە. لەکاتێکدا ستالین نەیدەویست ئۆکرانیا لەدەست بدات و نەیدەویست ئۆکرانیا رووبەڕووی ئەم گرفتانە ببێتەوە. لە کاتێکدا برسێتی یەکێتی سۆڤێتیشی گرتبۆوە، بەڵام مۆسکۆ سەرەڕای ناڕازیبوونی تایبەتی کە لەگەڵ ئۆکرانیای هەبوو، بەردەوام ماسیۆنالیستەکانی ئۆکرانیا سەرچاوەی هەڕەشەکردن بوون لە سۆڤێت، بەڵام ستالین لە هیچ کاتێکدا فەرمانی دەرنەکردبوو کە خەڵک لە برسێتیدا بمرێت. بۆ نموونە کازاخستان کە بەهەمانشێوە تووشی

کەمکردنی دانەوێڵە هاتبوون، ستالین وەڵامیدانەوە کە داوای پڕکردنەوەی بێ مەرجی کردو داوای کرد بۆ باشبوونی دۆخی کازاخستان ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر.

دۆخی یەکێتی سۆڤێت لە تەواوی ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوو، بە گشتی دەتوانین بە خراپترین دۆخی ناوخۆی وڵاتی بچوێنین ئەگەر ساڵی ١٩١٨ ی لێ دەربکەین، سەرەتای ساڵی ١٩٣٨ ئۆکرانیا وەک بڵێی کودەتایەکی گەورەی لێ سەرهەڵدابێت وابوو، هەموو سەرکردایەتییەکە گۆڕدران و بە هەزاران کەسیش دەستگیرکران . دووسەد (٢٠٠) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئۆکرانیا بۆ تەنیا سێ(٣) ئەندام مایەوە. لە ساڵانی ١٩٣٣ تا ١٩٣٩ یەکێتی سۆڤێت بە گشتی یەک ملیۆن و هەشتسەد هەزار(١،٨٠٠،٠٠٠) کەسی لە حیزبەکە دەرکران و یەک ملیۆن ئەندامی نوێ وەرگیران و هاتنە ریزی حیزبەکەوە. ئەمەش حیزبی کردە دامەزراوەیەکی تەواو ستالینی کە زۆر زیاتر لە جاران متمانەپێکراوتر بێت.

ئیتر بڕیارەکانی ستالین بە بیانووی جۆراو جۆر تەنیا بڕیاری کوشتن و لەسێدارەدانی خەڵک بوو. ژمارەی کوژراوەکان ئەوانەی بە بڕیاری ستالین دەبوو تەقەیان بەسەردا بکرێت و ئەوانەش دەبوو لەناو ببردرێن، ژمارەکە

یەکجار سەرسوڕهێنەرە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٠ تا ساڵی ١٩٣٨ زیاتر لە سێ ملیۆن و هەشتسەد کەس لەلایەن ناوەندەکانی پۆلیسەوە بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی تاوانەکانی بەرەنگاربوونەوەی شۆڕش یان ئاژاوەگێڕییەکانی دژە سۆڤێت دەستگیرکران. تەنیا ساڵانی ١٩٣٧ بۆ ساڵی ١٩٣٨ کە تیرۆر لە ئاستێکی تەواو بێ وێنەدا بوو ، لە کۆی گشتی یەک ملیۆن و نیو کەسی دەستگیرکراو، ئەوا یەک ملیۆن و سێسەد هەزار کەس بە سزای توند گەیەنران و ٦٨١ هەزارو ٦٩٢ کەسیشیان لەسێدارە دراون. لە گەرمەی تیرۆرکردنەکاندا(مەبەست لە ئابی ١٩٣٧ تا تشرینی دووەمی ١٩٣٨) بە تێکڕا رۆژانە هەزارو پێنجسەد کەس تەقەی لێدەکراو دەیانکوشتن. ( ئەم ئامارانە ، ئاماری پۆلیسی نهێنی دەوڵەتە، بەلام رەنگە کوشتن و لەسێدارەدان و گرتنی بە کۆمەڵ زۆر لەو ژمارەی باسمکردووە زیاتریش بێت و پۆلیس تۆماری نەکردبێت).

## برسێتیەکەی ئۆکرانیای ساڵانی ۱۹۳۲ – ۱۹۳۳

ئەگەر ئاورێک لە دواوە بدەینەوە. کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە بۆچی جەنگیزخان ناوچەیەکی وێران کردووە، بۆچی مەغۆلەکان کشتوکاڵی میزۆپۆتامیایان لەناوبردووە. لە راستیدا برسێتییەکەی ئۆکرانیاش وەک یەکێک لەو بابەتە مێژووییانەیە کە لێکۆڵینەوەو گێڕانەوەو دیکیۆمێنتی زۆری لەسەر تۆمارکراوە، بەڵام بە ئاراستەی جیاواز باسی لێوەکراوە.

ئۆکرانیا هەمیشە جێگای نیگەرانی و جیاوازی بووە لەگەڵ رووسیا ، بەتایبەتی لە سەردەمی ستالین لە ساڵی ۱۹۲۸ بەدواوە. گوشاری ناڕەزایی جەماوەری و ناڕازیبوونی ئاشکرای کۆڵبەرەکان کە تا رادەیەک راپەڕینی چەکداریشی لێ کەوتەوە، لە سەرەتای مانگی یەک تا ناوەڕاستی مانگی ئاداری ساڵی ۱۹۳۰ زیاتر لە دوو هەزاریان تۆمارکراون.

زانیاری و بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی ستالین ڕوونە سەرەتا کۆمۆنیستەکانی ئۆکرانیا هەوڵیاندا لە ئابی ۱۹۳۲دا گەیاندنی دانەوێڵەی کارەساتبار کەم بکرێتەوە و ڕێگرییان لێکرا. پاشان چەند کەسێکی پێشەنگی وەک مۆلۆتۆڤ و کاگانۆڤیچ چوونە ناوچە کارەساتبارەکان. هەروەها

دەزانین کە بەرپرسانی بالا لێی نزیکبوونەتەوە، بۆ نموونە کۆمۆنیستێکی پێشەنگی ئۆکرانیا، تێرێخۆڤ، لە پراڤدا، لە ساڵی ١٩٦٤دا هاتووە، کە ڕاستەوخۆ پێی وتووە برسێتییەک لە ئۆکرانیا هەیە". ستالین لە وەڵامدا" گوتوویە نا، نییە، تۆ فانتازیایەکیت، بڕۆ پێوەندی بە یەکێتی نووسەرانەوە بکە. بەڕاستی ژنەکەی ستالین باسی بۆ کرد؛ ئەو ٦ خوێندکاری جۆراوجۆری دەناسی کە بینیویانە. باشدەیزانی برسێتی هەیە. دەتوانین دواتر بگەڕێینەوە بۆ ئەم خاڵە گرنگە. خاڵە سەرەکییەکەی دیکە کە پێویستە لەبەرچاوی بگرین، پەیوەندی بە ژمارەی کوژراوانەوە هەیە. پێموایە پێویستە بە کورتی باس لە وەرگرتنی ژمارەی 7 ملیۆن بکەین، کە بە شێوەیەکی سروشتی نوێنەرایەتی وردبینی لە ١٠٠% ناکات بەڵام خەمڵاندنێکی گشتی لەسەر بنەمای دروستە. لە ڕابردوودا دۆزینەوەی داتای ورد ئەستەمە. سەرژمێری ساڵی ١٩٣٧ سەرکوت کرا و سەرژمێرکاران هەموویان تەقەیان لێکرا سەرژمێرییەکی نوێ و ساختە، کە زیاتر جێگەی ڕەزامەندی دەسەڵاتداران بوو، لە ساڵی ١٩٣٩دا بەرهەمهات .

بەڵام ئێستا دەتوانین ژمارە ڕاستەقینەکانی سەرژمێری سەرکوتکراو دەربهێنین. ئێستا دەزانین کە لە نێوان

سالانی ١٩٢٦ بۆ ١٩٣٧ کورتهێنانی ژمارەی دانیشتووان نزیکەی ١٤ یان ١٥ ملیۆن کەس هەبووە. ئەگەر ٢ یان ٣ ملیۆن کۆرپە لەدایک نەبووبن لەبەر ئەوەی دایک و باوکیان لە دەوروبەریان نەمابوون، ئەوا ژمارەیەکمان هەیە کە ١١ یان ١٢ ملیۆن منداڵ بە شێوەیەکی ناسروشتی مردوون.

ئەم خەمڵاندنە هەردوو دیکولاکیزەکردن(ململانێ و برسێتی) لەخۆدەگرێت و ناتوانرێت دیاری بکرێت کە چۆن کورتهێنانەکە لە نێوان ئەو دووانەدا دابەشدەکرێت. بەڵام ئەگەر سەرژمێری ساڵی ١٩٣٧یش پشتگوێ بخەین و سەرژمێری ساختەی ساڵی ١٩٣٩ قبوڵ بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو کاتە ئۆکرانیا تەنیا کەمێک زیاتر لە ٢٨ ملیۆن کەسی هەبووە کە زۆر کەمترە لەوەی لە ساڵی ١٩٢٦دا هەیبوو. ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی ئۆکرانیا بە هەمان ڕێژە زیادی کردبا وەک باقی یەکێتی سۆڤیەت ئەو ژمارەیە٧،٨٠٠،٠٠٠ کەس زیاتر دەبوو. ئێستا، بێگومان بەشێک لەو زیادکردنە ونبووە ئۆکراینییەکان دەبوون کە لە دیکولاکیزەکردنەکەدا ون بوون و وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، سەرژمێری ساڵی ١٩٣٩ هەڵەیە، ڕەنگە زیادەڕەوی لە دانیشتوانی ئۆکرانیا بە ڕێژەی ٨٠٠ هەزار بۆ ملیۆنێک کرابێت ( بەگشتی ئێمە ئەو کوڵبەرانەش لادەبەین کە لە ساڵی ١٩٣٥ لە ئۆردوگاکانی کاردا بوون و دواتر گیانیان

لەدەستداوە؛ ڕەنگە نزیکەی ٤ ملیۆن کەس لەو کەسانە لە هەموو یەکێتی سۆڤێت بوون، بۆیە ڕەنگە ملیۆنێک خەڵکی ئۆکرانیا لە ماوەی داهاتوودا لە کەمپەکاندا گیانیان لەدەستدابێت). لە کۆتاییدا ڕەنگە بپرسین بۆچی برسێتی لەبیر کراوە؟ یەکەم: وەک ئاماژەم پێدا، ستالین چەواشەکار و زیرەک بوو و توانی خۆی لە بەرپرسیارێتی بدزێتەوە، ڕەتیشیکردەوە کە برسێتی ڕوویدات، بەڵام ئەوە ڕاست نییە کە لە ڕۆژئاوا باس نەکرابێت. زۆرێک لە ڕۆژنامە ڕۆژئاواییەکان - فیگارۆ مانچستەر گاردیان ، هەندێک لە ڕۆژنامە ئەمریکییەکان - بە تەواوی ڕاپۆرتیان کردووە. زۆرێک لە کاغەزە گەورەکان ڕاپۆرتی تەواو ڕوونیان چاپکرد، برسێتیەکە لەلایەن چاپەمەنییەوە سەرکوت نەکرا، بەڵام ستالین ئیدوارد هێریۆت و سێر جۆن ماینارد و کەسانی ناسراوی دیکەی ڕازی کرد بچنە گوندەکانی پۆتێمکین و ڕابگەیەنن کە برسێتی نەبووە.

جۆرج ئۆروێڵ ئاماژەی بەوەدا کە ڕووداوە گرنگەکانی وەک برسێتی ئۆکرانیا بە سادەیی نازانرێن، لە مێشکی ئەو کەسانەدا سەرکوت دەکرێن کە لایەنگری سۆڤیەتن. با سەرەتا باسی قەبارەی ئەو ناوچەیە بکەین کە باسی دەکەین. ئۆکرانیای سۆڤێت ئەمڕۆ نزیکەی بەقەد فەرەنسا گەورەیە. ئۆکرانیای سۆڤێت لە ساڵی ١٩٣٣ تا ڕادەیەک

بچووکتر بوو، چونکە ڕەنگە چارەگێکی وڵاتی ڕۆژئاوا ئەو کاتە لە ژێر دەسەڵاتی پۆڵۆنیا بووبێت بەپێی سەرژمێری سۆڤێت لە ساڵی ١٩٢٦ کە پێدەچێت سەرژمێرییەکی باش بووبێت، ٣١.٢ ملیۆن ئۆکراینی لە یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوون. لە ساڵی ١٩٣٩دا، بەپێی ئەو سەرژمێرییە زۆر ناتەواوەی کە لەو ساڵەدا هەمانە، کە لە ڕاستیدا تەنها پوختەیەکی تەنک و یەک بەرگە، تەنها ٢٨.١ ملیۆن ئۆکراینی لە یەکێتی سۆڤێتدا هەبوون.

بەراوردکردنی ژمارەکان دابەزینێکی ڕەهامان پێدەبەخشێت کە ٣.١ ملیۆن ئۆکراینییە. ئێستا، گۆڤارەکانی ئاماری ئۆکرانیا لە ساڵانی ١٩٢٠ و سەرەتای ١٩٣٠دا خەملاندنی کارگێڕییان بۆ ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتووان لە درەنگانی ساڵی ١٩٣١دا لەخۆگرتبوو. بە بەکارهێنانی ئەم ڕێژانە، بۆمان دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٩٣١دا دەبوو ٣٤.٢ ملیۆن ئۆکراینی هەبن، بەگریمانەیەک کە ڕێژەی گەشەکردن بێت ئامارەکان ڕاستن. ئەگەر ڕێژەی گەشەی دانیشتووان کە لە کۆتاییەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن ئۆکراینییەکانەوە نیشاندرابوو وەربگرین و لە ژمارەی ئۆکراینییەکان لە ساڵی ١٩٣٩دا بە دواوە کار بکەین، دەتوانین مەزەندە بکەین کە لە ساڵی ١٩٣٤دا تەنها ٢٦.٣ ملیۆن ئۆکراینی هەبوون. کەواتە

جیاوازی نێوان خەمڵاندن لە ژمارەی دانیشتوانی ساڵی ١٩٣٤ لە ئۆکراینییەکان و ژمارەی ئۆکراینیەکانی ساڵی ١٩٣١ لە یەکێتی سۆڤیەت دەگاتە ٧.٩ ملیۆن کەس. نزیکەی ٢٠٠ هەزار خێزانی ئۆکراینی دیکولاکیزە کران و دەربەدەر کران. دەتوانین وا دابنێین کە ڕەنگە نزیکەی چارەگێک ملیۆن کەس لە بارودۆخی زۆر سەختی دەربەدەریدا مردوون بۆیە دەتوانین چارەگە ملیۆنێک هەر لەویَ کەمبکەینەوە. ئەگەر ڕێگە بە ١٠٠ هەزار یان ٢٠٠ هەزار ئۆکراینی دیکە بدەین بۆ پاکتاوکردنەکان، هێشتا ژمارەیەکمان هەیە کە زیاتر لە ٧ ملیۆن کەسە کە بە شێوەیەکی ناسروشتی گیانیان لەدەستداوە، ڕەنگە ئەو ژمارەیە بەهۆی برسێتیەوە نزیکەی نیوەی هەموو مردنە ناسروشتییەکانی یەکێتیسۆڤێت لەم ماوەیەدا پێکبهێنێت. هۆکاری لەناوچوونی زۆرێک لە ئۆکراینیەکان کاتێک ڕوونتر دەبێتەوە کە ڕوو لە هەندێک لێکۆڵینەوە دەکەین کە لەم دواییانەدا لەلایەن دیمۆگرافیای کۆچبەریسۆڤێت بڵاوکراونەتەوە کە لە ژێر ناوی ماکسودۆڤدا لەسەر جوگرافیای برسێتی ساڵی ١٩٣٣ دەنووسێت. ئەو پێکهاتەی تەمەنی مێینەکانی گوندنشینی (ناوچە) لە دانیشتوانی ساڵی ١٩٥٩بەپێی ئۆبلاست شیکردووەتەوە .

خستنەخوارەوەی فڕۆکە کۆرییەکە تورەیی زیاتری لە برسێتییە دروستکراوە گەورەکەی مرۆڤ، ساڵی ١٩٣٣ بەدوای خۆیدا هێناوە، بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە تاڕادەیەک ئاسانە خەیاڵکردنی فڕۆکەیەکی پڕ لە خەڵک (هەموومان لە فڕۆکەدا بووین)؛ دەتوانین بیخەینە بەرچاومان کە ئەزموونەکە چی لەخۆگرتبوو. جگە لەوەش زۆر زەحمەتە بچیتە ناو کۆمەڵگایەکی داخراوەوە. ئەگەر لە ١ی ئەیلولی ١٩٣٣دا ٢٦٩ کۆڵبەر و منداڵەکانیان لە یەک گونددا لەناو ببرایە، ڕەنگە ئێمە بە ئاسانی تووشی شۆک ببووینایە. یان ئەگەر لە ساڵی ١٩٣٣دا ١٠٠ هەزار کەس لە ئۆکرانیا - یان ٤٠٠ هەزار یان یەک ملیۆن کەس - بە ئەنقەست لە برسێتیدا بمرن، ئەوا ترسناکیی ئێمەش بە هەمانشێوە زۆر گەورە دەبوو. بەڵام تا ژمارەکە گەورەتر بێت، خەیاڵکردن قورسترە. لە ڕووی دەروونییەوە زۆر گرنگە بە جۆرێک تێبگەین کە چۆن بووە .ئایا ئەو ڕزگاربووانەی کە شایەتحاڵ بوون، وتەیان بەجێهێشتووە کە باسی کارەساتەکەیان دەکرد بۆ خێزانێکی دیاریکراو؟ چ کەرەستەیەک لەبەردەستە؟.

ئەو ناوچانەی کە ماسییان تێدابوو باشتر بوو لەو ناوچانەی کە ماسییان تێدا نەبوو. ئەو شوێنانەی کە دارستانەکانی ماسییان لە نزیکەوە بوو، ئەوا خەڵکەکەی

باشتر بوون لەوەی کە ماسیی نەبوو. هەندێک بوار کەمێک لە هەندێکی تر باشتر بوون .هەندێک گوند وێرانبوونی تەواویان بەخۆوە بینی؛ کەس بە هیچ شێوەیەک نەمابوو. ژمارەیەکی زۆر باسی ئەو کەسانە هەیە کە سەیری ناوەوەیان کردووە و دوا منداڵی مردوویان بینیوە کە لەسەر زەوی پاڵکەوتووە یان بە مردوویێتی مەمکی دایکە مردووەکەی گرتووە.واتا کاتێک سەیری ئەو دیمەنی مردووانە دەکەی کە لە برسێتیدا گیانیان بە خاک سپاردووە، دەیان کارەسات و مەرگەساتی هاوشێوەی عومەری خاوەری هەڵەبجەت دێنێتە بەرچاو.

سەربڕینی بەکۆمەڵ و ماڵات بەربڵاو بوو. لە زستانی ساڵانی ١٩٢٩ – ١٩٣٠ ژمارەی کێڵگە ئاژەڵییەکان زیاتر لە هەموو ساڵەکانی شەڕی ناوەخۆ کەمتریکرد. ئاژەڵداری لە ساڵانی ١٩٢٩ – ١٩٣٠ بەڕێژەی ٣/١ کەمیکرد، ژمارەی ئەسپەکان بەرێژەی ٣/١ و بەراز دوو هێندە، مەڕوبزن دوو هێندەو نیو کەمیکرد. ئەم دۆخە وایلێهات تا کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٣٠ دۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر بوو. ستالین رێکخراوە حیزبییەکانی بە هۆکاری دروستبوونی ئەو دۆخە وەسف کردو ، خۆی لەو رێکخراوە حیزبییانە جیا کردەوە. بۆ ئەم مەبەستە رۆژنامەی (پراڤدا) کە زمانحاڵی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێت بوو،

وتارێکی ستالین ی بەناوی (سەرسوڕمان لەگەڵ سەرکەوتن) بڵاوکردەوەو ، کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەش بڕیارێکی لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی لادەرەکان لە هێڵی حیزب لە بزووتنەوەی بە کۆمەڵدا پەسند کرد. ئەم هەڵوێستەی ستالین تاکیتیکی و بۆ ماوەیەکی کاتی بوو.

کاتێک برسێتی خەریکبوو، تەنگ بە خەڵکەکە هەڵچنێ، ستالین داوای کرد بە هەر نرخێک بێت دانەوێڵە دەبێت دەستبکەوێت، بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی پێویستیش ساڵی ١٩٣٢ یاسایەکی بۆ پاراستنی موڵک وماڵی سۆشیالیستی دەرکرد، کە لەسێدارەدانی بۆ دزینی موڵکی کێڵگەی بەکۆمەڵ(لەژێر بارودۆخی سووککردندا-بەلانی کەم زیندانیکردن بۆ ماوەی دە ١٠ ساڵ، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ ، هاوکات هیچ جۆرە لێبوردنێکیش ئەو جۆرە حاڵەتانە ی نەدەگرتەوە.

هەموو ئەو خەڵکانەی بەهۆی برسێتییەوە، شوێن و هەوارگەی خۆیان بەجێهێشت و کۆچیان کردبوو، بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێت و لەسەر داوای ستالین، بڕیاردرا، هەموو جووتیارو کۆڵبەرە هەڵاتووەکان بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، تا دەمرن، چونکە ئەم کۆچە بە کۆمەڵییەیان بە پلانی وڵاتانی دەوروبەرو دوژمنان زانی، لە ئەنجامیشدا سەدان هەزار

کەسیان گەڕاندەوەو، زۆربەی هەرە زۆریشیان لە برسانا مردن.

لە ئەنجامی دەستبەسەرداگرتنی حکومەت بەسەر نان و دانەوێڵەو بەرهەمی جووتیارەکاندا، برسێتی بە ملیۆن تەنیا رووی لە ئۆکرانیا نەکردبوو، بەڵکو کۆمەڵێک ناوچەی رووسیاو ئینجا کازاخستان و باکووری قەفقازیاو ناوچەی ڤۆڵگا زیانی گەورەیان بەرکەوت. بەڵام ئەو زیانە رۆحییەی بەر ئۆکرانیا کەوت نموونەی نەبوو. بەپێی هەندێک خەملاندن برسێتی گیانی زیاتر لە ٧-٨ ملیۆن کەسی سەندۆتەوە، بەڵام سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، تەنیا لە ئۆکرانیا نزیکەی چوار ملیۆن کەس لە برسانا مردووە، بەهۆی برسێتیشەوە دەیان دەردو تاعون قوڕگی خەڵکەکەی گرتووەو گیانی لێ سەندوونەتەوە. هاوکات یەک ملیۆن کەسیش لە خودی رووسیا بەهۆی ئەو برسێتییەوە گیانیان لەدەستدا. زۆربەی گیان لەدەستدانەکان سێ گۆڤاری ناو یەکێتی سۆڤێتی گرتەوە، کە ئۆکرانیا بە پلەی یەکەم و ئینجا رووسیا کە جیاوازییەکی کەم لەنێوانیان هەبوو، بە پلەی سێیەم کازاخستان کە رێژەی مردنەکە لە هی ئۆکرانیاو رووسیا زۆر کەمتربوو. هەندێکیش بەر کۆمارەکانی دیکەی یەکێتی

سۆڤێت کەوت، بەڵام لە ئاست ئەو سێ کۆمارەدا، زیانەکانیان زۆر کەمتر بوو.

کارەساتی گەورە ئەوەبوو، کاتێک بەهۆی برسێتییەوە بە ملیۆنان کەس دەمردن، دەوڵەت نە پێشبینی دۆخێکی وەهای کردبوو، نە توانای بەرنامە دانانێکی خێرای بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە هەبوو. لەکاتێکدا هەندێک سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەم هەموو کۆگایە دەکەن کە لەناو یەکێتی سۆڤێتدا هەبوو پڕ لە دانەوێڵە بوون. لەوەش زیاتر پێش روودانی مردنی ملیۆنی، واتا تا ساڵی ١٩٣٠ سۆڤێت رێژەیەکی زۆری دانەوێڵە هەناردەی دەرەوە دەکرد.

گرفتی گەورە لەم دۆخە زۆر مەترسیدارە ئەوەبوو: یەکەم: هیچ دەنگێکی جیاواز لەناو کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی بەرز نەبۆوە، بۆ راگەیاندنی هەڵوێستێکی نیشتمانی – مرۆیی لەبەرانبەر ئەو کارەساتە گەورەیە، بەپێچەوانەوە هەموویان بەشدارییان لە شاردنەوەی رێژەی مردنی کارەساتەکەدا کردبوو. دووەم : هیچ کەس لە سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی جەسارەتی ئەوەی نەبوو، رەخنە لە ستالین بگرێت و تاوانباری ئەم هەموو مردنە ملیۆنییەی لێ بکات. ئەمە وایکرد دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی یەکێتی سۆڤێت لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٣٣ دا بڕیارێک بدات و جەخت لەوە بکەنەوە کە(

ئیمساڵ سەرکەوتنێکی گەورە لەلایەن خەڵکی کرێکاری یەکێتی سۆڤێت لە کشتوکاڵدا بەدەستهێنراوە، کە بەهێزکردنی بەرچاوی رێکخراوەیی و ئابووری کێڵگە بەکۆمەڵەکان و کێڵگە دەوڵەتییەکان بوو، بەرهەم و دروێنەی گشتی دانەوێڵەو بەرهەم و پیشەسازییەکان و هەروەها بەرهەمهێنانی ئاژەڵداری بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. هەموو ئەمانە لەگەڵ خەباتێکی سەرکەوتوو لە دژی توخمەکانی کولەک، زیادبوونی دیاری ئاستی ژیانی جەماوەری بەرفراوانی جووتیارانی بەکۆمەڵیان مسۆگەر کرد).ئەمە بوو درۆی گەورەی ساڵانێکی زۆری حیزبی کۆمۆنیست و ستالین و سیستەمی سیاسی سۆڤێت.

ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٣ بەهۆی برسێتییەوە تەنیا لە ئۆکرانیا٣.٩٠٠.٠٠٠ کەس گیانیان لەدەستدا، لە رووسیاش زیاتر لە یەک ملیۆن کەس مردن. کاتێک چیرۆکی ئەو برسێتییەی ئۆکرانیاو رووسیا دەخوێنیتەوە، ئەوکات دەزانی مرۆڤ کە برسی بوو چۆن دەبێتە دڕندە. چۆن گۆشتی منالّی خۆی دەخوات تەنیا بۆئەوەی بژی. ئەو بەسەرهات و کارەساتە پێی دەوترا (هۆلۆدۆمۆر) واتە مردن لەبەر برسێتی. ستالین دەستی بەسەر کێڵگەو بەرهەمهێنەرەکانی ئۆکرانیادا گرت و تا رادەیەک هاوکاری خەڵکی رووسیای پێدەکرد، چونکە رووسیاش رووبەڕووی

مەرگی بەکۆمەڵ ببووەوەو وەک باسمکرد زیاتر لە یەک ملیۆن کەس تەنیا لە رووسیا بەهۆی برسێتییەوە مردن.

ساڵی ١٩٤١ ئەڵمانیای نازی هێرشی بۆسەر رووسیا دەستپێکرد، بەڵام ئامێری شەڕی کارامەی ئەڵمانیا تا مانگی نۆڤەمبەری هەمان ساڵ ئۆکرانیای بەتەواوی خستە ژێر چەپۆکی پڕ چڕنووکی خۆیەوەو ئەم وڵاتەی تارومار کرد. گرفتی ئۆکرانییەکان ئەوەبوو سەرەتا وایاندەزانی نازییەکان رزگارکەری مرۆڤایەتین، بۆیە بە چەپڵەرێزان پێشوازییان لە سوپای نازی کرد و ئەڵمانیا بەبێ هیچ بەرگرییەکی سەخت چووە ناو ئۆکرانیاو داگیری کرد، پێدەچێ سوپای نازی زانیبی کە ئۆکرانیا شەڕی لە بەرانبەر ناکات، بۆیە ئاراستەی داگیرکارییەکەی ساڵی ١٩٤١ ی بەناو ئۆکرانیادا بەباش زانی ، سەرکەوتووش بوو. بەناو خاکی پۆلۆنیاوە چووە ناو خاکی ئۆکرانیاو داگیری کرد. ئیتر ئۆکرانیا چارەنووسێکی خراپی بۆ دروستبوو، کە رێک ٣٠٠ ساڵ مێژووی بۆ دواوە گەڕایەوە، ئەوە بوو جارێکی دیکە ئۆکرانیا دابەشکرایەوە بەسەر پۆلۆنیاو رۆمانیاو ئۆکرانیای نازی .نازییەکان لەماوەی ئەو چوار ساڵەی ئۆکرانیایان داگیرکردبوو، بە بەرنامەیەکی چڕوپڕ دەستیان بە کوشتنی جولەکەکانی ئۆکرانیا کرد، لەماوەی ئەو چوار ساڵەیاندا زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو

(١.٥٠٠.٠٠٠) جولەکەیان کوشت.ئەڵمانیاش وەک هەموو داگیرکەرەکانی دیکە گەنمی ئۆکرانی و تەواوی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی بۆ ئەڵمانیا دەگوازتەوە.کارەساتی گەورە ئەوەبوو، زیاتر لە دوو ملیۆن(٢.٠٠٠.٠٠٠) هاولاتی ئۆکرانی وەک کۆیلە کرێکارییان بۆ ئەڵمانیا دەکرد. ساڵی ١٩٤٣ دوای چەندین شەڕی زۆر سەخت، رووسەکان توانیان لە شاری ستالینگراد شکست بە نازییەکان بهێنن. بەڵام سوپای سووری رووس تا ساڵی ١٩٤٤ ئینجا توانیان هەموو ئۆکرانیا لە سوپای نازی پاکبکەنەوە. گرفتەکە ئەوە بوو سوپای ئەڵمانیا لە هەر شوێنێکی ئۆکرانیا کە پاشەکشەی پێ دەکرا، چی کێڵگەو کارگەو ژێرخانی وڵات هەبوو دەیانسووتاندو دەیانتەقاندەوە. ئیتر ئەمە هۆکارێک بوو کە ئۆکرانییەکان ئەمجارەش کەوتنە سەر وڵاتێکی خۆڵەمێشی و شتێکی لێ نەمابوو بەناوی ئاوەدانی. ئۆکرانیا ژمارەی دانیشتوانیان پێش هێرشی سووپای نازی نزیکەی چل و پێنج ملیۆن کەس دەبوون، بەڵام دوای چوار ساڵ شەڕکردن و دوای رزگارکردنی خاکی ئۆکرانیا ، دانیشتوانی ئۆکرانیا تەنیا ٣٦ ملیۆن کەسی لێ مابۆوە. سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، تەنیا لە خەڵکی ئۆکرانی نزیکەی پێنج ملیۆن کەس بوونە قوربانی لەپێناو رزگاری نیشتمانەکەیاندا. زیاتر لە چوار ملیۆنیش

له خەڵکەکە ئاوارە ببوون. ئۆکرانیا لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی هەمیشە بۆ ئەڵمانیای نازی سەنگەرێک بووە و بۆ سوپای سووری سۆڤێتیش هەر بە هەمانشێوە، سەنگەر بووە. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری چەکهەڵگرەکانی ئۆکرانیا لە ریزی سووپای سووردا بوون و لەپاڵ سۆڤێت شەڕی ئەڵمانیایان دەکرد . کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الأمم) لەساڵی ١٩٢٠ دوای کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی دامەزرا. شەڕی دووەمی جیهانیش نەتەوە یەکگرتووەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. هەردوو رێکخراوەکە بە کۆدەنگی نێوان زۆربەی نەتەوەکان پێکدەهێنران کە تیایدا ئەندام بوون. پێیانوابوو ئیتر باشتر وایە کێشەکانی نێوان وڵاتان بە رێگای ئاشتی و گفتوگۆکردن و لەیەکتێگەیشتن چارەسەر بکرێت، نەک پەنا ببردرێتە بەر هێزی سەربازی وماڵوێرانی دروستبکات.

ئۆکرانیا لەسەر ئەو هەموو قات و قڕییەی شەڕی نازییەکان کە وڵاتەکەی بریتی بوو لە پارچەیەک خۆڵەمێش ، کەچی دوای کۆتاییهاتنی دووەمین شەڕی جیهانیش واتا ساڵانی ١٩٤٦-١٩٤٧ وشکە ساڵی و برسێتی رووی لە ئۆکرانیا کرد، کە بەپێی زۆرێک لە سەرچاوەکان نزیکەی یەک ملیۆن خەڵکی ئۆکرانی لە برسا مردن. ستالینیش لە شەڕ تەواو ببوو، لە مێشکی ستالیندا هەژموونگەرایی

رووسیا له سەرووی هەموو شتێکەوە بوو جا بە هەر نرخێک بێت، بۆئەوەی جارێکی دیکە کەس جورئەتی ئەوە نەکات هێرش بۆسەر سۆڤێت بهێنێت. ئیتر بەلایەوە ئەوەندە گرنگ نەبوو خەڵکی ئۆکرانی چارەنووسیان لە مەترسیدایە، بەڵکو ئەوەی گرنگ بوو سوپای سوور بوو، کە رووبەڕووی برسێتی و مردن نەبێتەوە. بۆیە بە خێرایی دەستی بە بونیادنانەوەی ژێرخانی خاکی رووسیا کردو کارگەو پیشەسازی لێ دروستکردن.

بەهۆی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی سوپای سوور بەسەر سوپای نازیدا، هەژموونی یەکێتی سۆڤێت زۆر گەشەی کرد، تەنانەت کاتۆلیکی یۆنانی ئۆکرانیاو کڵێسای ئۆرتۆدۆکسی ئۆکرانیا یەکیانگرت و چوونە ناو کڵێسای ئۆرتۆدۆکسی رووسیا. ستالین لە گوتارێکیدا داوای لە گەلی ئۆکرانیا کرد، بەتایبەت کە بڕیاریدا شاعیران و شانۆنامەنووسان و نووسەران ئیتر واز لە چەپڵەلێدان بهێنن کە بۆ شکۆمەندی ئۆکرانیا دەیکەن، لە بری ئەوە بەرهەمهێنانتان لە هەموو بوارەکاندا زیاد بکەن، وەک چۆن گەلی رووسیا وا دەکات. ئیتر خوێندن و پەروەردەو هەموو جومگەکانی تری دەوڵەت لە ئۆکرانیا کرایە سۆشیالیستی . ئەوەی کۆمۆنیست نەبوایە لە زۆر بواردا

کۆسپی بۆ دروستدەکرا. ئیتر ئاڵای سوور لە هەموو خاکی ئۆکرانیا دەشەکایەوە.

لەسەردەمی نیکتا خرۆشۆف کە دوای مردنی ستالین هاتە سەر کورسی یەکێتی سۆڤێت، لە سەردەمی خرۆشۆفدا نوێترین و گەورەترین بۆمبی جیهانی وەدەستهێنرابوو. رووسیا لە رووی ئەتۆمەوە لەوپەڕیدا بوو. بەڵام کارو بەرنامەکانی ئەو جۆرە چەکە ئەتۆمییە لەسەردەمی ستالیندا بەرنامەی بۆ دارێژرابوو، کاری لەسەر کرابوو، بۆیە هەر ئەو ساڵەی کە ستالین مرد، یەکەم تاقیکردنەوەی بۆمبی H لە مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵی مردنی ستالین کرا. کە لەسەر ئاستی جیهاندا نوێترین و کاریگەرترین چەکی ئەتۆمی بوو.

بە هاتنی خرۆشۆف بۆ سەر تەختی سەرۆکایەتیکردنی یەکێتی سۆڤێت بارودۆخی ئۆکرانیاش گۆڕانکاری تێکەوت، چونکە خرۆشۆف لە گوندی ئۆبلاستی کورسکی لەدایکبووە کە کەوتۆتە سەر سنووری ئۆکرانیاو رووسیا. ماوەیەکیش لە هەرێمی دۆنباس چەندین پۆستی جیا جیای وەرگرتبوو.

ساڵی ١٩٤٢ خرۆشۆف لە بەرەی باشووری ڕۆژئاوا بوو،واتا لە ئۆکرانیا بەرپرس بوو، لەگەڵ تیمۆشینکۆ

پێشنیاری هێرشی بەرپەرچدانەوەی بەرفراوانیان لە ناوچەی خارکێڤ کرد. ستالین تەنها بەشێک لە پلانەکەی پەسەند کرد، ٦٤٠ هەزار سەربازی سوپای سوور هێشتا بەشدار دەبن لە هێرشەکەدا .بەڵام ئەڵمانییەکان دەریانخستبوو کە ئەگەری زۆرە سۆڤێتەکان هێرش بکەنە سەر خارکێڤ و تەڵەیەک دابنێ. سەرەتا هێرشی سۆڤێت سەرکەوتوو دەرکەوت، بەڵام لە ماوەی پێنج ڕۆژدا ئەڵمانییەکان بە قووڵی کەوتنە ناو لایەکانی سۆڤێت و سەربازانی سوپای سوور مەترسی بڕینیان لەسەر بوو.ستالین ڕەتیکردەوە هێرشەکە ڕابگرێت و هەر زوو فیرقەکانی سوپای سوور لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە گەمارۆدران.یەکێتی سۆڤیەت نزیکەی ٢٦٧ هەزار سەربازی لەدەستدا کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار پیاویان بە دیل گیرا و ستالینیش تیمۆشینکۆی دابەزاند و خرۆشۆفی بانگهێشتی مۆسکۆ کرد. مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە خرۆشۆف پێش ئەوەی بگاتە کۆشکی کریملین و وەک سەرۆکی رووسیا بناسرێت، چەندین بەرپرسیارێتی لە ئۆکرانیا وەرگرتبوو ، هەر لە کاتی دووەم شەڕی جیهانی و دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکەش، خرۆشۆف زۆرترین هەوڵیدا بۆئەوەی ئۆکرانیا لەژێر هەژموونی رووسیادا بمێنێتەوە. لە راستیشدا رووسیا قوربانییەکی لە ژمارە

نەهاتووی پێشکەش کرد تا ئۆکرانیای لەژێر دەستی سوپای نازی پاککردەوە. رووسیا ساڵی ١٩٥٤ بە بڕیاری خرۆشۆف ، کریمیای بە ئۆکرانیا بەخشییەوە، لەکاتێکدا روسیا لە ساڵی ١٧٨٣ ز نیمچە دوورگەی کریمیای لەژێر دەستی تورکەکاندا رزگارکردبوو. لەدوای لکاندنی بە رووسیا دەیان بەرپرس و کارگێڕی بۆ ئەو نیمچە دوورگەیە تەرخانکراوەو بەڕێوەبردراوە.  هەر لەلایەن خرۆشۆفەوە، کریچینکۆ کە ئۆکرانی بوو، بەڵام لایەنگری سۆڤێت بوو، رۆڵی زۆری بۆ تایبەتمەندییەکانی ئۆکرانیا بینی، تەنانەت خولی زمانی ئۆکرانیشی بۆ ئۆکرانییەکان کردەوە.  ئەمانە وایانکرد ئۆکرانیا لەسایەی سیستەمی سۆشیالیستی سۆڤێتدا ئارام بن. لە ساڵی ١٩٥٦ خرۆشۆف بڕیاری ئازادکردنی هەموو ئەو ئۆکرانیانەی دا کە پێشتر خرابوونە زیندان، بەهۆی ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ نازییەکان بەستبوو یان لەگەڵ ئەو هێزانەی کە دژ بە یەکێتی سۆڤێت بوون، خرۆشۆف ئازادی کردن. ئیتر هیچ جۆرە گوشارێک لەسەر ئۆکرانییەکان نەمابوو، ئەوەی هەشبوو هەڵگیرا.  ئیتر چالاکی جۆراوجۆر دروستبوون، شیعرو  شانۆنامەو نووسینی رۆمان و نووسینەوەی مێژوو  ..هتد لەوپەڕی گەشەکردندا بوون. تەنانەت گۆڤارێکی ئەکادیمی تایبەت بە مێژووی ئۆکرانیا چاپ و

بڵاودەکرایەوە. ساڵی ١٩٨١ لەسەردەمی بریژنێڤ لە کییڤ هێمایەکیان بۆ ئۆکرانیا دروستکرد کە بەرزییەکەی سەد(١٠٠)مەتر بوو، لە حەفتسەد تەن پۆڵا پێکهاتبوو، کە ناویلێنرابوو(دایکی نیشتمان).ئۆکرانییەکان لە خۆشەویستی برێژنێڤ کە ئەو کارە گرنگەی بۆ ئۆکرانیا کردبوو، ئۆکرانییەکان لەجیاتی ناوی دایکی نیشتمان پێیان دەگوت (کچی پرێژنێڤ). بینینی ئەم دیمەنە هەستی نیشتمانپەروەری بۆ ئۆکرانییەکان زیاتر قووڵدەکردەوە.

دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت، چ لە وڵاتانی رۆژئاوا، چ ئەو وڵاتانەی لەناو یەکێتی سۆڤێت هاتنە دەرەوەو سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، بە هەموو شێوازێک باسیان لە برسیکردنی ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٣٣ ی خەڵکی ئۆکرانیا کرد، کە زۆرێک لەو وڵاتانەی مەبەستیان بوو سیستەمی رابردووی سۆڤێت خراپتر ناشیرن بکەن، ئەم برسیکردنەیان بە هۆلۆدۆمۆر و بە جینۆسایدکردنی ئۆکرانییەکان ناودەبرد، کە وای لێهات رووسیا ناچار بوو بێتە قسەو روونکردنەوەی خۆی بدات و بڵێن: لە یەکێتی سۆڤێتدا برسێتی ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٣ ئامانجی لەناوبردنی هیچ نەتەوەیەکی دیاریکراو نەبووە، بەڵکو دەرئەنجامی وشکەساڵی و بەکۆمەڵکردن و زەوتکردنی زۆرەملێی کولاکەکان بوو، کە ئەم دۆخە نەک تەنیا لە ئۆکرانیا، بەڵکو

له هەموو وڵاتدا دروست ببوو. بەڵام هەرچۆنێک بێت، سەرچاوە زانستییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، بەرنامەی برسیکردن و دواجار لەناوبردنی خەڵکی ئۆکرانیا، بەهیچ شێوەیەک بەرنامە بۆدارێژراو نەبووە، بەڵام گرفتەکە لە پێشبینی نەکردن و لە چارەسەرنەکردنی خێرای ئەو شەپۆلی برسێتییە بوو، کە سۆڤێت نەیتوانی زوو بەسەریدا زاڵ بێت. دەنا ئێستاش ستالین، سەرەڕای ئەو تاکڕەوی و ئەو دیماتۆرییەی کە وڵاتی لە ناوەوە داڕووخاندبوو، لە دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤێتیش هەموو وڵاتانی سەرمایەداری و ئەو وڵاتانەی ئەوروپای رۆژهەڵاتیش بە چڕی کاریان لەسەر ناشیرنکردنی ستالین کرد، بەڵام ئێستاش ستالین لەناو رووسیاو تا رادەیەک لەناو ئەو وڵاتانەی ئەوروپای رۆژهەڵاتیش ، شوێن و پێگەی خۆی هەیەو، خەڵکی رووس بە شکۆوە یادی دەکەنەوەو ناویدەهێنن، چونکە زۆربەی زۆریان پێیانوایە، ئەگەر ستالین نەبوایە شەڕی دووەمی جیهانی رووسیاو ئەو وڵاتانەیش کە یەکێتی سۆڤێتیان پێکهێنابوو، بەهۆی هەژموون و ملهوڕی سوپای نازی لە دووەمین جەنگی جیهانیدا، رووسیای تەختدەکردو، لە کەلاوەیەک زیاتر هیچ نەدەمایەوە. بەڵام ئەوە ستالین بوو، ئازایانە توانی

گەورەترین شکستی مێژوویی بەو سوپایەی نازی بهێنێت، کە فەرەنساو ئەوروپای خستبووە ژێر چەپۆکی خۆیەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووسیا لە نامەیەکیدا بۆ وڵاتان(جگە لە ئۆکرانیا)، داوای کرد کە پشتگیری دەستپێشخەرییەکەی کییڤ بۆ یادکردنەوەی قوربانیانی هۆلۆدۆمۆر[١٢] نەکەن ، وتی : مەبەستی حکومەتی ئۆکرانیا ئاشکرایە: لێپرسینەوە لە برسێتی و ورووژاندنی دوژمنایەتییە لەنێوان گەلانی برا ئۆکرانیاو رووسیا. هەر لە هەمان ساڵدا پەرلەمانی رووسیا بەیاننامەیەکی پەسند کرد کە پێوەندی بەوەوە هەبوو کەهیچ بەڵگەیەک نییە برسێتی ساڵی ١٩٣٣ کردەوەیەکی جینۆساید بێت، بەتایبەت دژی گەلی ئۆکرانیا. بەیاننامەکە ئاماژەی بەوەش کردووە ، دۆمای دەوڵەتی ئەنجومەنی فیدراڵی فیدراسیۆنی رووسیا، لە یادی حەفتاو پێنج ٧٥ ساڵەی کارەساتی ترسناکدا ،برسێتی ساڵانی ١٩٣٠ کە بەشێکی بەرچاوی خاکی یەکێتی سۆڤێتی گرتەوە، لەگەڵ گەلانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا هاوبەشی ئازارەکانە. بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە بیسەلمێنێت کە

---

[١٢] - هۆلۆدۆمۆر : واتا مردن بەهۆی برسێتی دێت . گۆرتا مۆر هاوتای ئۆکراینییەکەیە.

برسێتییەکە لەسەر بنەمای نەتەوەیی ڕێکخرابێت. ملیۆنان هاوڵاتی یەکێتی سۆڤێت، نوێنەری گەلان و نەتەوە جۆراوجۆرەکان کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەناوچە کشتوکاڵییەکانی ئەو وڵاتەدا دەژین، بوونەتە قوربانی. ئەم کارەساتە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نییەو نیشانەکانی جینۆسایدکردنی نییەو ، نابێت ببێتە بابەتی قسەو باسی سیاسی هاچەرخ. بەیاننامەکە وێنەیەکی بۆ ئەمانەی خوارەوە نێردراوە :

سەرۆکی فیدراسیۆنی رووسیا ڤلادیمێر پوتین، حکومەتی فیدراسیۆنی رووسی، ئەنجومەنی فیدراسیۆنی ئەنجومەنی فیدڕالی فیدراسیۆنی رووسیا، ئەنجومەنی نێوان پەرلەمانی وڵاتانی ئەندامی کۆمۆنوێلس لە دەوڵەتە سەربەخۆکان، پەرلەمانی وڵاتانی ئەندامی کۆمۆنوێلسی دەوڵەتانی سەربەخۆ، ئەنجومەنی پەرلەمانی ئەوروپا، ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا، پەرلەمانی ئەوروپا، پەرلەمانی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا.

بەڵام هەشت ساڵ دواتر لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ ڕادای ڤێرخۆڤنا(پەرلەمان)ی ئۆکرانیا، داوای لە هەموو وڵاتانی دیموکراسی کرد کە هۆلۆدۆمۆری ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٣٣ وەک جینۆسایدی گەلی ئۆکرانیا بناسێنن.

ساڵی ٢٠١٨ ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بە کۆی دەنگ بڕیارنامەیەکی پەسند کرد کە هۆلۆدۆمۆر لە ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٣٣ وەک جینۆسایدکردنی خەڵکی ئۆکرانیای ناساند. بەتایبەتی لە بڕیارنامەکەدا هاتووە کە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا دانی بە ٨٥ ساڵەی برسێتی ئۆکرانیا(هۆلۆدۆمۆر) لە ساڵانی ١٩٣٢ تا ١٩٣٦ دەنێت. ئەوەی جێگای وتنە چەندین وڵاتی دیکە هاتنە ریزی ئەمریکاو ئەم برسێتییەی ئۆکرانیایان بە جینۆساید ناساند. بەڵام چەندی هەوڵ لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیل درا، تا ئەویش هەڵوێستی خۆی رابگەیەنێت وەک ئەمریکاو وڵاتانی دیکە، بەڵام تا ئێستاکە ئیسرائیل ئەمەی بە جینۆساید دانەناوەو نەیکرد. لە ساڵی ٢٠١٨ پرۆژە یاسایەک لە کنێست بە پشتگیری ئەمریکاو جولەکەکانی ئۆکرانیا لە رۆژنامەی کنێست پێشکەشکرا ، کە تیایدا برسێتی ساڵی ١٩٣٢ – ١٩٣٣ لە ئۆکرانیا وەک کردەوەیەکی جینۆساید بناسێنرێت، بەڵام یاساکە دەنگی نەهێناو پەسند نەکرا. لە بەرانبەردا رووسیا بەڵگەی زیندووی خستە روو کە هەموو ئەو وڵاتانەی دژ بە رووسیا بۆ پشتگیریکردنی ئۆکرانیا ئەو برسێتییەیان بە جینۆساید ناساندووە، مێژوویان شێواندووەو، بە وردی نەچوونەتە ناو مێژووی ئەو برسێتییە.

له راستیدا لەدوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤێت و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئۆکرانیا، هیچ ڕووداوێک بە قەد ڕووداوی برسێتی ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٣٣ ی ئۆکرانیا، نەتەوەی ئۆکرانیای سەرقاڵ نەکردووەو نەیورووژاندووە. ئەم برسێتییە خەریکە لەگەڵ مێژووی نەتەوەیی ئۆکراین یەکدەگرێتەوە، بەڵام پێشکەوتنەکانی بۆ ئەو پێگەیە نا یەکسان بووە، پڕ بووە لە ناکۆکی گشتی و ناکۆکی سیاسی و هیچ کۆدەنگییەکی لەنێو خەڵکی ئۆکرانیادا نییە سەبارەت بە قەبارەکەی یان بەتایبەتی سەرچاوەکەی. بەشێوەیەکی گشتی ئەم ناکۆکیانە پێوەندی بە سەردەمی سۆڤێت بە ژیانی ئۆکرانیاوە نیشاندەدات، سەرباری هەموو ئەو هەوڵانەی کە لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییدا چڕ کراونەتەوە.

ڕاستە ئەمریکاو کەنەدا و چەندین وڵاتی دیکە ئەو برسێتییەیان وەک کردەوەیەکی جینۆساید ناساندووە، بەڵام جێگای مشتومڕی زۆرە کە ئەم جۆرە بڕیاردانانە زیاتر لەسەر بنەمای هەوڵی گرووپە گوشارە ناوخۆییەکان یان لەسەر بنەمای هەست یان بنەمایەکی سیاسی دیاریکراو دامەزراون، نەک لەسەر بنەمای بەڵگەی باوەڕپێکراوو حاشا هەڵنەگر. بە داخەوە، سیاسەتمەدارانیش وەک یاسایەک کات لە ئەرشیفەکاندا

بەسەر نابەن، رووسیا بێئەوەی جێگای سەرسوڕمان بێت ئەم ئەنجامەی قبوڵ نەکردووەو نایشیکات.

لە راستیدا دوای لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ورد، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەنجامی تێکچوونی بارودۆخی ژینگەیی یان کەش و هەوا دەکەن، نەک بەشێک لە بەرپرسێک سیاسەتی دەوڵەت بە ئامانجی نەهێشتنی ئۆکراینییەکان وەک نەتەوەیەک بووبێت. لێکۆڵینەوەکان کەم نین کە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونیان بۆ سەرەتای برسێتی کردووەو پێشنیاری ئەوەشیان کردووە کە پێویستە جەختی زیاتر لەسەر پرسی نەتەوەیی بکرێتەوە. ئەم دەرئەنجامانە جیاوازن لەگەڵ باسەکانی ئەم دواییەی لە هەندێ شوێن و دەزگای بڵاوکردنەوەدا، بڵاوکراونەتەوە.

زانایانی ئۆکراینی کە زۆرترین نووسینی تا رادەیەک زانستییان لەسەر برسێتی نووسیوە، بۆنموونە: یوری شاپۆڤاڵ لە ساڵی ٢٠٠٢ ، ستانیسلاڤ کۆلچیتسکی لە ساڵانی ١٩٩٨، ٢٠٠١، ٢٠٠٥، ٢٠٠٧، هەروەها ڤاسیل مارۆچکۆ ٢٠٠٢-٢٠٠٣ ، پترۆ پانچێنکۆو هاوکارانی ٢٠٠٣، هەموویان جەختیان لەسەر چەند هۆکارێک کردۆتەوە کە تا رادەیەک هۆکارە راستەقینەکانی برسێتییان روونکردبێتەوە، ئەویش ئەوەیە: هاتنە ئارای خێرای بە

کۆمەڵکردن لە ئۆکرانیا بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکە، ئەو کۆتایی نا ئەقڵانییەی دانەوێڵە کە لەسەر ئۆکرانیا دانرابوو، داخستنی سنوورەکانی ئۆکرانیاو باکووری قەفقازیا بەپێی ڕێنمایی ستالین لە ٢٢ ی کانوونی دووەمی ١٩٣٣ بۆ ڕێگریکردن لە کۆچی کۆڵبەرە برسییەکان، سەرباری ئەو ڕاستییەی کە بەرپرسانی ئۆکرانیا مۆسکۆیان لە دۆخی ئۆکرانیا ئاگارکردۆتەوە، بەڵام هەوڵەکان هیچ ئەنجامێکی نەبووە. نامەکەی ستالین بۆ کاگانۆڤیچ لە ١١ ی ئابی ساڵی ١٩٣٢ گومانی لە جووتیارانی ئۆکرانیاو ترسی لەدەستدانی ئۆکرانیا خستۆتە ڕوو. دەیڤیز و هاوکارانی لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەو ڕاستییەیان ڕوونکردۆتەوە کە کۆمیسیۆنی نا ئاسایی لە ئۆکرانیا بە سەرۆکایەتی مۆلۆتۆڤ ڕێوشوێنی توندی گرتە بەر بە فەرمانی ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٣٢، کە دەستی بەسەر نەک تەنیا دانەوێڵەدا گرت، بەڵکو دەستیان بەسەر گۆشت و سەوزەواتەکانیشدا گرت. ئەمەش بە حەتمی برسیکردنی جووتیاران بوو. نەبوونی برسێتییەکی لەمجۆرەو لەمشێوەیە لە کۆمارەکانی دیکە، بەتایبەتی ڕووسیاو بێلارووس، پێوەندی نێوان برسێتی و هێرشکردنە سەر نەتەوەی ئۆکرانیا وەک لە تیرۆرو دیپۆرتکردنەوەدا دەردەکەوێت، پاکتاوکردنی سەرکردە کولتووری و نەتەوەییەکان و وەستاندنی سیاسەتی

پێشووی ئۆکراینیزەکردن، برسێتی جێگایەکی ناوەندی لە بونیادنانی مێژووی نیشتمانی ئۆکرانیادا گرتووە.

ساڵی ١٩٨٣ ڕێک (٥٠) ساڵ لەسەر برسێتی ئۆکرانیا تێپەڕی و ، ببوو بە سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە برسێتی ڕۆژئاوا. پێش ئەو بەروارە(مەبەست ساڵی ١٩٨٣ ) زۆر کەم بە زمانی ئینگلیزی لە شوێنە زانستییەکان لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر برسێتی ئۆکرانیا کرابوو. ئیتر لەو یادی پەنجا ساڵەدا پرۆژەیەک لە لایەن دامەزراوەی تۆژینەوەی ئۆکراینی لە زانکۆی هارڤارد دەستیپێکرد، لە ئەنجامدا کتێبێک لە ساڵی ١٩٨٦ لەسەر تیرۆرو برسێتی لەلایەن ڕۆبەرت کۆنکێست لە ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکرایەوە. کتێبەکە بە گشتی پێشوازییەکی باشی لێکرا، هەرچەندە دواتر کۆنکێست دانی بەوەدا نا کە بۆ پشتڕاستکردنەوەی خەملاندنی ژمارەی مردووەکان ، سەرچاوەی پێویستی نەبووە . بەهەمانشێوە پەیمانگای تۆژینەوەی ئۆکراینی کەنەدی کتێبێکی لە ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن سێربین و بۆهدان کراوچینکۆ بڵاوکردەوە ، دواتریش پێکهێنانی کۆمیسیۆنی ئەمریکا بۆ برسێتی ئۆکرانیا وزەی بە کارەکانی تۆژینەوە بەخشی و لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا سێ بەرگ لە قسەوەرگرتن(ئیفادە)ی شایەتحاڵانی بڵاوکردەوە(ئەمریکا، کۆمیسیۆنی برسێتی ئۆکرانیا) . بەڵام

ساڵی ١٩٩٠ وەڵامێکی نەرێنی بۆ ئەم بڵاوکراوانە لەچوارچێوەی بابەتێکدا کە لە کتێبی پێداچوونەوەی سلاڤیدا لەلایەن مارک بی تاوگەرەوە بوو، کە پێیوابوو برسێتی دەتوانێت بەو راستییە روونبکرێتەوە کە دروێنەی ساڵی ١٩٣١ زۆر کەمتر بووە لەوەی کە سەرەتا بیری لێدەکرایەوەو دانەوێڵە یەدەگەکان لە یەکێتی سۆڤێت زۆر کەم بوون.

زانایانی رۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی دان بەو زیانە سەختانە دەنێن کە ستالین بۆ پاکتاوکردنی خەڵکی ئۆکرانیا و شوێنەکانی دیکەش گرتبوویەبەر ، بەڵام پێیانوایە لوتکەی تیرۆر لە ئۆکرانیا چەند ساڵێک دوای برسێتییەکە دروستبووە. بەمشێوەیە جەخت لەوە دەکرێتەوە ، گرنگیدان بە ناسیۆنالیزم لەماوەی ساڵانی برسێتی لەلایەن خەڵکی ئۆکرانیاوە بووە. بەڵام راپۆرتە هاوچەرخەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئەوەی پێیدەوترێت ململانێ لەگەڵ ناسیۆنالیزم لە ئۆکرانیا زووتر لە شوێنەکانی دیکەی یەکێتی سۆڤێت روویداوە. بەشێکی و بەشێوەیەکی ناکۆک(پارادۆکسکال) بەهۆی سەرکەوتنی ڕێژەیی سیاسەتی بە رەسەنکردنی ساڵانی ١٩٢٠ ە، کە لەلایەن لازار کاگانۆڤیچ سەرۆکی ئەوکاتی حیزبەکەی ئۆکرانیا دەستپێکردووە. کە دواتر یەکێک بووە لە کەسایەتییە

سەرەکییەکان کە بەرپرسیار بوون لە گەورەیی برسێتی لە ئۆکرانیا و باکووری قەفقازیا. ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمەی شەرمەزار کرد کە کۆمیساری پێشووی پەروەردە، میکۆلا سکریپپینک پشتگیریی  بۆ دەستێوەردان لە ئۆکرانیای دەکرد.  هاتنە سەر تەختی دەسەڵاتی نازیزم لە ئەڵمانیاو فێڵەکانی (فاشیستەکانی پۆلۆنیا)و پاسەوانە سپییەکان ی رووسیی و ئۆکرانی کە لەلایەن ترۆتسکییەکانەوە پشتگیری لێدەکران. دوای ماوەیەکی کەم لە وتارێکدا کە لە ئەنجومەنی نەتەوەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری ناوەندی یەکێتی سۆڤێتدا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە یەکێک لە ئەرکە چارەنووسسازەکانی ئەو حیزبە وەڵامدانەوەی ئەو هەڵانە بوو کە لەسەر پرسی نەتەوەیی لە ئۆکرانیا روویدابوو کە لەگەڵ سکریپپینک پێوەندییان بە یەکەوە هەبوو. ئەو ململانێ چینایەتییەی کە سەریهەڵدابوو، بەردەوام بوو، نەک تەنیا پێوەندی بە کایەی سیاسەتەوە هەبوو، بەڵکو لێکەوتەی توندی لە بواری ئابووریشدا هەبوو. بەلەبەرچاوگرتنی نهێنی فەرمی سەبارەت بە برسێتی، بە زەحمەت دەتوانرێت دانپێدانانێکی روونتر لە پێوەندی نێوان پرسی نەتەوەیی یان نەتەوەیی و ئەو کارەساتەی کە لە لادێکانی ئۆکرانیادا روویاندابوو، بدۆزرێنەوە.

له وتاری دووەمدا کە لە هاوینی ساڵی ١٩٣٤ بڵاوکراوەتەوە، دان بەوەدا نراوە کە یەکێک لە هۆکارەکانی لابردنی پایتەختی ئۆکرانیا لە خارکیڤەوە بۆ کییێڤ هەر لە هەمان ساڵدا بۆ بەهێزکردنی ناوچە کشتوکاڵییەکانی ئۆکرانیا بووە. لە ساڵی ١٩٣٢ دا، حیزبی کۆمۆنیزمی سەرتاسەری یەکێتی ئاماژەی بە لاوازبوونی گرنگیدانی ئۆرگانەکانی ناوەندی ئۆکرانیا لەسەر کشتوکاڵ کردبوو، بەتایبەتی لە ناوچەی کەناری راست(رۆژئاوای رووباری دنیپرۆ).

ئەوەی گرنگە لێکۆڵینەوە ئەرشیفییەکانن کە تا ئێستا ئەوە نیشاندەدەن کە هیچ -دەمانچەیەکی جگەرەکێشان- لە بواری برسێتی ساڵی ١٩٣٢ – ١٩٣٣ دا نییەو نابێت مرۆڤ پێشبینی ئەوە بکات کە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە بدۆزێتەوە کە ستالین ئامانجێکی روون و ئاشکرای بۆ لەناوبردنی ئۆکرانییەکان هەبووبێت ، وەک نەتەوە. بەڵام ئیتر بەس نییە تەنیا لە روانگەی مۆسکۆ یان ئاماری کشتوکاڵیشەوە لە برسێتی بکۆڵینەوە، چونکە پرسیاری نیشتمانی هەر لە ساڵی ١٩٣٣ لە ئۆکرانیا پرسێکی سەرەکی بوو. بە سادەیی ئاماژە بۆ رۆڵی ناسیۆنالیزمی ئۆکرانیاو بڵاوبوونەوەی لە گوندەکانی ئۆکرانیا زۆر زۆرە .هەروەها بەڵگەی دوورخستنەوەی سەرکردە کولتووری و نەتەوەییە

دیارەکان تا سەرەتای ساڵانی ١٩٣٠ کە لە لایەن زانایانی ڕۆژئاواوە پشتگوێ بخرێن.

## رووسیاو یەکێتی ئەوروپا

گەورەترین هاوپەیمانی بازرگانی رووسیا یەکێتی ئەوروپایە، یەکێتی ئەوروپا لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕی بەهای سەدو پێنج(١٠٥) ملیار یۆرۆی کاڵای بە رووسیا فرۆشتووەو بڕی بەهای ١٧٣،٢٠٠ ملیار یۆرۆ کاڵای لە رووسیا کڕیوە. نزیکەی %٧٠ ی فرۆشی رووسیا بۆ یەکێتی ئەوروپایە. بەتایبەت لە بواری سووتەمەنی و دابینکردنی وزە. لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا سیلیڤیۆ بێرلۆسکۆنی گوتی هەنگاوی داهاتوومان لە هاوکارییە ئاوەدانەکانی رووسیا لەگەڵ گەلانی رۆژئاوادا ئەندامێتی رووسیا دەبێت لەناو یەکێتی ئەوروپادا. بەڵام یوتین سەرۆکی رووسیا گوتی ئەندامێتی رووسیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا بیرۆکەیەکی لەبەرچاو نەگیراوە لەنێوان یەکێتی ئەوروپاو رووسیادا. بە ڕێگای جیاواز پشتگیری خۆی لە نزیککردنەوەی پێوەندییەکان کرد، بۆ نموونە دانانی چوار فەزای هاوبەش لەنێوان یەکێتی ئەوروپاو رووسیا. پێموابێت هۆکاری ئەوەی کە رووسیا بڕیاری

داوە نەبێتە بەشێک لە سیاسەتی دراوسێیەتی ئەوروپای یەکێتی ئەوروپا، ئەوەیە کە دەیەوێت یەکسانی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بەدەستبهێنێت، نەک بچێتە ناوییەوە. چونکە بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپا دەبێتە یەکەیەکی بچووک وەک فەرەنسا یان ئەڵمانیا یان ئیتالیاو ...هتد. بەڵام مەبەست و ئامانجی رووسیا زۆر لەوە گەورەترەو ، دەیەوێت پێشبڕکێ لەگەڵ تەواوی یەکێتی ئەوروپا بکات و هاوشانی ئەو یەکێتییە بوەستێت. ئەوە بابەتی سەرەکی ململانێکانی نێوانیانە.

رووسیا لە ساڵی ٢٠٠٩ مشتومڕێکی غازی لەگەڵ ئۆکرانیا بۆ دروستبوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر شکۆی رووسیا وەک بەرهەمهێنەرو دابینکاری گاز هەبوو. ئەمە دوای ئەوە هات کە ئۆکرانیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا رێککەوتنی بۆ باشترکردنی کەناڵە گازییەکانی کردبوو. حکومەتی رووسیا ئەم رێککەوتنەی وەک هەل و دەرفەتێک بۆ یەکێتی ئەوروپا بینی کە بەشێوەیەکی مەترسیدار لە ئۆکرانیا نزیکدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هەڕەشەی جدی لەسەر رووسیا. ئەمە وایکرد رووسیا پێوەندی باشتری لەگەڵ هەندێک لە سەرکردەکانی هەندێک لە وڵاتانی ناو یەکێتی ئەوروپا زۆر باشتر بێت لەو پێوەندییەی کە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا هەیەتی. چونکە یەکێتییەکە هیچ

پۆتانسێل(ئیحتیمال)ێکی سیاسەتی دەرەوەی کۆمەڵایەتی نییە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێوەندی نێوان رووسیاو یەکێتی ئەوروپا تا ئاستێکی زۆر بەرز بەرەو پێشەوە چوو، تەنانەت خەریکبوو پێدانی ڤیزا لەنێوان یەکێتی ئەوروپاو رووسیا هەڵبگیرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی سنوورەکانی رووسیا  لەگەڵ کازاخستان زۆر پارێزراو نییە، بۆیە هەڵگرتنی ڤیزا نەچووە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئاسانکارییەکان زۆر زۆر بوون. بەهۆی گرتنی کریمیا لەلایەن رووسیاوە ساڵی ٢٠١٤، ئیتر ئەو پەیوەندییەی نێوان یەکێتی ئەوروپاو رووسیا درزێکی گەورەی تێکەوت. ساڵی ٢٠١٢ ش رووسیا ئەوەی ئاشکرا کردبوو کە نابێت فینلەندا ببێتە بەشێک لە ناتۆ، چونکە ئەمەی بە هەڕەشە بۆ سەر رووسیا دەزانی. بەڵام کاتاینن کە سەرۆک وەزیرانی فینلاندا بوو، وەڵامی رووسیای دایەوەو گوتی فینلاند بڕیاری ئەوە دەدات کە چی بۆ وڵاتەکەی باشترینەو ملکەچی دیکتاتۆرییەتی رووسیاش نابێت.

ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی  وردە وردە کەلێن لەنێوان پێوەندی رووسیاو یەکێتی ئەوروپا دروستبکەن، تا گرتنی کریمیاشی بەسەردا هات، کە لە بری پێوەندی، دژایەتی دەستیپێکرد. لەوەتەی کریمیاش کراوەتە لقێکی رووسیا ، دۆنباس دەستی سەربازی رووسیای تێدا هەبووە، یەکێتی

ئەوروپا بەردەوام لە بەرنامەو پلانەکانیدا سزای بەسەر رووسیادا سەپاندووە. سزاکان بریتی بوون لە توندکردن و نەهێشتنی پێدانی ڤیزاو بلۆککردنی سەروەت و سامان ...هتد. سزاکان کاریگەرییان لەسەر هەناردەکردنی خۆراک لە رووسیاوە هەبووە.لەدوای کردەوە توندەکانی یەکێتی ئەوروپا ، رووسیاش هاوپەیمانی لەگەڵ گرووپە گۆماناوییە یۆرۆییەکان کردووە، کە پێشتر مەودای سیاسی جیاوازیان هەبوو، لێیان دوور بوو، بەڵام دوای ئەم رووداوانە، هاوپەیمانی لەگەڵیان پێکهێنا. تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ رووسیا یارمەتی دارایی و رێکخراوەیی پێشکەش بە هەندێک لە وڵاتانی چەپ و راستی ئەوروپییەکان دەکرد. ناوەرۆکی بابەتەکەش ئەوەبوو کۆمەڵگایەکی دژە ئەوروپی و لایەنگری رووسیا دروستبکات. لە ساڵی ٢٠١٥ میدیاکانی بەریتانیا رایانگەیاند کە سەرکردایەتیکردنی ڤلادیمێر پوتین لە رووسیادا ، بۆتە هۆی ئاڵۆزی لەناو یەکێتی سیاسی یەکێتی ئەوروپادا، بەتایبەتیش لەنێوان یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکادا لە رێگای دابینکردنی بۆ گەلانی یۆرۆیی گوماناوی و دور لە ئەوروپا. پوتین وەڵامی دانەوەو گوتی ئەمریکا وەکوو چەقۆکێش رەفتار لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپادا دەکات کە لە بری هاوپەیمانان سزا دەدرێن، هەر لەو ساڵەدا

بولگاریا رووسیای بەوە تۆمەتبار کرد کە بزووتنەوەیەکی جەنگی هاوبەشی بەرچاوی لە دژی ئەوروپادا دامەزراندووە، چونکە هەواڵی هێرشی ئەلیکترۆنی و پێشێلکاری بەردەوام لە ئاسمانی بولگاریادا هەیە.

لەوەتەی پوتین[١٣] هاتۆتە سەر حوکم، کار بۆ ئەوە دەکات، نەک چیتر لەدەست نەدات، بەڵکو هەندێک لەو وڵات و

---

[١٣] - ڤلادیمێر ڤلادیمیرۆڤیچ پوتین ,لەدایکبووی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٢، لێنینگراد ,ڕووسیا، یەکێتی سۆڤیەت ئێستا سانت پترسبۆرگ، ڕووسیا )، ئەفسەری هەواڵگری و سیاسەتمەداری ڕووسیا کە وەک سەرۆک (١٩٩٩—٢٠٠٨ و ٢٠١٢— ) لەرووسیا و، سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکە بوول ە (١٩٩٩ — ٢٠٠٨ ) . پوتین لە زانکۆی ویلایەتی لینینگراد یاسای خوێندووە ، کە مامۆستای وانەبێژەکەی لەوێ بووە ئاناتۆلی سۆبچاک، کە دواتر یەکێک بوو لە سیاسەتمەدارە پێشەنگەکانی چاکسازی لە سەردەمی پیرۆسترۆیکا. پوتین پازدە-١٥- ساڵ وەك ئەفسەری هەواڵگری بیانی لە KGB (لیژنەی ئاسایشی دەوڵەت) کاری کردووە، لەنێویاندا شەش ساڵ لە شاری دێرسدن لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات کاری کردووە . لە ساڵی ١٩٩٠ بە پلەی لیوای عەقید لە خزمەتکردنی چالاکانەی KGB خانەنشین بوو و گەڕایەوە بۆ ڕووسیا ، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی زانکۆی ویلایەتی لینینگراد و بەرپرسیارێتی پەیوەندییە دەرەکییەکانی دامەزراوەکەی لە ئەستۆ گرت. هەر زوو دوای ئەوە پوتین بوو بە ڕاوێژکاری سۆبچاک کە یەکەم سەرۆکی شارەوانی سانت پترسبۆرگ بوو کە بەشێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردرا. ئیتر خێرا متمانەی سۆبچاکی بەدەستهێنا و بە توانای خۆی بۆ ئەنجامدانی کارەکان ناسرا؛ تا ساڵی ١٩٩٤ بەرزبووەوە بۆ پۆستی جێگری یەکەمی سەرۆکی شارەوانی. لە ساڵی ١٩٩٦ پوتین ڕووی لە مۆسکۆ کرد و

نەتەوانەی لەدەستی داون، بیانگێڕێتەوە، ئەمەش پێویستی بە مۆدێلێکی سیاسی نوێ هەیە کە بە شێوازێکی مۆدێرنانە وڵاتە دابڕێنراوەکان لە خۆ بگرێت. ئێستا شوناسی رووسەکان بەتەواوی لە شوناسی ئەوروپای رۆژئاواو ئەمریکا جیاوازە، بەڵام رووس پێیوایە شوناسی ئەوروپای رۆژهەڵات بەتەواوی شوناسی خۆیانەو دەتوانن بە ستایل و مۆدێلێکی نوێ و بە سیستەمێکی دیکەی جیاوازی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیش یەکبگرنەوە، ئەمەش ئەمریکاو ئەوروپای زیاتر تورە کردووە. لەولایشەوە یەکێتی ئەوروپا بەهۆی بردنە ریزی خۆی هەندێک لەو

---

لەوێ وەک جێگری پاڤێل بۆرۆدین، بەڕێوەبەری سەرەکی کرێملین پێوەندی بە ستافی سەرۆکایەتی ئەمریکاوە کرد .پوتین لە هاوڕێ لێنینگرەدەرەکەی نزیک بووەوە ئەناتۆلی چوبایس و لە پۆستە ئیدارییەکاندا بەرەو سەرەوە ڕۆیشت .لە تەمموزی ساڵی ١٩٩٨ بۆریس یەڵتسن پوتینی کردە بەڕێوەبەری ئاسایشی فیدڕالی FSB) ؛ جێنشینی ناوخۆیی کەی جی بی  و دوای ماوەیەکی کەم بوو بە سکرتێری ئەنجومەنی ئاسایشی کاریگەر. یەڵتسین کە بەدوای میراتگرێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی پۆشاکەکەی بگرێتە ئەستۆ، لە ساڵی ١٩٩٩ پوتینی وەک سەرۆکوەزیران دەستنیشانکرد .

لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩، یەڵتسین بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند و، بە ئاسانی لە هەڵبژاردنی ئازاری ٢٠٠٠دا بە نزیکەی لەسەدا ٥٣ی دەنگەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

وڵاتانەی پێشتر لەناو یەکێتی سۆڤێت بوون، روسیای زیاتر تورە کردووە، چونکە سنووری ئەو یەکێتی ئەوروپایە زۆر لە سنووری رووسیا نزیک ببۆوە. وڵاتێکی وەکوو ئیستۆنیا لەوەتەی لە یەکێتی سۆڤێت جیابۆتەوە، هەڵپەی ئەوەی بووە بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەوروپا، لەکاتێکدا وزەی رووسی بۆخۆی بەکاردەهێنا. رووسی زمانەکان لە کۆمارەکانی ناو یەکێتی سۆڤێت زیاتر لە ٥٢% ی روسیایان پێکدەهێنا. رووسیا نەیشاردبۆوە کە کشانەوەی هێزەکانی خۆی لەکۆمارەکانی پێشووی سۆڤێت دەبێتە هۆی نا ئارامی و بۆشایی ئەمنی دروستدەکات، ئەمەش دەبێتە دەرفەتێک بۆئەوەی ئەو هێزانەی دوژمنی رووسیان بێنە ناویانەوەو دەرفەتەکە بۆخۆیان بقۆزنەوە، بۆیە نابێت روسیا هێزەکانی خۆی لەوکۆمارانە بکێشێتەوە کە چەندین سەدەیە بەرژەوەندییەکانمان تێکەڵن و چەندین دەیەیە بە هەموو شێوەیەک دەیانپارێزین، نابێت ئێستا تەسلیمی نەیارەکانمانیان بکەین. ئەمە قسەی ئەندرێ کۆزێریڤ وەزیری دەرەوەی روسیا بوو. بەڵام ئیستۆنیا[١٤] وای دەبینی کە رووسیا بە شێوەیەکی نا یاسایی وەک

---

١٤ - ئیستۆنیا بە فەرمی کۆماری ئیستۆنیا وڵاتێکە لە لای دەریای باڵتیک لە باکووری ئەوروپا . لە باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ کەنداوی فینلاند بەرامبەر فینلاند و لە ڕۆژئاوا بە دەریا بەرامبەر سوید و لە باشوورەوە

لەگەڵ لاتڤیا و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ دەریاچەی پیپوس و ڕووسیایە . خاکی ئیستۆنیا پێکهاتووە لە ویشکانی و دوورگە گەورەکانی سارێما و هیوما و زیاتر لە ٢٢٠٠ دوورگە و دوورگەی بچووکی دیکە لە کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای باڵتیک، کە کۆی ڕووبەرەکەی ٤٥,٣٣٩ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە (١٧,٥٠٥ میل چوارگۆشە) .پایتەختی تالین و تارتو دوو گەورەترین ناوچەی شارستانی وڵاتن .زمانی ئیستۆنی زمانی ڕەسەن و فەرمی ئیستۆنیایە؛ یەکەم زمانی زۆرینەی دانیشتووانەکەیە، هەروەها دووەم زمانی فینلاندییە کە زۆرترین قسەی پێدەکرێت لە جیهاندا.

خاکی ئەو وڵاتەی ئێستا ئیستۆنیای مۆدێرن ، لانیکەم لە ٩ هەزار پێش زایینەوە لەلایەن هۆمۆ ساپیێنسەوە نیشتەجێ بووە . دانیشتوانی ڕەسەنی سەدەی ناوەڕاستی ئیستۆنیا یەکێک بوو لە دوا شارستانییەتە بتپەرستەکان لە ئەورووپا کە ئایینی مەسیحییان گرتەبەر دوای جەنگی خاچپەرستی لیڤۆنی کە پاپا لە سەدەی ١٣دا پەسەندکرابوو . دوای چەندین سەدە لە فەرمانڕەوایی یەک لە دوای یەک لەلایەن ڕێکخراوی تیۆتۆنی و دانیمارک و سوید و ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا ، ناسنامەیەکی نەتەوەیی جیاوازی ئیستۆنیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستی بە سەرهەڵدان کرد .ئەمەش لە ٢٤ی شوباتی ١٩١٨دا گەیشتە لوتکە جاڕنامەی سەربەخۆیی ئیستۆنیا لە ئیمپراتۆریەتی شەڕکەری ئەوکاتی ڕووسیا و ئەڵمانیا . دیموکراتیک بە درێژایی زۆربەی ماوەی نێوان جەنگەکان، ئیستۆنیا بێلایەنی ڕاگەیاند لە سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم ، بەڵام وڵاتەکە چەندین جار کێبڕکێی لەسەر کرا و داگیرکرا و داگیرکرا، سەرەتا لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٠ , پاشان لەلایەن ئەڵمانیای نازی لە ساڵی ١٩٤١ , و لە کۆتاییدا داگیرکرایەوە لە ١٩٤٤ لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت وەک ژێر یەکەیەکی کارگێڕی (SSR ) ی ئیستۆنی لکێندرا .بە درێژایی داگیرکارییەکانی سۆڤیەت لە ساڵانی ١٩٤٤-١٩٩١، بەردەوامی

هێزێکی داگیرکەر دەستی بەسەر ئیستۆنیادا گرتووە. ئیستۆنیا کە لە رووسیا جودا ببۆوە، هێشتا تا ساڵی ١٩٩٣ واتا دوای دوو ساڵ لە سەربەخۆیی ئیستۆنیا، هێشتا ٢٦ هەزار هێکتار زەوی ئیستۆنی هەر لەژێر دەسەلاتی رووسیادا بوو.بەلام بە درێژەپێدانی گفتوگۆو دانوساندن، ئیستۆنیاو هەردو ولاتی بەلتیک پشتیوانی نێودەوڵەتیان بەدەستهێنا. ئەوەبوو لە بەیاننامەی کۆتایی لووتکە[١٥]ی

---

دەوڵەتی یاسایی ئیستۆنیا لەلایەن نوێنەرانی دیپلۆماسی و حکومەتی دەربەدەرەوە پارێزراو بوو .دوای " شۆڕشی گۆرانیبێژ "ی ئیستۆنی بێ خوێن لە ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩٠، سەربەخۆیی دیفاکتۆی نەتەوەکە لە یەکێتی سۆڤیەت لە ٢٠ی ئابی ١٩٩١ گەڕێنرایەوە .

ئیستۆنیا وڵاتێکی پێشکەوتووە ، ئابوورییەکی پێشکەوتووی داهاتی بەرزە ، پلەی زۆر بەرزی هەیە. لە ڕووی کارگێڕییەوە دابەشکراوە بەسەر ١٥ *ماکۆند* ) ناوچە . (ژمارەی دانیشتووانی کەمێک زیاتر لە یەک ملیۆن و ٣٠٠ هەزار کەسە و یەکێکە لە وڵاتانی کەمترین ژمارەی دانیشتوانی یەکێتی ئەوروپا و ناوچەی یۆرۆ و ڕێکخراوی OECDو ناوچەی شنگن و ناتۆ . ئیستۆنیا بەردەوام لە ڕیزبەندی نێودەوڵەتیدا پلەی بەرزی بۆ ...کوالیتی ژیان ، پەروەردە ، ئازادی ڕۆژنامەگەری ، دیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و بڵاوبوونەوەی کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیا هەبووە.

١٥ - بریتییە لە بەڵگەنامەی لوتکەی هێلسنکی CSCE 1992: کە تەحەدیاتی گۆڕانکارییان ناساند و دروستکردنی دامەزراوەکانی کۆمیسیاریی باڵای کەمینە

CSCE سالّی ١٩٩٢ لە هێلینسکی، دوایان لە رووسیا کرد، دەستبەجێ تەواوی سوپای رووسیا لە تەواوی خاکیان بچنە دەرەوە، بەرپرسانی ئیستۆنیا لەو کۆبوونەوەیەی هێلنسکی داوای پشتگیری ئەروپای رۆژئاواو ئەمریکایان کرد بۆ قەرەبووکردنەوەیان لەو هەموو کاریگەرییانەی کەوتۆتە سەریان. بەڵام یەڵتسن سەرۆکی ئەوکاتی رووسیا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کشانەوە لە ئیستۆنیا دوا دەکەوێت بەڵام لە لیتوانیا جێبەجێی دەکەین. رووسیا ئێستا لە تەحەداکردن و رووبەڕووبوونەوەی توندی یەکێتی ئەوروپاو ناتۆو بەریتانیاو ئەمریکادایە، بەڵام شێوازو ستایلی رووبەڕووبوونەوەکانی خۆی گۆڕیوە. لەکاتێکدا مۆڵداڤیا[١٦]

---

نیشتمانییەکان، کۆڕبەندی هاوکاری ئەمنی و کۆڕبەندی ئابوورییان بە فەرمی کرد.

[١٦] - مۆڵدۆڤا ، هەروەها مۆڵدۆڤا *مۆڵدۆڤا* ( mol'dova، بە فەرمی - **کۆماری** مۆڵدۆڤا - ( rom. *Republica Moldova* ) وڵاتێکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا . لەگەڵ ئۆکرانیا و ڕۆمانیا هاوسنوورە. ڕووبەری خاکەکە ٣٣,٨٤٦ کیلۆمەتر دووجایە، بەڵام بە شێوەیەکی دیفاکتۆ نزیکەی ١٢.٣%ی خاکەکە (کۆماری مۆڵدۆڤیای پریدنێسترۆڤیای دانپێدانەنراو (لەلایەن دەسەڵاتدارانی مۆڵدۆڤاوە کۆنترۆڵ نەکراوە . ژمارەی دانیشتووان بەپێی ئەنجامەکانی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٤ - ٢,٩١٣,٢٨١ کەس بەپێی خەمڵاندنێک تا ١ ی ژانویەی ٢٠٢٢ ٢,٦٠٣,٨١٣ کەس . لە

ڕووی ژمارەی دانیشتووان لە پلەی ١٣٢ی جیهان و لە ڕووی خاکەوە لە پلەی ١٣٥ دایە . ڕێگەی ڕاستەوخۆی بۆ دەریا نییە ، بەڵام بەندەری جیورجیولستی لەسەر دانوب توانای وەرگرتنی کەشتییە دەریاییەکانی ڕووبار و کەشتییە بچووکەکانی دەریایی هەیە .فۆڕمی حکومەت لە مۆڵدۆڤا کۆمارێکی پەرلەمانی یەکگرتووە ٠

پایتەختەکەی بریتییە لە چیسیناو . لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ەوە سەرۆکایەتی کۆمار لەلایەن مایا ساندوەوە بەڕێوەدەبرێت .سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لە 16ی شوباتی 2023ەوە دۆرین ڕیشانە .لە ڕووی کارگێڕییەوە دابەشکراوە بەسەر ٣٢ قەزا و ١٣ شارەوانی و یەکەیەکی خاکی سەربەخۆی گاگاوزیا و یەکەکانی ئیداری-خاکیی کەناری چەپی دنیستەر ) پریدنێستروۆڤی .

٩٠٪ی دانیشتووان، بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٤) دانیان بە ئایینی مەسیحی مەزهەبی ئۆرتۆدۆکسی کردووە.

قەبارەی بەرهەمی ناوخۆیی ناوەکی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ ١١.٥ ملیار دۆلار بووە (نزیکەی ٤٣٧٠ دۆلار بۆ هەر تاکێک ) .یەکەی دراوی بریتییە لە لیو مۆڵدۆڤا . سەربەخۆیی وڵاتەکە لە یەکێتی سۆڤیەت لە ٢٧ی ئابی ١٩٩١ ڕاگەیەندرا ٠

لە ساڵی ١٩١٨ تا ١٩٤٠ زۆربەی خاکی مۆڵدۆڤای ئێستا بەشێک بوو لە شانشینی ڕۆمانیا دوای ئەوەی خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی سفاتول تاری دەنگی بە هاتنە ناوەوەی کۆماری دیموکراتی مۆڵدۆڤی دا بۆ پێکهاتەکەی.

لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤، دانیشتنی کۆمیتەی بەڕێوەبەری ناوەندی سەرتاسەری ڕووسیا بڕیارنامەیەکی سەبارەت بە پێکهێنانی کۆماری سۆسیالیستی ئۆتۆنۆمی مۆڵداڤیای سۆڤیەت لە چوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەتی ئۆکرانیا پەسەند کرد . لە ساڵی ١٩٤٠ەوە، دوای لکاندنی بێسارابیا، بەشێک بوو لە یەکێتی سۆڤیەت لە ژێر ناوی یەکێتی سۆسیالیستی مۆڵدۆڤی تا ساڵی

هێشتا کێشەیەکی ئاڵۆزی نێوان یەکێتی ئەوروپاو رووسیا بوو، کالینینگراد[17] کێشەیەکی دیکەی بۆ تێکچوونی

---

۱۹۹۱ وەک کۆماری یەکێتی مایەوە ) لە ٥ی حوزەیرانی ۱۹۹۰ەوە - کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی مۆڵدۆڤا. بەرەو هەڵوەشانەوە رۆیشت و سەربەخۆیی خۆی راگەیاند.

[17] - کالینینگرادی مۆدێرن لە ساڵی ۱۲۵۵ لە شوێنی نیشتەجێبوونی کۆن و کۆنی پرۆس *توانگست* لەلایەن شورشگێرانی تیۆتۆنی لە کاتی جەنگە خاچپەرستەکانی باکووردا دامەزراوە و ناوی *کۆنیگسبێرگ* بووە بۆ رێزلێنان لە پاشا ئۆتۆکاری دووەمی بۆهێمی . شارێکی بەندەری باڵتیک بوو، یەک لە دوای یەک بووە پایتەختی دەوڵەتی ڕێبازی تیۆتۆنی ، دوکایەتی پرۆسیا (۱٥۲٥-۱۷۰۱) و پرۆسیای ڕۆژهەڵات . کۆنیگسبێرگ وەک شاری تاجە گوڵینەی دەسەڵاتی پاشایەتی پرۆس مایەوە، هەرچەندە پایتەختەکەی لە ساڵی ۱۷۰۱ گواسترایەوە بۆ بەرلین . لە ساڵی ۱٤٥٤ تا ۱٤٥٥ شارەکە بە ناوی *کرۆلیڤیچ* سەر بە شانشینی پۆڵەندا بوو و لە ساڵی ۱٤٦٦ تا ۱٦٥۷ زەوییەکی پۆڵەندی بوو .کۆنیگسبێرگ تا جەنگی جیهانی دووەم ڕۆژهەڵاتترین شاری گەورەی ئەڵمانیا بووە . شارەکە بەهۆی بۆردومانەکانی هاوپەیمانان لە ساڵی ۱۹٤٤ و لە کاتی شەڕی کۆنیگسبێرگ لە ساڵی ۱۹٤٥ زیانێکی زۆری بەرکەوت؛ پاشان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت لە ۹ی نیسانی ۱۹٤٥ دەستی بەسەردا گیرا .ڕێککەوتنی پۆتسدام لە ساڵی ۱۹٤٥دا خستیە ژێر ئیدارەی سۆڤیەت .ناوی شارەکە لە ساڵی ۱۹٤٦ گۆڕدرا بۆ *کالینینگراد* وەک ڕێزێک بۆ میخائیل کالینین سەرۆکی بەلشەفیکی ڕووسیا. ( میخائیل ئیڤانۆڤیچ کالینین )بە ڕووسی ; Михаи́л Ива́нович Кали́нин , IPA: kɐˈlʲinʲɪn :۱۹ی تشرینی دووەم OS ۷ی تشرینی دووەم ۱۸۷٥ - ۳ی حوزەیرانی ۱۹٤٦ سیاسەتمەدارێکی سۆڤیەتی سۆڤیەت و بۆلشەڤیکی کۆن بوو .lutionary لە ساڵی ۱۹۱۹ تا ۱۹٤٦

پێوەندییەکانی نێوان یەکێتی ئەوروپاو رووسیا هێنایە ئاراوە. بەڵام رووسیا بەشێوەیەکی جدی کارو کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ ئەو وڵاتانەی لەدەستی دابوو بۆ هێنانەوەیان بۆ سەر رووسیا، یان بۆ پێکهێنانی یەکێتییەک لەگەڵیاندا. گرفتەکە ئەوە بوو، هەر ماوەیەک وڵاتێک لێی قیت دەبۆوەو داوای جیابوونەوەی خۆی لە رووسیا دەکرد ، ئینجا دەبووە سەر ئێشە بۆ رووسیا، چونکە هەوڵی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپایان دەدا، یەکێتی ئەوروپاش بە پشتگیری ئەمریکا، هەموو کارئاسانییەکی بۆ ئەو وڵاتانە دەکرد کە ئەو داوایەیان دەکرد. بەڵام بە هاتنی

---

وەک سەرۆکی دەوڵەتی کۆماری سۆسیالیستی فیدراڵی سۆڤیەتی ڕووسیا و دواتر یەکێتی سۆڤیەت کاریکردووە. لە ساڵی **١٩٢٦** ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێت بوو، بەرپرسیارێتی زۆر گەورەی لەسەردەمی ستالین وەرگرتبوو. لە دواى هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتەوە، وەک ناوەندی کارگێڕی ئۆبلاستی کالینینگراد لە رووسیا بەڕێوەچووە کە ڕۆژئاواترین ئۆبلاستی ڕووسیایە .

بە کورتی :مێژووی شارەکە ڕەنگە بەسەر چوار قۆناخدا دابەش بکرێت: نیشتەجێبوونی پرۆسە کۆنەکان کە بە Twangsteپێش ساڵی ١٢٥٥ ناسرابوو ؛ شاری پۆڵەندی کرۆلیڤیچ لە ساڵی ١٤٥٤ تا ١٤٥٥ و پاشان فیفی پۆڵەندا لە ساڵانی ١٤٥٦-١٦٥٧ ؛ شاری *کۆنیگسبێرگ* لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٦٥٧ تا ١٩٤٥؛ و *شاری کالینینگرادی* ڕووسیا لە ساڵی ١٩٤٥ تا ئێستا.

پوتین بۆ سەرۆکایەتی رووسیا وردە وردە دۆخەکە گۆڕا. ئەگەرچی یەکێتی ئەوروپاو روسیا وەک دوو جەمسەری سەرەکی لەو ناوچە فراوانە مانەوەو دوو میتۆدی جیاوازیان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ پێشخستنی سیستەم و بەهاکان هەبوو، بۆنموونە هەر کارێک کە یەکێتی ئەوروپا بە بەرژەوەندی خۆی بزانیبایە، رووسیا بە هەڕەشە بۆسەر خۆی دەزانی، بێگومان پێچەوانەکەیشی هەر راست بوو، ئەوەی روسیا بۆ بەرژەوەندی خۆی پێداگری بکردبایە، یەکێتی ئەوروپا هەموو هەوڵێکی بۆ پووچکردنەوەی هەوڵەکانی روسیا بەکاردەهێنا، چونکە بە مەترسی بۆسەر خۆی دەزانی. نموونەیەکی زەق، کاتێک پۆلۆنیا  پەیوەندی خۆی بە ناتۆوە گرێدا، پەیوەندییەکانی روسیاو ناتۆ تێکچوو.

کالینینگراد شارێکە لە رووی جیۆسیاسی و سەربازییەوە بۆ ئەڵمانیاو بۆ روسیاو بۆ وڵاتانی دیکەیش گرنگە کە لە ناو یەکێتی سۆڤێت هاتبوونە دەرەوە.  بۆیە لەسەردەمی سۆڤێتدا کرابوو بە  ناوچەیەکی سەربازیی ،هەر لەبەر ئەوەیە کە ئێستاش رووسیا مووشەکی لەو شارەدا جێگیرکردووە نیگەرانییەکی ئەمنی بۆ ناوچەکە (وڵاتانی دەوروبەری) دروستکردووە. چونکە ئەو بنکە ستراتیژییە ئاراستەی دژی ناتۆیە. کە رێگا دەدا چاودێری

ناوچەی بەڵتیک بکرێت و گوشار بخرێتە سەر پۆڵۆنیا. بەڵام ئەنجامی جێگۆڕکێی سووپای سۆڤێت لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات و دەوڵەتانی بەڵتیک و پۆڵۆنیاو زیادبوونی ژمارەی هێزە سەربازییەکانی سۆڤێت ، روویان لە کالینینگراد کرد. بەپێی هەندێک سەرچاوە تا سێسەدهەزار(٣٠٠.٠٠٠) کەس روویان تێکردووە. (فاینشیاڵ تایمز، ٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٢) لە هەمانکاتدا کالینینگراد لە ساڵانی نەوەدەکاندا گەشەی کردبوو ببوو بە بازاڕێکی چەک(فاینشیاڵ تایمز، ١٢ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٤ وڵاتانی دراوسێ -پۆڵۆنیا، ئیستوانیا، لیتوانیا- بەهۆی سەرقاڵبوونەوە، داوای داماڵینی سەربازییان لە کالینینگراد گرد). بەڵام ئەوە بوو لە جیاتی ئەوەی کالینینگراد وەڵامیان بداتەوە، مۆسکۆ وەڵامی دانەوە، کە گوتی نابێت کەسانی دەرەوە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی رووسیادا بکەن. ئەمەش جەختکردنەوەو دڵنیایی پێدان بوو بە دۆست و دوژمنانی کە کالینینگراد شارێکی روسییەو گفتوگۆی لەسەر ناکرێت. ناکۆکییە ئەمنییەکان تایبەتمەندی قۆناخی دوای سۆڤێت زۆر بوون و بەتایبەت لە ساڵی ٢٠٠٤ بەدواوە ئەو ناکۆکییانە زۆر توند بوون. ئەمەش گۆڕانکاری لە دۆخی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکەدا هێنا کاتێک ناوچەی کالینینگراد

بوو به دوورگەیەکی روسیا لە چوارچێوەی گەورەبووی یەکێتی ئەوروپاو ناتۆدا. لەگەڵ دوو ئەوەندە گەورەبوونی رۆژهەڵات، کالینینگراد بووە بابەتێکی مشتومڕاوی توند لە هەردوو پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی ئەوروپاو رووسیاو هەروەها ناتۆو رووسیادا. پەیوەستبوونی پۆلۆنیا بۆ ناو ناتۆ  لە ساڵی ١٩٩٩ و دواتر لیتوانیا لە ساڵی ٢٠٠٤ کە هاوکاتە لەگەڵ پەیوەستبوونیان بە یەکێتی ئەوروپا، ئەنجام بووە هۆی کێشەی گەورەی نێوان رووسیا لە لایەک و یەکێتی ئەوروپاو ناتۆ لە لایەکەی دیکەوە. ئیتر لەگەڵ ناسەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئۆکرانیا تا ساڵی ٢٠١٣ ژمارەی مانۆرە سەربازییەکانی هەردوو رووسیاو ناتۆ لە کالینینگراد و دەوروبەری بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.لە دوای لکاندنی کریمیا لە ساڵی ٢٠١٤ کێشە ئەمنییەکانی نێوان ئەوروپاو روسیا لە خراپترین ئاستدایە. لەکاتێکدا مۆسکۆ لە کالینینگراد دەستی بە مانۆری سەربازی کردو ناتۆش لە نزیک سنوورەکانی رووسیا دەستی بە یارییە جەنگییەکانی خۆی کرد. دەوڵەتانی بەڵتیک و پۆلۆنیا داوای ئامادەبوونی هەمیشەییان لە ناتۆ کرد( رادیۆی ئەوروپای ئازاد، لە حوزەیرانی ٢٠١٥  بە روونی باسی ئەوەیکرد  پرسە ئەمنییەکان لەسەر زەوی

مشتومڕێکی زۆریان لەنێوان هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاواو رووسیا هەیە).

سەبارەت بە یەکگرتنی ئەوروپا ئاسیا کە دەمێکە وەک پرۆژەیەکە، بەڵام کێبڕکێ و ناسەقامگیری و ئاڵۆزی زۆری لەگەڵدایە. بۆنموونە بەشێک لە خەڵکی مۆڵداڤیا یەکگرتنیان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا پێ باشە. بەڵام بەشێکی زۆریش لایەنگری رووسیان و پشتگیری لە پرۆژەی یەکێتی ئابووری ئۆراسیا دەکەن. هەر لەم روانگەوە ریفراندۆمی ساڵی ٢٠٠٦ز ئەوەی دەرخست کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ترانسنیستریا ئامادەن بچنە ناو روسیاوە. چونکە ڕێژەی بشداربووانی دەنگدەرانی ریفراندۆمەکە %٩٤.٦ بوو، واتا زۆر نزیکبۆوە لە ڕێژەی %٩٥ لەناو ئەو ڕێژەیەدا، بە ڕێژەی %٧٨.٦ کە ئەمەش نزیکە لە ڕێژەی %٧٩ دەنگیان بە دووبارە پێوەندی دروستکردنەوە لەگەڵ رووسیادا. ڕێژەی زیاتر لە %٩٧ دەنگیان بە سەربەخۆیی دابوو بەڵام لەگەڵ پەیوەستبوونەوە بە رووسیا، بە دانپێدانانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە کۆسۆڤۆ و دواتر دانپێدانانی روسیا بە ئەبخازیاو ئۆسێتیای باشوور لە ساڵی ٢٠٠٨ و لە کۆتاییشدا بە لکاندنی بە کرێمیا لە ساڵی ٢٠١٤ دەستبەجێ لەلایەن ترانسنیستریا دانی پێدا نرا. تیراسپۆل بەو هیوایە بوو هاوشێوەی ئەو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

مێژووی شەڕەکانی ئۆکرانیا زیاتر لە یاری شەترەنج دەچێت. شاژنەکان شوێنەکان داگیردەکەن، شۆڕشگێڕەکان دەکەونە بەرگریکردن، گێل و نەفام دەکرێنە قوربانی و قەشەکان وەک کۆترە رەشکە بەسەر کێڵگەکانی مردوواندا دەسوورێنەوە. پاشاکانیش لە قەڵاکاندا پیلان دەگێڕن و گەمژەکانیش جێبەجێی دەکەن.

## ئۆکرانیاو ١٠٠٠ ساڵ شەڕ لەپێناوی شوناسدا

مێژووی کیڤان رووس، واتا دەوڵەتی سەدەی ناوەڕاستی رۆژهەڵاتی سلاڤی کە لەنێوان سەدەی دەیەم تا سێزدەدا بەردەوام بووە، لە بالتیکەوە لە باکوورەوە تا دەریای رەش لە باشوور درێژ بۆتەوەو، لە چیای کارپاتیان لە رۆژئاوا تا روباری ڤۆڵگا لە رۆژهەڵات درێژ بۆتەوە.

رووس هەمیشە مێژوو بۆ سەردەمی کیڤان رووس دەگەڕێنێتەوە، بەو مانایەی سێ نەتەوەی سلاڤی رۆژهەڵاتی یەکبوون، بەپێی ئەو لۆژیکە بێت ئەم سێ نەتەوەیە کە بە سلاڤەکانی رۆژهەڵات ناودەبردرێن، کە بەمانای یەک نەتەوە، یان یەک نەتەوەی رووسی کۆن ناوزەد کراون، کە یەک زمانی هاوبەشیان هەبووە، بەڵام ئەوە لەشکرکێشی مەغۆلەکان بوو کە خەڵکی رووسیان

دابەش کردو خستیانە سەر ڕێگای جیاوازی گەشەکردنەوە. کە لە ئەنجامدا سێ نەتەوەی لێ بۆوە . ئەمە زیاتر لەلایەن مێژوونووسانی رووسەوە گرنگی پێ دراوە. کەواتە پرۆژەکەی سەردەمی کیڤان رووس بریتی بووە لە دروستکردنی یەک شوناس ، یەک کولتوور، یەک نەتەوە ، لەژێر چەتری گەورەی نەتەوەی رووس. بەو مانایە بێت کیڤان رووس یەکەمین ئیمپراتۆریای رووسە، کە هەوڵیداوە، خاک و نەتەوەی رووس فراوانتر بکات و، نەتەوەکانی دیکەی نزیک لە روس بخاتەوە ژێر زمان و کولتووری رووس.

لە راستیدا مێژووی رووس و سلاڤی و تەواوی ناوچەکە، زۆر کۆنە، بەڵام بۆ مشتومڕی زانستی و مێژوویی لە بارەی ئیمپراتۆریای رووس دەتوانین بۆ دەوروبەری ساڵانی ١٧٤٠ بگەڕێنینەوە، کە ئەو مشتومڕەی نێوان جی ئێف مۆلەر یەکێک لە دامەزرێنەرانی تۆژینەوەی مێژوویی لە رووسیا بوو، لە بەرانبەر زانا و زمانزانی روس میخائیل لۆمۆنۆسۆڤ دروستبوو. کە تیشکی لێکۆڵینەوەکانیان خستبووە سەر مێژووی کیڤان رووس. ناوەرۆکی مشتومڕەکە لە دواییدا بە (ناکۆکی ڤارانجی) ناوزەدکرا. بنچینەی پرسیارەکە ئەوەبوو: ئایا یەکەم شازادەکانی کیڤان و ئەو دەوڵەتەی کە دروستیان کردووە،

ئەڵمانی(ڤارانجی) یان روسی(سلاڤی رۆژهەڵات) بوون. لە راستیدا مێژووی ورووژاندنی ئەو  پرسیارە وا لە سێ سەدە نزیکمان دەخاتەوە، وردتر بڵێین، ٢٨٣ ساڵە، بەڵام مشتومڕی ئەم پرسیارە تا ئێستا وەڵامێکی یەکلاییکەرەوەی وەدەست نەهێناوە، بۆیە مشتومڕەکان هەر بەردەوامن. بەتایبەت لەماوەی ساڵانی یەکەم شەڕی جیهانی و دووەم شەڕی جیهانی و لەماوەی شەڕی ساردیشدا پاڵنەرێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە، کە گەڕانە بەدوای پێناسەی شوناسی رووسیاو شوناسی سلاڤەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی لە بەرانبەر رۆژئاوادا دروستکردووە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئۆکرانیا لە ئیمپراتۆریای رووسیا لە ساڵانی ١٨٤٠ دا، مێژووی کیڤان رووس ببوو بە گۆرەپانی شەڕی نێوان شوێنکەوتووان و نەیارانی میخائیل پۆگۆدینی سلاڤی. بەپێی تیۆری پۆگۆدین، کییڤ و دەوروبەری لەسەرەتادا لەلایەن هۆزە گەورەکانی رووسیاوە  نیشتەجیبوون، ئەمەش دوای لەشکرکێشی مەغۆلەکان لە ناوەڕاستی سەدەی سێزدەدا بۆ باکوور کۆچیان کرد . پۆگۆدین بانگەشەی ئەوەی دەکرد تەنیا دوای ئەم کۆچکردنە(رووسە بچووکەکان) یان ئۆکرانیەکان لە ناوچەکە  نیشەجێبوون. لە مەترسی  پرسی شوناسی مێژوویی رووسیاو ئۆکرانیا بوو کام لە دوو نەتەوەی

سلاڤی رۆژهەڵات بانگەشەی باشتریان لەسەر میراتی شازادەکانی کیڤان رووس هەبوو. لە راستیدا سەدەی بیستەم پێچێکی نوێی بۆ مشتومڕەکە زیاد کرد.

دابەشکردنی ئەو زانایانەی کە دەیانگوت کیڤان ڕووس خاکی هاوبەشیماڵی سلاڤەکانی ڕۆژهەڵاتە و لانکەو ماڵی سلاڤەکانی رۆژهەڵاتەو( ڕووسی کۆن ) نەتەوەیی لەو کەسانەی کە بەناوی ڕووسی یان ئۆکراینیەوە بانگەشەی ڕابردووی کیڤانیان دەکرد.

لە راستیدا مێژووی رووسیاو ئۆکرانیاو سلاڤی رۆژهەڵات لە پێش زایین و تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا زۆر روون نییە، چونکە سەرچاوەی باش لەبەردەستدا نین، بۆیە ئەم مێژووە لە رابردوودا تەواو ئاڵۆزو ناتەواو بوو. هەرچەندە ئۆکرانییەکان لەماوەی ئەو ٣٠ ساڵەی رابردوودا هەوڵی زۆریان داوە خۆیان لە مێژووی رووسیا جیا بکەنەوەو کیڤان رووس تەنیا وەک دەوڵەت ببینن نەک ئەو ئیمپراتۆریایەی هەموو ناوچەکەی کردبوو بە یەک. هۆکارێکی باش هەیە بۆ ئەوەی بڵێین ئەو سیاسەتەی ئەمڕۆ بە کیڤان رووس ناسراوە، زۆربەی لێکۆڵەرانی رووس بەشێوەی (بنیادنانی نەتەوە) تێیدەڕوانن.

له کۆتایی سەدەی نۆیەم و سەرەتای سەدەی دەیەم، فەرمانڕەواکانی ئەسکەندەناڤی له کییڤ دەرکەوتن و زۆر زوو خۆیان له سەرکردایەتی ئیمپراتۆریەتێکی گەشەسەندوودا بینییەوە. کییڤ له کۆتایی سەدەی دەیەم و سەرەتای سەدەی یازده گەیشته لوتکەی دەسەڵاتی خۆی، بەڵام گرفتەکە ئا لێرەدایە، ئەم فەرمانڕەوایە بەناوی گەلی ئۆکرانی نەبوو، زمانی ئۆکرانی هێشتا دروست نەببوو. کاتێک سێ شازاده بەناوبانگەکانی سڤیاتۆسلاڤی ئازا، سانت ڤۆلۆدیمێر(ڤلادیمێر) ی گەورەو یارۆسلاڤی دانا، حوکمڕانییان دەکرد. شازاده سڤیاتۆسلاڤ لەنێوان ساڵانی ٩٤٥ تا ٩٧٢ ز واتا پێش ساڵی ٩٥٧ لەژێر دەسەڵاتی دایکی ئۆلها که یەکەم ئەندامی مەسیحی بوو له خانەدانەکەدا،فەرمانڕەواییکردووه. ئەو بەسەرکەوتنەکانی بەسەر دراوسێکانی رووس ناسرا، له ناویاندا بێزەنتینییەکان. بەڵام سەرەڕای ناوه سلاڤییەکەی سڤیاتۆسلاڤ یەکەم کەس بووه له خانەوادەکەیدا که ناوێکی غەیره سکاندیناڤی بوو. وابەستەیەکی کەمی به کایەی رووسەوه هەبوو، پلانی دانابوو پایتەختەکەی بۆ دانوب بگوازێتەوه، کوڕەکەی ڤۆلۆدیمیر لەماوەی ساڵانی ٩٨٠ز تا ١٠١٥ز حوکمڕانی کردووه. هەستێکی زۆری هەبوو که به کییڤ پەیوەست بوو، سنوورەکانی

بەشێوەیەکی بەرچاو درێژو فراوانتر کرد، ئایینی مەسیحیشی وەک ئایینێکی فەرمی بۆ ئەو ناوچەیەی حوکمڕانی تێدا دەکرد ناساندو جێگیری کرد. بەڵام ئەویش کەوتە نێو شەڕێکی سەختی ناوەخۆیی ، ئیتر پشتگیری لە پەرەپێدانی کولتوورو فێربوونی مەسیحی کردو کییڤ ی کردە قوستەنتینیە لەسەر کەشتی دنیپرۆ(دنیپەر).

دوای مردنی یارۆسلاڤ لە ساڵی ١٠٥٤ هاوپەیمانی ئیمپراتۆریای تازە دروستکراو وردە وردە دەستی بە هەڵوەشانەوە بۆ ژمارەیەک میرنشینی بچووکتر کرد کە ئەندامانی شانشینی روریکید حوکمڕانییان دەکرد. لە نیوەی دووەمی سەدەی یازدە، ئەو پرۆسەیە هێشتا نەگەیشتبووە لوتکەو تا رادەیەک لەلایەن کوڕە گەورەکانی یارۆسلاڤەوە دواکەوت. لە سەرەتای سەدەی دوازدە شازادە ڤۆلۆدیمیر مۆنۆماخ نەوەکەی یارۆسلاڤ کە لەنێوان ساڵانی ١١١٣ بۆ ١١٢٥ دا حوکمڕانی کییڤی کردووەو توانیویەتی یەکێتی کایەو دەسەڵاتی شازادەی کیوانەکەی بگەڕێنێتەوە. بەڵام سەرکەوتنەکەی کاتی بوو هەر زوو دوای مردنی مۆنۆماخ ناکۆکییەکان دەستیان پێکردۆتەوە. ئیتر دەسەڵاتی کییڤ بەهۆی پەرەسەندنی هێزی شازادە ناوخۆییەکانەوە لەناوچوو، کە تا کۆتایی سەدە گەشەیان کردو بوونە فەرمانڕەوای نیمچە

سەربەخۆ  یان تەواو سەربەخۆ . کە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی کیڤان کە پێشتر دەوڵەتێکی ناوەندی بوو، بەشێکی بەرپرسیار بوو لەو ئاسانکارییەی کە مەغۆلەکان لە ژمارەیەک هەڵمەتی سەربازیدا لەنێوان ساڵانی ١٢٣٧ و ١٢٤٠ دا  رووسیایان داگیرکرد. زۆربەی مێژوونووسان لەشکرکێشی مەغۆلەکان وەک تاکە رووداوێک دەزانن کە بە فەرمی قۆناخی مێژووی سلاڤی رۆژهەڵاتی داخست کە بە سەردەمی کیڤان رووس ناسراو بوو.

ئەوەی ئەمڕۆ لەبارەی کیڤان رووسەوە دەیزانین، بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای باسکردنی مێژووەکەیە کە لە سەرەتاییترین گێڕانەوەی مێژوویی رووسدا خراوەتە روو. کە مێژووی سەرەتاییە، ئەویش لە کۆکردنەوەکانی سەدەی چواردەو پازدەدا ماوەتەوە. کە نێستۆر، دەروێشێکی خانەقای ئەشکەوتی کیوان، دەقەکەی ئامادە کردووە (یان دەستکاری کردووە) نزیکەی بۆ دەوروبەری ساڵانی ١١١٣ دەگەڕێتەوە. بەگشتی هەوڵدانەکەی بۆ دۆزینەوە یان بنیاتنانەوەی ئەو سەرچاوانەی کە نووسەری مێژووی سەرەتایی بەکاریانهێناوە، سەرکەوتوو بووە. لەوانەش مێژووی بیزەنتین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی سلاڤی. گەشبینترین هەڵسەنگاندنەکان ئەوە دەردەخەن کە نووسینی مێژوو هەر لە سەدەی دەیەمەوە لە کییڤ

دەستپێکردووە، بەڵام ئەو گریمانەیە پێچەوانەی دەسەڵاتدارترین تیۆرییە لەسەر ئەو بابەتە، کە لە دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەلایەن ئەلێکسی شاخماتۆڤەوە پەرەی پێدراوە. مێژووی سەرهەڵدانی نووسینی مێژوو لە کییڤ بۆ سالانی ١٠٣٠ دەگەڕێتەوە، بەو گریمانەیەی کە پەیوەندی بە چالاکییەکانی شارە گەورەکانی کییڤ و ڕۆحانییەکانی کاتدراڵی سانت سۆفیاوە هەیە. لەوێشەوە، دیارە نووسینی مێژوو گواسترایەوە بۆ خانەقای ئەشکەوتی کیڤان: یەکەم نووسینی ژیاننامەیی لە مێژووی سەرەتاییدا، لە ساڵی ١٠٥١دا بووە، کە باس لەوە دەکات یەکێک لە نووسەرەکانی لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا لە خانەقاکە وەرگیراوە. ئەمڕۆ گریمانە دەکرێت کە مێژووی سەرەتایی لەسەر بنەمای باسێکی پێشووترە کە لە گێڕانەوەی کیڤان و نۆڤگۆرۆدی پێکهاتووە (پێدەچێت سەرەتاییترینیان بەسەر نووسراوەکانی سالانەدا دابەش نەکراوە) کە لە سالانی نەوەدەکاندا لە کییڤ کۆکراوەتەوە. نووسەری مێژووی سەرەتایی (پێدەچێت نێستۆر بێت) دەستکاری گێڕانەوەی پێشووی کردووە، بە نووسینی سالانەی دەیەی کۆتایی سەدەی یازدەهەم و دەیەی یەکەمی سەدەی دوانزەهەمی تەواو کردووە و پێشەکییەکیشی زیاد کردووە کە ڕستەی سەرەتایی،(ئەمە

چیرۆکی... ساڵانی ڕابردوو)، ئەو ناوەی دابینکرد کە مێژووەکە بەهۆیەوە لە زانستی مۆدێرندا ناسراوە. لە دووەمدا زیادکردن و پێداچوونەوەی زیاتر کرا.

کاتێک باس لە تێگەیشتنی ئەمڕۆی مێژووی رووسیا دەکرێت، چەمکێک کە بەسەر لێکدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە پێوەندییان بە نەتەوە هەیە ، زاڵە، شوناسی کیڤان رووس وەک یەک رووس یان رەگەزنامەی رووسی دەمینێتەوە لە ماوەی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا، روانگەی رۆژهەلات رابردووی سلاڤی وەک مێژووی یەک نەتەوەی سەرتاسەری رووس بۆ هەموو سەردەمەکانی مێژووی سلاڤی رۆژهەڵات درێژبووەوە، سەرهەڵدانی زمانی ئۆکراینی و بێلارووسی مێژوونووسی نیشتمانی لە سەدەی بیستەمدا بووە هۆی دابەشبوونی گێڕانەوەی مێژوویی هاوبەشی سەرتاسەری رووسی بەسەر زمانی رووسی نیشتمانیدا.

کەواتە لێرە روونە هەر سێ نەتەوە، بیلاروس و ئۆکراین و رووس، سلاڤی بوونە، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارکردنە ئەوەیە: ئایا نووسەرانی کیڤان رووس هیچ وشیاری نەتەوەییان هەبووە؟ یان لەوکاتدا نەیانبووە؟!. هەروەها لەهەندێک سەرچاوە لەکاتی ئاماژەکردن بۆ دانیشتوانی سلاڤی رۆژهەڵاتی کیڤان رووس لە ئۆکرانیا،

ئەوە باسدەکرێ کە بەکارهێنانی ناوی نەتەوەیی رووسەکان لە ئارادا نەبووە. مێژوونووسان بەگشتی و بەتایبەت ئەوانەی ئۆکرانی و تەنانەت رووسیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوەو دەڵێن، لە ئۆکرانیای ئەمڕۆدا کیڤان رووس وەک دەوڵەتێکی پرۆتۆ ئۆکراینی(proto Ukrainian )بەشێوەیەکی گشتی وەک دەوڵەتێکی باو لە رۆژهەڵاتی سلاڤی تا سەدەی دوازدە وەسف دەکرێت. واتا هیچ مێژوونووسێک ناتوانێت پەسندی ئەوە بکات کە کیڤان رووس یەکەم دەوڵەتی رووسیا بووە. چونکە یەکەم دەوڵەت کە هی کیڤان رووس بووە، لە بنچینەدا بریتی بووە، کە لە هەر سێ نەتەوەی سلاڤی ( بێلا روسی و ئۆکراینی و رووس ) پێکهاتووە.

ئەم مێژووە کۆنە کە بۆ هەزار ساڵ پێش ئێستاو زیاتریش دەگەڕێتەوە، هۆکارێکی بنچینەیی بووە کە نووسەرە هەرە ناودارەکانی رووس وەک تۆلستۆی و دیستۆیڤسکی و پووشکین و چیخەڤ و گۆگۆل و ......هتد نەیانتوانیوە ئەم بابەتە ئاڵۆزە بە تەواوی یەکلا بکەنەوە، بەڵکو تا ئێستاش هەر جێگای گفتوگۆو مشتومڕو توێژینەوەیە. بەڵام هەموو سەرچاوەکان لەگەڵ ئەم بۆچوونە کۆکن و یەکدەگرنەوە، کە نەتەوەی رووس و ئۆکراین و بیلارووس، لە بنەڕەتدا سلاڤین ، بەڵام بەهۆی

دابەشبوونی جوگرافیاوە، ئەوانیش دابەشکراون. بەڵام جگە لە شوناسی نەتەوەیی ، چیرۆکی ئەم سلاڤییانە خاڵی هاوبەشی دیکەیشیان لەنێواندا هەبووە، کە سەرەکیترین و گرنگترینیان وەرگرتنی ئایینی مەسیحی بووە، ئینجا هاوبەشیبوونیان لە یەک زمان و یەک کولتوور، ئەمانە واتلێدەکەن، بڵێی هەر لە بنەڕەتدا یەک نەتەوەش بوونە، چونکە زمان و کولتوورو سلاڤیبوونیان شوناسی ئۆکراین و بیلاڕووس و رووسەکانیان پێکهێناوە، هەر هیچ نەبێ لەماوەی هەزارو دووسەد(١٢٠٠) ساڵ زیاتر پێش ئەمڕۆ بەمشێوەیە بووە کە باسمانکرد.

بەڵام جێگای پرسیاریشە چۆن ئەم هەموو میللەت و نەتەوەو ئەم هەموو جوگرافیایە کە لە سویدەوە تا بولگاریاو ئۆکرانیا دەگرێتەوە، بە سلاڤی ناودەبردرێن؟ ئەمە جێگای پرسیارێکی جدییە. ئەو کایانە چین؟ کە مێژووی سەرەتایی چیرۆکی تێدایە؟

خوێنەری مێژووی سەرەتایی دەتوانێت لەبارەی یەک هەڵبژاردنی دیکەی شوناس بزانێت کە باب و باپیریان کردوویانە. هۆزە ناوەکییەکانی رووس کە ناوەکەیان لە ڤارانجییەکانەوە وەرگرتووە، لە راستیدا سلاڤ بوون کە زمان و پیت و کولتوورێکی هاوبەشیان لەگەڵ چەندین هۆزی سلاڤی رۆژئاوایی هەبوو. بەگوێرەی مێژوونووسان

دروستکردنی ئەلف و بێی سلاڤی و وەرگێڕانی نووسراوەکانی مەسیحی لە یۆنانییەوە بۆ سلاڤی ، لەسەر دەستپێشخەری سێ شازادەی سلاڤی (ڕۆستیسلاڤ، سڤیاتۆپۆلک ، کۆتسێل) بووە، کە لەنێو مۆراوییەکاندا[18]

---

[18]- **مۆراوییەکان، مۆراوییەکان** *Moravané* ئاخاوتنی ( *Moravci , Moraváci*گەلێکی سلاڤی ڕۆژئاوان ، بە شێوەیەکی سەرەکی لە مۆراویا) باشووری ڕۆژ هەڵاتی کۆماری چیک دەژین .نووسینیان لەسەر بنەمای ئەلفوبێی لاتینی دامەزراوە .ڕەنگە ئەو ناوە نەتەوەییە لە ڕووباری مۆراڤاوە هاتبێت نازناوێکی هاوشێوە بەو کەسانە دراوە کە بەدرێژایی ڕووباری غانا دەژین، مۆراوانەکان خاوەنی شوناسی نەتەوەیی خۆیانن.

بوونی سلاڤیەکان لە خاکی مۆراویا لە سەدەی شەشەمەوە ئاماژەی پێکراوە . لە ساڵی ٦٢٣-٦٥٨ مۆراویا بەشێک بوو لە میرنشینی سلاڤی سامۆ (دوای ساڵی ٦٥٨ دەوڵەتەکە ڕووخا) .لە دەوروبەری سەدەی نۆیەمدا مۆراڤانییەکان بوونەتە مەسیحی.

لە سەدەی نۆیەمدا، شازادەی ناوخۆیی موجمیر یەکەم لە شانشینی مۆجمیرۆڤیچ دەوڵەتی گەورەی مۆراوای دامەزراند ، کە پایتەختەکەی لە ڤێلێهرادبوو . دەوڵەتداریی چیک لە ڕووی مێژووییەوە جێنشینی مۆراوییەکانە لە دوای لەناوبردنی ئەم دووەمیان لەلایەن هەنگارییەکانەوە و وێنەی مۆراوای گەورە هەرگیز لە یادەوەری زیندووی خەڵکدا نەماوە .مۆراوانییەکان، لە زۆربەی کاتەکاندا، هەرگیز خۆیان بە چیک نەدەزانی .لە ساڵی ٨٦٣دا سیریل و میتۆدیۆس برایانی یەکسان بە نێردراوانی پیرۆز گەیشتنە مۆراوای گەورە، ئەوان یارمەتی مۆراوییەکانیان دا کە کڵێسای سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن و دەقە پیرۆزەکانیان وەرگێڕا بۆ زمانی سلاڤی و چالاکیی بانگەشەییان ئەنجامدا .جێگای سەرنجە کە مۆراڤانییەکان تا ڕادەیەکی زیاتر لە چیکەکان ڕێزیان لە سیریل و میتۆدیۆس دەگرت و ڕێزیان لێدەگرت .

فەرمانڕەواییان کردووەو نێردراوەکانیان بۆ بێزەنتینییەکان ناردووە. ئیمپراتۆر داوای مامۆستایانی لێکرد کە بتوانن وشەکانی کتێبە پیرۆزەکان و ماناکانیان پێیان بناسێنن. ئەوە سەرەتای ئەرکی ئێس ئێس بوو. سیریل و میتۆدیۆس بۆ سلاڤەکان کە بووە هۆی دروستکردنی ئەلف و بێی سیریلیک و بڵاوبوونەوەی نووسینە کۆنەکانی سلاڤی لە بولگاریاو رووس. هۆکارێکی باش هەیە بۆ ئەوەی بڵێین سەرچاوەی ئەم چیرۆکە لە مێژووی سەرەتاییدا دەقێکە بە ڕەچەڵەک یان سلاڤی ڕۆژئاوا (چیک) یان سلاڤی باشوور (بولگاری)و ئامانجی سەرەتایی نووسەرەکەی دامەزراندنی یەکسانی پێگەی زمانی ئەدەبی سلاڤی کۆن لەگەڵ یۆنانی و لاتینی. بۆ نووسەری مێژووی سەرەتایی، ئەو ئەفسانەی چیک یان بولگاری دەتوانێت کۆمەڵێک ئەرکی جیاواز ئەنجام بدات، لەوانەش پێشکەشکردنی کڵێسای ڕووس وەک بەشێک لە جیهانی مەسیحی گەورەتر، کە ڕۆمای

---

لە ساڵی ١٩١٨ مۆراویا بوو بە بەشێک لە چیکۆسلۆڤاکیا. لە ساڵی ١٩٩٣ دەوڵەتی یەکگرتوو دابەش بوو بەسەر کۆماری چیک و سلۆڤاکیاو مۆراویا بوو بە بەشێک لە خاکی کۆماری چیک .بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠١، کۆی ژمارەی خەڵکی مۆراویا لە کۆماری چیک ٣٨٠٤٧٤ کەس بووە.

لەخۆگرتبوو. ئاخر پاوڵی پیرۆزی بە نێردراوی ناوبرد نەک تەنها بۆ سلاڤەکان بەڵکو بۆ ڕووسەکانیش . هەروەها ئەفسانە دەتوانێت بۆ خوێنەرانی مێژووی سەرەتایی ڕوونبکاتەوە کە چۆن ئەو ڕووسانەی کە بە بانگهێشتکردن ناوەکەیان بەدەستهێنابوو. شازادەکانی ڤارانجی بۆ ئەوەی بە هەڵبژاردنی مەسیحیەتی بیزەنتین حوکمڕانی خۆیان و ناسنامەی ئایینی خۆیان بکەن، بوونەتە بەشێک لە جیهانێک کە ڕەنگە ناوی سلاڤیا کریستیانا بێت.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پاڵەوانە سەرەکییەکانی بۆ سێ ناسنامەی لەو جۆرە. یەکێکیان چەمکی سەر بە بوونێکی سیاسی پێناسە کرا، یەکێکی دیکەیان بە بیرۆکەی سەر بە جیهانێکی فراوانتری سلاڤی و هاوبەشکردنی زمان و کولتوور و پیتەکانی و سێیەمیان بە باوەڕ و فێربوونی مەسیحی وەک ئەوەی بە شێوەیەکی باڵادەست وەرگیراوە. لە ڕاستیدا جگە لەو چیرۆکەی لە سەرەوە باسمکرد، چەندین چیرۆکی دیکەش هەن کە مێژوونووسانی ئەوروپی لەبارەیانەوە قسەیان کردووە، بەڵام ئەم چیرۆکەی خوارەوەش کاریگەرە بۆیە لێرە باسیدەکەم. مێژووی سەرەتایی چەندین چیرۆکی زۆر و زۆرجار ناکۆک دەخاتە ڕوو کە چۆن ڕووسەکان هاتوونەتە سەر بەشداریکردن لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەدا.

یەکێک لە زۆربەی ئەم چیرۆکانە توخمە هاوبەشەکەیانە. ئەوە ئەو شازادە و خێڵەکیانەن کە مێژوونووس خۆی لەگەڵیاندا دەبەستێتەوە کە ئەو کۆمەڵگایە هەڵدەبژێرن کە دەبێت سەر بەو کۆمەڵگەیە بن نەک بە پێچەوانەوە. بەم شێوەیە ئەو چیرۆکەی کە مێژوونووس دەیگێڕێتەوە، چیرۆکی گەڕانی گەلەکەیە بەدوای شوناسێکدا تا ئارامیان بکاتەوە.  بە دڵنیاییەوە ئەمە شوناسی سیاسی ڕووس دەگرێتەوە کە لە بنەڕەتدا دایناستیک بووە. بەپێی مێژووی سەرەتایی، سەردەمانێک کۆمەڵەیەکی سلاڤی (سلۆڤینی و کریڤیچییەکان) و فینۆ-ئۆگریک بوون.

هۆزەکانی (چود و ڤێس) شازادەکانیان لە دەرەوەی وڵات، ڤارانجییەکان، ڕووخاند و بڕیاریان دا ببنە ئاغای چارەنووسی خۆیان. وا دیارە زۆر زوو دوای ئەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی ئاشنای هەر نەتەوەیەکی دوای کۆلۆنیالیزم بوونەتەوە: دەوڵەمەندی خاکەکە نەیتوانی خۆشگوزەرانی بگەیەنێتە خەڵک، لە کاتێکدا کەمی ئەزموون لە خۆبەڕێوەبەریدا بووە هۆی داڕمانی نەزمی دامەزراوو دەستپێکردنی ململانێی ناوخۆیی. لەم بارودۆخەدا، هۆزە تازە سەربەخۆکان کۆدەنگییەکی تەواویان کۆکردەوە لە بەرژەوەندی ئەوەی بچنە لای ئاغاکانی پێشوویان و داوایان لێبکەن کە ڕەعیەتەکانیان

وەربگرنەوە. وەک چاوەڕوان دەکرا، پێشکەشکردنیان بێ مەرج نەبوو. ئەوان دەیانویست ئاغاکان پابەندبن بە هەندێک ڕێسا و بەپێی یاساکان حوکمیان لەسەر بدەن – و بە ڕواڵەت مەرجەکانیان قبوڵکرابوون. مێژوونووسان ئەنجامی هەوڵە هاوبەشەکانی سلاڤی و فینۆ-ئۆگریک بۆ دڵنیابوون لە هاتنی ئاشتیپارێزانی سەدەی ناوەڕاست و بنیاتنەرانی نەتەوە بەمشێوەیە دەخاتە ڕوو:

بەپێی مێژوونووسانی رووسی و ئۆکرانی و غەیری ئەوانەش وا باسدەکرێت کە ڕووسی ڤارانجی ئەم ڤارانجییە تایبەتانە بە ڕووس ناسراو بوون هەروەک چۆن هەندێکیان پێیان دەوترێت سویدی و هەندێکی تریان بە نۆرمان و ئینگلیزی و گۆتلاندەر، چونکە بەم شێوەیە ناویان لێنرا. پاشان چودەکان و سلۆڤینییەکان و کریڤیچییەکان و ڤێسەکان بە خەڵکی ڕووسیایان گوت "خاکی ئێمە گەورەیە و دەوڵەمەندە، بەڵام هیچ ڕێکخستنێکی تێدا نییە. وەرە بۆ حوکمڕانی بەسەرماندا. بەمشێوەیە سێ برایان هەڵبژارد، لەگەڵ خزمەکانیان، کە هەموو ڕووسەکانیان لەگەڵ خۆیان بردو کۆچیان کرد. بەمشێوەیە، بە هەڵبژاردنی ئەو فەرمانڕەوایانەی کە بە مەرجەکانیان ڕازی بوون، کۆنگلۆمەری هۆزەکانی فینۆ-ئۆگریک و سلاڤی ناو و

شانشینی نوێی خۆیان هەڵبژارد – کە هەموویان پێکهاتە گرنگەکانی ناسنامەکەیان بوون.

هەروەها بە ئازادی هەڵبژێردرا پێکهاتەیەکی گرنگی دیکەی ئەو ناسنامەیە، کە ئایینی مەسیحی ڕۆژهەڵاتە. مێژووی سەرەتایی کۆمەڵێک چیرۆکی کێبرکێکار و دژبەیەک لەبارەی مەعمودی ڕووسەوە لەخۆدەگرێت . بەڵام درێژترین و دیارترین و وردترینیان بەڕوونی دەڵێت کە هەموو پرۆسەکە دەرئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازاد بووە کە ڕووسەکان کردوویانە نەک لەلایەن کەسێکەوە کە ئەوانی هەڵبژارد. ڤۆلۆدیمیر، نەوەی جەنگاوەرانی ڤارانجی و شازادەی کییڤ، بە ناوی ڕووسەکانەوە بڕیارەکەی داوە. مێژوونووسان هەڵبژاردنی ئیمانی ڤۆلۆدیمیر بە زاراوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ کەمتر نییە لەوانەی لە باسەکەیدا سەبارەت بە بانگهێشتکردنی ڤارانجییەکان لەلایەن خێڵە بێهیواکانی ناوچەی نۆڤگۆرۆدەوە. لە نێو ئەو کەسانەی کە گوایە هەوڵیان داوە ڤۆلۆدیمیر ڕازی بکەن کە ئایینەکەیان قبوڵ بکات، بولگارە موسڵمانەکان، ئەڵمانی مەسیحی (ڕۆژئاوایی) و خەزارە جولەکەکان و یۆنانییە مەسیحییەکانی (ڕۆژهەڵات) بوون. ڤۆلۆدیمیر کە بە گوتەی کرۆنی کلێر، پێش قبولکردنی ئایینی مەسیحی شەش سەد ژن و هەشت سەد خەزووری هەبوو، بە تایبەتی دڵخۆش

بوو که گوێی له قسه‌کانی نێرده موسڵمانه‌کان گرتووه سه‌باره‌ت به پشتگیریکردنی فره‌ژنی له‌لایه‌ن ئایینه‌که‌یانه‌وه ، به‌ڵام ڕه‌تیکرده‌وه.

بۆ قبوڵکردنی ئه‌و مه‌رج و سنووردارکردنانه‌ی که ئیسلام سه‌پاندوویه‌تی. ڤۆلۆدیمیر گوێی لێیان بوو، مێژوونووسه‌که نووسیویه‌تی، چونکه حه‌زی له ژن و خۆبه‌خشی بوو، که به خۆشحاڵییه‌وه گوێی لێده‌گرت. به‌ڵام خه‌ته‌نه‌کردن و خۆ به‌دوورگرتن له گۆشتی به‌راز و شه‌راب لای ئه‌و ناڕازی بوو. وتی: خواردنه‌وه، خۆشی ڕووسه .ئێمه ناتوانین به‌بێ ئه‌و چێژه بوونمان هه‌بێت. ڤۆلۆدیمیر نێردراوی بۆ هه‌موو ئه‌و خاکانه نارد که موسڵمانه‌کان لێیه‌وه هاتبوون بۆ لای. له کۆتاییدا بڕیاریدا ئایینی مه‌سیحی ڕۆژهه‌ڵات قبوڵ بکات، چونکه نێردراوه‌کانی به تایبه‌تی سه‌رسام بوون به زه‌وق و جوانی کڵێساکانی بیزه‌نتین. خوێنه‌ری مێژووی سه‌ره‌تایی ده‌توانێت له‌باره‌ی یه‌ک هه‌ڵبژاردنی دیکه‌ی ناسنامه بزانێت که باوباپیرانی کردوویانه. له چه‌ندین شوێنی ده‌قه‌که‌دا بۆی ئاشکرا بوو که هۆزه ناوه‌کییه‌کانی ڕووس که ناوه‌که‌یان له ڤارانجییه‌کان وه‌رگرتووه، له ڕاستیدا سلاڤ بوون که زمانێکی هاوبه‌شیان هه‌بووه.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە، ئەو چیرۆکانە، یان روونتر بڵێین ئەو ئەفسانانەی کە مێژووەکەی بۆ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، لە دەقە مێژووییە سەرەتاییەکاندا لەلایەن نووسەرە جۆراوجۆرەکانەوە ، لە سەردەمە جیاوازەکانیشەوە، نووسراون و دیکیۆمێنت کراون. بەڵام مانەوەی هەموو ئەم ئەفسانانە، جا چ لایەنگری رۆژئاوا بوو بێت یانیش لایەنگری رۆژهەڵات بووبێت، وەک بەشێک لە یەک دەق ئاماژەیەکی روونە بۆ بوونی فاکتەری هاوبەش کە سەرنجی نووسەرانی سەرەتای سەدەی دوازدەی بۆ مێژووەکەی راکێشاوە. دوور نییە ئەو هۆکارە بیرۆکەی سەرچاوەی نێردراوی مەسیحییەتی رووس بووبێت، کە باشترین دەربڕینی خۆی لە ئەفسانەی مێژووییدا دۆزیوەتەوە کە (سانت ئەندرۆ) سەردانی شوێنی پایتەختی داهاتووی رووسی کردووەو پێشبینی داهاتووی گەورەی کردووەو خاچێکی لەسەر گردەکان داناوە کە کییڤ لەوێ دروستدەکرا!!. ئەم پڕوپاگەندە روونانەی پێگەی نێردراوی بۆ کڵێسای کیڤان خۆشکرد کە یارمەتی مێژوونووسەکەی دا کە رووس وەک یەکێک لە ئەندامە رەسەن و بەنرخەکانی گەلی مەسیحی بخاتە روو ، سەرەڕای ئەوەی زۆر درەنگ هاتنە ناو کۆمەڵگای ئایینی مەسیحییەتەوە.

مێژوونووسانی سەرەتایی بە هەوڵدان بۆ ئاشتکردنەوەی بڵاوبوونەوە جیاوازەکانی مێژووی سیاسی و ئایینی وڵاتەکانیان، خەباتیان دەکرد، جگە لە ئەفسانە سەبارەت بە بانگهێشتکردنی ڤارانجییەکان، چیرۆکێکی سەبارەت بە فەرمانڕەواییکردنی شانشینی ناوخۆیی لە کییێف پێشکەشکرد. بەلایەنی کەمەوە سێ بڵاوبوونەوەی جیاوازی مەعمودیەی رووس هەبوون: لەلایەن ئەندیۆی نێردراوی خوداوە کە خاکەکەی بەرەکەتدار کرد. لەلایەن جەنگاوەرانی ڤارانجی ئاسکۆڵدو دیرەوە کە سوپاکەیان دوای هێرشەکەی بۆسەر بێزەنتین ئایینی مەسیحی قبوڵ کردو، لە کۆتاییشدا لەلایەن شازادە ڤلادیمیر لە کییێف خۆیەوە وەک گێڕانەوەی مێژووی پێش مەسیحییەکانی رووس ئاماژەی پێدەکات. مێژوونووس هیچ دژایەتییەکی لەنێوان دڵسۆزی بۆ شازادەکانی رووسی پێش مەسیحی کە لە رێگای هەڵمەتەکانیانەوە دژی بێزەنتین و بۆ کۆریلی ژیۆنیستەکانی بێزەنتین شکۆمەندی بەدەستهێناوە، نەبینیوە. لە نموونەیەکدا، دوای مێژووی بێزەنتینییەکان، نووسەری مێژووی سەرەتایی تەنانەت ئاماژەی بە هێرشبەرەکانی کردووە بە(رووسی بێ خودا) بەڵام بە گشتی بە روونی شانازی بە سەرکەوتنەکانی شازادە بتپەرستەکانی ئۆلێیەو سڤیاتۆسلاڤەوە بەسەر یۆنانییەکان

دەکرد. مێژوونووسانی سەرەتایی لە هەوڵەکانیاندا بۆ بەستنەوەی رابردووی ڤارانجی و سلاڤی رووس، دووبارەو سێبارە خوێنەرانی بیردەخاتەوە، کە رووس و سلاڤەکان وەکوو یەکن. تەنانەت نووسیویانە سلاڤەکان و رووس یەک گەلن.

لە کاتێکدا هەوڵدەدەین زاراوەی هەمەچەشنی مێژوونووسەکە بخەینە ڕیزبەندییەکەوە، زۆر ڕوون دەبێتەوە کە ئەو زۆر دوور بووە لە یەکگرتوویی لە هەڵبژاردنی زاراوە و ناوەکانیدا. هەرچەندە سلاڤەکان و پۆلۆنییەکان و ڕوسەکان لە یەک گرووپدا تێکەڵکردووە (وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا)، بەڵام لە بڕگەیەکی دواتردا درێغی ناکات لە لیستکردنی ڕووسەکان، ڤارانجییەکان، پۆلۆنییەکان، سلۆڤینییەکان، کریڤیچییەکان و هۆزەکانی دیکە وەک بوونێکی جیاواز کە ئەوان بە هەمان ڕووس دەزانن . دراوسێی ڕۆژئاوای پۆلۆنییەکان، دێرێڤلیانییەکان و ناوەڕۆکی شوێن کە لە ناوەکەیانەوە وەرگیراون، لە باسی مێژوونووسەکەدا باسکراون سەبارەت بە حوکمڕانی ڤۆلۆدیمیری گەورە، لە ساڵی ٩٨٨دا، هەروەها لەلایەن بەردەوامەکانی پریماریەوە ناسراون. مێژوونووس باسی سیڤێریانییەکان دەکات، کە لە باکووری ڕۆژهەڵات دراوسێی پۆلۆنییەکانن ، لە ژێر

ساڵی ١٠٢٤ بەڵام لە باسی ئەم قۆناغانەی مێژووی ڕووسدا یەک وشە لەبارەی پۆلیانییەکانەوە نییە – دواجار لە ساڵی ٩٤٤! نەمانی پۆلۆنییەکان و تێکەڵکردنی ناوی خێڵەکەیان لەگەڵ ناوی سیاسی - ڕووس - و دواتر لەگەڵ کیڤانەکان، ناوێک کە لە شارە سەرەکییەکەیانەوە وەرگیراوە بە هەمانشێوە، سیڤێرییەکان لە کۆتاییدا هاوپەیمانیان بە چێرنیهۆڤیان، سلۆڤینیەکان بە نۆڤگۆرۆدیەکان ناسران.

پێدەچێت بەس جێی متمانە بێت، بەو پێیەی خاکەکەیان بووە ناوەندی کایەی ڕووس و بەمجۆرە پێوەندییەکی نزیک بە ناوی سیاسەتەوە هەبووە. بەڵام گومان بەهۆی نەبوونی بەڵگەی شوێنەوارییەوە دروستدەبێت کە پۆلۆنییەکانی مێژوو لە دراوسێ نزیکەکانیان جیا بکاتەوە. ئەوەی شوێنەوارناسەکان دۆزیویانەتەوە زنجیرەیەک ناشتنە کە پێوەندییان بەوەوە هەیە کە پێیدەوترێت( کولتووری بەردەوام)، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جیا دەکرێتەوە، بەڵام لە ڕووی ئیتنۆکولتورییەوە نییە لە ناشتنەکانی سەر خاکی هۆزەکانی دیکە کە لە مێژووی سەرەتاییدا باسکراون. گومان زیاتر بەرز دەبێتەوە کاتێک مرۆڤ ئەو خاکە بچووکە لەبەرچاو بگرێت کە لەلایەن مێژوونووسەوە بۆ ئەو هۆزە گوایە بەهێزە تەرخان کراوە،

که خاکی زەبەلاح بۆ گروپەکانی تری ڕووس دیاریدەکات.
ئێستا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە : ئایا بە راستی پۆلۆنییەکان ( Polianians ) هۆزێکی جیاواز بوون کە هاوتای دێریڤلیانییەکان و سلۆڤینییەکان ( Derevlianians ، Slovenians ) و ئەوانی دیکە بوون وەک مێژوونووسان دەڵێن، یان تەنیا دانیشتوانێکی سلاڤی ناوخۆیی بوون کە شوناسێکی جیاوازیان بەدەستهێناوە بە کەوتنە کۆنترۆلی ڤارانجییەکان زووتر لە هۆزەکانی دراوسێ . بە تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی سکاندیناڤی و نوێنەری گرووپە سلاڤی و غەیرە سلاڤییەکانی دیکە کە پاشماوەی شازادەکانی یەکەمی کیڤانیان پێکهێنابوو، ڕەنگە ئەو دانیشتوانە بە راستی تایبەتمەندییە کۆسمۆپۆلیتییەکانی ئەو کەسانەیان وەرگرتبێت کەلە پایەختی ئیمپراتۆریەتێکی زەبەلاحدا نیشتەجێبوون و دواتر بەچاوی سووک سەیریان دەکردن و،بە برا(بێ کولتوور)ناویاندەبردن .

ناوی سلۆڤینیەکان هاوتایە لەگەڵ ناوی سلاڤەکان بە گشتی لەسەرچاوەکاندا کە ناوی پۆلیانیەکان بۆ دیاریکردنی یەکێک لە هۆزەکانی سلاڤی ڕۆژئاوا بەکار دەهێنن. بەڵام گریمانەکە بەئاسانی دەتوانرێت بۆ پۆلیانییەکان جێبەجێبکرێت نەک بۆ سلۆڤینییەکان.ئاخر ئەگەرپۆلیانییەکان لە دوای هاتنە ژوورەوە بۆ ساڵی ٩٤٤لە

مێژووی سەرەتاییدا نەمێنن، کاتێکی تەواو ئەفسانەییە بۆ مێژوونووسەکان و هاوچەرخەکانی –سلۆڤینییەکان لە باسی حوکمڕانی یا ڕۆسلاڤی دانا لە ژێر ساڵی ١٠٣٤.

## سەرچاوەی خاکی رووس

سەرچاوەی خاکی روس کامەیە؟ لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ چەندین بابەتی گرنگ کردووە، کە ئایینی هاوبەش، زمان و کولتووری هاوبەش تەنانەت خاکی هاوبەش لەنێوان بێلاروس و ئۆکراین و رووسەکان هەبووە، بەڵام با وردتر بۆی بچین، ئەم پرسیارەی کە دەڵێت سەرچاوەی خاکی رووس کامەیە، یەکێک لەو پرسیارە سەرەکیانەیە کە نووسەرانی سەرەتای مێژوو، مێژوونووسانی سەرەتایی ئاماژەیان بۆیکردووە، کە پێدەچێت لە مێژووناسانی مۆدێرن کەمتر سەرقاڵی پرسیارە بێزارکەرەکەی بنەچە و رەچەڵەک بووبێت. بەڵام مێژوونووس کاتێک دێتە سەر زەوی رووس ،ئایا مەبەستیان تەنیا دەوڵەتەکە بووە لەسەر ئەو زەوییەی کە دەوڵەتەکەی لێ دامەزراندووە، یان مەبەستیان خاک و گەل و زۆر بابەتی دیکەش بووە! زانایانی ئێستا تا رادەیەکی

زۆر هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەم زاراوەیە دەتوانێت هەموویان بگرێتەوە.  ئەوەی کە هێشتا بە کرچ و کاڵی ماوەتەوە ئەوەیە فراوانی جوگرافی و بەم پێیەش ئیتنۆ سیاسییەکانی زەوی رووسە. ئایا خاکی کییڤ بوو، هەموو موڵک و شازادەکانی کیڤان بوو، یان شتێک لە نێوانیاندا بوو؟ خوێنەرانی مێژووی سەرەتایی ، زۆر لەمەوبەر ئاماژەیان بەوە کردووە کە نووسەرەکەی بەمانای تەسک و فراوان ئاماژەی بە خاکی رووس کردووە. یەکەمیان موڵک وماڵی سەرەکی شازادەکانی کیڤان ی لەخۆ گرتبوو- خاکەکانی کییڤ، چێرنیهیڤ و پێریاسلاڤی. زەوی رووس بەمانا فراوانەکەی درێژ ببۆوە بۆ دوورترین ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کییڤ. بەڵام ئەم دوو چەمکە چۆن هاتنە ئاراوە؟!. مێژوونووسان دابەشبوون لەسەر ئەوەی کامیان یەکەم بووە، چەمکی رووبەری تەسک، یان رووبەری فراوان ی خاکی رووس. گرووپێک کە نووسەری مۆنۆگرافیای بنەڕەتییە لەسەر ئەو پرسە، ئەی ئێن ناسۆنۆڤ لەخۆ دەگرێت، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەم زاراوەیە لە سەرەتادا لە پێوەندی لەگەڵ رووس ی باشوور تەنها دواتر بەکارهاتووە، درێژ بۆتەوە بۆ هەموو خاکی دەوڵەتی کیڤان. لە بەرانبەریشدا گرووپێکی دیکە، کە لەلایەن زانایانی وەک دی ئێس  لیخاچۆڤ و ئەی ڤی

سۆلۆڤییێڤەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، بانگەشەی ئەوەیان کردووە، لە بنەڕەتدا ئەم زاراوەیە بۆ هەموو خاکی ویلایەتی رووس بەکارهێنراوەو تەنیا لە سەدەی دوازدەدا لەگەڵ پەرەسەندنی لامەرکەزی کیڤان رووس دا بۆ دیاریکردنی زەوییەکانی کییڤ هات. بەلام بەپێی سەرەتای مێژوو لەبارەی خاکی رووس ەوە، سەرچاوە سەرەتاییەکان ئاماژە بۆ ساڵی ٨٥٢ ز دەکەن کە زاراوەی خاکی رووس بەکارهاتووە. وا بۆ ماوەی کەمتر لە سەدەیەکیش دەڕوات، کە بە توندی گفتوگۆی مێژوونووسانی رووس و کییڤ بۆ ئەم بابەتە دەستیپێکردووە.

ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە خاکی رووس کە ناوەندەکانی لە کییڤ و چێرنیهیڤ و پێریاسلاڤ بوو، تەنیا شتێکی خەیاڵی کەسێک بووە؟ دیارە سەبارەت بە سەدەی دەیەم و تەنانەت سەرەتای سەدەی یازدەش دەیکات ، ناوچەی کەناری چەپی دنیپرۆ کە ناوچەی چێرنیهیڤ و پێریاسلاڤی(ڤۆلۆستی)ی تێدا بوو، زۆر درەنگ لە سەرەتای سەدەی یازدەدا لە ئەنجامی سیاسەتی وزەبەخشی کۆلۆنیالیزمی شازادە ڤۆلۆدیمێر بە کایەی کییڤەوە گرێدرابوو. بەپێی ئەو مێژوونووسە ناوچەکە لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکانی دیکەی شانشینەکە قەڵادارو کۆلۆنی

کراوە: سلۆڤینییەکان، کریڤیچییەکان، چودەکان و ڤیاتیچیانەکان، کە دوا هۆزی سلاڤی رۆژهەلات بوون کە کەوتنە ژێر کۆنترۆلی کیێڤ. وەک ئۆلێکسی تولۆچکۆ لەم دواییانەدا ئاماژەی بۆ کردووە، ئەم کۆمەلە نەتەوەییە تێکەلە جگە لە خەلکی شازادەی رووس، شوناسێکی دیکەی کەمیان هەبووە، کە خۆی لە دۆخێکدا بینیوەتەوە کە جیاوازییە خێلەکییەکان زۆر ئاسانتریان لەبیرکردن لە بەرانبەر ناوچەکانی دیکەی رووس کە شوناسێکی نوێی رووسیان دروستکردووە.

به کورتی دوای مردنی یارۆسلاڤ کە سێ شازادەی بۆ کیێڤ و چێرنیهیڤ و پێریاسلاڤ دەستنیشانکردووە، ئەم سێ هەرێمە وەک تاکە سێ میرات دەستنیشانکراون ، ئەمەش لە کۆنگرەی لیوبێخی شازادەکانی رووس لە سالی ١٠٩٧ راگەیەنراوە، چونکە تا ئەو مێژووە ، سەردەمی حوکمرانی بێ چەواشەکاری شازادەکانی کیڤان بەسەر تەواوی کایەی رووسدا تێپەرِیبوو. کۆنگرە سیستەمێکی سیاسی نوێی دامەزراند کە بە هۆیەوە شازادەی کیڤان وەک ناوبژیوانی بالا دەرکەوت، بەلام وەک فەرمانرەوای دەسەلاتدار نەبوو، چونکە دەسەلاتی راستەقینە لە دەستی میراتگرەکانی سێ کورە گەورەکەی یارۆسلاڤ دا بوون، کە بە شازادەکانی کیێڤ و چێرنیهیڤ و پێریاسلاڤ چرِ

ببووەوە. ئەم میرنشینە زەبەلاحانە بەمشێوەیە دەستنیشانکران.

خاکی رووس لە مێژووی خۆیدا بە زۆری لە پێکهاتەی نەتەوەییدا سلاڤی بوو. هەروەها پۆلیانییەکانیش بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵەیەکی دادپەروەرانە لە سکاندیناڤییەکان و فینۆ- ئۆگرییەکان هەبوو. مێژوونووسان نوێنەرانی ڤارانجییەکان و سلۆڤینییەکان و کریڤچییەکان و تەنانەت مێریاو چودی ی لە نێو داگیرکەرانی ئۆلێیە بۆ کیێڤ لە ساڵی ٨٨٢ دا خستۆتە روو. هەروەها ناوی هەندێکیان (سلۆڤینییەکان ، کریڤیچییەکان، چود) لەگەڵ ڤیاتیچیانەکان، وەک دانیشتووی چەمەکانی باشووری کیێڤ و لە کەناری چەپی دنیپرۆ لە سەردەمی ڤۆلۆدیمێردا ناوناوە. ئەمانە خاکەکانی دەوروبەری کیێڤ بوون، چێرنیهیڤ و پێریاسلاڤ ئەو زەویانەن کە لەلایەن مێژوونووسانەوە جگە بۆ پۆلیانییەکان بۆ هیچ هۆزێک نەدراون . ئەوان خاکی رووسی کرۆنیکلیان بە مانای تەسکی زاراوەکە پێکهێناو ئەوان نیشتمان بوون.

## زمانی سلاڤی

با ئێستا بەدوای ئەو پرسیارەدا بچین کە دەڵێت: دانیشتوانی سلاڤی کیڤان رووس بە چ زمانێک قسەیان دەکرد؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە بۆ ئەو مشتومڕە نوێیەی کە لە ماوەی نیو سەدەی رابردوودا بە گەرمی هاتۆتە بەرباس. بەپشتبەستن بە زۆربەی ئەو تۆژینەوانەی لەمبارەیەوە کراون، پێدەچێت زمانەوانان لەسەر ئەوە کۆک و تەبا بن کە هەر سێ زمانی مۆدێرن (رووس، ئۆکراین، بێلارووس) گرووپێکی جیاواز لە زمانەکانی رۆژئاواو باشووری سلاڤی پێکدەهێنن. هەروەها لەسەر مۆدێلی گشتی گەشەسەندنی زمانە سلاڤییەکان لە زمانی سلاڤی هاوبەشەوە بۆ زمانە نەتەوەییە تایبەتەکان هاوڕان. ئا لێرەوە خاڵی ناکۆکی دەستپێدەکات. پرسیاری هەرە بارگاوی سیاسی ئەوەیە، ئایا زمانە سلاڤییەکانی رۆژهەڵات راستەوخۆ لە زمانێکی پرۆتۆی سلاڤییەوە گەشەیان کردووە، یان قۆناخی نێوان لە شێوەی زمانێکی هاوبەشی سلاڤی رۆژهەڵاتدا هەبووە؟. لایەنێکی دیکەی مشتومڕەکە پرسی قۆناخبەندییەکانە لەگەشەسەندنی زمانەوانیدا. چونکە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ زۆربەی زمانناسانی رووسی بۆ نموونە وەک: ئەلێکسی شاخماتۆڤ، کە وەک لایەنگری بیرۆکەی ئیمپراتۆری

یەکگرتوویی سەرتاسەریی رووسیاش دەرکەوت، لە بەرژەوەندی بوونی زمانێکی هاوبەشی سەرتاسەری روسیدا بوون. ئەو رێبازە بوو بە تاکە رێبازێک کە لە زمانەوانی فەرمی سۆڤێتدا پەسندکرا. نووسەرانی سۆڤێت سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی ئیدیۆمی هاوبەش و سەرهەڵدانی زمانە جیاوازەکانی رووسی و ئۆکراینی و بیلاروسییان بۆ سەدەی چواردە زانی. ژمارەیەک لە زانایانی ئۆکراینی لەوانە، جۆرج یوری شێڤێلۆڤ ، رەتیانکردەوە بەشداری ئەو تیۆرییە بکەن و سەرچاوەی زمانە جیا جیاکانی سلاڤی رۆژهەلاتیان بۆ سەدەی حەفتەم و هەشتەم گەڕاندەوە. باسکردنی ئەم کێشەیە تا ئێستاش هەر بەردەوامە، بەڵام بۆ مەبەستی ئێستا دادپەروەرانە پێشنیار دەکرێت کە هەر زمانێک بێت پێشەکی و بەکارهێنانی کە لەلایەن دانیشتوانی سلاڤی کیڤان رووسی سلاڤۆنیکی کۆن و دواتر، سلاڤۆنیکی کڵێساو رووسی کۆن وەک میدیایەکی ئەدەبی باو قسەی پێدەکرا، نەیتوانی خۆی بپارێزێت و گەشەبکات و لە کۆتاییشدا پێکهاتنی زمانە جیاوازەکانی سلاڤی رۆژهەڵات دوا بخات. بەمشێوەیە دەردەکەوێت کە ئەو زمانەی کە نووسەرەکان مێژووی سەرەتاییان پێ نووسیوە ، ئەندامێتییان لە کڵێساکەدا، شوێنی خۆیان لە خانەقایەک لە پایتەختی روریکیداو

نزیکییان لە دەسەڵاتە عەلمانی و ڕۆحییەکانی کیڤان رووس هەموویان یارمەتیدەر بوون لە گۆڕینی ئەوان بۆ لایەنگری یەکێتی هەموو رووس . بەپێی هەموو سەرچاوەکان و خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەم بابەتە هەستیارە، کە مێژووی سەدەی دوازدە بەخۆوە دەگرێت، ئاماژەیەکی روون هەیە کە شوناسی سەرەتایی رووسی پەیوەست بووەو لەسەر بنەمای خاکی رووس لە هەستی تەسک کە سنووردارە بە خاکی کییڤ و چێرنیهیڤ و پێریاسلاڤ تەنها دواتر ناوی رووس لەلایەن نوخبەکانەوە وەرگیراوە. واتا شوناسی رووس بەرهەمی نوخبەیەکەو دانیشتوانەکە کە یارمەتیدەر بوون لە پێکهێنانی نەتەوەی ئۆکرانیا.

لەماوەی دووسەد ساڵی رابردوودا ، چاودێرانی جیهانی سلاڤی ناکۆکبوون لەسەر ئەوەی کە چۆن بە باشترین شێوە دابەشبکرێت یەسەر ژێر پۆلەکاندا، جا چ پۆلە ئێتنۆگرافییەکانی وەک (نەتەوە، گەل، یان خێڵ) یان پۆلە زمانەوانییەکانی وەک(زمانەکان، زاراوە، زاراوەی ژێر زاراوە)...هتد. دیارە سنوورە سیاسییەکان لەماوەی دوو سەدەی رابردوودا گۆڕانکارییەکی گەورەیان بەسەردا هاتووە، بەڵام، زانایان و لێکۆڵەران وای بۆ دەچن کە تاکسۆنۆمی ئێتنۆگرافی و زمانەوانیش پەرەسەندنێکی ئاڵۆزیان بەسەردا هاتووە. ریزبەندییەکی دیاریکراو رەنگە

لەگەڵ تێپەڕبوونی دەیان ساڵ ، پشتگیری کۆدەنگی بەدەستبهێنێت، بەڵام کۆدەنگی جەماوەری دەتوانێت لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و هەندێکجاریش بە خێرایی بگۆڕێت. هەروەها ڕەنگە پۆلە بەردەوامەکان مانای خۆیان بگۆڕن. ئەوەندەی کە یەکە ئیدارییەکان دەتوانن ببنە دەوڵەتی سەربەخۆ، بە هەمانشێوە ڕەنگە تەنیا زاراوەکان وەک زمانەکان لێکبدرێتەوە، یان – خێڵەکان - وەک (نەتەوەکان ) دانپێدانان بەدەستبهێنن.

سلاڤییەکان لەمێژە ئاگاداری نەبوونی کۆدەنگییان بوون سەبارەت بەوەی کە چۆن بە باشترین شێوە جیهانی سلاڤییەکان دابەشبکەن. هەندێک لە زمانەوانییەکان ئەو شتە وەک زمانێک دیاریدەکەن کە ئەوانی دیکە تەنیا وەک زاراوەیەک دانیان پێدادەنێن.تاکسۆنۆمییە جۆراوجۆرەکانی سلاڤییە دیارەکانی سەدەی نۆزدەی بەمشێوەیە کورتکردۆتەوە: لە ساڵی ١٨٨٢ دا دۆبرۆڤسکی، باوکی پراکتیکی زمانناسی سلاڤی، ناوچەی سلاڤییەکانی بەسەر نۆ زماندا دابەشکردووە، شافاریک لە ساڵی ١٨٤٢ز شەش زمانی پێشنیار کرد کە سێزدە(١٣) زاراوەیان هەبوو، شلایچەر لە ساڵی ١٨٦٥ پێشنیاری هەشت(٨) زمانی کرد. میکلۆسیچ، زانایەکی بەناوبانگی سلۆڤینی، بڕیاری لەسەر نۆ(٩) زمان داوە. بەڵام بەپێی سەرچاوەکانی کتێبی (

( Lehrgebaeude der Boehmischen Sprache دۆبرۆڤسکی ساڵی ١٨١٩ ، هەر لە سەرەتای لاپەڕەکانی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە نووسیویەتی: نە چوارو نە نۆ ، بەڵکو دە(١٠) زمان بەدەستدەهێنێت، کە بریتین لە : بۆهێمی، سلۆڤاکی، کرواتی، سلۆڤینی، سربی(ئیلیری)، رووسی، پۆڵەندی، سۆربیای سەرەوە، سۆربیای خوارەوە، سلۆڤینی، سلاڤۆنی کڵێسای کۆن. زمانی سلۆڤاکی سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ چوار زمانەکەدا هەیە، کە بریتین لە زمانی: چیکی، رووسی، پۆڵەندی و ئیلیری، کە هیچ سنوورێکیان لەگەڵ یەکتریدا نییە.

زۆربەی وەسفەکانی جیهانی سلاڤی لیستێکی تا رادەیەک راستەوخۆی پۆلینەکان دەدەن: یان لیستی ناوی نەتەوەیی – خێڵەکی، یان لیستی زمان یان زاراوە. بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٤ لەکاتی نووسینی ویکیپیدیای زمانی ئینگلیزی بە ئاماژەبۆکردن بە ئینسلیکلۆپیدیای بەریتانی ساڵی ٢٠٠٦ لە نووسینەکەیدا بۆ سلاڤەکان، چواردە گەلی سلاڤی خستۆتە روو:خەڵکی سلاڤی ئێستا بۆسلاڤی رۆژهەڵات پۆلیندەکرێن کە بریتین لە(بێلارووس، رووس ، ئۆکرانی)، سلاڤی رۆژئاوا بەهەمانشێوە پۆلیندەکرێن بۆ (چیک، پۆڵەندی، سلۆڤاک و وێند، یان سۆرب) و سلاڤی باشووریش بریتی

دەگەڕێتەوە بۆ مانیفێستی هێتمان ئیڤان ڤیهۆڤسکی لە ساڵی ١٦٥٨ بۆ فەرمانڕەواکانی ئەوروپا کە پێشێلکارییەکەی کۆزاکەکانی لەگەڵ مۆسکۆڤی ڕوونکردەوە، نووسەرانی پەیماننامەکە جەخت لەوە دەکەنەوە کە مۆسکۆڤییەکان مافەکانیان لەبری پاراستنیان پێشێل کردووەو، بەمشێوەیە مازێپایان ناچارکردووە پاراستنی سوید قبوڵ بکات . ئەوەی پێشێلکارییەکە ڕەوا دەکات، لێکدانەوەی ڕێککەوتنە ڕەسەنەکەی نێوان تزار و کۆزاکەکانە وەک یەک پابەندکەر لە هەردوو لایەنەوە، نەک ڕێککەوتنێک کە تێیدا کۆزاکەکان تەنها ژێردەستەی تزار بن .وەک لە مانیفێستەکانی مازێپادا، دڵسۆزی بۆ نیشتمانی باوک بەرزترە لە دڵسۆزی بۆ پاشا، بە تایبەت ئەو کەسەی کە ڕێکەوتنی سەرەتایی پێشێل دەکات .

ئیتر مۆسکۆڤی لە پەیماننامەکەدا وەک دەوڵەتێکی ستەمکار سەرهەڵدەدات کە دەسەڵات و نموونەکەی هێتمانسی گەندەڵ کردووە، هێتمانەکانی کردووە بە خۆسەپێن کە دەستدرێژییان کردووەتە سەر مافەکانی خانەخوێ و هەموو نەتەوەکە . بەمشێوەیە پەیماننامەکە کە لە نێوان هێتمانە تازە هەڵبژێردراوەکان و ئەفسەرە کۆزاکییەکان، هۆست و نەتەوەی ڕووسی بچووکدا کۆتایی هات، مەبەست لێی سنووردارکردنی مەیلی تاکڕەوانە بوو

لەلایەن هێتمانەکانی داهاتوو و گەرەنتیکردنی مافەکانی نەتەوە. لەکاتێکدا دوژمنەکان گەمارۆی دیوارەکانیان دابوو.

**وشەی رووس ، ئایا ئەوان گەلی سوورن؟**

سەرچاوە سەرەتاییەکان کە باس لە ڕووسەکان دەکەن لە سەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی نۆیەمەوە لە بێزەنتین و فارس و فەرەنساوە هاتوون.هەموویان سلاڤەکان و ڕووسەکان وەک دوو گروپی جیاواز وەسف دەکەن، ڕووسەکان زاڵن بەسەر سلاڤەکاندا .یەکەم باسی ناوخۆیی ڕووس دەتوانرێت لە مێژووی سەرەتاییدا بدۆزرێتەوە کە لە سەدەی دوازدەهەمدا ئامادەکراوە.

ڕووسیای مۆدێرن ناوەکەی لە ڕووسی کیڤیان وەرگرتووە کە باوباپیرانی ڕووسیا و ئۆکرانیا و بێلاڕووس بوون.سەدەی نۆیەم دامەزراندنی دەوڵەتی سەدەی ناوەڕاستی بەخۆیەوە بینی کە بە کیڤان ڕووس ناسراوە کە یەکەم دەوڵەتی سلاڤی ڕۆژهەڵات بوو و پێشەنگ بوو بۆ وڵاتانی مۆدێرن لە ڕووسیا و ئۆکرانیا و بێلاڕووس.

ڕووسیا فۆڕمی باڵادەستی زمانی ڕۆمانسی بوو، بۆ یەکەمجار لەلایەن لیوتپراندی کریمۆنا لە ساڵانی ٩٦٠ و دواتر لەلایەن پیتەر دامیان لە ساڵانی ١٠٣٠دا بەکارهات .لە سەدەی دوازدەهەمدا لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا بوو بە هەموو شوێنێک. واتا نزیکەی ناوی هەموو وڵاتێک دەگەڕێتەوە بۆ شتێک یان کەسێک کە زۆرجار لە مێژە لەبیر دەکرێت .بۆ نموونە ناوی فەرەنسا لە فرانکەکانەوە وەرگیراوە، ئەو هۆزە ژێرمانییانەی کە لە سەدەی پێنجەمدا خاکی هەریەکەیان داگیرکردووە .وە ئەمریکا ناوی ئەمێریگۆ ڤێسپوچییە کە گەشتیارێکی ئیتاڵییە و لە یەکەم ئەوروپییەکان بووە کە پێی لەسەر جیهانی نوێ داناوە.

ڕووسەکان لە هۆزەکانی سلاڤی ڕۆژهەڵات پێکهاتوون و ڕەچەڵەکی کولتوورییان لە کیڤان ڕووس دامەزراوە .لە ڕووی بۆماوەییەوە زۆرینەی ڕووسەکان هاوشێوەی هاوتا سلاڤیەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوان، بە پێچەوانەی ڕووسەکانی باکوور کە سەر بە کۆمەڵە جینەکانی باکووری ئەوروپای بەڵتیکن. ڕەگ و ڕیشەی زمانی ڕووسی دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 6000 – 4000 ساڵ لەمەوبەر .لەم کاتەدا زمانی ناسراو بە هیندۆ ئەورووپی دەستی بە دابەشبوون کردبوو. زۆرێک لە

بەڵگەنامە مێژووییەکان دەیسەلمێنن کە زمانی ئۆکراینی، و دەوڵەتی ئۆکرانیا، پێشتر لە زمانی ڕووسی دەرکەوتووە . زمانی ڕووسی لە زمانی سلاڤۆنی کۆنەوە هاتووە، کە لەلایەن کۆلۆنیالیستەکانی کیڤانەوە بە مۆسکۆڤییەکان ناسێنراوە، کە لە بنەڕەتدا فینۆ-ئۆگریک بوون . کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی قسەکەران لە زێدی خۆیان لە ناوچەکانی ئۆکرانیای مۆدێرن و باشووری ڕۆژئاوای ڕووسیا کۆچیان دەکرد و لە پرۆسەکەدا زاراوەی تایبەت بە خۆیان پێکدەهێنا بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٠ی ڕووسیا ، ١٩٣ نەتەوە لە ڕووسیادا هەن.

ئەی ڕووسیا چییە؟ هەموو مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن کە ناوەکەی لە وشەی (رووس)ەوە سەرچاوەی گرتووە .ئیمپراتۆری بیزەنتین کۆنستنتین حەوتەم یەکەم کەس بوو کە لە سەدەی ١٠دا ناوی خاکی هۆزە سلاڤیەکانی بە (ڕووسیا) ناوبرد .پاشگری تایبەتی یۆنانی/لاتینی " ia " شتێک یان کەسێک بە خاکەوە لەنگەری دەکات، بۆیە" ڕوس-یا "بە واتای "خاکی ڕووس" بوو .وەک چۆن ستان بە هەمانشێوە بەواتای شوێنی نیشتەجێبوون دێت، بۆنموونە کوردستان، ئەفغانستان، کازاخستان....هتد. بەڵام لێرەدا بەشە

سەرنجڕاکێشەکە ئەوەیە: تا ئەمڕۆش کەس بە دڵنیاییەوە نازانێت لە ڕاستیدا مانای جەهەنەمی "ڕووس" چییە.

ڕووسیا = سوید؟

بە گوێرەی یەکێک لە شەمەندەفەرەکانی بیرکردنەوە، "ڕووس" لە زمانەکانی سکاندیناڤیاوە سەرچاوەی گرتووە و ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕەیە کە یەکەم فەرمانڕەواکانی ڕووسیای کۆن لە ڕاستیدا ڤایکینگەکان بوون، یان "ڤارەنگییەکان" بوون .مێژوونووسێکی سەدەی دوازدەهەم کە مێژوونووس ڤاسیلی کلیوچێڤسکی وەریگرتووە، دەڵێت: "ڤارەنگییەکان بە ناوی خۆیانەوە ناویان ناوە ڕووس."

ئەگەر ئەم وەشانەی ڕاست بێت، "ڕووس" تەنها زاراوەیەکی دیکەیە بۆ "سویدی/سویدی"، وەک ئەوەی ڕۆژێک ئاماژە بە نۆرمانەکان یان ڤایکینگەکان دەکرا" .ڕووس" لەلایەن بیانییەکانەوە بۆ وەسفکردنی هۆزە سلاڤیەکان بەکاردەهێنرا کە لەلایەن ڤایکینگەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکران و چەسپی" .ڕووس" لە ڕووتسی ئەمڕۆ نزیکە – کە بە فینلاندی بە واتای "سوید" دێت – بۆیە لێرەدا هەندێک لۆژیک هەیە.

## وەشانی سلاڤی و سارمات

بێگومان ئەم وەشانەی هەموو کەسێک ڕازی ناکات، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆرێک لە مێژوونووسان بیرۆکەی ڤارانجییەکان کە حوکمڕانی ڕووسیای کۆن دەکەن، ڕەخنەیان لێدەگرن – ئەوان بە ئەفسانە دەزانن.بۆیە ڕوونکردنەوەیەکی دیکەیان بۆ سەرچاوەی "ڕووس" دۆزیەوە– ڕووباری ڕۆس، کە لقێکی دنیپەرە (ئێستا لە ئۆکرانیایە) .هەندێک لە سلاڤەکان لەوێ نیشتەجێبوون بۆیە خەڵک دەستیان کرد بە ناونانی ڕۆسکی کە دواتر بوو بە ڕوسکی ... ڕەنگە ئەمە وەک تیۆرێکی جێی متمانە دەربکەوێت بەڵام زمانزانان گومانیان هەیە کە "ئۆ" بۆ ئەم ناوە نەتەوەییە گۆڕاوە بۆ "و" – شتێک کە نزیکەی هەرگیز ڕوونادات.بەڵام وەشانێکی نامۆتر هەیە، کە "ڕووس" لە ڕۆکسۆلانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە گەلێکی سارماتن و نزیکن لە سکیفەکان کە لە سەدەی دووەمی پێش زایین تا سەدەی یەکەمی زایینی لە کریمیا ژیاون.گوایە ڕۆکسۆلانییەکان تێکەڵ بە سلاڤەکان بوون و بە جۆرێک ناوەکەیان کورت کردۆتەوە بۆ "ڕووس."کێ دەزانێت – ئاخر لەو کاتەوە چەند هەزار ساڵێک تێپەڕیوە.

**خەڵکی سوور ؟**

گریمانەیەکی دیکە باس لەوە دەکات کە (ڕووس) لە وشەی ڕۆمانی ross ەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە واتای (سوور) دێت .ئاماژەی بەوەش کراوە،(بیزەنتینییەکان پێیان دەڵێن(هۆزەکانی سلاڤیar -rusiya کە بە واتای 'سوور' دێت) ئەل -مەسدی ، مێژوونووسێکی عەرەبی لە سەدەی ١٠ نیشانیداوە کە ئاماژەی سوور بەهۆی دەموچاوە سووتاوەکانیانەوە سووتەمەنی بوو .کاتێک خەڵکی باکوور کە خوویان بە کەمی تیشکی سەروو بنەوشەیی گرتبوو، گەشتیان دەکرد بۆ باشوور زۆرجار دەموچاویان بە خۆر دەسووتا و دەبوون بە (خەڵکی سوور) – ڕۆس. بەڵام ئەمە لە جۆرێک لە وێنەیەکی شیعری دەچێت و هیچی دیکە.

تا دەوروبەری ساڵی ٧٥٠ ز. بنکەی بازرگانی سکاندەناڤیا لەسەر رووباری دنیپەر هەبوون،کە لە دەریای رەش نزیکبوون لە ناوچەی ئۆکرانیا. قوستەنتینییە کە ئێستا پێیدەوترێ ئیستانبول پایەختی ئیمپراتۆریای مەسیحی رۆژهەلاتی بوو(پێیان دەوت ئیمپراتۆریای بێزەنتین). تا ساڵی ١٤٥٣ ز ئەو ئیمپراتۆریای بێزەنتینە بەسەر دەریای ناوەڕاستی رۆژهەلاتدا زاڵ بوو، کە هێزەکانی سوڵتان محەمەدی دووەم گەمارۆیان داو لەناویان برد. کاتێک قسە لە سەرەتای مێژووی روسیا دەکەین، رەنگە سەرەتاییترین

سەرچاوە ئەوە بێت کە لەبەردەستن و بە زمانی جیا جیا بڵاوکراونەتەوە، زۆربەشیان مێژووەکە بۆ ساڵی ١١٠٠ چیرۆکی نێستۆری مێژوونووس دەگێڕنەوە، کە ئەوەیە هیرۆریکی نۆرسی بانگهێشت کراوە بۆ ئەوەی ببێتە پاشای شارۆچکەکانی باکووری رۆژئاوای رووسیای ساڵی ٨٦٢ز.

ڤلادیمێری گەورە لە ساڵانی ٩٨٠ بۆ ١٠١٥ واتا بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ فەرمانڕەوایی کیڤان رووسی کرد(کیڤیان رووس،واتا هەموو ئەوانەی کە باب و باپیرانی - ڕووسیا و ئۆکرانیا و بێلاڕووس - بوون). دوای تیرۆرکردنی براکەی بۆ تەختی پاشایەتی، وردە وردە قورستر بوو بۆ ئەوەی شانشینی خۆی بەیەکەوە بگرێت. بولگارییەکان کە ئامۆزای سلاڤی رووسەکان بوون، بەردەوام لە رۆژئاواوە ئیمپراتۆریای ڤلادیمیریان هەراسان کردبوو. ئیمپراتۆریای گەورەی بولگارییەکان لەگەڵ تزارەکانی بولگاری بەسەر ناوچەی نێوان ئۆکرانیاو قوستەنتینە زاڵ بوو .

کیڤان رووس دوای هاوپەیمانی لەگەڵ قوستەنتینیە سەرفراز بوو تا ساڵانی ١٠٠٠ ئیمپراتۆریاکەی رووبەرێکی فراوانی لە دەریای سپی لە لای باکوورەوە تا دەریای رەش لە باشوورو لە ناوەڕاستی پۆلۆنیاو لە رۆژئاوا تا رۆژهەڵاتی نیمچە دوورگەی کریمیای گرتەوە. بەڵام ئەمەش بە هاتنی مەغۆلەکان کۆتاییهات و ساڵانی ١٢٠٠ ز

مەغۆلەکان بە تەواوی قوتیان دا. لە زنجیرەیەک شەڕی وەرزی چارەنووسسازدا لەنێوان سالآنی ١٢٤٢- ١٢٣٧ مەغۆلەکان ئیمپراتۆریای کۆنی نۆرسیان شکاندو ئەمەش کۆتاییهاتنی سەروەری ئۆکرانیا بوو ... بەڵام رووسەکان هەر وا  دا نەنیشتن، رووسەکانی کیڤان بۆ هۆزێکی بەهێزی سلاڤی گۆران. دواییش بوون بە مەسیحی و کەوتنە ژێر کاریگەری کڵێسای ئۆرتۆدۆکسی رۆژهەڵاتی. ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەردوو زمانی رووسی مۆدێرن و ئۆکرانیای مۆدێرن لە ئۆکرانیای سەدەی یەکەمەوە وەرگیراوە، تا نزیکەی ٧٠٠ ساڵ لەمەوبەریش زمانی ئۆکرانی و رووسی بەتەواوی تێکەڵ بووە، بەشێوەیەک زمانی ئۆکرانی رووسی بووە، زمانی رووسیش ئۆکرانی بووە. رەنگە ئەوە یەکێک لە گرفتە هەرە ئاڵۆزەکانی نێوان روسیاو ئۆکرانیا بووبێت کە تا ئێستاش هەر ماوەتەوە.

مەغۆلەکانیش بە هەموو ئاراستەکاندا سنووری ئیمپراتۆریای ئاسیای ناوەڕاستیان پاڵ دەنایە دەرەوە،کە بە سەرۆکایەتی جەنگیزخان بوو. بڵاوبوونەوەیەکی نەخوازراو بەسەر ئاسیاو ئەوروپادا روویدا، دوای مردنی جەنگیزخانیش سوپای مەغۆلەکان (هۆردی زێرین)توانی ئیمپراتۆریاکە فراوانتر بکات، کە سنوورەکانی لەرادە بەدەر بوو.ئیتر مەغۆلەکان بەتەواوی رژێمە نیشتەجێبووەکانی

ناوەڕاستی ئاسیایان هەڵوەشاندەوەو بۆماوەی ١٥٠ ساڵ بەسەر ئۆکرانیادا زاڵ بوون. ئۆکرانیا وەک بەشێک لە دەوڵەتێکی ژێردەستەیی رزگاری بوو، لەگەڵ بێلارووس لە ناوچەیەکدا بەناوی گالیسیا ڤۆڵهینیا کۆکرابوونەوە، کەمکرایەوە بۆ رێزگرتن لە سەرۆکێکی مەنگۆلی .

یەکەم فەرمانڕەوا تۆمارکراوەکانی ئۆکرانیا لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیاوە هاتبوون. یەکەم ناوی سیاسی ئۆکرانیا ناوی کیڤان روس بوو. لە ساڵی ٩٨٨ کیڤان رووس بەهۆی سیاسییەوە خرایە سەر ئایینی مەسیحی و کرا بە مەسیحی.

ئۆکرانیا شوێنی لەدایکبوونی گەلی ئۆکرانیاو رووسیایە. ئەو پرسیارە بۆ خوێنەرانی مێژووی رووسی دێتە ئاراوە: ئەگەر رووسیا لە ئۆکرانیا دەستی پێکردبێت، بۆچی هێشتا بەشێک نابێت لە رووسیا؟ خاکێکە لەسەردەمی کۆنەوە لەلایەن داگیرکەرانەوە شەڕی لەسەر دەکرێت و هەزار ساڵە پروپاگەندەی لە بەرانبەردا دەکرێت. سنوورەکانی ئۆکرانیا هەندێکجار لەلایەن خۆیانەوە دیاریکراوە. بەڵام زۆربەی کات لەلایەن ئەو کەس و لایەنانەی شەڕیان لەسەر ئۆکرانیا لە بەرانبەر یەکدی کردووە ، شێوەکەی داڕێژراوە. ئێستا خوێندنەوەی مێژووی ئۆکرانیا و تەنانەت ناوچەکەش بە بەردەوامی ئەو پرسیارەی

دروستکردووە، ئایا ئێمە سەر بە خۆمانین یان هی هەندێک زلهێزی دیکەی جیهانین؟

ئۆکرانیاو ناوچەکەش وردە وردە لە تاکتیک و چەکی مەغۆلەکان شارەزا بوون و توانیان هێزی بەرانبەر دروستبکەن. ئەوەبوو ساڵی ١٣٤٩ مەغۆلەکان توانای داگیرکردنی ئۆکرانیایان نەما، چونکە ساڵی ١٣٤٩ پۆلۆنیا توانی شکست بە مەغۆلەکان بهێنێت و خاوەندارێتی ئۆکرانیا بۆ خۆی بگرێتە دەست خۆی. بەڵام گرفتەکە ئەوەبوو، راستە توانی مەغۆلەکان دەربکات، کەچی لەولایەوە ئیمپراتۆریای پۆلەندا-لیتوانیا ئیستیعابی ئۆکرانیای کرد. ئیتر ئەوروپا و ئەو بەشەی ئاسیای بووە ململانێی شەڕی نێوان ئیمپراتۆریاکان بەتایبەت کە زلهێزێکی تر لە رۆژئاوا سەریهەڵدا. دوای چەندین سەدە لەشەڕی خوێناوی دژی یەکدی پۆلۆنیاو لیتوانیا یەکیانگرت، بۆئەوەی دژی هەموو هێزێکی دیکە بوەستنەوە بەتایبەت (هەنگاریا) . ساڵی ١٣٨٦ز دوکی گەورەی لیتوانیا جۆگایلا بوو بە فەرمانڕەوای لیتوانیاو هەروەها بوو بە پاشای پۆلۆنیاش. ئیتر ئەم ئیمپراتۆریایە بەشێوەیەکی نا فەرمی دووسەد(٢٠٠) ساڵ بەردەوام بووا. ساڵی ١٥٦٩ کە پەیماننامەی یەکێتی پەسندکرا، لەو پەیماننامەیەدا ئەوە

باسکراوە کە ئێستا ئیمپراتۆریاکەیان حوکمڕانی بەسەر هەشت(٨)ملیۆن کەسدا دەکات!!.

جووتیارانی ئۆکرانیا بە چەقبەستوویی ئۆرتۆدۆکسی رۆژهەڵات بوون. بەڵام بۆ ئاغاکانیان گونجاو بوو کە خۆیان بۆ ئایینی کاتۆلیکی رۆژئاوایی و هەروەها لاتینی بگۆڕن . خانەقاو کڵێساو قوتابخانەکانی رۆمانی کاتۆلیکی دەستیان بە خۆخزاندنە ناو ئۆکرانیا کرد. ئەوکاتیش خاوەنی بەکرێگیراوانی موڵک و ماڵە گەورەکان تا رادەیەکی زۆر جولەکەبوون.ئەمە تێکەڵەیەکی کۆمەڵایەتی-ئابووری – ئایینی بوو . ئیتر هەموو شتێک لە باوەشی ئیمپراتۆریای پۆلۆنیا بەرەو ئارامی دەچوو. کۆمۆنوێلس (کۆمۆنوێلس یەکێتییەکی سیاسی ئارەزوومەندانەیە کە لە ٥٦ وڵات پێکهاتووە، زۆربەی ئەو وڵاتانە پێشتر هەرێمێکی ژێر دەستەی ئیمپراتۆریای بەریتانی بوون. جەخت لەسەر پەیوەندی نا حکومی نێوان وڵاتانی ئەندام دەکاتەوە. ئەم یەکێتییە لە ١١ی مانگی کۆتایی ساڵی ١٩٣١ دامەزراوەو بنکەی سەرەکییان لە لەندەنە)کۆمۆنوێلسی پۆلۆنی-لیتوانی بەشێوەیەکی ئەقڵانی رێگای ئازادی ئایین بە هەموو کەسێک دەدا . ئەمەش بۆ دەوڵەتێک کە ئەوەندە هەمەجۆریی لەخۆ گرتبێت سیاسەتێکی گرنگ بوو .لە رۆژانی مردنی ئاشتی پۆلۆنیا لە ساڵی ١٥٨٠ز ئۆسترۆ

(رۆژئاوای کییڤ) بووە ناوەندێکی سەرەکی بۆ فێربوون . ڕۆژئاوای کییڤ چاپخانەیەکی نوێی هەبوو یەکەم کتێبی پیرۆز(ئینجیل)ی بەبێ هیچ کەموکورتییەک بە زمانی سلاڤۆنی بەرهەمهێنا. ئەمەش زۆرجار ببووە هەنگاوێک بۆ پەروەردەکردنی هەژاران.ئیتر دوای ئەم دۆخەی پۆلۆنی – لیتوانی ، پیلان و پلانەکانی کڵێسای ڕۆمانی کۆتایی بەم هاوسەنگییە ناسکەی پۆلۆنیای هێنا. شارە گەورەکە(قەشە سەرەکییەکە)ی کییڤ و زۆربەی ڕۆحانییەکانی ڕێککەوتنی یەکێتییان لەگەڵ ڕۆما واژۆ کرد. سینۆدی برێست لە ساڵی ١٥٩٦ هەموو باوەڕدارانی ئۆرتۆدۆکسی کیڤان لەژێر دەستی قەشەکانیاندا بەکۆمەڵ گوازترانەوە بۆ ناو کڵێسای کاتۆلیکی . کڵێسا پێش ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ڕۆحانییەکان بکات و هێشتا پەرستنی خۆی بە زمانی سلاڤۆنیای پرۆتۆ ڕووسی بەڕێوە ببات، گرژیی بەدوای خۆیدا هێنا. لەم نێوەندەدا، لەناوچە خراپەکانی باشووری کیێوی ئۆکرانیا هێزێکی سیاسی نوێ سەریهەڵدا. کۆزاکەکان(کۆزاک ناوەکەیان لە کازاک ی تورکییەوە دروستبووە، کەماناکەی مرۆڤی ئازادە).ئیتر بوون بە هێزێکی ئازاو کاریگەر. کۆزاکەکان لە ڕوی ئایدیۆلۆژییەوە خۆیان بە ئەرتۆدۆکسی ڕۆژهەڵات دەناساند. بە درێژایی لایەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کۆمۆنوێلس گەشەیان

دەکرد. دەوروبەری ساڵی ١٦٢٠ ز ئۆرتۆدۆکسیان وەک ئاییني فەرمی خۆیان راگەیاندو داشیانمەزراندەوە. کڵێسای ئۆرتۆدۆکس بەهۆی پێترۆ مۆهیلا (لە بنەماڵەیەکی دیارو فراوان بوون، لە پۆلۆنیا نیشتەجێ بوون، بەڵام دوایی هاتنە ئۆکرانیا کە ئەوکاتە ئۆکرانیا لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای پۆلۆنیا بوو) گەشەیان کردو رێزی گشتیش تا رادەیەک بۆ ئۆکرانییەکان گەڕایەوە. ئەمەش رێگای خۆش کرد کە ئۆکرانیا گەشەبکات و یەکەم زانکۆی ئۆکرانیاش کە بەناوی ئەکادیمیای مۆهیلا بوو دامەزرا. بەڵام زۆری پێ نەچوو، هەر دوای ماوەیەکی زۆر کورت ساڵی ١٦٤٨ جارێکی دیکە شەڕو کوشتن دەستیپێکردەوە. سەرکردەی راپەڕین ئەفسەرێکی کۆزاکەکان بوو کە ناوی (هێتمان بۆهدان خمێلنیتسکی) بوو، لە ئۆکرانیا بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی کۆزاکەکان هەڵاتبوو، لەوێ بە سەرۆک هەڵبژێردرا( بەهێتمان واتا سەرۆک) ناونرا. ئەمەش رووداوێکی سەیر بوو کە بە سەرۆک هەڵبژێردراوە. خمێلنیتسکی دەستی بە کۆکردنەوەی هێزێکی داگیرکەرو هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ یاخیبووە ناوخۆیەکان لە سەرتاسەری ئۆکرانیاوە کرد. بەڵام خمێلنیتسکی لەمانگی ئایاری ساڵی ١٦٤٨ دا لە دوو شەڕدا شکستی هێنا. ئیتر جووتیارانی ئۆکرانیا راپەڕین و

خاوەن خانووە پۆلۆنیاییەکان و قەشە لاتینییەکان و جولەکە دەوڵەمەندەکانیان کوشت. واتا ساڵی ١٦٤٨ کۆزاکەکان توانیان شکست بە پۆلۆنیاییەکان بهێنن. ئەمە رێگای خۆش کرد کە خمێلنیتسکی شەڕێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ پۆلۆنیاییەکان بکات و سەریشبکەوێت و تەنانەت هێرشێکی رەشەبا ئاسای کردە سەر پۆلۆنیاو وەک هێزێکی رزگارکەری ئۆکرانیا گەڕایەوە بۆ ناو ئۆکرانیا. ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی ئەوەی خمێلنیتسکی ئۆکرانیا وەک دەوڵەتێکی کۆزاکی دابمەزرێنێت. بەڵام پۆلۆنیا لە رۆژئاواوە لە گوشار خستنە سەریان بەردەوام بوو، تاتارەکانیش لە بەری لای رۆژهەڵاتەوە لە قەناس بەدەستەکانیان دەدا. ئیتر خمێلنیتسکی ناچار بوو، دەرگا بۆ سەرکوتکردنی گەورەی داهاتووی ئۆکرانیا بکاتەوە، ئەوە بوو مۆسکۆڤییەکانی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی لەشەڕەکاندا یارمەتی بدەن. رووسیای تزاری بە خۆشحاڵییەوە بانگهێشتنامەکەی ئۆکرانیای قبوڵ کرد. رووسیا رێک لەوکاتەدا بوو کە پێویستی بە جێگیرکردنی سوپاو فراوانکردنی سووپاکەی بوو لە سنوورەکانی لای رۆژئاوای خۆی. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئۆکرانیا لە ساڵی ١٦٥٤ پەیماننامەیەک لەگەڵ رووسیادا واژۆ بکات. لە کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی رووسیادا کاتێک باسی

ئەو مێژووی رووس و ئۆکران دەکات، لە کتێبەکاندا هاتووە کە ئۆکرانییەکان لە بەرانبەر مانەوەو پاراستنی خۆیان سەروەری رووسیای تزارییان قبوڵ کردووە. بەڵام لەبەرانبەر ئەوەشدا کتێبەکانی خوێندن لە ئۆکرانیا باسی ئەوە دەکەن، رووسیای تزار لەجیاتی ئەوەی یارمەتی ئۆکرانیا بۆ بەدەستهێنانی سەروەری بدات ، کەچی روسیای تزار لەرێککەوتنەکە پاشگەزبۆتەوەو ئۆکرانیای خستە ژێر دەسەڵات و هەژموونی خۆی. زۆری پێ نەچوو خمێلنیتسکی مرد. ئیتر ئۆکرانیا جارێکی دیکە پڕ بوو لە شەڕی نێوان ئەفسەرانی کۆزاک(کە بە خێرایی بوونە چینی دەسەڵاتداری بۆماوەیی خۆیان) . پۆلۆنیاو رووسیا لەسەر خاکی ئۆکرانیا بە توندی رووبەڕووی یەکدی بوونەوە. پاشان تورکەکانی دەوڵەتی عوسمانیش لەناکاو لە باشوورەوە دەرکەوتن ، ئیتر زۆری نەبرد شتێک لە ئۆکرانیا نەما شایانی داگیرکردن نەبێت، بەتایبەت خاکە رەشەکەی، کە لە کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانەکان کە باسی ئەو قۆناخەی مێژووی ئۆکرانیا دەکات، بە وێرانە ناوی دەبات.

ساڵی ١٦٦٣ دوای شەڕێکی سەخت لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریای رووس و پۆلۆنی، لەسەر خاکی ئۆکرانیا، ئۆکرانیا بەسەر ئەو دوو ئیمپراتۆریایە دابەشکرا، نیوەی

ڕۆژئاوا (کە پێیدەوترا کەناری ڕاست)و نیوەی ڕۆژهەڵات (کە پێی دەوترا کەناری چەپ). پۆلۆنیا بەسەر ڕاستدا زاڵ بوو، ڕووسیاش بەسەر چەپدا زاڵ بوو. ساڵی ١٦٨٦ ڕووسەکان و پۆلۆنیاکان ( پەیماننامەی ئاشتی هەمیشەیی) یان واژۆکرد. ئیتر زۆر شت گۆڕا. بەڵام هێشتا لەم ماوەیە پۆلۆنیا تووشی زۆر هێرشی تورکە عوسمانییەکان بۆوەو داگیرکردنەکەی بۆ ئۆکرانیا جێگیر نەبوو. تا ساڵی ١٧٩٥ نەمساو پروس و ڕووسەکان بە پەیماننامە ئۆکرانیایان پارچە پارچە بەسەر خۆیاندا دابەش کردو دەستیان بەسەر ئۆکرانیادا گرتەوە. کاتێکیش چاپی نوێی نەخشەی ئۆکرانیا دەرکەوت، ئیتر پۆلۆنیاو لیتوانیا نەمابوون. پێشتریش ڕووسیا لە ساڵی ١٧٨٣ دوورگەی کریمیا لە دەستی مەغۆلەکان دەرهێنابوو، گرتبوویە دەستی خۆی. هەر ئەوەندەش نا ، بەڵکو زۆربەی بەشەکانی دیکەی ئۆکرانیا، ئەو ناوچانەی کە پێیدەوترا بەری ڕاست و پارێزگاری ڤۆڵهینای پێشووی پۆلۆنیا (کە زۆربەیان ئۆکرانی بوون و نیشتەجێی بوون) خۆیان خستە ژێر دەستی ڕووسیا. تزار پیتەری یەکەم ناوی ئیمپراتۆریاکەی ناونابوو (ڕووسیا) کە ئەوکات لەسەر خاکی ڕووسیا بوو.

ئەو وڵاتەی کە ئێستا پێیدەوترێ نەمسا لە ڕووخانی پۆلۆنیا – لیتوانیا دروستبوو، خاوەنی پارچەیەکی خاکی

ئۆكرانیا بوو. ماریا تێریزا و جۆزێف دووەم لە ساڵانی ١٧٦٥ – ١٧٨٠ وەک ئیمپراتۆری دایک و کوڕ پێکەوە فەرمانڕەوایی نەمسایان کردووە. لەگەڵ لاوازێتی نەمسا ، لە رۆژئاوای ئۆکرانیا، هوشیاری نەتەوەیی دەستی بە بووژانەوە کرد ، بەتایبەت دوای ئەو نا ئارامییەی کە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٨ ئیمپراتۆریای نەمسای گرتەوە. یەکەم رۆژنامەش کە بە زمانی ئۆکرانیی بوو بڵاوبووەوە. ئەو باجەی بەسەر کۆڵبەرەکانیش سەپێنرابوو، هەڵوەشایەوە.لەساڵی ١٨٣٩کڵێسای یونیات هەڵوەشایەوەو لە ماتریکسی ئۆرتۆدۆکسی رووسیادا جێگیر کرا. ئۆکرانیا بەتەواوی ببوونە ئۆرتۆدۆکسی.

ئەوەی جێگای تێبینیکردنە، ئۆکرانیا ئەو ساڵانەی لەژێر کۆنترۆلی نەمسادا بوو، تا رادەیەک ئازادی زیاتر هەبوو ، لە بەرانبەر ئەو ماوەیەی لەژێر دەسەڵاتی رووسیادا بوو. روسیا بە توندی سانسۆری کاری رۆژنامەگەریی دەکردو ئازادییە مەدەنییەکانیشی تا رادەیەک سنووردار کردبوو. ئەفسەرە کۆزاکییەکان بە پێدانی هەمان پێگەی ئاغاکانی رووسیا رووسی بوون. بەڵام لە سەردەمی کاترینی دووەمدا، کۆڵبەرەکان بە زۆر دەچوونە ناو سیستەمی (کۆرڤێ) لەوێ دەبوو لەجیاتی کرێ، دەبوو بۆ خاوەن خانوویەک کاربکەن. بە کورتی و بە گشتی ، پۆڵۆنیاییەکان،

کۆزاکییەکان، نەمسایی و تزارەکانی رووس و تا دەگاتە حیزبی کۆمۆنیستی رووسیا ، هەموویان هەر یەکەو ئیمکانیاتی سیاسی جیاوازیان بەرانبەر بە ئۆکرانییەکان فەراهەم کردبوو. بەڵام جووتیارانی ئۆکرانیا  لە هەر یەکێکیاندا  هەر هەمان رۆڵیان دەبینی. ئۆکرانیا بەردەوام بوو لە بوون بە نەتەوەی جووتیاران لەژێر دەسەڵاتی دەرەکیدا.

زانکۆی خارکیڤ کە لە ساڵی ١٨٠٥ دامەزراوە، بووە قەڵای بەرخۆدانی کولتووریی ئۆکرانیا. وەرگرتنی قوتابیان بۆ خوێندن (سکۆلەرشیپ)ی ئۆکرانی بەرهەمهێنا. لە ساڵانی ١٨٣٤ زانکۆیەک لە کییڤ و  لە ساڵی ١٨٦٥ زانکۆیەکی دیکەش لە ئۆدیسا دامەزران. بەڵام هەردوو زانکۆکە لەلایەن رووسیاوە سپۆنسەر کرابوون. دەشیانتوانی بەشێوەیەکی  یاسایی کولتوورو مێژووی ئۆکرانی تێدا بخوێنن. ئەمەش ئۆکرانیای زیاتر وەئاگا هێنایەوەو نووسەری بەناوبانگی بەرهەمهێنا. ئینجا هونەرمەندو...هتد.ئەمانە رۆڵێکی گرنگیان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی دەبینی و جۆش و خرۆشیان خستبووە ناو دڵی ئۆکرانییەکانەوە. بەڵام ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی دەسەڵاتداردا یەکی نەدەگرتەوە، بۆیە وردە وردە سانسۆر خرایە سەر ئەدەبیات و نووسینەکان، بەتایبەت لە هەموو

بوارەکانی پەروەردەدا. یەکێک لە نووسەرە بەناوبانگەکەیان کە ناوی تاراس هریهۆرۆڤیچ شیڤچێنکۆ (١٨١٤ – ١٨٦١ز) بوو،ناسراو بوو بە کۆبزار تاراس ، یان بە سادەیی کۆبزار . شیڤچێنکۆ شاعیرو هونەرمەندو رۆماننووس بوو. لەلایەن رووسیاوە دەستگیر کراو، بۆ لای چیای ئۆرال گوازتیانەوە. بەڵام دوای ئەوەی داوای لێبوردنی لە ئیمپرراتۆریای نوێ کرد، رێگای پێدرا بگەڕێتەوە بۆ پترسبۆرگ. شیڤچێنکۆ لە ١٠ی ئازاری ١٨٦١ لە شاری سانت پترسبۆرگ کۆچی دوایی کرد. بەڵام بە جێبەجێکردنی خواستی شیڤچێنکۆ کە لە شیعری (پەیمان –زاپۆڤیت)دا دەربڕدراوە، بۆ ئەوەی لە ئۆکرانیا بنێژرێت هاوڕێکانی ڕێکخستنی گواستنەوەی پاشماوەکانی بە شەمەندەفەر بۆ مۆسکۆ و دواتر بە عەرەبانە ئەسپییەکان بۆ زێدی خۆی.شیڤچێنکۆ لە ٨ی ئایار لە گردی چێرنێچا (گردی دەروێش؛ ئەمڕۆ گردی تاراس) لە نزیک ڕووباری دنیپرۆ و کانیڤ بە خاک سپێردرا . ٢٣٧ شیعر لەلایەن تاراس شیڤچێنکۆوە نووسراوە بەڵام تەنها ٢٨ شیعریان لە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و ٦ شیعری دیکەش لە ئیمپراتۆریەتی نەمسا لە ماوەی ژیانیدا بڵاوکراونەتەوە.

له راستیدا ئیمپراتۆریای نەمسا ئازادییەکی زۆر سنووورداری بە ئۆکرانیا دابوو، ئۆکرانیای بۆ خزمەتکردنی خۆیان بەکاردەهێنا. بەردەوام کانزاو خۆراکیان بۆ نەمسا دابین دەکرد. لەلایەکی دیکەیشەوە ئەو ناوچانەی کە لەژێر فەرمانڕەوایی رووسەکاندا بوون، رووسیا دەیویست ئۆکرانیا بەتایبەت لە بواری کولتووریانەوە ببنە خاوەنی هەمان ئەو کولتوورەی رووسەکان هەیانە. یان روونتر بڵێین هەوڵیاندەدا ئۆکرانییەکان بکرێن بە رووسی. ئا لێرەدایە رووس و ئۆکران دوو لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ سەربەخۆیی و بۆ مێژووی خۆیان لەلا دروستبووە.

هەر نەتەوەیەک توانای ئەوەی هەبوو کولتوورو نەریتەکانی خۆیان بپارێزن، ئەم نەتەوەیە زیندووەو رۆحی بەرەنگاربوونەوەی تێدا دروستدەبێت.لە سەرەتای سەدەی بیست ئەوکاتەی کۆی دانیشتوانی جیهان تەنیا دوو ملیار کەس بوون، دانیشتوانی ئۆکرانیا گەیشتبوو بیست و پێنج (٢٥)ملیۆن کەس. بەڵام زمانی ئۆکرانی لە بنەڕەتدا زمانی رووسەکانەو، لەم دواییەدا هەندێک گۆڕانکاری بچووک لە زمانەکەیان کراوە، بەڵام هێشتا خاڵی هاوبەشیان یەکجار زۆرە. بۆیە بۆ ئۆکرانیا ئاسان نییە بتوانێت وا بە سانایی لەژێر هەژموونی رووسەکان بەتەواوی بێتە دەرەوە، ئەگەرچی یارمەتییە دەرەکییەکان بۆ ئۆکرانیاو لە دژی

رووسیا یەکجار زۆرەو بێ ژمارە. بێگومان کاریگەرییەکانی پێشووی ئیمپراتۆریاکانی پۆلۆنی و پورتوگالی و نەمسایی و .... هتد، هەر یەک بە ڕێژەی جیاواز تا ڕادەیەک کاریگەرییەکانی خۆیان جێهێشتووە، بەڵام هی هیچ کامێکیان لە بەرانبەر کاریگەرییەکانی رووس بەراورد ناکرێت. چونکە ئۆکرانیا خۆی داوای یارمەتی لە رووس کردووە بێت بجەنگیت و شەڕ بۆ رزگارکردنی ئۆکرانیا بکات لە بەرانبەر فەرمانڕەوایانی ئیمپراتۆریای پۆلۆنیاوئەڵمانیاو ئەوانی دیکە. ئەمەش جیاوازییە گەورەکەیە، ئۆکرانیا لە سەدەکانی رابردوودا تەنانەت تا سەدەی بیستەمیش خۆی بە نزیکترینی رووسیا زانیوە . نیکتا خرۆشۆف خەڵکی ئۆکرانیا بوو ، بووە بە سەرۆکی یەکێتی سۆڤێت.

لە سەروبەندی سەدەی بیستەمدا تەنیا سێ زانکۆ بۆ ئۆکرانییەکان هەبوون کە لە شارەکانی کیێڤ ، لڤیڤ و چێرنیڤستی بوون. ئەم زانکۆیانە رۆڵێکی گرنگیان بۆ پەروەردەی سیاسی و بیرکردنەوەو ئامرازە فەلسەفییەکان دەبینی. زمانی خوێندنی زانکۆکان رووسی بوون، تا رادەیەک پۆلۆنیشی لەگەڵدا بوو. بەڵام ئەو قوتابیانەی لە زانکۆکان وەردەگیران دەبوو زمانی رووسی و پۆلۆنی و ئەوانیتریشی بزانیبایە ئینجا لە زانکۆ وەردەگیران. ئەمەش

کۆسپێک بوو کە خەڵکی هەژارو گوندنشینەکان نەیاندەتوانی بگەنە زانکۆ.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی نزیکەی نیو ملیۆن ئۆکرانی روویان لە ئەمریکا کردبوو، هەروەها نزیکەی سەد هەزار(١٠٠٠٠٠) کەسی دیکەش رووی لە کەنەدا کردبوو، ئەمانە هۆکاری جدی بوون کە دوایی هەستی نەتەوەیی بۆ ئۆکرانییەکان لە بەرانبەر رووسیادا بجوولێنن. چونکە لەوێ لە ئەمریکاو بە پشتگیریکردنی خەرجی و هاندانی ئەمریکا، ئۆکرانییەکان سەکۆی ئازادییان دروستکردبوو. تەنانەت هەر لەوێ رۆژنامەشیان دەردەکرد کە بە کۆنترین رۆژنامەی ئۆکرانی لە ئەمریکا بریتییە لە رۆژنامەی (سڤۆبۆدا – ئازادی) کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٩٣ لە نیوجرسی بڵاوکرایەوە. نوسخە نایاساییەکان بە بەردەوامی بە نهێنی بۆ ئۆکرانیا دەگوازرانەوە.

ناپلیۆن پۆناپارتی فەرەنسی، رووسیای کردە ئامانج، کە بە نیازی ئەوە بوو رووسیاش بەشداری لە گەمارۆدانی بەریتانیادا بکات. بەڵام هێرشەکەی فەرەنسا لە زستانی ١٨١٢ دا بەهۆی بەرخۆدانی گەلی رووسیاوە تووشی شکستێکی سەخت هات. بەڵام رووسەکان لە کریمیا بەرانبەر بە سوپای زەبەلاحی فەرەنساو تورک و ئینگلیزدا

تووشی شکست هاتن، بەتایبەت کاتێک جووتیارەکانیش هەڵوێستی باشیان بەرانبەر بە رووسیا نەنواندو لە دژی وەستانەوە.

ئۆکرانیا راکێشرایە ناو ململانێکان، چونکە رووسیای ئیمپراتۆری لەگەڵ فەرەنساو بەریتانیادا بوو لە دژی نەمساو مەجەرستان و ئەڵمانیا. بۆیە ئۆکرانیا هیچ بژاردەیەکی نەبوو بۆ بە بێلایەنی مانەوەی. بۆیە جارێکی دیکە کەوتەوە ناو شەڕو چووەوە باوەشی رووسیا. بەڵام لەولایشەوە حیزبی کۆمۆنیستی رووسیا شۆڕشی ئۆکتۆبەریان هەڵگیرساندو لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ رژێمی رووسیای تزاری رووخا. جیهانێکی دیکە و دیدگایەکی دیکەو سیاسەتێکی دیکە لە رووسیاو ناوچەکە سەریهەڵدایەوە. ئۆکرانیا بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر زۆر سەرسام بوو، بۆیە یەکسەر شوێن پێی حیزبی کۆمۆنیستیان هەڵگرت و بەدوایان کەوتن خۆیان وەک کۆماری گەلی ئۆکرانیا راگەیاندو کیێڤ کرایە پایتەختی کۆماری ئۆکرانیاو پشتگیری سۆشیالیزمیان دەکرد. دوای سێ مانگ ئەنجومەنی نیشتمانی ئۆکرانیای کۆماری گەلی ئۆکرانیا بەڕێوە چوو. کە لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ تا ساڵی ١٩٢٢ بەڕێوە چوو.

سالّی ١٩٢٢ لەژێر هەژمoوونی روسیادا ، ولاَتانی قەفقاسیا، بێلا رووس، ئۆكرانیا و رووسیا، یەكێتی سۆڤێتیان پێكهێنا، ئەم یەكێتی سۆڤێتە بریتی بوو لە دەوڵەتە یەكگرتووەكانی ئاسیای ناوەڕاست .كە لە چواردە(١٤) كۆمارو رووسیای فیدڕال پێكهاتبوو. یەكێتی سۆڤێت واتا یەكێتی ئەنجومەنی حوكمڕان.

پوتین بە هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی سۆڤێت زۆر نیگەران بوو، چەند جارێك بە شێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ئەو نیگەرانییانەی خۆی ئاشكراكردووە، بۆیە هەنگاوەكانی بە ئاراستەی گەڕانەوەی شكۆی جارانی رووسیا لە بەرانبەر ئەمریكاو رۆژئاوادا بووە ، ئەمەش رووسیاو خودی پوتین ی تووشی ئاڵۆزی زۆر كردووە، كە ئێستا لە قوولاَیی ئاڵۆزییەكانیدایە.

مێژووی پەیوەندی روسیاو ئۆكرانیا هەزار ساڵ زیاترە، كە بە چەندین هەڵكشان و داكشاندا تێپەڕ بووە.بەلاَم دوای رووخانی یەكێتی سۆڤێت، ئۆكرانیا بەرژەوەندییەكانی خۆی بەتەواوی لە رووسیا جیاكردەوەو ئاراستەیەكی دیكەی وەرگرت، كە چوون بۆ بەرەو ناو یەكێتی ئەوروپاو ناتۆو نزیكبوونەوەی زیاتری لە ئەمریكا بوو، رووسیاش كە زۆر بە وردی هەستی بە لەدەستدانی پێگەی دەسەلاَتی گەورەی خۆی دەكرد، هەوڵیدا رێگری لە هەر جۆرە

کەمبوونەوەیەک یان لەوەش زیاتر هەوڵیدا ڕێگری لە هەر مەترسییەک بکات کە دەکەوێتە سەر ڕووسیا، بەتایبەت لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە تا دوێنێ لەگەڵیدابوون. ڕووسیا لەلایەک هەناسەی ساردی بۆ ئەو هەڵوەشاندنەوەیەی یەکێتی سۆڤێت هەڵدەکێشا، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەو وڵاتانە ببوون بە جێگای مەترسی بۆ سەر ڕووسیا، ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو کە ڕووسیا نیگەرانییەکانی خۆی ئاشکرا بکات و، بیر لە گەڕاندنەوەی هەندێک لەو وڵاتانە بکات کە لێی دابڕابوون، هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی نەبنە جێگای مەترسی بۆ سەر ڕووسیا.

ئۆکرانیا لە ساڵانی ١٩١٨ تا ساڵی ١٩٢٢ کە یەکێتی سۆڤێتیان دامەزراند، ڕاستە شان بەشانی کۆمۆنیستەکان دژ بە تزارەکان شەڕیان دەکرد، بەڵام هێشتا بە فەرمی لەگەڵ ڕووسیا یەکیان نەگرتبوو. ئۆکرانیا ئەوکاتە پارچەیەک بوو لە پارێزگا ناکۆکەکان، نەیتوانیبوو وەک دەوڵەت خۆی بناسێنێت. هێزەکانی ڕووسیا لە ژێر دەسەڵاتی ڤلادیمیر لینین ناوچەکانی ئۆکرانیایان فیدڕالی کرد ، کە دواتر بووە یەکێک لە سێ یەکەمینەکانی ئەو وڵاتانەی واژۆیان بۆ پێکهێنانی یەکێتی سۆڤێت کرد. بە کورتی مارکسیستەکانی ئۆکرانیا کە حکومەتێکی گشتییان لە کییێڤ دامەزراندبوو، کۆماری کۆمۆنیستی سۆڤێتی

ئۆکرانیایان دارشت، کە لە ٣٠ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٢، بوو بە یەکێک لە کۆمارەکانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی سۆڤێت. دەستپێکردنی رێکخستنی سۆڤێت لەسەر زمانی ئۆکرانی و کولتووری ئۆکراینی زمانی ئۆکرانی کردە زمانی دەسەڵاتی رێکخستن و قوتابخانەکان. ستراتیژی لەماوەی ساڵانی ١٩٣٠ دا چووە سەر رووسیاکردن. لە ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٣٣ ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان کە بە گشتی کرێکار بوون، لە ئۆکرانیا لە برسێتییەکی سەرسەختدا، کە بە هۆلۆدۆمۆر ناسراوە، لە برسێتیدا مردن. لە ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی ئاماژەی بۆ ٦ تا ٨ ملیۆن کەس کردووە کە لەم ماوەیەدا لە کۆمەڵەی سۆڤێتیدا بەهۆی برسێتییەوە کۆچی دواییان کردووە، کە ٤ تا ٥ ملیۆن کەسیان ئۆکرانی بوون. بەڵام لە راستیدا بەپێی هەندێک سەرچاوە، ژمارەکە هەمووی ٥ ملیۆن کەسەو تەنیا ٤ ملیۆن کەسیان ئۆکرانی و ملیۆنێکیش رووسی بوون. هەرچەندە هەندێک سەرچاوە ئاماژە بۆ حەفت ملیۆن ئۆکرانی و یەک ملیۆن رووسی دەکەن، کە بەهۆی برسێتییەوە مردبن.

دوای ئەوەی ئەڵمانیای نازی لە ئەیلولی ١٩٣٩ هێرشی بۆسەر پۆڵۆنیا برد ، لەولایشەوە یەکێتی سۆڤێت جوولەی کرد، ئیتر ناوچەی یەکێتی سۆڤێتی ئۆکرانیا بەرەو رۆژئاوا

دزەی کردو ئۆکرانیا لەڕێگای حیزبی کۆمۆنیستی ئۆکرانییەوە بەتەواوی خۆی دایە پاڵ یەکێتی سۆڤێت و ئەڵمانیای نازییان دەرکرد، ئەم دۆخە تا دوای رووخانی دیواری بەرلین و لەباریەک هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت مایەوە، بەڵام دواتر ئۆکرانیا لە یەکێتی سۆڤێت هاتە دەرەوەو سەربەخۆ مایەوە. .

ئەوەی پێویستە بگوترێ، راستە ئۆکرانیا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، بەڵام پاشەکشەیەکی زۆری لە بواری ئابووری و تەنانەت کۆمەڵایەتیش بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨-٢٠٠٩ کە ئۆکرانیا لە دۆخێکی ناجێگری ئابووری خراپدا بوو، چونکە ئابوورییەکەی دابەزیبوو. تەنانەت بەرهەمی ناوخۆییشی لەبەهاری ٢٠٠٨ تا بەهاری ٢٠٠٩ بەڕێژەی ٢٠% دابەزی. بەڵام دۆخەکە ئاڵۆز نەبوو تا دواکەوتوویی باری نا ئاسایی لە ٢١ نۆڤەمبەری ٢٠١٣ دەستیپێکرد. کاتێک سەرۆکی ئۆکرانیا ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ[٢٢] رێکخستنەکانی بۆ

---

[٢٢] - **ڤیکتۆر فیدۆرۆڤیچ یانۆکۆڤیچ** لە ٩ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٠ لەدایکبووە. لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٤ دا لە خولی دووەمدا دژی ڤیکتۆر یوشچێنکۆ بوو. دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکان، کە تێیدا یانوکۆڤیچ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ناڕەزایەتییەکی بەرفراوان دژی ساختەکاری لە

جێبەجێکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا راگرت. ئەمەش ئاڵۆزی سیاسیی زۆری لێ کەوتەوە، ئیتر پەرلەمانی ئۆکرانیا لە ٢٢ ی شوباتی ٢٠١٤ یانۆکۆڤیچی

---

دەنگەکاندا دەستپێکرد، کە بە " شۆڕشی پرتەقاڵی "ناسراوە .لە ئەنجامدا بڕیار بوو دەنگدانەوە دووبارە بکرێتەوە، لە ئەنجامدا یوشچنکۆ بوو بە سەرۆك.

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٠دا یانوکۆڤیچ جێگەی ڤیکتۆر یوشچێنکۆی گرتەوە وەک سەرۆک و لە خولی دووەمدا پێش یولیا تیمۆشینکۆ کەوت٠ لە ٢٢ی شوباتی ٢٠١٤ لە کاتی قەیرانێکی سیاسی توندا، یانۆکۆڤیچ لە ڕاستیدا لەلایەن ڕادای ڤێرخۆڤنا(پەرلەمان)ی ئۆکرانیا لە دەسەڵات دوورخرایەوە . دواتر، کە ئۆکرانیای بەجێهێشت و لەسەر خاکی ڕووسیا بوو، چەندین جار بە ئاشکرا خۆی وەک سەرۆکی ئێستای ئۆکرانیا راگەیاند.

دوای لابردنی لە دەسەڵات لە دژی یانۆکۆڤیچ، چەندین دۆسیەی تاوانکاری لە دژی دروستکرا. لە ٤ی شوباتی ٢٠١٥، ڤێرخۆڤنا ڕادای ئۆکرانیا یاسایەکی پەسەند کرد کە ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ لە نازناوی سەرۆکی ئۆکرانیا بێبەش کردبوو. لە ٢٤ی ژانویەی ٢٠١٩، ڤی. ف. یانوکۆڤیچ لەلایەن دادگای ناوچەی ئۆبۆلۆنسکی لە کییڤەوە بە تۆمەتی خیانەتی گەورە سزای ١٣ ساڵ بەسەردا سەپێندرا . بڕیاری دادگاکە لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەو دادگای باڵای ئۆکرانیا پشتڕاستکرایەوە٠

لە ساڵی ٢٠١٤ەوە لە ژێر سزا نێودەوڵەتییەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکا و بەریتانیا و ژمارەیەک وڵاتی دیکەدایە. لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ یانۆکۆڤیچ ڕایگەیاند کە تەنها بۆ ئەوەی لە توندوتیژی دوور بکەوێتەوە دان بە شکستەکەیدا ناوە" .من نەمدەویست دایکان منداڵەکانیان لەدەست بدەن و ژنەکان مێردەکانیان لەدەست بدەن. من نەمدەویست تەرمی مردوو لە کییڤەوە بڕژێتە خوارەوە لە دنیپرۆ .من نەمدەویست لەڕێگەی خوێنڕشتنەوە دەسەڵات وەربگرم.

تۆمەتبارکرد. ئەمە رووسیای زیاتر توڕەکردو سوپای رووسیا راستەوخۆ چوونە ناو کریمیاو دەستیان بەسەردا گرت. لە کۆتایی مانگی شوباتدا، گێژاوەکان تا رادەیەکی زۆر،ناوچەی رۆژهەڵات و باشووری ئۆکرانیای رۆسۆفۆنی پێچایەوە، چونکە بە دەستبەسەرداگرتنی کریمیا لەلایەن رووسیاوە، ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپای بەتەواوی توڕەکرد. ململانێکان پەرەیانسەندو کریمیا لەلایەن رووسیاوە زیادکراو لە ٢٠١٤ ململانێ لە دۆنباس و دۆنێتسک و لوهانسکی ئۆکرانیا دەستپێکرد، لە نێویاندا پشتگیری ئۆکرانی لە دژی رووسیاو لایەنگرانی ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ زیاد بوو. ئەوەبوو لە رێگای پەرلەمانی ئۆکرانیاوە یانۆکۆڤیچ لە ئۆکرانیا لەسەر تەختی سەرۆکایەتی لادرا، رووسیاش لە بەرانبەر ئەو کارەدا، پۆستەکانی کریمیای دابەشکردە سەر ئەوانەی کە خۆی دەیویست و پێگەی خۆی لە کریمیا بەتەواوی توندو بەهێز کرد. بەهۆی ئەو مێژووە دوورو درێژە هاوبەشەی رووسیاو ئۆکرانیا هەیانبوو، تا ساڵی ٢٠١٤ بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ئۆکرانیا بەتایبەتی لە باشوورو رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا ، هیچ لۆژیکێکیان بۆ جیابوونەوە نەدەبینی، سەرەڕای ئەوەش هەوڵەکانی زۆربەی نوخبەی ناو ئۆکرانیا لە هەوڵی دامەزراندنەوەو دروستکردنەوەی

پەیوەندی خۆیان بوون لەگەڵ روسیا، کە لە ساڵی ١٩٩١ بە دواوە ئەو پەیوەندییە پچڕابوو. بۆیە زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئۆکرانیا بەتایبەت ئەو ناوچانەی دواتر رووسیا لە ساڵی ١٩٢٢ خستییەوە ژێر دەستی خۆی، ئەو ناوچانە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئۆکرانیاشی لێ کۆبۆتەوە، لەگەڵ دروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ رووسیا تا ئاستی یەکگرتنەوە بوون .بەڵام زۆربەی ئەوانەش دژی یەکگرتنەوەیان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا نەبوون، بەلایانەوە ئاسایی بوو. واتا حەزیان لێبوو لەیەک کاتدا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ رووسیاو یەکێتی ئەوروپادا باش بێت و کێشەیان نەبێت.

ساڵی ١٩٩٥ رووسیا بڕی ٤٣% ی بازرگانی ئۆکرانیای پێکهێناوە، ئەگەر چی ئەوکات چوار (٤) ساڵ بوو ئۆکرانیا بە فەرمی لە رووسیا جیا ببۆوە. هەروەها سەرەڕای بەرزبوونەوەی بازرگانی لەگەڵ یەکێتی ئەوڕوپا، پشکی رووسیا تا ساڵی ٢٠١٠ هێشتا زیاتر لە ٢٨% بوو. بەتایبەتی لە هەندێک جاردا وەک بەرهەمهێنانی خۆراک، دروستکردنی ئامێرو کۆمەڵگای پیشەسازی سەربازی، ئەمانە زۆر پشتیان بە رووسیا بەستبوو. بێچگە لەمانەش ئۆکرانیا بەشێوەیەکی زۆر پشتی بە هاوردەکردنی گازی رووسیا بەستبوو، هەوڵێکی ئەوتۆی نەدابوو، بۆ

هەمەچەشنکردنی دابینکردن و باشترکردنی کارایی وزەی خۆی ، لێرەوە نرخی لەباری گاز بۆ نوخبە سیاسی و ئابوورییەکانی ئۆکرانیا گرنگییەکی زۆری هەبوو. ستراتیژی نوخبەی ئۆکرانیا پشتی بە گرنگی بۆ رووسیا بەستبوو. رووسیا لە رووی ئابوورییەوە لە ساڵانی نەوەدەکاندا هۆکارێکی کەمی بۆ پشتگیریکردنی دابینکردنی نەوت و گاز بۆ ئۆکرانیا هەبوو. جگە لەوەش مۆسکۆ زۆرجار ئەمەی دەکرد بۆئەوەی ئەو تێڕوانینە بپارێزێت کە پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتەکە تەنیا پەیوەندییەکانی نێوان دوو دەوڵەتەکە هیچ نین. بەڵام رەفتارەکانی ئۆکرانیا بە پشتگیریکردنی یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکا، وای کرد بە تێپەڕبوونی کات، پشتیوانی ئابووری و سیاسی رووسیا لە ئۆکرانیا زیاتر مەرجدارو سنووردار بکرێت. بەتایبەت بە دامەزراوەییکردنی پەیوەندییە نزیکەکان لە رێگای یەکگرتنەوەیان ئامانجی بنەڕەتی رووسیا بوو، کە ئۆکرانیا خۆی لێ بەدوور دەگرت. بە لەبەرچاوگرتنی توانای رووسیا بۆ بەستنەوەی بوارە جیاوازەکانی وابەستەیی، سەرکردەکانی ئۆکرانیا دەبوو زۆر بە وردی هاوسەنگی لەنێوان سیاسەتی خۆیان بەرانبەر بە رووسیادا دروستبکەن.

به کورتی و به پوختی جیاکردنەوەی ئۆکرانیاو رووسیا وەک دوو نەتەوەی سۆڤێتی، دوای لەناوچوونی یەکێتی سۆڤێت قەت کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە مێژووی زیاتر لە هەزار ساڵەیان و بەتایبەتیتر دوای شەڕی سۆڤێت دژ بە نازییەکانی ئەڵمانیا لەسەر خاکی ئۆکرانیا بۆ رزگارکردنی ئۆکرانیا تا دەگاتە ساڵی ١٩٩١ ئاسان نییە ئەو مێژووە تێکەڵ بەیەکدیکردنە، به شەوو رۆژێک لە یەکدی جیا بکرێتەوە. هەرگیز کارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی دوو دڵی قووڵی مۆسکۆ بۆ هەزمکردن و رازیکردنی واقیعی سەربەخۆیی ئۆکرانیاو مێژوویەکی دوورو درێژی لە میراتی ئایینی، ئابووری، سیاسی و ئەمنی کە بەشدار بووە. بۆیە هەوڵەکانی رووسیا بۆ رێگریکردن و پێچەوانەکردنەوەی ئەم جیابوونەوەیە لە دڵی پەیوەندییەکاندا دەبێت، وەک ئەوەی ئێستا گەیشتە قۆناخی بەکارهێنانی چەک و سووتماککردنی خاکی ئۆکرانیاو کوشتن و دەربەدەربوونی دەیان هەزار کەس لە دانیشتوانی ئۆکرانیا.

بەڵام دەبا بپرسین ئەم کێشە نوێیانە کەی دەستی پێکرد؟ لە راستیدا کێشەکان لە دوای ساڵی ١٩٩١ تا دەهات بەسەر یەکدییەوە کەڵەکە دەبوون، بەڵام ئەوکاتە دەنگی رووسیا بەرانبەر ئۆکرانیا بەرز بووەوە، کە رووسیا بەرنامەی بۆ

یەکگرتنەوەی ئەو وڵاتانە دانا کە پێشتر لەگەڵ خۆیدا بوون، بەڵام ، ئۆکرانیا یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە ئەوانەی جیا ببوونەوە.

بێگومان دەبێت ئەوەش بگوترێ کە ئیستۆنیا لەژێر هاندان و هاریکاریکردنی ئەمریکاو ئەوروپای رۆژئاوادا لە لایەک و ، قۆزتنەوەی ئەو دۆخە ئاڵۆزەی گۆرباچۆف بەسەر یەکێتی سۆڤێتی دا هێنابوو، ئیتر ئیستۆنیا بوو بە یەکەم کۆماری سۆشیالیستی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٨٨ کە خۆی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆو خاوەنی سەروەریی راگەیاند. هیچ تۆڵەسەندنەوەیەکیش رووی نەدا.هیچ سوپایەکیش بۆ رێگرتن لەو کارە کۆنەکرایەوە. چونکە گۆرباچۆف جڵەوی بڕیاردان و سەرکردایەتیکردنی تا رادەیەکی زۆر لەدەست نەمابوو. گرفتە ناوخۆییەکان بەتەواوی سەریانهێڵدابوو، لە هەموو لایەکەوە ئاڵۆزی و گرفت زیادیان دەکرد. لە کۆمارەکان کێشەی گەورە دروستببوون. ئەمەی ئیستۆنیا دەرگای بۆ کۆمارەکانی دیکە کردەوە کە یەکێتی سۆڤێتیان پێکهێنابوو. ساڵی ١٩٩٠ لیتوانیای دراوسێی ئیستۆنیا بە هەمانشێوە ئەویش سەربەخۆیی خۆی راگەیاند. ئیتر لە ماوەی دوو مانگدا باشووری قەوقازو جۆرجیا کشانەوەو تەواوی ناوچەی بەڵتیک کەوتنە دەرەوەی ناو یەکێتی سۆڤێت. لەمەش

وێرانتر بۆ یەکێتی سۆڤێت ئەوە بوو گۆرباچۆڤ لە سێپتێمبەری ١٩٩١ دانی بە سەربەخۆیی دەوڵەتانی بەلتیک نا. کازاخستان دواهەمین وڵات بوو کە ڕۆیشت و یەکێتی سۆڤێتی بەجێهێشت. ئیتر ئەوە بوو یەکێتی سۆڤێت بەتەواوی هەڵوەشایەوەو نەما. ئۆکرانیاش لە ڕێگای ریفراندۆمێکدا نزیکەی %٩٠ ی ئۆکرانی لەگەڵ سەربەخۆیی و جیابوونەوەدا بوون. بۆیە دوای هەفتەیەک لەو ریفراندۆمە کە لە ئابی ساڵی ١٩٩١ ئەنجام درابوو، سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هەندێک لەو وڵاتانەی لەناو یەکێتی سۆڤێت هاتنە دەرەوە، هەر بەوەوە نەوەستان سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن، بەڵکو دژ بە ڕووسیا پاڵیان دایە پاڵ ئەمریکاو ئەوروپای ڕۆژئاوا. بۆ ئەم مەبەستە وڵاتانی پەیمانی وارشۆ و بەڵتیک خێرا پەیوەندییان بە ناتۆوە کرد، کە هێزێکی هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا بوو بە سەرکردایەتیکردنی ئەمریکا، لە بەرانبەر هاوپەیمانی وارشۆ کە یەکێتی سۆڤێت سەرکردایەتی دەکرد. ئەم پەیوەندیکردنەی وڵاتانی پەیمانی وارشۆو بەڵتیک زەنگێکی تەواو ترسناک بوو بۆ ڕووسیاو ئەو گەل و نەتەوانەی هێشتا لەگەڵ ڕووسیادا بوون. گرفتە گەورەکە لێرەوە دەستیپێکرد. ئەمریکا هەوڵی جدی دەدا ئەم وڵاتانەی کە یەکێتی سۆڤێتیان دروستکردبوو،

هاوپەیمان بوون لە وارشۆ ، یان ئەوانەی بەلتیک بکرێن بە دوژمنی رووسیا کە تا دوێنێ بۆ یەکتری لە هاوپەیمانی زیاتر بوون. لێرەوە رووسیا ئاگری لێ هەستا. سەربەخۆیی ئۆکرانیا لەلایەن رۆژئاواوە بۆ تێکدانی ئارامی و سەقامگیری رووسیا بوو، ئۆکرانیاش بە ئارەزووی رۆژئاوا جوولایەوەو هەنگاوەکانی بۆ تورەکردنی رووسیا بوو. ئەمریکاو ئەوروپاو تەواوی رۆژئاواش باش لەوە تێگەیشتبوون کە بیانەوێ رووسیا هار بکەن پێویستە ئۆکرانیا زیاتر دژ بە رووسیا جوولە پێبکەن و کۆنترۆلکردنی سەرچاوەکانی ئۆکرانیا، هیچ دەرفەتێک بۆ رووسیا ناهێڵێتەوە تا ئارامی بنوێنێت، رۆژئاوا ئەوەیان بە وردی دەزانی، بەڵام بۆ وایانکرد رووسیا تا ئەو رادەیە تورە بێت؟ خۆی ئەمە پرسیارەکەیە، ویستیان شەڕێکی بە وەکالەت دژ بە رووسیا ئەنجام بدەن، بێ ئەوەی یەک کەس لە خەڵکی ئەوروپاو ئەمریکا بکوژرێت، بەڵکو ئەوەی دەکوژرێت ئۆکرانییەو ئەوەی ئاوارەو دەربەدەر دەبێت ئۆکرانییەو ئەوەی ماڵی دەسووتێت و سەرچاوەکانی داهاتیان نامێنێت هەر ئۆکرانییە. لەولایشەوە رووسیا دەکەوێتە ناو شەڕێکی دوورو درێژەوە، کە کەس ناتوانێت پێشبینی بۆ ئەنجامی کۆتاییەکەی بکات.چەندین قەیرانی رووبەڕوو دەبێتەوە، کە گەلی رووسیا بیر لە لادانی پوتین

دەکاتەوەو ئیتر ڕۆژئاوا  وردە وردە دەتوانێ بەسەر ڕووسیاشدا زاڵ ببێت.

ساڵی ٢٠١٥ دەوڵەتی ئۆکرانیا دەستی بە هەڵمەتێک کرد کە تێکشکاندنی پەیکەرەکانی ڕووسیا بوو، لە سەرووی هەموویانەوە پەیکەری ڤلادیمیر لینین دامەزرێنەری یەکێتی سۆڤێت. هەڵمەتەکەیان لەژێر ناوی (لینینۆپاد – ڕووخاندنی لینین) بوو، کە پەیکەرەکانی لینینیان ئەتک دەکرد، بۆنموونە،  لووتیان دەبڕی و فڕێیان دەدایە خوارەوەو دەیانشکاندو دەیانشێواند. ئەمە تەنیا بۆ توڕەکردنی ڕووسیا بوو ، هیچی دیکە نەبوو.

لەدوای خۆ جیاکردنەوەی ئۆکرانیا لە یەکێتی سۆڤێت، دەرکەوت ئۆکرانیا کێشەی زۆرەو بە ئاسانی ناتوانێت خۆی بەڕێوە ببات. بۆیە ڕێگای ڕاستەقینە ئەوەیە ڕووسیا دەستتێوەردانێک لە دۆخی ئۆکرانیادا بکات. چونکە ئۆکرانیا ناتوانێت بەشێوەیەکی ئارام و دروست حوکمڕانی خۆی بکات، لەجیاتی ئەوەی بە هێمنی حوکمڕانی خۆی بکردایەو خۆی لە توڕەکردن و ئیستیفزازکردنی وڵاتان بەدوور بگرتایەو پەیوەندی ئەو مێژووە دوورو درێژەی خۆی لەگەڵ گەلی ڕووسیا لەبەرچاو بگرتایە، کەچی لەبری ئەمانە بە فیتی ڕۆژئاوا، دەجوولایەوەو ئەوەی ڕۆژئاوا پێی خۆش دەبوو، ئۆکرانیا ئەوەی دەکرد. تەنانەت گەیشتە ئەو

رادەیەی لە رووسیا تەواو یاخی ببوو. ناکرێت وڵاتی رووس کە تا ئێستاش زیاتر لە ٧٠% ی گەلی ئۆکرانیا پێکبهێنن، کەچی بتەوێ دژ بە دەوڵەتێکی وەها ببیتەوە، کە سەدان هەزار خەڵکی رووس لەپێناوی هێشتنەوەی ئۆکرانیا خوێنی خۆی رشتووەو قوربانی لەژمارە نەهاتوویان بۆی داوە. هەموو ئەوانەی لەناو خاکی ئۆکرانیا بە رووسی قسە دەکەن، بەتایبەت لای رۆژهەلات و کریمیا ، هەموویان لەگەڵ ئەوەدان پەیوەندی دۆستانەو برایانەی رووس و ئۆکرانیا بپارێزرێت و هاوکارو یارمەتیدەری یەکدی بن.

لەوەتەی ئیستۆنیا لەساڵی ١٩٩١ سەروەری خۆی وەدەستهێناوە، ئامانج و هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەیە کە بگەڕێتەوە بۆناو ئەوروپا.پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ رووسیا زۆر کەمکردەوە. بەتایبەت لە ساڵی ٢٠٠٤ بەدواوە کە نزیکەی بیست ساڵە ، پەیوەندی ئیستۆنیا بەرانبەر بە رووسیا زۆر بە خراپی بەڕێوە دەچێت. هەرچەندە لە رووی وزەوە هێشتا ئیستۆنیا پێویستی زۆری بە رووسیا هەیە. لەساڵی ١٩٩١ بە دواوە، واتا لەوەتەی ئیستۆنیا لە رووسیا خۆی جیاکردۆتەوە، پێوەندییەکانیشی پچڕاندووەو ئامانجی رێکخستنەوەی پێوەندییەکانێتی

لەگەڵ ئەوروپا ، چ لە رووی سیستەمی ئابووری چ لە رووی سیاسییەوە .

پوتین لەلایەن کڵێسای ئۆرتۆدۆکسییەوە بۆ بە رووسیاکردنی ئۆکرانیا پشتگیری تەواوی خۆی وەرگرتووە. کێشەی زیلینسکی ئەوەیە خۆی ئۆکرانیەکی رووسی زمانە و خەڵکی ناوەڕاستی ئۆکرانیایە، نەوەی ئەو خێڵە جوولەکانەیە کە لەناوبردراون.

رووسیا بە کەمتر لە بیست هەزار سەربازی رووسی دەستی بەسەر کریمیادا گرت، دژاپەتییەکی سەختیش رووی نەدا، چونکە خەڵکی کریمیاش خۆیان بە هی رووس دەزانی.

کوڕپەی رووسی بەناوی شازادەی گەورەی کیڤان رووس ناونراوە. هەر لەو کاتەوەی کە ڤلادیمیری میێڤ لەساڵی ٩٨٧ ز بۆ سەر ئایینی مەسیحی گۆڕاوە، ناوێکی زۆر باوو ئاساییەو لەلایەن هەندێک لە شازادە بەهێزەکانی رووسیای کۆمۆنیزمەوە هەڵگیراوە. وەک ناوی ڤلادیمیر ئیلیچ لینین. ناوی ڤلادیمیر بە واتای شکۆمەندی شازادەکان دێت.

رووسیای تزاری (رووسیای قەیسەر) لە ساڵی ١٥٤٧ تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ فەرمانڕەواییان

کردووەو، ئیمپراتۆریاکەیان ناوچەیەکی بەرفراوانی بەدەستەوە هەبووە. سەردەمی پیتەری گەورە (١٦٨٩-١٧٢٥ حوکمڕانی کردووە). توانی لەو سەردەمەی خۆیدا شاری سانت پترسبۆرگ دروستبکات. کە کرایە پایتەختی کارگێڕی رووسیا. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە کۆنترۆڵی خۆی بەسەر زۆربەی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و بەشێک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا فراوانتر کردبوو . ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا لە دۆخێکی مەترسیداردا هاتە ناو سەدەی بیستەمەوە .برسێتییەکی وێرانکەر لە ساڵانی ١٨٩١-١٨٩٢ ، ملیۆنان کەسی لە سەرانسەری ئیمپراتۆریاکەدا کوشت کە بووە هۆی ناڕەزایی لەنێو دانیشتووانەکەدا .جگە لەوەش ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا دواهەمین دەسەڵاتی پاشایەتی ڕەها بوو کە لە ئەوروپادا مابووەوە، ڕۆڵی لە ڕادیکاڵبوونی خێرای سیاسەتی ڕووسیادا هەبوو .لەم ماوەیەدا کۆمۆنیزم لە نێو بەشێکی زۆری دانیشتووانەکەدا جێی بایەخ بوو. لە ساڵی ١٩٠٥ ڕووسیا شۆڕشێکی بەخۆیەوە بینی کە تیایدا تزار نیکۆلاسی دووەم ڕێگەی بە دروستکردنی پەرلەمانێک بە ناوی دوما دا ، هەرچەندە هێشتا دەسەڵاتی سیاسی ڕەهای پاراستبوو .کاتێک ڕووسیا لە لایەن هاوپەیمانانەوە هاتە ناو جەنگی جیهانی یەکەمەوە، تووشی زنجیرەیەک شکست

بوو کە زیاتر دانیشتووانەکەی لە دژی ئیمپراتۆریەت و تزار هان دا .لە ساڵی ١٩١٧دا نائارامییەکی جەماوەری لە نێوان دانیشتووان و یاخیبوونەکانی ناو سوپاکە بووە هۆی ئەوەی سەرکردەکانی ڕووسیا فشاریان خستە سەر تزار نیکۆلاس بۆ ئەوەی دەست لەکاربکێشێتەوە، ئەمەش لە شۆڕشی شوباتدا روویدا. دوای دەستلەکارکێشانەوەی ، حکومەتی کاتی ڕووسیا پێکهێنرا و لە بەشداریکردنی ڕووسیا لە شەڕەکەدا بەردەوام بوو ، سەرەڕای دژایەتییەکی نزیک لە گشتگیر بۆ تێوەگلانی زیاتر . ئەم بڕیارە لەگەڵ کەمیی خۆراک، بووە هۆی خۆپیشاندانی جەماوەری دژی حکومەت لە مانگی تەممووزدا . حکومەتی کاتی ڕووسیا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە ڕووخێنرا ، کە کۆتایی بە بەشداریکردنی ڕووسیا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا هێنا لەگەڵ پەیماننامەی برێست-لیتۆڤسک . شۆڕشی ڕووسیا بووە هۆی کۆتایی هاتنی نزیکەی دوو سەدە حکومڕانی ئیمپراتۆری، ئەمەش وایکرد ڕووسیا ببێتە یەکێک لەو چوار ئیمپراتۆریا کیشوەرییەی کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕووخا، لەگەڵ ئەڵمانیا و مەجەرستان و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) لە ساڵی ١٩٢٢ .

یەکێتی سۆڤێت نزیکەی پێنج ساڵ دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا دامەزرا، پاش ئەوەی ڤلادیمیر لینین، ئەلێکساندەر کێرێنسکی وەک سەرۆکی ڕووسیا لەکار لادا .حکومەتی کۆمۆنیستی پەرەی بە پیشەسازی دا و بە تێپەڕبوونی کات بوو بە یەکێتییەکی گەورە و بەهێز .گەورەترین وڵاتی یەکێتییەکە ڕووسیا بوو ، کازاخستان دووەم بوو، ئۆکرانیا سێیەم گەورەترین وڵات بوو .پایتەختی یەکێتی سۆڤێت مۆسکۆ بوو. یەکێتی سۆڤێت دوای جەنگی جیهانی دووەم کۆنترۆڵی سیاسی خۆی زۆر فراوانتر کرد . تەواوی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی گرتە دەست .ئەو وڵاتانە نەکرانە بەشێک لە یەکێتی سۆڤێت، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە کۆنترۆڵ کران .ئەم وڵاتانە وەک پۆڵۆنیا و چیکۆسلۆڤاکیا و هەنگاریا و بولگاریا و ڕۆمانیا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات پێیان دەگوترا دەوڵەتی مانگی دەستکرد. لە دەستووردا هاتووە کە کۆمارەکان ئەگەر بیانەوێت دەتوانن لە یەکێتییەکە دەربچن، بەڵام حکومەتێکی تەواو ناوەندی بوو.

زۆرجار لێرەو لەوێ لە ئۆکرانیا دەنگی ناڕەزایی بەرانبەر بە رووسیای تزاری سەریهەڵدەدا، بەڵام کاتێک کۆمۆنیستەکان بە سەرکردایەتی ڤلادیمێر ئیلیچ ئولیانۆڤ (ڤلادیمیر لینین) ١٨٧٠-١٩٢٤ ز شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ یان

بەرپا کرد، ئەم شۆڕشە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئۆکرانیاوە دروست کردو گەلی رووس و ئۆکرانی کردەوە بە یەک. یەک خەبات و یەک ئامانجیش بۆ هەردوو گەل خرایە نێو بەرنامەی تێکۆشانیانەوە.

# سەرچاوەکان


1- ANNE APPLEBAUM, RES FAMINE, Stalin's War on Ukraine,1993.

2- Roman Szporluk,RUSSIA, UKRAINE,and the Soviet Union,HOOVER INSTITUTION PRESS.

3- Сергей Бунтовский, ИСТОРИЯ ДОНБАССА, Донецк 2015.

4- The Donbass Cowboy A War Journal RUSSELL BONNER BENTLEY .

5- Rriedrich Eberle ,893 tage ,aus Liebling in den Donbass und zuruck Erinnergen an meine Deportation 15. Januar 1945 – 26. Juni 1947 بە زمانی ئەڵمانییە

6- THE DONBAS CONFLICT IN UKRAINE . ELITES PROTEST AND PARTITION , Daria Platonova. 2022

7- NATALIA KNOBLOCK, LANGUAGE OF CONFLICT DISCOURES OF THE UKRAINIAN CRISIS ,2022.

8- ROBERT GELLATELY, DTALIN'S CURSE, BATTLING FOR COMMUNISM IN WAR AND COLD WAR.

9- EUROPE IN IDENTITY CRISIS THE FUTURE OF THE EU IN THE AGE OF NATIONALISM , edited by Carlo Altomonte and Antonio Villafranca, First edition: December 2019.

10- Ukrainian Nationalism in the Age of Extremes, An Intellectual Biography of Dmytro Dontsov, Ukrainian Research Institute, Harvard University, Harvard Series in

Ukrainian Studies 80, HURI Editorial Board, Michael S. Flier, George G. Grabowicz,2021.

11- SERHII PLOKHY, THE GATES OF EUROPE, A HISTORY OF UKRAINE, A Member of the Perseus Books Group, New York, 2019.

12- MARK GALEOTTI ,PUTIN'S WARS From Chechnya to Ukraine, OSPREY PUBLISHING. 2022.

13- GRETA LYNN UEHLING, EVERYDAY WAR, THE CONFLICT OVER DONBAS UKRAINE . 2023.

14- Steven Viktor, RUSSIA – UKRAINE WAR, THE RUSSIAN-UKRAINIAN WAR AND THE ANNOYING CONFLICT, 2022.

15- RAY DALIO, Principles for Dealing with THE CHANGING WORLD ORDER .2022.

16- James Morgan , HISTORY OF RUSSIA – UKRIANE ,The Real Reason of Russia Invasion of Ukraine and everything you should know about the conflict and the present , Happenings,2022.

17- Magdalena Dembinska and Frederic Merand , COOPERATION AND CONFLICT BETWEEN EUROPE AND RUSSIA, 2022.

18- SERHII PLOKHY, THE ORIGINS OF THE SLAVIC NATIONS, 2005.

19- MAR C ILES VAUGHN, THE HISTORY OF UKRAINE ,Unfolding the Tangled 2000 years that led to crisis and RUSSIA, 2022.

20- Jimmy J.Bartlett, NATIONS AT WAR!, A HISTORIC ACCOUNT OF THE CONFLICT BETWEEN RUSSIA,

UKRAINE AND THE ROLE OF THE NORTH ATLANTIC TREATY ORGANISATION(NATO), 2022.

21- Rilka Dragneva and kataryna Wolczuk, UKRAINE BETWEEN THE EU AND RISSIA, 2015.

22- Alexander Maxwell, Taxonomies of the Slavic World since the Enlightent: Schematizing Perceptions of Slavic Ethnonymsin a Chart, 2015.

23- DARELL NORTON, RUSSIA AND UKRAINE, A JOURNEY THROUGH THE HISTORY, ORIGINS, AND CAUSES OF THE WAR THAT IS SHAKING THE WORLD AND IMPACT IT COULD HAVE ON OURLIVES, 2022.

24- ANNE APPLEBAUM, TWILIGHT of DEMOCRACY The Seductive Lure of AUTHORITARIANISM, 2020.

25- Anthony Brown KLOP, Russia's invasion of Ukraine , 2022.

26- Scott T. Tuck, RUSSIA and UKRAINE WAR, VLADIMIR PUTIN& VOLODYMYR ZELENSKYY,2022.

27- Gail B. Stewart ,THE FORMER SOVIET UNION; THEN AND NOWM UKRAINE THEN AND NOW,2015.

28- Viachaslau Menkouski Michal Šmigeľ Lizaveta Dubinka-Hushcha "THE HUNGER GAMES": UKRAINIAN FAMINE OF 1932–1933 IN HISTORY, HISTORIOGRAPHY AND HISTORICAL POLICY, 2020.

29- KONSTANTYN KONONENKO, Ukraine and Russia A History of the Economic Relations Between Ukraine and Russia(1654-1917) , 1958.

30- GERHARD BESIER AND KATARZYNA STOKLESA, NEIGHBOURHOOD PERCEPTIONS OF THE UKRAINE CRISIS, 2017.

31- KYRYLO SEBASTIAN, UKRAINE CONFLICT How it all started and what you need to know, 2022.

32- Viachaslau Menkouski Michal Šmigeľ Lizaveta Dubinka-Hushcha, "THE HUNGER GAMES": UKRAINIAN FAMINE OF 1932–1933 IN HISTORY, HISTORIOGRAPHY AND HISTORICAL POLICY, 2020.

33- PAUL SCHARRE, FOUR BATTLEGROUNDS POWER IN THE AGE OF ARTIFICIAL INTELLIGENCE, 2019.

34- W. EDWARDS DEMING , OUT OF THE CRISIS 2000.

35- PHIL KLAY, UNCERTAIN GROUND CITIZENSHIP IN AN AGE OFENDLESS, INVISIBLE WAR.2022.

36- THOMAS BYRNE EDSALL, THE POINT OF NO RETURN, American Democracy at the Crossroads, 2023.

## چاپكراوەكانی نووسەر

١- ديموكراسی و ئيسلامی سياسی (٢٠٠٥) رەخنەو لێكۆڵينەوە

٢- هەتاوی نيوەشەو (٢٠٠٥) رەخنەو لێكۆڵينەوە

٣- ئايين و دەوڵەت و پەيڕەوكردنی شەريعەت (٢٠٠٦) وەرگێڕان

٤- گەردەلوولی سياسەت - بەرگی يەكەم - (٢٠٠٦) ديمانەی سياسی

٥- گەردەلوولی سياسەت — بەرگی دووەم - (٢٠٠٩) ديمانەی سياسی

٦- قەيرانی كۆمەڵگاو حيزبە سياسييەكانی هەرێمی كوردستان

(٢٠١٥) تۆژينەوەيەكی زانستييە

٧- قەيرانی ئەقڵ - بەرگی يەكەم-(٢٠١٥) لێكۆڵينەوەيەكی رەخنەيی فيكرييە

٨- دەروونزانی سياسی (٢٠١٥) تۆژينەوەيەكی سياسيی مەعريفييە

٩- دەروونزانی كۆمەڵايەتی (٢٠١٥) تۆژينەوەيەكی ميتۆدی ئەكاديمييە

١٠- فەلسەفە (٢٠١٥) فەلسەفەی فەيلەسووفەكانە

١١- گەردەلوولی ئايديۆلۆژيا (٢٠١٥) بابەتی جۆراوجۆری سياسييە

١٢- گەردەلوولی سياسەت (٢٠١٥) تێكڕای ديمانە سياسييەكانمە

١٣- قەيرانی ئەقڵ — بەرگی دووەم -(٢٠١٧) لێكۆڵينەوەيەكی رەخنەيی فيكرييە

١٤- خوێندنەوەيەكی نوێتر بۆ ئيسلامناسی (٢٠١٧) تۆژينەوەيە لەسەر قورئان

١٥- قەيرانی ئەقڵ - بەرگی سێيەم (٢٠١٩)

١٦- قەيرانی ئەقڵ - بەرگی چوارەم (٢٠٢٣)

١٧- تیۆرەکەی فرۆید (٢٠٢٣)

١٨- رووسیاو ئۆکرانیا ١٠٠٠ ساڵ شەرو ونبوونی شوناس (٢٠٢٣)